هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

# شیعرەکانی (بەختیار عەلی) لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلیژی زمان کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر وەك بەشێك

لە پێداویستیەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردی

لەلایەن

پێشڕەو عبداللە حمە غەریب - بەکالۆریۆس لەزمانی کوردی - زانکۆی سەلاحەددین ٢٠٠٧

بەسەرپەرشتی

پ. ی. د. کەمال مستەفا مەعروف

گەلاوێژ ٢٧١١ کوردی          رەجەب ١٤٣٢ کۆچی          حوزەیران ٢٠١١ زاینی

# ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە (شیعرەکانی بەختیار عەلی لەڕوانگەی دەروونشیکارییەوە ) بەسەرپەرشتی من لەکۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستیەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

واژۆ:

ناو : پ. ی. د. کمال مستەفا مەعروف

ڕێکەوت : / /٢٠١١

بە پێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو : د. جەبار ئەحمەد حسێن

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

لەبەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت : / /٢٠١١

# ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیە کە بەناوی ( شیعرەکانی بەختیار عەلی لەروانگەی دەروونشیکارییەوە )خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا دەربارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی دیکەی گفتوگۆمان کرد و بریارماندا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو و پلەی زانستی :

ئەندام و سەرۆکی لیژنە

/ / ٢٠١١

ناو و پلەی زانستی :

ئەندام :

/ / ٢٠١١

ناو و پلەی زانستی :

ئەندام :

/ /٢٠١١

ئەندام و سەرپەرشتیار

پ. ی. د. کەمال مستەفا مەعروف

/ /٢٠١١

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان _زانکۆی سەلاحەددین پەسەند کرا.

پ. ی . د. نەوزاد شکر اسماعیل

ڕاگری کۆلێژی زمان بە وەکالەت _ زانکۆی سەلاحەددین _هەولێر

/ / ٢٠١١

# هێما کورتکراوەکان

## بۆ سەرچاوە کوردییەکان

ژ : ژمارە

گ : گۆڤار

ل : لاپەرە

چا : چاپخانە

چ : چاپ

ب _س : بێ ساڵ

## بۆ سەرچاوە عەرەبییەکان

ص : صحيفة

ط : طبعة

ت : ترجمة

م : مراجعة

ب-س: بدون سنة

ب-ط : بدون طبعة

# نـــــــــــاوەرۆك


| لاپـــەرە | بابـــــــــەت |
| --- | --- |
| ١ | پێشەکی |
| ٣ | بەشی یەکەم :دەروونزانی لەرووی تیورییەوە |
| ٤ | تەوەری یەکەم /چەمك و زاراوەی دەروونزانی |
| ٧ | تەوەری دووەم /مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانی ئەدەب |
| ١١ | تەوەری سێیەم /ڕابەرەکانی ڕەوتی دەروونشیکاری ئەدەب |
| ١١ | ا_سیگمۆند فرۆید |
| ١٢ | ب_کارل گۆستاڤ یۆنگ |
| ١٥ | ج_ئالفرید ئەدلەر |
| ١٩ | تەوەری چوارەم /ڕاڤەکردنی چەمکە دەررونییەکانی فرۆید |
| ١٩ | ١- هەست |
| ٢١ | ٢- نەست |
| ٢٤ | ٣- ئەو |
| ٢٦ | ٤- مـن |
| ٢٩ | ٥- منی باڵا |
| ٣١ | ٦- خەون. |
| ٣٤ | ٧- گرێی ئۆدیب و دەسەڵاتی باوك |
| ٣٦ | ٨- تابۆ |
| ٣٨ | ٩- تابۆی سەرۆك. |
| ٤١ | ١٠- عەشق.... |
| ٤٤ | بەشی دووەم : پراکتیزەکردنی چەمکە دەروونییەکانی فرۆید لەشیعرەکانی ( بەختیار عەلی ) دا |
| ٤٥ | تەوەری یەکەم/ سایکۆلۆژیەتی زمان |
| ٥٠ | تەوەری دووەم/ سایکۆلۆژیەتی شیعر |

| | |
|---|---|
| **تەوەری سێیەم/ بەکار بردنی چەمکە دەروونییەکان:** | ٥٧ |
| ١- هەست و شیعر | ٥٧ |
| ٢- نەست و شیعر | ٦٢ |
| ٣- ئەو و شیعر | ٦٨ |
| ٤- بزر بوونی من لە شیعردا | ٧٥ |
| ٥- منی باڵا و شیعر | ٨١ |
| ٦- خەون و شیعر | ٨٧ |
| ٧- شیعر وەك بکوژی باوکەکان | ٩١ |
| ٨- تابۆ و شیعر | ٩٦ |
| ٩- تابۆی سەرۆك و شیعر | ١٠٠ |
| ١٠- عەشق و شیعر | ١٠٥ |
| **بەشی سێیەم: بەشداریکردنی توخمە دەروونییەکانی لە ئیستاتیکای شیعرەکانی( بەختیار عەلی ) دا** | ١١١ |
| **تەوەری یەکەم / یادگە و ئیستاتیکای شیعر** | ١١٢ |
| **تەوەری دووەم / خەیاڵ و ئیستاتیکای شیعر** | ١٢٠ |
| **ئە نجام** | ١٢٧ |
| **سەرچاوەکان** | ١٢٩ |
| **الخلاصە** | أ |
| **Abctract** | A |

# پێشەکی

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (شیعرەکانی بەختیار عەلی لەروانگەی دەروونشیکارییەوە ) هەوڵێکە بۆ خویندنەوەی دیوی دەرەوە و ناوەوەی شیعرەکانی بەختیار عەلی لەژێر رۆشنایی میتۆدی دەروونی، کە لە بنەماکانی ئەم تیورەدا هاتووە ئەدەبیش وەك هەر چالاکییەکی تری مرۆڤ تژییە بە ئەزموونی دەروونی مرۆڤ. پەیوەندی نێوان دەروون و ئەدەب پەیوەندییەکی شیاو و چاوەڕوان کراوە، چونکە ئەدەب کە سەر و کاری لەگەڵ ئازادیدا هەیە باشترین مەیدان و کایەیەکە بۆ دەروون تا خۆی تیدا بە تاڵ بکاتەوە. بەجۆرێك هەموو خەون و خولیا ئاشکرا و پەنهانکانی مرۆڤ لە خۆبگرێت بەوانەشەوە کە لە مێژە چەپێنراون و دەرفەتی وەدیهاتنیان نەبووە.

شیعریش وەك کایەك لەبەردەم دەرووندا بەدەر نییە لەم یاسا ناوەکییە. بەتایبەتیش شیعرەکانی بەختیار عەلی بەشێکی زۆری وێك دێتەوە لەگەڵ میتۆدی دەروونیدا، چونکە بەشێکی زۆری شیعرەکان دەرکەوتەی بارە دەروونییە تایبەتیەکانی شاعیرن، کە ئەم هەڵچوون و دۆخە دەروونیانە چاوە و ئیلهامی بەشێکی زۆری شیعرەکانن. هەوڵماننداوە ئەو پەیوەندیە ژێرەوانکێیە بدۆزینەوە و بگەین بەجۆرێك لەمانا کە دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکەیان ئەویش دەروونە.

١**–هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەش** دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی لایەنی دەروونی لە کاری ئەدەبیدا. هەروەها ئەم بابەتە زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا و کەم و زۆر لای لێ نەکراوەتەوە لەلایەن رەخنەگران و توێژەرانی بواری ئەکادیمی. هەروەها لەئەدەبی تازەی کوردیماندا رەهەندی دەروونی زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێت بۆیە ئێمە بە باشمان زانی روو بکەینە ئەم بابەتە هەم گرنگی بە تیۆرەی ئەم بابەتە بدەین هەم شیعری نوێ ی کوردیشمانی پێ ڕاڤەبکەین.

٢**–ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە** بریتییە لە (تیۆری،شیکاری، پراکتیکی ) کە تیۆرەکە ریبازی رەخنەی دەروونییە و شیکاری شیعرەکانمان پێ رایی کردووە. بەتایبەتیش چەمکە دەروونییەکانی سیگمۆند فرۆید بەپێی تیۆریەکانی ئەو بەشی کارەکی نامەکەمان ئەنجام داوە.

٣**–گرفتی نامەکە** یەکێك لەو گرفتە گەورانەی هاتە سەر رێگەمان ئاڵۆزی و گرانی تێگەیشتنمان بوو لە چەمکە دەروونی وتوخمە دەروونییەکان، کە زۆر ماندووی کردین هەروەها نەبوونی سەرچاوەی کوردی تایبەت بە دەروونزانی ئەدەب. بۆیە ناچاربووین هانا بۆ سەرچاوە عەرەبیەکان ببەین و تارادەیەکیش لەسەر پێی خۆمان بوەستین بۆ دۆزینەوەی ئەو رێگایەی دەمان باتەوە سەر دەروونزانی ئەدەب.

٤**–پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە** هەرچی نەخشە و پرۆگرامی ئەم نامەیەیە پێك هاتووە لە سێ بەشی سەرەکی

**بەشی یەکەم** پێك هاتووە لەلایەنی تیۆری ئەم باسە، کە لەم بەشەدا هەوڵمانداوە مێژوو و چەمکی دەروونزانی ئەدەب راڤەبکەین لەگەڵ شرۆڤەکردنی دە باری دەروونی شاعیر بەگشتی پاڵپشت بە بنەما تیۆرییەکانی فرۆید. هەوڵمانداوە بە پوختی و بەکورتی ئەم بارە دەروونییانە شیبکەینەوە، کە هەریەکەیان خۆی لە چەمکێکدا شێوەگیرکردووە. دواتر ئەم تێگەشتنەمان بۆتە بناخەی لایەنی کارەکی و بنەمای تێگەیشتنمان لە شیعرەکانی بەختیار عەلی.

**بەشی دووەم** وەك سەرەتایەك هاتووین پەیوەندی نێوان دەروون و زمانمان باس کردووە، پاشان پەیوەندی نێوان شیعر و دەروونمان راڤەکردووە. ئنجا لەژێر رۆشنایی بەشی یەکەمدا دەستمان کردووە بە لێکۆڵینەوە لە شیعرەکان، کە بۆ هەریەك لەو دۆخە دەروونییانە شیعرێکمان بۆ بەرامبەر کردووە. ئەمەشمان وەنەبێت لەوەوەبێت کە بەزۆر تیۆرەکەمان سەپاندبێت بەسەر شیعرەکاندا نەخێر. !بەڵکو ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵەمان ئاشکرا کردووە، کە بوونی هەبووە لەنێوان هەردوو کایەکەدا.

**بەشی سێیەم** کاریگەری توخمە دەروونییەکانمان ئاشکرا کردووە لە کاری بەرهەم هێنانی شیعر لای بەختییار عەلی بە تایبەت رەهەندی ئیستاتیکی ئەوانیش یادگە و خەیاڵن، کە بەشداریکردنی ئەم توخمانە لەکاری ئەدەبیدا شتێکی حەتمیە و هیچ کارێکی ئەدەبی ناتوانێت بێ بەشداریکردنی ئەم توحمانە خۆی باوێتە ناو سنوری زمانەوە. ئێمە ئەو پرۆسە ناوەکییەمان رۆشنکردۆتەوە و کاریگەریمان بە دیار خستووە لە ئافراندنی لایەنی ئیستاتیکی شیعرەکانی بەختیار عەلیدا لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەمان خستۆتە بەرچاو.

# بەشـــی یەکـــــەم: دەروونزانی لەرووی تیۆرییەوە

**تەوەری یەکەم/ چەمك و زاراوەی دەروونزانی**

**تەوەری دووەم/ مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانی ئەدەب**

**تەوەری سێیەم/ رابەرەکانی ئەم رەوتە:**

ا- سیگمۆند فرۆید

ب- کارل گۆستاڤ یونگ

ج- ئالفرید ئەدلەر

**تەوەری چوارەم/ راڤەکردنی چەمکە دەروونییەکان لای فرۆید:**

١- هەست

٢- نەست

٣- ئەو

٤- من

٥- منی باڵا

٦- خەون

٧- گرێی ئۆدیب و دەسەڵاتی باوك

٨- تابۆ

٩- تابۆی سەرۆك

١٠- عەشق

# تەوەری یەکەم

## چەمك و زاراوەی دەروونزانی:-

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرچەمکی دەروونزانی و رەگ و ریشەکەی دیاری بکەین. ئەوا دەروونزانی لەبنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یۆنانی، کە لەهەردوو وشەی (psyche) کە بەمانای گیان یان دەروون بەکار هاتووە، یان زۆر جار وشەی (psychirios) بەمانای روحانی یان دەروونی بەکار هاتووە.

لەگەڵ ((وشەی (logos) کە بەمانای زانست یان لێکۆڵینەوە))[1]بەکارهاتووە دواتر هەر لەزمانی یۆنانیدا بۆ دەروونزانی چەمکی ((psychelogos)) کە بەزمانی ئینگلیزی (psychology) و بەفەرەنسی ((psychogie))دواتر لەزمانی عەرەبیدا بە ((علم النفس یان السیکولوجیا))گوزارشتی لێکراوە.

لەهەموو ئەمانەدا تاکە مانایەك کە هاوبەشە ئەوەیە ((سایکۆلۆژی مانای دەروونزانی (دەروونزانی) یان زانستی دەروون دەگرێتە خۆی))[2]

چونکە کاتێك دەڵێین دەروونزانی زانستێکە لە(دەروون) دەکۆڵێتەوە، ئێمە تووشی پرسیار و کێشە دەبینەوە ئایا دەروون وەك بابەتێکی پەتی و نابەرجەستە، زانست چۆن دەتوانێت مامەڵەی لەتەکدا بکات؟ ئایا دەروون بەو رووتی و ئەبستراکتەی خۆیەوە چۆن ئێمە لێکۆڵینەوەی لەسەر بینا بکەین؟ هەربۆیە لێرە مانای زانستی دەروونزانی گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی و رووی خۆی وەرگێڕا لەوەی راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ دەرووندا بکات و خۆی سوراند بۆ سەر هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ. واتە لەڕێگەی دەرکەوتەکانی دەروونەوە زانستی دەروونزانی هەوڵەکانی خۆی چڕ کردەوە، چونکە لەوە دڵنیابوو مامەڵە کردن لەگەڵ خودی دەروون خۆی زۆر ئەستەمە و ناکرێت. بۆیە دەبێت بەشوێن لێدەرچوونەکانیدا برۆین هەتا لەڕێگەی ئاماژەکانییەوە، کە خۆی لە هەڵسوکەوت و رەفتار و گوتە و چالاکیەکانی مرۆڤدا دەبینێتەوە خۆی مانیفێست بکات و وەك زانستێك خۆی دابڕێژێت.

(( دەروونزانی ئەو زانستەیە کە لەکردار و هەڵسوکەوت و کارەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. لەژێر ئەو باوەڕەی، کە هەموو ئەمانە دەرکەوتەی دەروونن))[3]بەو مانایەی دەروون خاوەنی چالاکی و درەوشانەوەیەی جودایە، کە لەزەمینە و کاتی جیاوازدا، دەست بەدەرکەوتن دەکات و بەردەوام خاوەنی دەرکەوتەی جیاجیایە. بۆ

---

[1]- د. محمد یونس، مبادیء علم النفس،ط الاولی، دار الشروق للنشر والتوزیع، الاردن، ٢٠٠٤،ص١٧

[2]- کەریم شەریف قەرەچەتانی، دەروازەی دەروون زانی، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر، ١٩٩٦،ل١

[3]- کامل محمد محمد عویضة، علم نفس الشخصیة، ط الاولی، دار الکتب العلمیة، بیروت، ١٩٩٦، ص٥-٦.

دەروونناسیش لەڕێگەی ئەم دەرکەوتانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەروون. بەمانایەکی تر زۆربەی کار و چالاکیەکانی مرۆڤ، کە لە واقیعدا لێی دەردەکەوێت هەر هۆی واقعی نییە بەتەنیا، بەڵکو هۆی دەروونیشی هەیە. ئەم دەروونە وەك بنەما و بزوێنەری یەکەمی ئەوکارە فشار دەخاتە سەر مرۆڤ بۆ دەرکەوتنی. ئێمە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ خودی دەروونىدا بکەین.

((بەو مانایەی ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ هەست بەدەروون بکەین، بەڵکو هەست بە پاشماوەکانی دەکەین لە ڕەفتارماندا. پاڵپشت بەمە زانستی دەروونزانی لەدەروون ناکۆڵێتەوە بەڵکو لە دەرکەوتەکانی دەکۆڵێتەوە))[٤]

ئەمەش بەومانایە نا دەروون پایەماڵ دەکات، بەڵکو دەروونزانی بۆ دەروون لە لێکەوتەکانی دەکۆڵێتەوە. واتە هەموو لێدەرچوونەکانی مرۆڤ بەکار و چالاکی و خەون و... تاد. هەمووی لەژێرەوەڕا بنەمایەکی هەیە و هەروا سەربەخۆ و لەخۆوە نییە. ئەم بنەمایە دەبێتە مایەی شێوەگیربوونی کار و چالاکیەکانی مرۆڤ هەر ئەم دەسەڵات و توانایەی دەروونیشە وایکردووە کۆمەڵێك دەروونزانی جیاجیا بێتە ئاراوە وەك دەروونزانی ئاژەڵ و دەروونزانی فسیۆلۆژی و دەروونزانی سیاسی و ئابووری و هونەری و ئەدەبی و... تاد. چونکە دەروون وەك بنەما هەمیشە خاوەن درەوشانەوە و دەرکەوتنە بەبێ ئەوەی کاری بەجیاوازی کایەکان و بوارەکانەوە هەبێت. ئەدەب وەك کایەك و وەك شیانێك یەکێکە لەو ماددانەی دەروون دەگرێتە خۆی، بەمانایەکی تر دەروون بۆ بەشێك لەئەدەب و هونەر وەك بنەماو جەوهەر هۆی هاتنە ئارای ئەدەبە. تێگەیشتن لەو بنەما دەروونییە تێگەیشتنە لەمانا و لەو مەبەستانەی ئەو ئەدەبە هەیەتی ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە تێگەیشتنە لەنووسەر. واتە ئەدەب ڕەنگدانەوەی باری دەروونی نووسەرەو لەم ڕێگەیەوە دەتوانین کەسایەتی و بارە دەروونییەکانی نووسەر بزانین و شرۆڤەی بکەین. ئەمە بەو مانایەیە نزیك بوونەوەی دەروونزانی لەدەقی ئەدەبی نزیك بوونەوەیە لەخۆی، چونکە پێشتر ئەوەمان ڕوونکردەوە کە دەروونزانی لەسەر پاشماوە و دەرکەوتەکانی دەروون پێوەرەکانی خۆی ڕیزبەند دەکات. ئەمەش خۆی لەخۆیدا نزیك بوونەوەیە لەدەروون، بەڵام بەدیوەکەی تردا گەیشتنە بەماناو بەو بونیادە شاراوەیەی ئەو دەقە ئەدەبیەی خولقاندووە. بۆیە تێگەیشتن لەماناو ڕەهەندە جیاوازەکانی زانستی دەروونزانی، تێگەیشتنە لەدەق و لەدیوە نادیار و شاراوەکانی دەقی ئەدەبی و ڕوونکردنەوەی مانا.

چونکە هەر لەکۆنەوە هەست بە بوونی هێزێکی ڕۆحی کراوە لەناو مرۆڤدا کە سەر بەجەستە نییە، بەڵام جەستە مایەی ئاشکرا بوون و دەرکەوتنییەتی. بۆیە گەلێ لە فەیلەسووفانی کۆن بە ناڕاستەوخۆ باسی دەروونیان کردووە وەك سوکرات ((کە سروشتی مرۆڤی دابەش کرد بۆ دوو هێز ئەوانیش عەقڵ و ئارەزووە))[٥]

---

[٤]– د. محمد نبی یونس، مبادیء علم النفس، ص١٨

[٥]– د. حکمت درو الحلو، د. زریحق خلیفة العکروتی، مدخل الی علم النفس، ب ط، المکتب المصری لتوزیع المطبوعات، قاهرة، ٢٠٠٤، ص١٤

هەروەها ئەفلاتوون دەروونی مرۆڤی دابەش کردووەبە سیٚ بەشی جیاواز ئەوانیش:

((١- دەروونی عاقڵ: کەجێگەی سەری مرۆڤە و نزیکە لەئاسمانەوە.

٢- دەروونی توڕە: جێگەی دڵە.

٣- دەروونی ئارەزوو پەرست: جێگەی ناوسگە. ))[٦]

هەروەها ئەرستۆ دابەشی سەرسێ بەشی کردووە ئەوانیش:

((١- دەروونی هەستی (نامی): کە بنەمای ژیان و خواردن و گەشەکردنە و لە رووەکدا هەیە.

٢- دەروونی ئاژەڵی: کاری جوڵەو هەستکردنە کەلەڕێگەی پێنج هەستەکەوە ئەنجامی دەدات.

٣- دەروونی قسەکەر: کاری بیر کردنەوەیە و لەمرۆڤدا هەیە ))[٧]

هەموو ئەم بیر و رایانە لەوەدا خۆیان کورت دەکەنەوە، کە زانستی دەروونزانی زانستی گەڕان و لێکۆڵینەوەیە لەدەروون ئەویش لەڕێگەی دەرکەوتە و شیانەکانییەوە.

---

[٦]- نفس المصدر السابق، ص ١٤

[٧]- نفس المصدر السابق، ص ١٥

# تەوەری دووەم

## مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانی ئەدەب:

گەر بمانەوێت بڕۆینەوە بۆ سەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانی ئەدەب ئەوا هەر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی مێژووی دەروونزانی خۆی، چونکە سەرهەڵدانی دەروونزانی ئەدەب جیا نابێتەوە لەمێژووی دەروونزانی. ئەو کاتەی زانای نەمساوی سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦- ١٩٣٩) هەوڵەکانی خۆی چڕ کردەوە لەسەر نەخۆشیە دەمارەکان، کاتێك کەوتە گومانەوە هەندێك نەخۆشی هەن هیچ پەیوەندی نییە بەجەستەوە. لەکاتێکدا پزیشکەکان هەموو چارەسەرکردنەکانیان لەڕێگەی جەستەی نەخۆشەوە بوو. بەڵام فرۆید ((لەسەرەتای کارەکەیدا خۆی وەك پزیشکێکی پسپۆری ئەعساب دەناساند بەڵام زۆر زوو سەرنجیدا کە ئەو فێرکردنانەی لەپاریس دەربارەی نەخۆشیە دەماریەکان بینی بووی دەتوانرێت چارەسەری زۆر نەخۆشی پێبکرێت))[٨]

فرۆید کاتێك زیاتر قوڵبۆوە لەسەرکارەکەی بۆی دەرکەوت کە ((ئەو نەخۆشانەی تووشی نەخۆشی هستیری (hysterics) هاتبوون تیۆریەکەی ئەوەبوو کە رەگ و ریشەی کێشەی ئەم نەخۆشانە شتێکە پەیوەندی بەدەروونەوە هەیە نەك لەش (جەستە) ))[٩]

ئالێرەوە فرۆید هەنگاوەکانی خۆی چرکردەوە لەسەر دەروونشیکاری و بەردەوام بەڵگەی دەدۆزییەوە بۆ رایەکانی خۆی تائەو جێگەیەی ناوچەیەکی جیاکردەوە لەناو مرۆڤدا و ناوی لێنا (نەست) (unconscious) و بەتەواوی لە (هەست) ی جیاکردەوە. فرۆید بەتەنها نەخۆشەکانی خۆی نەکردە مەیدانی لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی دەروونشیکاری و هەموو ڕەگە قوڵەکانی لەمرۆڤدا، بەڵکو ئاوڕی لەمێژووی گەلان و گەلە سەرەتاییەکانیش دایەوە و بەشوێن تیۆرەکەی خۆیدا دەگەڕا لەداب و نەریتی گەلاندا. هەر وەك دەڵێت:

((گەر ئەم تیۆریە راست بێت کە نەتەوە و هۆز و نیمچە هۆزەکان لەم چەشنەن و هەروەها بتوانین داوەریان لەسەر بکەین و بیسەلمێنن کە ژیانی دەروونی ئەوان یەك لەو دەرکەوتنانەی پێشوو بێت کە تەواوکەری ژیانی دەروونی ئێمەن و وەك خۆی بەبێ دەست تێوەردان پارێزراوە))[١٠]

واتە فرۆید تەواو یەقینی هەبوو کە مرۆڤی کۆن و مرۆڤی نوێ هیچ کامیان خاڵی نین لە سایکۆلۆژیا و هەریەکەیان بەجۆرێك دەردەکەوێت لەزەمەن و ژینگەی تایبەتی خۆیدا. ئەم هەوڵەشی بۆ ئەوەبوو کە

---

[٨]- سیگموند فرۆید، پێنج وانە لەدەروونی شیکاریدا، و: صباحی مەلا عەولا، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی ئاوێر،٢٠٠٧، ل٢٢

[٩]- چارلز برێسلێر، رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و: عەبدولخالق یەعقوبی، چ دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧، ل١٧١

[١٠]- زیگمۆند فرۆید، *تەوتەم* و تابۆ، و: رەزا مەنوچهری، چ یەکەم، چاگەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٢

ڕەگەکانی ئەو باوەڕانەی خۆی لەناو مێژووی گەلە سەرەتاییەکاندا بدۆزێتەوە . هەروەها بەدەر لەمەش هەوڵەکانی خۆی تۆخکردەوە لەسەر ئەفسانە و چیرۆك و بەسەرهاتە کۆنەکان بۆ دۆزینەوەی رەگەزی دەروونی و سایکۆلۆژی لەو ڕووداوانەدا. وەك لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی ئۆدیبی (سۆفۆکلیس)ی یۆنانی و بەشێکی زۆری ئایدۆلۆژیا و ئاینزاکان.

((ئێمە بەڕێگەی پاشماوە و ئامراز و کەرەستە و بەرهەمە هونەرییەکان و ئایدۆلۆژیا و ئایینزا، کە لەمرۆڤەکانی پێش مێژوو بۆمان بەجێماوە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەڕێگەی گێڕانەوەی ئەفسانە و حیکایەتی جنۆکە و پەریەکان لێیان ئاگادار بووین و لەئاکامدا بەڕێگەی ئاسەوارەکانی شێوازی تێڕامانی ئەوانەوە کە لەخودی داب و نەریتی ئێمەدا بەجێماوە شارەزای هەوراز و نشێوەکانی ژیانیان دەبین))[11]

ئەم هەوڵەی فرۆید کە ئاوڕیدایەوە لەئەفسانە و بەشێکی ئەدەبی گەلانی کۆن، خۆی لەخۆیدا دەتوانین بەسەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانی ئەدەبی لەقەڵەم بدەین، چونکە فرۆید لەم کارەیدا دەرگای کردەوە لەسەر ئاوێزانبوون و ئاوێتە بوونی ئەدەب و دەروونزانی لەگەڵ یەکتردا. بەم کارەشی بەردی بناغەی دەروونشیکاری ئەدەبی دانا و ڕێگە خۆشکەربوو بۆ لێکۆڵەران و تۆژەرانی دوای خۆی کە ئەم هەنگاوە بەجیا و سەربەخۆ وەربگرن لەڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا و وەك قوتابخانەیەك ناوزەندی بکەن. تەنانەت ئەو باوەڕە دروستبوو کە هونەر بەگشتی ((دیاردەیەکی دەروونییە وەکو ئەعساب و خەون دیتن))[12]

بەو مانایەی کاری ئەدەبی کایە و مەیدانێکە بۆ هونەرمەند و ئەدیب هەتا باری دەروونی خۆیان لەو کایەیەدا دابڕێژن و دەریبخەن چونکە ((هونەرمەند جیهانێك دەخوڵقێنێ لەناو هونەرەکەیدا هەتا بتوانێت ئارەزووە بەستراوەکانی خۆی تێدا دابنێت))[13]

بەم شێوازە دەروونزانی و ئەدەب وەك دوو ڕووباری گەورە تێکەڵ بەیەکتر بوون. فرۆید لەگەڵ هەر لێکۆڵینەوەیەکیدا لەسەر کارە نەستیەکانی مرۆڤ، دواتر دەهات ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەناو ئەدەبدا درێژدەکردەوە بۆ دڵنیایی و زیاتر دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی نەستی مرۆڤ بەگشتی وەك ((لێکدانەوەی خەونەکان ١٩٠٠، دەروونشیکاری نەخۆشی ژیانی رۆژانەم ١٩٠١، سێ نامە لە تیۆرەی سێکس ١٩٠٥))[14]

پاشان هات بۆ لێکدانەوەی خەونەکان، هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە لەسەر رۆمانی ((گرادیفا)) ئەم هەوڵەی یەکەمین هەوڵی دانسقەی بوو لەم بوارەدا. زیاتر لەمەش هەوڵێکی ناوازەبوو سەبارەت بە لێکدانەوەی

---

[11]– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢

[12]– د. راوية عبدالمنعم عباس، الحس الجمالى وتاريخ الفن، دراسة في القيم الجمالية والفنيية،ط الاولى، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٨، ص٣٦٣

[13]– نفس المصدر السابق، ص ٢٢

[14]– موريس روكلن، تاريخ علم النفس، ت: دكتور على زيعور، ط الثالثة، دار الاندلس، بيروت، ١٩٧٨، ص١٠٥

دەروونشیکاریانەی بۆ کاری ئەدەبی و هونەری. [١٥] فرۆید چەند هەولێکی گرنگیدا لەسەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی کارە ئەدەبیەکان، لەوانە (هاملێت) ی شکسپیر و دیستۆیفسکی و لیۆناردۆ داڤینشی هەموو ئەم هەوڵانە بووە ڕێگا خۆشکەری ئەم ڕەوتە لەبواری دەروونشیکاری ئەدەبدا. مەیدانێکی گەورە هاتە ئاراوە، کە پاش فرۆید کۆمەڵێك زانای تر هاتنە ئاراوە و درێژەیان بەم ڕەوتەدا و هەندێکیان خستە سەرو هەندێکیشیان ڕەتکردەوە لەوانەش کارل گۆستاڤ یۆنگ کە ئەوەی ((قبوڵ بوو کە ناخود ئاگا (نەست) لە بڕیاردانی (هەست) خود ئاگای ئێمەدا بوونی هەیە)) [١٦]

بەڵام بەوەندە نەوەستاو دەروونی مرۆڤی دابەش کردە سەر سێ ناوچەی جیاواز ئەوانیش(هەست و نەستی تاك، دوا بەدوای ئەم زانایە نورترۆپ فراییە کە ساڵی ١٩٥٧ بەرهەمەکەی خۆی بڵاوکردەوە بەناوی ئاناتۆمی ڕەخنە (anat- omy of criticism) بیروراکانی خۆی چڕ کردەوە لەسەر ئەدەب بەگشتی و لەپاڵ ئەمانیشدا(ژاك لاكان)ی فەرەنسی هەوڵەکانی خۆی چڕ کردەوە لەسەر کاری ئەدەبی و ئەم قوتابخانەیان زیاتر فراوانکرد. ئێمە دەبێت لەسەرەتاوە ڕێڕەوی خۆمان دیاریکەین، کە مەبەستمان لە (دەروون) کام ڕوانینەیە بۆ (دەروون) بەگشتی لەناو مرۆڤدا، چونکە ئێمە دەکەوینە ناو کۆمەڵێك قوتابخانە و کۆمەڵێك ڕێبازی جیاجیا هەریەك لەو قوتابخانانەش ڕوانینی جیایان هەیە لەسەر دەروون و دەرکەوتەکانی. وەك قوتابخانەی گیشتاڵت (gestalt) یان دەروون زانی گشتی یان قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی psychoanalysis) (school لەبەر ئەوەی کارەکەی ئێمە لەبنەڕەتا وابەستەیە بەشیکردنەوەی دەروونی ئەدەب و شیعر بەتایبەتی. ئەوا ئێمە لەم باسەدا پەیڕەوی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی دەکەین. بە پشت بەستن بەچەمکە زانستی و دەروونییەکانی ئەم قوتابخانەیە. لەبەر نزیکی و وێك هاتنەوەی جەوهەری کارەکەمانە لەگەڵ ئەم قوتابخانەیە، چونکە ئێمە کاتێك دەڵێین شیکردنەوەی دەروونی بەو مانایەیە ئێمە لەو بابەتەی کە لەبەر دەستماندایە و شیعرە، بەشوێن ڕەهەندە دەروونی و سایکۆلۆژیەکەیدا دەگەڕێین و مەبەستمانە ئەو دەقە شیبکەینەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو بەشە شاراوەیەی کە سەرچاوەکەی لەدەروونەوە هەڵقوڵاوە. چونکە ((ئەوەی ڕاستی بێت ئەو قوتابخانە کاریگەری زۆری هەبوو بەتایبەتی لەبواری هونەر و ئەدەب و کۆمەڵناسی و ئایین)) [١٧]

لەناو ئەم قوتابخانەیەشدا کۆمەڵێك زانای گەورە کاریان کردووە کە ڕوانینیان تاڕادەیەك جیاوازە لەسەر دەروونی مرۆڤ بەگشتی لەو زانایانەش یەکەمین ڕابەریان فرۆید پاشان ئەدلەر (Adler)و سولیفان

---

[١٥]– بڕوانە: سيغموند فرويد، الهذيان والاحلام في الفن، ت: جورج طرابيشى، ط الثانيية، لدار الطلبية، بيروت،١٩٨١

[١٦]– چارلز برێسلێر، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، ل١٧٧

[١٧]- د. ئازاد عەلی، دەربارەی دەروونزانی گشتی، چ یەکەم، ٢٠٠٧، ل٢٦

(sulivan) و یۆنگ(jung) و هۆرنای(hornay) *ئەریك فرۆم بوو.* [١٨]بەڵام دیارترینیان (فرۆید و یۆنگ و ئەدلەرن) ئێمە لێرەدا کورتە باسێکی ئەم سێ زانایە شرۆڤە دەکەین، چونکە چ یۆنگ چ ئەدلەر قوتابی فرۆید بوون و بەڵام دواتر یۆنگ ساڵی ١٩١١ لەفرۆید دوورکەوتەوە. هەروەها ئەدلەر ساڵی ١٩١٢ وازی لەفرۆید هێنا و قوتابخانەیەکی تایبەتی دامەزراند بەناوی دەروونزانی تاك.

[١٨] - د. صالح حسن احمد الداهری، د. وهيب مجيد الكبيسى، علم النفس العام، ط الأولى، مؤسسة الحمادة للخدمات والدراسات الجامعية، الأردن، ١٩٩٩، ص٧٦- ٧٧

# تەوەری سێیەم

## رابەرەکانی رەوتی دەروونشیکاری ئەدەب

### أ- **سیگمۆند فرۆید** Sigmund freud (١٨٥٦- ١٩٣٩):-

فرۆید ساڵی (١٨٧٣) چووە کۆلیژی پزیشکی و بە هیوای ئەوە ببێتە زانا هەرچەندە حەزی لەپزیشکی نەبوو بەڵام سەختی ژیان و گوزەرانی وایکرد بەناچاری ئەم رێگایە هەڵبژێرێت. لێ هەوڵەکانی خۆی چڕ کردەوە لەسەر کۆئەندامی دەمار و هەستی دەکرد ئەم نەخۆشیانە وابەستەن بەلایەنێکی ترەوە. ئەم هەستەی خۆی هێشتەوە تائەو کاتەی سەردانی فەرەنسای کرد و ((لەشاری پاریس لەسەر دەستی زانا و پزیشکی بلیمەتی شارکۆت (charcot) زیاتر فێرببێت. فرۆید بۆ ماوەی ساڵێك لەگەڵ شارکوت کاریکرد سەیری کرد کە شارکۆت لەرێگای خەواندنی موگناتیزیەوە چارەسەری نەخۆشی هیستریا دەکات ))[١٩]

ئەم شێوازەی شارکۆت زیاتر فرۆیدی هاندا کە باوەری بەو هەستەی خۆی هەبێت. بەوەی مەرج نییە هەموو نەخۆشیەکانی مرۆڤ هەر هی خودی جەستەبن، بەڵکو بەشێکی زۆری نەخۆشی کە لەسەر جەستەش روودەدەن پەیوەندی هەیە بەباری دەروونی نەخۆشەوە نەك جەستەی. پاشان فرۆید لەگەڵ برۆیەر (breuer)ی هاورێی لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو کاتێك سەرنجیدا برۆیەر نەخۆشێکی هەیە و تووشی هیستریا بووە. برۆید بەرێگەی خەواندنی موگناتیسی چارەسەری بۆ کردبوو فرۆید دواتر ((شێوازێکی نوێی داهێنا ئەویش شیکردنەوەی دەروون بوو کاتێك نەخۆشەکانی درێژ دەکرد و لەپشتی دادەنیشت نەخۆشەکە ئەمی نەدەدیت یەکەم جار پرسیاری لەسەر نەخۆشیەکە لێدەکرد. پاشان دەچووە ناو وردەکاریەکانی ژیانییەوە))[٢٠]

ئەم شێوازە تا ئەمرۆ لەچارەسەرکردن بەرێگەی شیکردنەوەی دەروون بەردەوامە و پزیشکانی ئەم بوارە پەیرەوی ئەم رێبازەدەکەن لەچارەسەرکردندا. دواتر ساڵی (١٨٩٣) لەگەڵ برۆیەر توێژینەوەیەکیان بڵاوکردەوە دوای ئەمەش بەدوو ساڵ (توێژنەوەی هیستریا) یان بڵاوکردەوە، ئەم هەوڵانە بۆ فرۆید وێنەیەکی باش بوو بۆ هەستکردن بەلایەنە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤ تاساڵی ١٩٠٠ کتێبە بەنرخەکەی بڵاوکردەوە بەناوی (لێکدانەوەی خەونەکان) کە دیاردەی خەونی خستە ناو تاقیکردنەوەکانی خۆیەوەو توانی پۆلینی خەون بکات بەپێی باری جەستەیی و دەروونی مرۆڤ. ئەم بەرهەمە دواتر بووە بەردی بناغەی زۆر کاری تری فرۆید کاتێك لەسەر کایە و رووبەری تری توێژینەوە ئەنجامی دەدا. فرۆید کاتێك خەریکی لێکۆڵینەوەکانی

---

[١٩]- د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤایەتی لەروانگەی جان جاك رۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، چ یەکەم، چا وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٧٢

[٢٠]- امیل خلیل بیدس، قضایا فی التحلیل النفسی، ط الخامسة، دار الافاق الجدیدة، بیروت، ١٩٨٦، ص١٠

بوو کۆمەڵێك چەمکی تازەی داهێنا ((وەك چەمکی نەست (اللاشعور) و پێش هەست (قبل الشعور) و بایەخێکی زۆری بەلایەنی سێکسی دا بەتایبەتی لەقۆناغی منداڵیدا))[21]

بەشێوازێکی گشتی تیۆر و بنەمای کارەکانی فرۆید جەختی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرد:

١- بایەخێکی زۆری بەلایەنی بایەلۆژیدا و هۆکارە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکانی مرۆڤی پشت گوێ خست
٢- قۆناغی یەکەمی پێنچ ساڵی ژیانی مرۆڤی کردە بنەمای پێکهێنانی کەسایەتی مرۆڤ کە ئایا چ رێگەیەك بگرێتە بەر. هەروەها ئەم قۆناغەی بەگرنگ زانی لەدەرکەوتنی نەخۆشیە دەروونییەکان.
٣- دەروونی مرۆڤی دابەشکردە سەر هەست و پێش هەست و نەست. هەروەها لایەنی نەستی مرۆڤی کردە یەکەمین سەرچاوەی نەخۆشیە دەروونییەکان بەگشتی.
٤- گرنگی دان بەوزەی سێکس لەمرۆڤدا و کاریگەری لەسەر نەخۆشیە دەروونییەکان هەروەها زۆر گرنگیدا بەهێزی شەڕانی لەمرۆڤدا.
٥- گەشەی دەروونی مرۆڤی دابەشکردە سەر چوار قۆناغ یەکەمیان قۆناغی کەڕی کە لەساڵی یەکەمی تەمەنی مرۆڤدایە، دووەم قۆناغ قۆناغی کەسایەتیە ئەویش لەساڵانی دووەم و سێیەمدایە. قۆناغی سێیەم قۆناغی ئۆدیبە و لەساڵانی چوارەم و پێنجەمدایە. قۆناغی چوارەمیش لەساڵانی شەشەم و حەوتەمی ژیانی مرۆڤدایە[22].

## ب- کارل گۆستاڤ یۆنگcarl jung (١٨٧٥- ١٩٦١) :-

یۆنگ c. jung سەر بە هەمان زانستی دەروونشیکاریە لە قوتابخانەکانی دەروونناسیدا و نزیکترین کەس و قوتابی فرۆید بوو، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە یۆنگ خاوەنی روانین و تیۆرەی خۆی نەبوو بێت. بەڵکو یۆنگ لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بەزۆرێك لەڕایەکانی فرۆید بوو، بەڵام بۆ خۆشی تا ساڵانی١٩١٤ بەیەکجاری جیا بۆوە و بووە خاوەنی رێبازێکی تر لەسنووری ئەم قوتابخانەیەدا. هەرچی فرۆید بوو قۆناغەکانی مناڵی مرۆڤی کردە بنەما بۆ کەسایەتی مرۆڤ و نەستی بەتاکە هۆکار زانی لەکرداردا. کەچی یۆنگ زۆر دورتر رۆیشت و قوڵتر سەیری بابەتاکانی کرد و چەمکی (نەستی کۆ)ی هێنایە ئاراوە کە هەموو مرۆڤایەتی تیادا بەشدارن. یۆنگ سەیری کرد مرۆڤ کە لەدایك دەبێت خاوەنی کۆمەڵێك هێزی جیاجیایە و بەڕێگای بۆماوەیی لە باو و باپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە. ئەمەش بەشێوەیەکی بەشەکی ئاراستەی کرداری مرۆڤ دەکات. یۆنگ بەتەنها رازی نەبوو بەوەی رابردوو ئامادەیی هەیە لەکرداردا هەروەك فرۆید رای وابوو، بەڵکو روانی کرداری مرۆڤ هەر

---

[21]- د. ئازاد عەلی، دەربارەی دەروونزانی گشتی، ل٢٥

[22]- د. صالح حسن احمد الداهری، د. وهیب مجید الکبیسی، علم النفس العام، ص٧٤

دەرکەوتەیەك نییە لەمێژووی تاکە کەسی بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو مەبەست و ئامانجانەی تاك هەیەتی بۆ ئایندەی خۆی هەروەك دەڵێت:

((مرۆڤ مەبەست و خولیاکان ئاراستەی دەکەن وەك لەهۆ و کاریگەریەکان))[٢٣]

بەمانایەکی تر مرۆڤ کاتێك لەژیانی خۆیدا بەرنامەیەك دادەنێت بۆ ژیانی و کۆمەڵێك مەبەست و ئامانج هەیە کە دەیەوێت لەئایندەدا پێی بگات ئەو مەبەست و ئامانجانە هەلسوکەوت و چۆنایەتی ژیان و بیرکردنەوەی ئاراستە دەکەن و دیاریدەکەن. وەك لەوەی مرۆڤ بەهۆی هۆکارەکانی ژیانەوە ناچارە شتانێك بکات، کە بەڕاستی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەپێی ئەو دۆخەیە کە تێی کەوتووە، هەرچی ئامانج و خولیاکانە درێژ مەودان و مرۆڤ بەپێی ئەو مەبەستە شتەکانی ژیانی رێك دەخات ئەمەش هۆکاری ئایندەیە لە کاریگەربوونی بۆ سەر خودی مرۆڤ. کە پێش یۆنگ کەس پەی پێنەبردبوو یۆنگ لەتیۆرەکەی خۆیدا دەروون دابەش دەکاتە سێ قۆناغ :-

١- **هەست (ئاگایی):** بەیەکێك لەپێکهاتە سەرەکییەکانی (من)ی دەزانێت و پەیوەندییەکی بەتینی بە نەستی تاکەکەسیەوە هەیە.
٢- **نەستی تاکەکەسی** : ئەم بەشە لەدەروون زۆر کاریگەرە لەخەونەکانی مرۆڤدا و گرێی دەروونی لێرەوە پەیدا دەبێت. هەروەها هەموو ئەو یادەوەریی و هەست و سۆزە چەپێنراوەکان دەگرێتە خۆی جگە لە رەمەکە سێکسیەکان کە فرۆید باسیکردوون.
٣- **نەستی کۆ** : ئەم بەشە ئەو چەمکە گرنگەیە کە (یۆنگ) دایهێنا. بریتیە لەکۆمەڵێك رێکخراوەیی لە (تەرزە سەرەتاییەکان) کە ئەم تەرزانە ((بریتین لەچەند خوو رەفتارێك کە مرۆڤ لە پەروەردەوە فێریان نەبووە و باڵیشیان کێشاوە بە زۆر لایەنی ژیانی دەروونییاندا. ئەم تەرزانە فۆرم و شێوەی دیاریکراوی خۆیانیان نییە، بەڵکو وەکو پرەنسیپی رێکخەر و ئاراستەکەر کاردەکەن))[٢٤]

یۆنگ(نەستی کۆ) دابەش دەکاتە سەر کۆمەڵێك پێکهاتەی جیا، ئەوانیش (ماسك، ئەنیما و ئەنیمۆس، سێبەر، خود)[٢٥]ن. لێرەدا پێمان باشە زۆر بەکورتی باسی ئەم پێکهاتانە بکەین، چونکە بنەمای کارەکانی یۆنگ لەسەر ئەم چەمکانە بیناکراوە ئەمەش بەرچاو رونیمان پێدەدات لەسەر بیری یۆنگ بەگشتی.

[٢٣]- د. حلمي المليجي، علم النفس الشخصية، ط الأولى، دار النهضة العربية بيروت، لبنان، ٢٠٠١، ص١٢١
[٢٤]- کارل گۆستاڤ یۆنگ، مرۆڤ و هێماکانی، و:ئاوات ئەحمەد، چ یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٥، ل١٥
[٢٥]- د. حلمي المليجي، علم النفس الشخصية،ص١٢٣

**١_ ماسك:-**

دەمامك حاڵەتێكی گرنگە لەناو مرۆڤدا، بەجۆرێك هەر مرۆڤەو دەمامكێكی هەیە، كە خودی خۆی لەو ماسكەدا نیشانی دەوروبەر و كۆمەڵگاكەی دەدات. ئەم ماسكە لەگەڵ كەسایەتی مرۆڤ وێك دێتەوە ئەكرێت مرۆڤ یەك ماسكی هەبێت بۆخۆدەرخستن لەژیاندا. جاریش هەیە كە هەمان مرۆڤ بەپێی بارودۆخی جیاواز ماسكەكانی خۆی دەگۆڕێت و هەرجارە و وێنەیەك نیشانی دەرەوەی خۆی دەدات. واقیع دەوری هەیە لەچۆنایەتی ئەو دەمامكەی مرۆڤەكە دەیپۆشێ. ((كەسێك دەتوانێت زیاتر لە ماسكێك بەكار بهێنێت، ئەو ماسكەی لەماڵ هەیەتی جیاوازە لەو ماسكەی هەیەتی لەگەڵ هاورێكانیدا كاتێك یاری تۆپی پێ دەكەن. واتە بەپێی هۆ و دۆخی جیاواز ماسكەكانیش گۆڕانیان بەسەردادێت))[٢٦]ئەم ماسكە یەكێكە لەتەرزە سەرەتاییەكان لەگەڵ كەسێتیماندا گەشە دەكات و زۆر جار دەبێت بەخۆمان یاخود خۆمان دەكەین بە ئەو.

**٢_ ئەنیما ئەنیمۆس :-**

یۆنگ لەگەڵ ئەوەی باسی ماسكی كرد كە لەدەرەوەی مرۆڤ دەردەكەوێت و خەڵك دەیبینن، بەڵام لەناوەوەش ئەم تەرزە سەرەتاییە بوونی هەیە ئەویش بوونی (ئەنیما)یە لەناو پیاواندا و (ئەنیمۆس)یش لەناو ژناندا. ((تەرزی سەرەتایی ئەنیما ئەو بەشە ژنانەیەیە كە لەناو كەسایەتی پیاودایە))[٢٧]واتە یۆنگ رای وایە لەناو هەموو پیاوێكدا بەشێك لەسیفات و خاسیەتی ژنانە بوونی هەیە و بەپێچەوانەشەوە ((تەرزی سەرەتایی كە (ئەنیمۆس)ە ئەو بەشە پیاوانەیەیە لەكەسایەتی ژناندایە))[٢٨]یۆنگ ئەوەی روونكردەوە وەك چۆن لێكچوون هەیە لەڕووی بایلۆژیەوە لەنێوان ژنان و پیاواندا، وەك بوونی هۆرمۆنی پیاوانە لەناو ژناندا و بوونی هۆرمۆنی ژنانە لەناو پیاواندا. ئاوهاش لەسەر ئاستی سایكۆلۆژیا لێكچوون هەیە و لەكەسایەتی پیاواندا بەشی ژنێتی بوونی هەیە و بەپێچەوانەشەوە.

**٣_ سێبەر:-**

لەباسی سێبەردا یۆنگ دەڵێت: ((ئەو سیفەت و خەسڵەتانەی كەسێتی دەنوێنێت كە تاڕادەیەك ناسراون یان شاراوەن. واتە ئەو لایەنانەی كە زۆر جار تایبەتن بەكەسێتی و بۆیان هەیە بشگۆێزرێنەوە بۆ گۆڕەپانی ئاگایش هەروەها دەشێت سێبەر لەهەندێك لایەنیدا لەرەگەزی دەستە جەمعی پێكبێت كە لەپێگەیەكەوە سەر هەڵدەدات دەكەوێتە دەرەوەی ژیانی شەخسی مرۆڤ))[٢٩]

---

[٢٦]- نفس المصدر السابق، ص١٣٣

[٢٧]- نفس المصدر السابق، ص ١٣٥

[٢٨]-، نفس المصدر السابق، نفس الصفحه

[٢٩]- كارل گۆستاڤ یۆنگ، مرۆڤ و هێماكانی، ل٢٤٥

واته كاتێك مرۆڤ لەناو واقیعدا كۆمەڵێك كار و كردەوە ئەنجام دەدات هەمیشە سێبەرێك لەپشت ئەم كارانەوە خۆی حەشارداوە، ئەویش (نەست)ی مرۆڤە كە لەڕاستیدا وەك وزە و هێز بوونی هەیە و بۆخۆی بەتەنها بوونێكی واقعیی و هەستی نییە. هەر لەبەر ئەم خاڵەشە یۆنگ بە(سێبەر) ناویدەبات، هەروەها زۆرجار (نەستی كۆ)یە وەك سێبەرێك لەپشت كارەكانی مرۆڤەوە كردار ئاراستە دەكات، بەڵام یۆنگ باسی ئەوە دەكات لەرابردوودا و بەتایبەت لە ئەفسانەكاندا ئەم سێبەرە كراوەتە هێما و وێنە. هەر جارە و یاخود بەپێی داب و نەریتی هەر گەلێك شكڵی جیاجیای بۆ كراوە، بەڵام وەك ماناو جەوهەری كارەكە خودی سێبەر خۆیەتی جا یان لەنەستی تاكەوە هاتووە یاخود لەنەستی كۆوە.

**٤_ خود:-**

چەمكی هەمەكیەتی خود یان دەروون بەگشتی زۆر جێگای بایەخە لای یۆنگ. خود (self)یەكێكە لەتەرزە سەرەتاییەكانی نەستی كۆ لەمرۆڤدا، كەپێ بە پێ و قۆناغ بە قۆناغ گەشە دەكات و خۆی تەواو دەكات. هەروەكو خۆرێك وایە و جار دوای جار دەدرەوشێتەوە. مەبەستی هەموو مرۆڤێكیش لەژیاندا گەیشتنە بەخودی خۆی و بەرجەستە كردنی ئەو خودەیە لەعالەمدا. بەڵام هەروا ئاسان نییە و كارێكی درێژ خایەنە بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ. لای یۆنگ ئەمەش پێویستی بەمەعریفە و زانست هەیە. ((زۆر لە خەڵكی خودی خۆیان بەرجەستە بكەن بەبێ ئەوەی مەعریفەیەكیان هەبێت لەسەر (خود) دەیانەوێت زۆر بەخێرایی ئەمە رووبدات و وەك پەرجوویەك بگەنە كەسی تەواو بەڵام ئەمە زۆر گرانە))[٣٠] واتە (خود) ئەو بەشە شاراوەیەیە كە مرۆڤ وەك نەخشەیەك دەیەوێت كارەكی بكاتەوە لەژیانی خۆیدا، ئەمەش هەر وەك یۆنگ باسیدەكات مەعریفە و جەوهەری دەوێت تامرۆڤ بگاتە ئەو گەوهەرە بەنرخە كە لەناو ناخی خۆیدایە.

## ج- ئالفرد ئەدلەر Alfred Adler (١٨٧٠- ١٩٣٧):-

ئالفرید ئەدلەر یەكێك بوو لەدامەزرێنەرانی زانستی دەروونشیكاری لە ڤیەننا و پاشانیش سەرۆكی ئەم دەستەیە بوو. لەگەڵ فرۆید كاری دەكرد لەنێوان ساڵانی (١٩٠٢– ١٩١١)، بەڵام لەدوای ئەو ماوەیە، جیاوازی گەورە كەوتە نێوان ئەدلەر و فرۆید و تا گەیشتە ئەوەی وازی هێنا لەدەستە و بۆ خۆی تێۆرەكانی پەرەپێدا و سایكۆلۆژیای تاكی دامەزراند. لەراستیدا ناوی ئەدلەر هەر لەزانستی دەروونشیكاریدا نییە، بەڵكو لەبوارەكانی زانست و تاوانناسی و دەرمانیشدا ناوی هەیە. ئەدلەر كاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر زانستی دەروونشیكاری ئەمریكی ((ئەدلەر هەستی خۆ بەكەمزانی كردە بنەمای كارەكانی))[٣١]لەڕاستیدا ئەم زانایە باوەری بەوە هەبوو كەمرۆڤ هەر لەسەرەتاوە بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە و ئەم كۆمەڵایەتی بوونەی وادەكات مرۆڤەكان ببەسترێن بەیەكترەوە هەروەك لەباسی منداڵدا دەڵێت :–

[٣٠]- د. حلمي مليجي، علم النفس الشخصية، ص١٣٩

[٣١]- اميل خليل بيدس، قضيا فى التحليل النفسى، ص١٦٠

((منداڵ لەسەرەتادا بەدوای نواندنی خۆشەویستی و ڕاکێشانی خۆشەویستی ئەوانی تر و نزیك بوونەوە لەگەورەکان، پیشان ئەدات کە هەستی کۆمەڵایەتی بوون بەشێوەیەکی خودی یان رەمەکیانە لەبوونیدا هەیە))[32]

ئەدلەر مرۆڤ دەبەستێتەوە بەکۆمەڵگاوە، چونکە باوەڕیشی وەهایە کە هەر کێشەیەك لەناو دەروونی مرۆڤدا سەر هەڵبدات و وابکات مرۆڤ دەروونێکی لاوازی هەبێت دەیگەڕێنێتەوە بۆ ژینگە و ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژیت وەك یەکەمین وێزگەی ژیانی.

((ئەبێت لەیادمان بێت کەتەواوی منداڵان لەژیاندا دووچاری ((رق)) ئەبنەوە چونکە هەستی هاریکاری کەمتر لەژینگەی خێزاندا ئەبیتە هۆی دەرکەوتنی ئەم هەستە و تاك بوونەوەرێکی هەڵواسراوی لێ دروست ئەبێت))[33]

تەنانەت هەست کردن بە خۆبەکەمزانین سەرەتا مرۆڤ لەناو ژینگەکەیەوە بۆی دروست دەبێت کاتێك هەست بەغەریبی و تەنیایی دەکات لەناو دەوروبەرەکەیدا وردە وردە ئەم هەستە گەورە دەبێت تا لەقۆناغەکانی تردا گۆڕانی بەسەردا دێت و دەگۆڕێت بۆ شتی تر وەك (رق، خۆشەویستی، هێز... تاد).

ئەدلەر بۆ دابەشکردنی کەسایەتی تاك زۆر جەختی کردەوە لەسەر قۆناغەنی منداڵی ژیانی مرۆڤ و ئەم قۆناغانەی بە بنەڕەترین هۆکارەکانی زانی بۆ سەر تەندروستی دەروونی مرۆڤ و سێ ڕێگای دیاریکرد لەژیانی منداڵیدا :

١– گەڕانەوە بۆ ئەزموونەکانی منداڵی.
٢– شیکردنەوەی خەونەکان.
٣– بەدوایەکدا هاتنی لەدایك بوون.[34]

هەموو ئەم خاڵانە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەردەروونی مرۆڤ، چونکە((ئامانجی ژیانی هەر تاکێك لەسەر بنەمای خۆ بەکەم زانین، کەم هێنان و نا هێمنایەتی دیاری ئەکرێت منداڵ هەر لەسەرەتاوە مەیلی ئەوەی هەیە کە ئەوانی تر گرنگی پێ بدەن سەرنج و بڕوای دایك و باوکی بۆ خۆی رابکێشێت))[35]

ئەدلەر زۆر بایەخ بە پەروەردەو قوتابخانە و کۆمەڵگا دەدات، کە دەبێت مرۆڤ لەمنداڵییەوە ژینگەیەکی خاوێن و کامڵی بۆ فەراهەم بکرێت، چونکە گەر ئەو چاوەڕوانیانەی منداڵ هەیەتی لەدەوروبەرەکەی بۆی دابین نەکرێت، ئەوا ئەو مرۆڤە دەچێتەوە ناوخۆی و هەست بەوە دەکات گرنگی پێنادرێت و تووشی

---

[32] – ئالفەرد ئەدلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، و: سیدۆداود عەلی، فرمیسك رزگار محمد، چ یەکەم، چا گەنج، لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٥٩
[33] – سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤
[34] – د. حلمی الملیجی، علم نفس الشخصیة،ص٩٧
[35] – ئالفەردئەدلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، و:سیدۆ داود عەلی، فرمێسك رزگار محمد، ل٩٧

کێشەی دەروونی گەورەدەبێت. دواتر ئەم هەستە وەك هێزێك مرۆڤ ئاراستە دەکات و ئەوەی مرۆڤ لەژیاندا دەیکات هەمووی لەئەنجامی پەرچەکردار یاخود کاردانەوەی ئەم هەستەیە. لەم بارەشدا مرۆڤدا هەمیشە بەرکارە و کارانییە، چونکە هەموو کردەوە و ژیانی بریتییە لەوەلامدانەوەی ئەو هێزانەی برینداریان کردەوە لەسەرەتاوە، بەمەش نازانین مرۆڤ لەخودی خۆیدا هەلگری چ مانایەکە.

((کاتێك لەماوەی منداڵیدا ئەمە رووبدات، هەر ئەو تاکە لەگەورەییدا بەردەوام سودی خراپ لەهەستەکانی وەرئەگرێت. ئێمە ئەو تاکانەمان بینیوە کە رووخۆشی و گاڵتە کردن تورەیی خەفەت و هەڵچوونەکانی دیکەی خۆیان دەرئەبڕن بەشێوەیەك وەك ئەوەی کە ئەم هەڵچوونانە بوکەڵەی یارین. ئەم تایبەتمەندیە کەم بەها و ناخۆشانە بەهای راستەقینەی هەستەکان لەناو دەبەن))[٣٦]

**********************************************************

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەوە روونبکەینەوە کە لەناو قوتابخانەی دەروونشیکاریدا کۆمەڵێك زانای گەورە هەن بۆ ئیشکردن لەسەر کارەکانیان و رۆچوون بەناو تیۆرەکانیاندا هەروەك ئێمە لەپێشەوە ئاماژەمان بەسێ لەو زاناپێشەنگانە کرد وەك (فرۆید، یۆنگ، ئەدلەر) بەدەر لەمانەش کۆمەڵێك زانای دیکە هەن کە هەر سەر بەئەم قوتابخانەیەن. بەڵام سروشتی کاری زانستی ئەوە دەخوازێت کە ئێمە باسەکەمان تایبەت بکەین و رێگەی خۆشمان بەیان بکەین لەسەر کارەکەمان ئێمە لەسەرەتادا خۆمان یەکلا کردەوە کە لەناو دەروونناسیدا کۆمەڵێك دیدگا و کۆمەڵێك قوتابخانەی جیاجیا هەیە، کە هەر یەکەیان خاوەنی رای خۆیەتی لەسەر چەمکی دەروون بەگشتی و هەر یەك بەشێوازێك ئەم چەمکە هەمەکییە ورد دەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.

هەر لەسەرەتاوە قوتابخانەی دەروونشیکاری (التحلیل النفسی) مان هەڵبژارد ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کەسروشتی کارەکەمان شیکرنەوەی دەقی شیعریە و گەڕانە بەشوێن لێکەوتە دەروونییەکان لەو دەقانەدا کە یەکدێتەوە لەگەڵ بنەماکانی ئیشکردنی ئەم قوتابخانەیە، بۆیە ئەم قوتابخانەیەمان کردە سەر مەشقی کارەکەمان. جا لێرەدا جێگەی خۆیەتی لەناو ئەم زانایانەشدا کە سەر بەم قوتابخانەیەن خۆمان یەکلابکەینەوە.

لەم باسەدا (سیگمۆند فرۆید) دەکەینە پێشڕەوی کارەکەمان، چونکە لە لایەك باوکی ئەم قوتابخانەیەیە و لە لایەکی تریشەوە دامەزرێنەری زانستی دەروونناسیە و هەموو زاناکانی دوایی ئەو بینا لەسەر تیۆرەکانی ئەم زانایە شتەکانیان وردتر کردۆتەوە. وەگەر نا لەجەوهەردا هەموویان لەگەڵ فرۆیدن کە دەڵێت نەست بەشێکە لە دەروونی مرۆڤ. ئەم گوتەیە بنەمای کاری دەروونناسیە و دواتر هەریەکە و

[٣٦]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٦- ٣٥٧

لەکایەك و لەمەیدانێکدا ئەم گوتەیەی بەشەکی کردۆتەوە.  هەروەها فرۆید جیا لە کارە دەروونییەکانی، چەندین بەرهەمی هەیە کە هەموویان شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی و هونەرین، کە ئەم کارەی رێگە خوشکەرە تا ئازادانە تیۆریەکانی ئەم زانایە ببەین و کارەکییان بکەینەوە لەسەر دەقە شیعریەکان ئەمەش بەو وێك هاتنەوەیە دەبێت کە شیعرەکان و تیۆریەکان تووشی دەبن و ئەو چەمکە هەمەکییە نیشاندەدەنەوە بەئێمە، کە ئەویش چەمکی دەروونە لەمرۆڤدا.

# تەوەری چوارەم

## راڤە کردنی چەمکە دەروونییەکان لای فرۆید:-

لێرەدا واباشە ئەو چەمکە دەروونیانە بەسەر بکەینەوە، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەناو شیعرەکاندا ئامادەییان هەیە. بەو مانایەی نەچینە ناو ئەو چەمکانە یاخود ئەو حاڵەتە دەروونیانەی لەشیعرەکاندا نایدۆزینەوە، بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین بەتەنها ئەو چەمکانە وەربگرین کە لە شیعرەکاندا دەیاندۆزینەوە.

### ١- هەست conscious:-

بۆ گەڕان و دیاریکردنی مانای هەست دەکەوینە بەردەم کۆمەڵێك رای جیاواز لای شارەزایانی بواری دەروونی و تەنانەت لای خودی فرۆیدیش، ئەم چەمکە بەمانای جیاواز بەکار هاتووە. یەکێك لەو دیدگایانە کاتێك باسی هەست دەکات دەڵێت : ((کارە نەستیەکان بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان کە بێنە ناو هەستەوە، بەڵام ئەم هەوڵە تووشی بەربەست دەبێت لەڕێگەی تری کەسایەتیەوە کە نەست ئەنجامی دەدات و زۆربەی جار مرۆڤ هەست بەو ململانێیە دەروونییە دەکات کە لە هۆیەکانی تێناگات))[٣٧]

لێرەدا چەمکی (هەست) بەو مانایە دێت کە بەشێکە لە ئاگایی مرۆڤ بەرامبەر بەو حاڵەتە نەستیانەی لەناوەوەیدا روودەدەن، واتە نەست خاوەنی هێزێکی فشارکەرە و هەموو هەوڵەکەشی بۆ ئەوەیە بێتە ناو ناوچەی هەستەوە. (هەست) ئەو بەشەیە لە ئاگایی مرۆڤ، کە هەست بەو حاڵەتانەی خۆی بکات ئەم مانایە یەکێکە لەماناکانی هەست، بەڵام رایەکی دیکە لەسەر هەست هەیە دەڵێت: ((زۆرترین حاڵەتەکانی ململانێی دەروونی کەباسمان کردن دەکەونە سنوری هەستی مرۆڤەوە یان ئیدراککردن بەو پێویستیانەی کە دژی یەکترن، کە وادەکەن بڕیاردان ئاسان بێت بەبێ ئەوەی کەسایەتی تووشی روشان یان دڵە ڕاوکێ بێت))[٣٨]

ئەگەر سەیر بکەین لێرەدا (هەست) بەمانای (واقیع) بەکار هێنراوە، واتە مرۆڤ کاتێك دەکەوێتە ناو واقیعەوە، لە هەمان کاتدا دەکەوێتە ناو کۆمەڵێك مەکە و بکەوە. هەندێك لەو مەکە و بکانە دژ دێنەوە لەگەڵ کۆمەڵێ حەز و خولیای مرۆڤ بۆیە مرۆڤ لەتەمەنی منداڵییەوە کۆمەڵێك ئارەزوی کپکراو لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت کە دواتر دەبنە هۆی نەخۆشی دەروونی وەك (خۆبەکەم زانین، گرێی باوك، گرێی دایك، گرێی ئۆدیب[٣٩]... تاد. ئەوەی لەم گوتەی سەرەوەدا جێگەی تێڕامانە گۆکراوی (سنوری هەست)ە، کە مەبەست لەو ژینگە و واقیعەیە کە مرۆڤ لەتەمەنی منداڵییەوە تێیدەکەوێت. ئەم (سنوری هەست)ە ماناکەی جیاوازە لەوی پێشوو هەرچی

---

[٣٧]- د. طلعت منصور، د. عادل عزالدین، د. أنور الشرقاوی، د. فاروق أبو عوف، أسس علم النفس العام، كلية التربية، جامعة عين شمس، مطبعة أطلس بالقاهرة، ١٩٧٨، ص٣٣٧

[٣٨]- د. هاشم جاسم السامرائی، المدخل فی علم النفس، ط الثانیة، مطبعة منیر، بغداد، ١٩٨٨، ص١٣٣

[٣٩]- نفس المصدر السابق، ص١٣٣

یەکەمە مەبەستی ئەو هەستە ناوەکیە بوو کە مرۆڤ درك دەکات بە حاڵەتە ناوەکیەکانی خۆی. هەرچی ئەم رایەیە مەبەستی بەریەککەوتنی مرۆڤە لەگەڵ ژینگە و دەوروبەرەکەی، کە لەم سنورەدا مرۆڤ هەستە دەرەکیەکانی تیادا چالاك دەبن. واتە ئێستا ئێمە دوو جۆر لە هەستمان بەر چاو کەوت (هەستی ناوەکی) و (هەستی دەرەکی) لەپاڵ رای دووەمدا دکتۆر (حلمی الملیجی) لەباسی هەستدا دەڵێت : ((هەست تاکە بەشێکە لەعەقڵ کە مرۆڤ راستەوخۆ دەیناسێت و لەتەمەنی منداڵیەوە دەردەکەوێت بگرە پێش لەدایك بوونیش ئاگایی هەستی لای منداڵ دەربارەی کەس و شتەکانی دەوروبەری رۆژانە گەشە دەکات))[40]

ئەم رایەش تا رادەیەك دەچێتەوە سەر ئەوەی (هەست) بەوە دەزانێت کە مرۆڤ وەك هەستەکانی (بینین، تام،... تاد. ) خاوەنیانەوە لە تەمەنی پێش لە دایك بوون واتە ناو (سکی دایك)ەوە دەست بەدەرکەوتن دەکەن و مرۆڤ لەرێگەیانەوە زانیاری لەسەر ژینگە و دەورووبەرەکەی دەست دەخات. لەگەڵ ئەمانەشدابۆچوونی دیکە هەن لەسەر (هەستکردن) وەك بیردۆزی جیمس – لانگ james-lang کە دوو زانا بوون، هێرشێکی توندیان کردە سەر ئەو رایانەی بە(بیردۆزی کۆن) ناسرابوون، کە پێیان وابوو مرۆڤ یەکەم جار هەست بەشتەکان دەکات ئەوجا کاردانەوەی خۆی نیشاندەدات سەبارەت بەو بارانەی تێیدەکەوێت. ((بۆ نموونە: کەسێك رووبەرووی مەترسیەك دەبێتەوە، خێرا هەست بەترس دەکات، ئەم ترسە وادەکات رابکات و بیردۆزی کۆن رایدەگەێنێت کە مەترسی راستەوخۆ ئامادەیە بۆ هەستکردن بەترس، ئەم هەستکرنە بەترس باری ناوەوەی جەستە دەشلەژێنێ و کرداری هەڵهاتن ئەنجام دەدرێت))[41]

بەڵام هەردوو زانای پێشوو دژی ئەم بۆچوونە وەستانەوە، کە پێیوایە مرۆڤ یەکەم جار هەست بە شتەکان دەکات ئینجا گۆڕان لەحاڵەتی جەستەیی روودەدات و کاردانەوەی دەبێت بەپێی ئەو بارودۆخەی تێیکەوتووە. بەڵکو ئەوان پێیان لەسەر ئەوە داگرت مرۆڤ شتەکان ئەنجام دەدات ئەوجا هەست بەحاڵەتەکانی خۆی دەکات، بەمانای ئەوەی کاتێك ((کەسێك تووشی مەترسی دەبێت هەڵدێت ئنجا هەست بەترس دەکات))[42]

ئەوەی جێگەی رامانە ئەوەیە بیردۆزی کۆن (هەستکردن) دەباتەوە ناو مرۆڤ و وەك هێزێك دەیبینێت کەپاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ کردنی کارێك، هەرچی (جیمس– لانگ)ە هەستکردن وەك پاشماوەی رووداوەکان وێنا دەکەن واتە مرۆڤ لێبێتەوە لەشتەکان ئنجا بەخۆی دەزانێت. ئەمەیان زیاتر وەك (یادەوەری) دەردەکەوێت. خۆئەگەر ئێمە برۆینە لای (فرۆید) ئەوا هەر لە راڤەکردنی (هەست)دا هەردوو ئەم مانایەیەی سەرەوەی لا

---

[40] – د. حلمی الملیجی، علم النفس الشخصیة، ل١٢٣

[41] – د. عبدالله عبدالحی موسی، المدخل الی عالم النفس، ط الثالثة، مطبعة المجد، القاهرة، ١٩٨٢، ص٢٦٩

[42] – نفس المصدر السابق، نفس الصحیفه

دەدۆزینەوە. فرۆید لەباسی (هەست)دا دەڵێت: (( هەموو شتێك کە لە ناوەوە دەبێت، جگە لەسۆزی تاك دەبێ ببێتە هەستی ناچار دەبێت هەوڵ بدات پەرچەڤەی دەروونی خۆی بکات بۆ ئیدراکی دەرەکی))[٤٣]

فرۆید لێرەدا (هەست) بە مانای ئەوە بەکار دەهێنێت کاتێك دەڵێت (هەستی) بەو مانایەیە، کە مرۆڤ شتانێك هەیە لەناوەوەیدا ئەم شتانە پێویستە دەربکەون ئەم دەرکەوتنە بۆ خۆی ئاشکرا بوونی ئەو شتەیە. بەم ئاشکرا بوونە مرۆڤ دەتوانێت هەست بەو شتە بکات. واتە (هەستی) هێنانی ئەو شتانەیە کە تواناداری ئەوەن دەربکەون بۆ بارێکی دیکەیان، کە خودی دەرکەوتنەکەیە. ئەم ئاشکرابوونە باری هەستی ئەو شتەیە، لێرەدا هەست وەك عالەمێکی جیاواز خۆی دەنوێنێت یاخود ناوچەیەکە شتەکان تیایداخۆیان ئاشکرا دەکەن و بەرجەستە دەبن. ئەم جۆرەیان بەندە بە رووکاری دەرەوەی مرۆڤە و زیاتر ئەندامەکانی دەرەوەی جەستە تیایدا چالاکن. پاشان فرۆید باسی هەست دەکات کاتێك مامەڵە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەکات، ئەم هەستە کێشەی نییە یاخود کاری ئاسایی دەکات، بەڵام هەر خودی ئەم هەستە رێگەی لەبەردەمدایە بگۆڕێت و ببێتە (نەست).

((هەستی من شاراوە نییە وەکو پێش نەست مەحاڵە چالاك بکرێت بەبێ ئەوەی ببێتە نەست))[٤٤]واتە کاتێك (هەست) تووشی بەریەککەوتن بوو لەگەڵ جیهاندا و ئەم بەریەککەوتنە تووشی بەناو داچونەوە بوو، مرۆڤ بردیەوە ناو خۆی و بووە بەشێك لەهەستی ناوەکی ئەوکات باری خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە (نەست) بەو مانایەی کە توانای هەیە وەك هێزێك بێتە دەر و جارێکی تر بگۆڕێتەوە بە (هەست) بەڵام بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری و کار لێکردنی جیاواز، کە لەناو مرۆڤدا روویانداوە.

## ٢- نەست (unconscious) :-

هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەنەست کەمێك ئاڵۆزی تێدایە، چونکە نەست خاوەنی توخمی جیا و پێکهاتەی ئاڵۆزە، فرۆید کاتێك باسی نەست دەکات لەگەڵ ئەوەی جیای دەکاتەوە راستەوخۆ وابەستەی دەکات بەکرداری (چەپاندن)ەوە. لەراستیدا فرۆید باوەری وەهایە کە (هەست) لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هەیە و کاتێك تووشی بەرگری دەبێت لەوەی خۆی بخاتە ناو واقیعەوە ئەم هەستە گۆڕانی بەسەردا دێت و دەبێتە نەست.

((واتە تێگەیشتنمان لەنەست سەرچاوەی گرتووە لە تیۆری چەپاندن، چەپاندن لای ئێمە نموونەیەکی نەستە))[٤٥]

---

[٤٣] - سیگمۆند فرۆید، ئیگۆ و ئید، و: یوسف عوسمان حەمەد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢١

[٤٤] - سیگمۆند فرۆید، ئیگۆو ئید، و: یوسف عوسمان حەمەد، ل١٧

[٤٥] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٠

لەگەڵ ئەمەشدا فرۆید دوو جۆر لە نەست جیا دەکاتەوە و دەڵێت :

((ئێمە دەزانین دوو جۆر لەنەست هەیە، نەستی شاراوە کە توانای هەیە ببێتە هەستی و چەپاندراو کە توانای نییە ببێتە بواری هەستی))[٤٦]

لە راستیدا فرۆید (نەستی شاراوە) جیا دەکاتەوە بەوەی کۆمەڵێك لە حەز و خولیا و غەریزە هەن لەمرۆڤدا کە هەر بەسروشتی خاوەنیان، واتە لەڕێگەی واقیعەوە وەرینەگرتووە، بەڵکو لەبوونی خۆیدا خاوەنیانە ئەم رەمەکانە تواناداری ئەوەن کە بێنە دەر و بچنە ناو سنوری هەستەوە. وەك رەمەکی سێکس کە ئەم توانایە مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە وەك ماتەوزەیەك هەیەتی، بەڵام بارودۆخی تایبەتی خۆی دەوێت هەتا گەشە بکات و بتوانێت بێتەدەر و هەستی بێتەوە. لەگەڵ ئەمەدا فرۆید باوەڕی وایە ئەو شتانەی لەحاڵەتی چەپاندنا دەچنەوە ناو نەست و دەبنە نەستی، ئەوا ئەمانە توانای ئەوەیان نییە بێنەدەر و ببنەوە هەستی. ئەگەر چی ئەم رایەی فرۆید دواتر گۆڕانی بەسەردا دێت و هەر خۆی دژی دەوەستێتەوە، چونکە تەنانەت ئەم جۆرەش توانای گەڕانەوە و هاتنەدەری هەیە کە زۆرێك لە زانایانی ئەم بوارە باسیدەکەن و رەخنەی توند ئاراستەی فرۆید دەکەن لەوانەش (رولان دالبییز) لەباسی نەستدا دەڵێت :((فرۆید چەمکی (پێش هەست)ی بەکار هێناوە بۆ ئەو شتانەی کە ئێمە دەتوانین بیانهێننەوە بۆ سەر ناوچەی هەست وەك یادەوەری، بەڵام (نەست) لەدەستی ئێمەدا نییە و بێ ئەوەی خۆمان بمانەوێت ئەوا کار دەکات و دێتە ناو هەستەوە))[٤٧].

رۆلان دالبیر لەمیانی شرۆڤەکردنی فرۆیدەوە خاڵێکی لاوازی فرۆید نیشان دەدات ئەویش ئەوەیە کە فرۆید چەپێنراوەکانی وا وەسف کرد کە نایەنە دەرەوە، بەڵام لای رۆلان کارەکە بەو جۆرە نییە و بەڵکو یادەوەری بەنموونە وەردەگرێت، دیارە یادەوەری هەیە حاڵەتی شکاندنی مرۆڤە لە لایەن کەسێکی ترەوە، بەڵام ئەم رقە وەك هێزێك خۆی هەڵدەگرێت و جارێکی دیکە دێتەوە. لەپاڵ ئەمەدا فرۆید هەر بڕوای بەجۆرێك لەنەست هەیە کە نایەتەدەر و ناوی دەنێت (نەست)، بەڵام ئەوەی توانای ئەوەی هەیە بێتەدەر بە(پێش هەست) گوزارشتی لێدەکات. لەم بارەیەوە فرۆید دەڵێت:

((دوو جۆر لەنەست هەیە کە زانایانی دەروونزانی جیایان نەکردۆتەوە هەردوو جۆرەکەش نەستین بەو مانایەی زانستی دەروونزانی دەیانناسێت، بەڵام سەبارەت بە ئێمە یەکێك لەوانە پێیدەڵێن نەست قەد ناتوانێت بچێتە ناو هەستەوە، بەڵام دووەم لەبەر ئەوەی پێیدەوترێت پێش هەست ئەوا دەتوانێت بچێتە ناو هەستەوە))[٤٨]

---

[٤٦] - سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەرە

[٤٧] - رولان دالبیر، طريقة التحليل النفسی والعقيدة الفرويدية، ت: د. حافظ الجمالی، ط الثانيية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٨٤، ص٤٠٥

[٤٨] - نفس المصدر السابق، نفس الصحيفه

لەپاڵ ئەم رایەشدا رای دیکە هەن لەسەر ئەوەی جۆرێك لەنەست هەیە توانای ئەوەی نییە بێتەوە دەر زیاتریش ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لەمیانەی ئەزموونی ژیانی خۆیدا تووشی کۆمەڵێك چەپاندن دەبێت و ئەم شتانە بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ مرۆڤدا دەژیت و بۆ خۆی نایەتە دەر، بەڵام کار لەژیانی مرۆڤ دەکات وبەشێوازێکی تر دێنە دەرەوە. ((بەڵام چەمکی نەست کە پێشکەشکراوە لە لایەن هەندێك لەنووسەرانەوە زۆر جێگەی شك و گومانە بۆ نموونە د. هسنا پێناسەی نەست دەکات بەو هەموو رەنگە بێ سنورانەی کە بەهۆی سروشتە خودیەکەوە توانای ئەوەی نییە لایەنی هەستی وەربگرێت))[49]

ئەوەی جێگەی پرسیارە لە بیر کردنەوەی دەروونناسەکاندا هەمیشە بەشێك لە نەخۆشی دەروونی هەیە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا بەردەوام دەبێت، ئەمەش بۆ خاتری ئەوەیە مرۆڤ مەحکوم بکەن بە کۆمەڵێك گرێی ناتەواوی وەك (گرێی ئۆدیب) کەفرۆید نەك لەناو سەردەمەکەی خۆیدا بۆی دەگەڕێت بەڵکو دەچێتەوە ناو گەلە سەرەتاییەکان و تەنانەت لەناو ئەفسانەکانیشدا بەشوێنیا دەگەڕێت. ئەمەش بە خاتری ئەوەیە کە بڵێت دەروونی مرۆڤی کۆن و نوێ هەمووی یەك شتە و ئەوەی جیاوازە سەردەم و واقیعەکانە. فرۆید لەپاڵ جیاکردنەوەی جۆرەکانی نەستدا، یەك خاڵی هاوبەش هەیە جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە بەهەردوو جۆرەکە کاریان پاراستنی تاقیکردنەوە و شتەکانی مرۆڤە.

((یاسا دیارەکانی ناو ئەو لەگەڵ هەموو پاڵنەر و کاردانەوە هەڵچوونە بەریەك کەوتووەکان کە دەرکەوتوون لەناو تاقیکردنەوەکاندا هەمووی لەنەستدا پارێزراون))[50]

خۆ گەر ئێمە زیاتر ورد بینەوە ئەوا هەر لەناو بۆچوونەکانی فرۆیدا لێك دژی دەدۆزینەوە لەسەر چەپاندن کە پێی وایە نایەتەدەر لەشوێنی دیکەدا لەباسی چەپاندا دەڵێت :

((ئارەزووی قەیراناوی لەناخود ئاگاوە بەرەو خودئاگا دەکەوێتە رێ و بەجۆرێك دەردەکەوێ کە ناناسرێتەوە و شێوەی خۆی گۆڕیوە چونکە ئارەزووەکە پێشتر چەپێنرابوو))[51]هەر لێرەدا فرۆید باسی گەڕانەوەی چەپێنراوەکان دەکات، بەڵام وەك خۆی نا بەڵکو لەبەرگی تر و لەشێوازی تردا دەردەکەوێت لەناو مرۆڤدا. لەڕاستیدا لەپاڵ ئەوەدا کە (نەست) شوێنی یاد و بەسەرهاتەکانی مرۆڤە. لەکۆندا رای جیاواز هەبووە و وازانراوە کە ئەمانە زۆر بێ ماناو بێ بایەخن. هەروەك (ئارسنت جونز) دەڵێت:((نەست ناوچەیەکی تایبەتە لەعەقڵ دەروونشیکاری لێکۆڵینەوەی تیا دەکات کە دوورترین شتێ ئەوەیە چاڵێکە بیرکردنەوە لە بیرکراوەکانی تیدایە ئەوانەی کە هیچ بەهایەکیان نییە بەڵام پێچەوانەی ئەمە راستە زیاتر لەوەش نەست

---

[49] - نفس المصدر السابق،ص٤٠٦

[50] - سيجموند فرويد، معالم التحليل النفساني، ت: د. محمد عثمان نجاتي، ب ط، مطبعة السعادة بمصر، قاهرة، ص١٢٥

[51] - سیگمۆند فرۆید، پێنج وانە لەدەروون شیکاریدا، و:صباحی مەلا عەولا، ب چا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر، ٢٠٠٧، ل٨٠

یەکەمین بزوێنەری ژیانمانە))[٥٢] تاکە شتێك کە لەسەر نەست بیزانین ئەوەیە هێزێکی گەورەیە کار لەکردار و رەفتاری مرۆڤ لەژیاندا دەکات. بەم رەوتە نەست لەگەڵ ئەوەی هەڵگری شتەکانە، هێزیشە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ شتەکانیش.

## ٣- ئەو Id:-

ئەگەر چی ئەو بۆ خۆی بەشێکە لەجەستە و سەر بەلایەنی بایەلۆژی مرۆڤە، بەڵام فرۆید لەریزکردنی بەشەکانی دەروون لەمرۆڤدا بە بەشێکی سەرەکی لەقەڵەم دەدات. لە کاتێکدا هەموو هەوڵەکانی فرۆید بۆ ئەوە بوو کە لایەنی بایەلۆژی مرۆڤ لە لایەنی دەروونی جبا بکاتەوە. هەروەك چۆن بەم جیا کردنەوەیەی توانی زانستی پزیشکی و دەروونناسیش لە یەك جیابکاتەوە. ریزبەندکردنی ئەو لە خانەی دەرووندا لای فرۆید، ئەو باوەڕە لامان پتەو دەکات کە جەستە پەیوەندییەکی گەورەی هەیە بە دەروونی مرۆڤەوە و ناتوانین لە باسی دەرووندا جەستە فەرامۆش بکەین. ئەو ((کۆگا و سەردابێکە پڕیەتی لە رەمەك و پێداویستیە فسیۆلۆژیەکان و کۆنترین بەشی کەسایەتیە، واتە کاتێك مرۆڤ لە دایك دەبێت تەنها ئەم بەشەی هەیە و لە تەکیا لە دایك دەبێت و بە درێژایی ژیانیش هەر لە تەکیا دەمێنێتەوە و لە گشت بۆ ماوە و حەز و ئارەزووە ئاژەڵییەکان پێکهاتووە و دەبێت بە بەردی بناغەی کەسایەتی مرۆڤ ))[٥٣]. واتە (ئەو) لەگەڵ ئەوەی لە جەستەدایە و بەشێکە لە جەستە، بەڵام زیاتر وەك حەز و ئارەزووەکان و غەریزەکان هەیە کە لەناو مرۆڤدا بوونیان هەیە ئەم حەز و ئارەزووانە دەتوانین بڵێین شتانێکن کە نەك بەتەنها مرۆڤ بەڵکو ئاژەڵیش خاوەنیانە بە مانایەکی تر (ئەو) ئەو بەشە ئاژەڵییە لە مرۆڤدا کە ریسا و یاساکان ناناسێت و تێناگات لە شتەکان و هەموو هەوڵێکی بۆ گەیشتنە بە چێژ.

((فرۆید ئەوەی سەلماند کە خودی دنیای (ئەو) لە قۆناغی منداڵی مرۆڤدا باڵا دەستەو ئەم غەریزە سەرەتاییانە پاڵنەرن بۆ هەڵسوکەوتەکانی منداڵ، کە منداڵی بچووك هەوڵی جێ بەجێبوونیان دەدات و بە راستەو خۆیی گوزارشتیان لێ دەکات لەو پاڵنەرە شەڕانیانە بەبێ ئەوەی هەست بە پەشیمان بوونەوە یان تەریق بوونەوە بکات و عادەت و کەلتووری جیهانی دەرەکی ناپارێزێت))[٥٤]

بەو مانایەی (ئەو) لە قۆناغەکانی سەرەتایی ژیانی مرۆڤدا زۆر ئازادە لە جێ بەجێ کردنی حەز و خولیاکانی خۆی، مرۆڤ لەم بارەدا هەر وەك ئاژەڵ وەهایە و چون هەردووکیان گوزارشت لەو شتانەی خۆیان دەکەن بەبێ ئەوەی رەچاوی عادەت یان یاسا یان هەر هێزێکی دیکە بکەن کە لە واقعی خۆیاندا رووبەڕوویان دەبێتەوە.

[٥٢]– أرنست جونز، معنى التحليل النفسى، ت : سمير عبدة، ب ط، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٨٠، ص٢٥

[٥٣]- د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤایەتی لەروانگەی جان جاك رۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٨٦

[٥٤]- عبدالرحمن محمد العيسوى، سيكولوجية الشخصية، ب ط، مطبعة عصام جابر، مصر، ٢٠٠٢، ص١٣٧

ئەگەر ئێمە ورد بینەوە لە (ئەو) لایەنێکی هەیە جەستەییە بەڵام لایەنێکی تری دەروونییە، ئەویش حەز و خولیاکانن کە هەر ئەم حەزانەیە وەك پاڵنەری سەرەکی کار لە جووڵەی جەستەی مرۆڤ دەکەن. لەپاڵ ئەوەدا کە (ئەو) وەك کۆگا وایە کۆمەڵێك غەریزە و رەمەکی جیاجیای لە خۆی گرتووە کەزۆر پێچەوانەی یەکتریشن بەڵام بەم جیاوازیەشیانەوە ناکەونە بەرامبەری و یەکتر سڕینەوە.

((دوو جۆر لەپاڵنەر هەیە لەم ناوچەیەدا، پاڵنەرێکیان ژیان دۆستییە وەك داهێنان و دروست کردن و خۆشەویستی لەگەڵ کۆمەڵێك حەزی تر کە ناونراوە بە لیبدۆ (libdo) کە رەهەندێك لە (ئەو) تایبەتە بە پەیوەندییەکان و چالاکی سێکسیەوە، بەڵام پاڵنەری دووەم مەرگ دۆستیە وەك شەڕانییەت و مردن و تێکدان و رووخان کە پێی دەوترێت مەرگ دۆستی یان غەریزەی مردن))[٥٥]

واتە (ئەو) لەگەڵ ئەوەی کە یەك بەشە لە دەروون، بەڵام لە ناوەوەی خۆیدا کۆئەندامێکە بۆخۆی کە پڕە لەشتی سەیر و سەمەرە و جیاواز و دژ بەیەك، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەم دژانە ناکەونە ناو شەڕەوە لەگەڵ یەکتردا، خۆ گەر وابوایە ئەوا مرۆڤ هەر خۆی بە خۆی دەبووە هۆی لەناو چوونی خۆی، بەڵام ئەم رەمەکانە لە واقیعدا خۆیان دادەڕێژن. ((لە ئەودا دژەکان و ناکۆکیەکان و ئەنتی تێزەکان لە تەك یەکتریەوە بەئاشتی و سازش بەردەوام دەبن بەبێ ئەوەی کە لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندی یان دژایەتی دروست بکەن))[٥٦]

بەڵام کێشە و ململانێی مرۆڤ یان خۆشەویستی کاتێك بەرهەم دێت لە واقیعدایە واتە کاتێك غەریزەی مەرگ دۆستی لەمرۆڤێکدا دەردەکەوێت لە واقیعدا لەگەڵ مرۆڤێکی تردا کە ئەویش لەو حاڵەدایە کە ئەم غەریزەیەی تیا دەرکەوتووە ئەوا ئەم دوو مرۆڤە دەکەونە ناو شەڕ و تێکدان و هەراوە، بۆ خۆشەویستیش بە هەمان شێوە کار دەکات یاخود جار هەیە خۆشەویستی لە مرۆڤێکدا دەردەکەوێت. بەڵام بەرامبەرەکەی جارێ هیچ حاڵێکی نییە، ئەم مرۆڤی یەکەمە وا دەکات ئەو غەریزەی خۆشەویستیە لەو بەرامبەرەیدا دەرکەوێت و هەردووکیان دەکەونە ناو فەزای خۆشەویستیەوە یان فەزای سێکس یان شەڕەوە. شتێکی ئاساییە کاتێك مرۆڤ بەهۆی (ئەو)وە هەوڵ بدات بۆ ئەوەی خۆشەویستی یاخود هەر کارێکی دیکە کە پێویستە ئەنجامی بدات. هەر وەك فرۆید دەڵێت :((کاتێ (ئەو) دەکۆشێت خواستێکی غەریزەیی خاوەن ئەدگارێکی ئیرۆسی یا سانتۆسی بەسەر مرۆڤدا فەرز بکا ئەوا سروشترین و ئاسانترین بەرتەکی (من – ئیگۆ) سەروەری هەردوو ئۆرگانی بیرکردنەوەو ماسولکە ئەوەیە بە کردارێك لە کردارەکان پێشوازی لەو خواستە بکا))[٥٧]

---

[٥٥] - نفس المصدر السابق، ص ١٣٧

[٥٦] - سیگمۆند فرۆید، پێنج وانە لە دەروون شیکاریدا، و: صباحی مەلا عەولا، ل١٦٢

[٥٧] - سیگمۆند فرۆید، موسا و یەکتا پەرستی، و: محمد جەواد مستەفا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٢٦– ١٢٧

هەموو هەوڵەكانی (ئەو) لەسەر بنەمای چێژ خۆی بینا دەكات واتە كاتێك مرۆڤ شەڕ دەكات، یان خۆشەویستی یان سێكس یان شتێك دروست دەكات، یان دەیڕوخێنێت هەمووی بۆ چێژە، فرۆید چێژ دەكاتە بنەمای جولانی (ئەو) لەمرۆڤدا. ((ئەو دادەنرێت بە كۆگا یەك لە توانای دەروونی كە لەسەر بنەمای چێژ رێدەكات))[٥٨](ئەو) لای فرۆید یەكەمین بەش و پلەی یەكەمی هەیە و دەكەوێتە پێش (من) و (منی باڵاوە) هەروەها زۆر ئاژەڵیانە هەڵسوكەوت دەكات و شارستانی نییە، بەڵكو نارێكە و بێ سەرو بەرەیە.

((زۆربەی بەشەكانی بە نێگەتیف ناو دەبرێ و لەگەڵ (من)دا لە دژایەتی دایە، (ئەو) سەرەتاییە، بەلا من شارستانییە و نارێك و پێكە و رێكخراوە بنەمای لەززەت دەچەسپێنێ))[٥٩]

هاتنە دەری (ئەو) بۆ ناو واقیع و جێ بەجێبوونی، مرۆڤ رزگار دەكات لە دڵەراوكێ و دوو دڵی، چونكە گەر بنۆڕین ئەم غەریزانە، خەیاڵ بۆ مرۆڤ دروست دەكەن و وادەكەن مرۆڤ ئارامی نەبێت هەر وەك چۆن غەریزەی سێكس، خەیاڵ دروست دەكات بۆ مرۆڤ و تا دامركانەوەی مرۆڤ نا ئارام دەكات.

(( مەبەست لە بنەمای چێژ ئەوەیە مرۆڤ رزگار بێت لەشڵەژان ئەگەر چی ئەمە یەكجاری نییە، بەلام بۆ ساتێك مرۆڤ ئارام دەكات))[٦٠]

## ٤- من Ego :

لەنێوان باسكەران و زانایانی دەروونناسیدا بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر (من) لەكاتێكدا هەمووشیان راستەوخۆ پشتیان بەستووە بە(فرۆید) بەلام جیاوازی راش هاتۆتە ئاراوە. بەشێك لە شارازایان پێناسەی دەكەن بە ((رەگەزی دووەم لە رەگەزەكانی كەسایەتی لای فرۆید خودی ناوەند (ego)یە كە لەسەر بنەمای راستی و لۆژیك عاقڵی هەنگاو دەهاوێت))[٦١]

واتە (من) راستەوخۆ لەدوای ئەو Id دێتە ئاراوە بەشێكە لە كەسایەتی مرۆڤەكە بۆ كاركردنی خۆی. یاخود لەمیانی كاری خۆیدا زۆر پێ دادەگرێت لەسەر لۆژیك و راستەقینە و عەقڵ، كە هەموویان وابەستەن بەدەرەوەی مرۆڤەوە واتە (لۆژیك، عەقڵ، راستی) ئەو شتانەن كە تێگەیشتنی گشتی لەسەری كۆكە، نەك ئەوەی لەفەلسەفەدا باسكراوە، چونكە (من) راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە (ئەو) و (منی باڵا)وە. كاتێك پەیوەندی هەیە بە ئەوەوە، كە جڵەوگیری دەكات بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی نەیەتە ناو واقیعەوە.

---

[٥٨] - د. صالح حسن احمد الداهری، د. وهیب مجید الكیسی، علم النفس العام، ص١٢٧

[٥٩] - ئیریك فرۆم، مرۆڤ لە نێوان رواڵەت و جەوهەردا، و: سابیر بەكر بۆتانی، چاپی دووەم، لەزنجیرە بڵاوكراوەكانی كتێبفرۆشی سۆران، ٢٠٠٤، ل١٧٠

[٦٠] - كالفن. س. هول، مبادیء علم النفس الفرویدی، ت: دحام الكیال، ط الثانیة، مكتبة النهضة، بغداد،١٩٧٣، ص٢٢

[٦١] - عبدالرحمن محمد العیسوی، سیكۆلوجیة الشخصیة، ص١٣٨

((زۆر جار تێر بوونە راستەوخۆکان دوادەخات کە لەلایەن رەمەکەکانەوە فشار دروست دەکەن، بۆ کاتێکی گونجاو و خوازراو لە کۆمەڵگەدا))[٦٢] بە مانایەکی دیکە (من) زۆر شارەزایە لە دۆزینەوەی زەمینەیەکی وا کاتێك مرۆڤ ویستی کارێك ئەنجام بدات. ئەوا (من) فۆرم و شێوازی گونجاوی بۆ دەدۆزێتەوە هەتا تووشی بەریەککەوتن نەیەت لەگەڵ عەقڵی کۆمەڵگادا.

((ئەرکی من بریتیە لە تاقیکردنەوەی واقیع یان فێرکردن بۆ ئەوەی لەنێوان خود و ژینگەدا جیاوازی بکات یان ناو بژی بکات لەنێوان داواکاریەکانی (منی باڵا) و (ئەو) و (جیهانی دەرەوەدا) ))[٦٣] ئەوەی جێگەی تێڕامانە (من) ناپرسێت لەچاکە و خراپەی ئەو کارەی مرۆڤ بەتەمایە ئەنجامی بدات، بەڵکو ئەو لەچاکە و خراپەی واقیعەکە دەکۆڵێتەوە، ئەوە نیشانی مرۆڤ دەدات تا چەند ئەم کردارە خوازراوە لە لایەن دەوروبەرەوە نەك تا چەند خوازراوە لە لایەن خودی مرۆڤ خۆیەوە. بەمەش (من) دێت فۆرمی گونجاو و کاتی گونجاو دەدۆزێتەوە تا مرۆڤ کارەکە بکات، چونکە ((من حوکم دەکات لەسەر (بنەمای واقیع) نەك (بنەمای چێژ) ))[٦٤]

کارکردنی (من) لە قۆناغی دووەمی ژیانی منداڵی دەست پێدەکات. واتە کاتێك مرۆڤ تەمەنی ٦ساڵی تێدەپەڕێنێت و لەوە بەدواوە دەست بە دەرکەوتن دەکات، چونکە منداڵ تا ئەو تەمەنە گرنگ ئەوەیە (ئەو) تێر بکات. بەڵام دوای ئەوە وردە وردە مرۆڤ شارەزای یاساکانی خێزان و کۆمەڵ دەبێت و هەروەها دەبێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو واقیعەدا بۆیە (من) دەست بە دەرکەوتن دەکات. کەواتە من ((لەقۆناغی دووەمی ژیانی منداڵ دەردەکەوێت و لەسەر بنەمای واقیع دەڕواتە رێوە))[٦٥]

(من) بەشێك لە کەسایەتی مرۆڤ پێك دەهێنێت، چونکە وەك گونجان (من) زۆر خەمی واقیع و کۆمەڵگایەتی. ئەمەش لەبەر ئەوە دەکات،چونکە دەترسێت لە خۆی یان لەو سزا و لۆمەیەی کە هەر کۆمەڵگایەك هەیەتی بۆ سەر تاکەکانی، بۆ ئەوەی تووشی ئەو سزایە نەبێت، یان ئەوەتا کارەکانی (ئەو) رادەگرێت و دەیخاتە کاتێکیتر یان ئەوەتا فۆرمی گونجاوی بۆ دەدۆزێتەوە، هەتا لەژێر ئەو فۆرمەدا کارەکەی خۆی ئەنجامبدات. تاکە ئاڵۆزییەك لێرەدا ئەوەیە بەشێك لە شارەزایانی دەروون کاتێك کەسایەتی دابەش دەکەن بۆ (من، ئەو، منی باڵا)[٦٦] بەڵام لە راستیدا لای فرۆید کارەکە بەم شێوەیە نییە، بەڵکو فرۆید (من، ئەو، منی باڵا) هەموو بە

---

[٦٢] - نفس المصدر السابق، نفس الصحیفه

[٦٣] - ئیریك فرۆم، مرۆڤ لەنێوان روالەت و جەوهەردا، و: سابیر بەکر بۆتانی، ل١٧١

[٦٤] - کالفن. س. هول، مبادیء علم النفس الفرویدی، ت: دحام الکیال، ص٢٩

[٦٥] - د. صالح حسن احمد الداهری، د. وهیب مجید الکبیسی، علم النفس العام، ص٧٥

[٦٦] - (د. کەریم شەریف قەرەچەتانی) و کۆمەڵێك لە مامۆستایانی عەرەب، کاتێك باسی کەسایەتی دەکەن دابەشی دەکەن بەسەر (من– منی باڵا– ئەو)لە کاتێکدا گەر جوان ورد بینەوە لای فرۆید. بۆمان دەردەکەوێت کە کەسایەتی بەشێکە لە (من) هەروەها (ئەو) نایەتە ناو کەسایەتیەوە، چونکە (ئەو) کۆگای غەریزەکانە کە زۆربەیان وەك توانا و بەشێکی نادیار هەن، هەرچی کەسایەتیشە بەشی دیاری مرۆڤە لەناو واقیعدا. بڕوانە : د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤایەتی لە روانگەی جان جاك رۆسۆ سیگمۆند فرۆیدەوە، ل٨٦

بەشێك لەدەروون دەزانێت نەك کەسایەتی. چونکە گەر ورد بیتەو سەبارەت بە (من) کەسایەتی بەشێکە لە (من) نەك (من) بەشێك بێت لە کەسایەتی مرۆڤ. بەڵکو بە پێچەوانەوە چونکە (کەسایەتی) بە تەنها ئەو بەشەی دەرەوەی (من)ە، کە ئاگادارە بە واقیيعەکان و بە سزاکان. (ئەو) لەگەڵ بەشێك لە (منی باڵا) ناچنە ناو کەسایەتیەوە، چونکە (ئەو) خۆی لەناو مرۆڤدایە و زیاتر غەریزەکانن کە نیازیان بەدەرکەوتن هەیە بەڵام (من) دەرکەوتووە و خودی کەسایەتیشە لە لایەکەوە، بۆیە بەردەوام چاو لە واقیع دەکات چی بکات و چی نەکات. لەلایەکی ترەوە ئیریك فرۆم دژی ئەوە دەوەستێەوە کە (من) کەسایەتی بێت و دەڵێت:

((گرنگ ئەوەیە (من) لەگەڵ چەمکی کەسێتیدا تێکەڵاو نەکرێت، چونکە (من) جەوهەری کەسایەتیە، هەروەها ئەوەش گرنگە لە (من) لە گەڵ چەمکی خوددا تێکەڵاو نەکرێت))[٦٧]

ئەریك فرۆم (من) جیا دەکاتەوە لە کەسایەتی و بە جەوهەرەکەی دەزانێت نەك خودی کەسایەتی. لەولاشەوە شارەزایانی کورد و عەرەب، بە بەشێك لە کەسایەتی دەزانن، بەڵام ئێمە لەگەڵ هیچ کام لەم رایانەدا نین، بەڵکو رامان وایە جاریَ کەسایەتی بەشێکە لە (من) نەك بە پێچەوانەوە، هەروەها (من) جیا ناکرێتەوە لە کەسایەتی کە فرۆم رایدەگەێنێت. لێرەدا ئێمە نموونەیەك وەردەگرین کە فرۆید بۆ راڤەکردنی (من) دەیهێنێتەوە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات. فرۆید دەڵێت :

((کەسێك لەپشت شووشەکانی دووکانی گەوهەر فرۆشێك دەوەستێ و سەیری ناوەوەی فرۆشگاکە دەکات و گەوهەرەکان لەپشت شووشەی دووکانەکەوە درەوشانەوەیەکی فریودەریان هەیە، ئەو کەسە دەست کورتە پێویستیەکی زۆری بە پارە هەیە ئەو فەرمان دەدات کە شوشەی دووکانەکە بپشکێنێ و گەوهەرەکان بدزرێ، بەڵام ئیگۆ لەبەرامبەر ئەم ئارەزووانەدا دەوەستێتەوە و نەهی دەکا کە ئەگەر ئەم کارە بکەین گرفتار دەبی و دەچیتە زیندانەوە، بەم جۆرە ئیگۆ پارێزگاری لە ئەو دەکات. ))[٦٨]

لەم نموونەیەدا فرۆید ئیگۆ روون دەکاتەوە کە لەبەر یاسایەك ئەو جڵەوگیردەکات واتە مرۆڤەکە لەبەر ترسی سزادان ناوێرێت کارەکە ئەنجام بدات، ئەوە بۆ یاسا بەڵام بۆ راگرتنی بەها کۆمەڵایەتیەکان مرۆڤەکە دیسان ئەم بەهایە وەك یاسایەك ئەو مرۆڤە سنور بەند دەکات. ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە مرۆڤ بەردەوام لە شکانی وێنەی خۆی ترساوە، چونکە کەسایەتی مرۆڤ ئەو وێنەیەیە کاتێك مرۆڤێك بۆی دروست دەبێت لەناو کۆمەڵگاکەیدا، ئەم وێنەیەش بەشێکی من دروستی دەکات و بەشێکی تریش دەوروبەرەکە دەیسەپێنێ، بەڵام (من)یش هەر بەپێی خواستی دەوروبەرەکە وێنەکە دروست دەکات. واتە (من) راستەوخۆ پەیوەندی گەورەی هەیە بە کەسایەتیەوە ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە (من) بەشێك نییە لە کەسایەتی بەڵکو کەسایەتی بەشێکە لە کارەکانی (من). فرۆید دەڵێت کابرا بۆ پارێزگاری ئەو کارە کە ئەنجام نادات،

---

[٦٧] - ئیریك فرۆم، مرۆڤ لە نێوان رواڵەت و جەوهەردا، و: سابیر بەکر بۆتانی، ١٧١

[٦٨] - سیگمۆند فرۆید، پێنج وانە لەدەروون شیکاریدا، و: صباحی مەلا عەولا، ل ١٧١– ١٧٢

بەلام خۆ گەر وردبینەوە لەبەر پاراستنی کەسایەتی کارەکە بە ئەنجام ناگەیەنێت پاراستنی کەسایەتیش پاراستنی داخوازی واقیعەکەیە لە بنەرەتا، جا ئەو واقیعە فەزایەکی یاسا ئامێز بێت یان فەزایەکی بەها ئامێز جیاوازی نییە.

دواتر فرۆید هەر خۆی دەڵێت :

((من هەڵدەستێت بە سەرپەرشتیکردنی جووڵەی ئیرادە، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیەی کە دروست بووە لە نێوان ئیدراکی هەستی و جوڵەی ماسولکەکان. من لێرەدا هەڵدەستێت بە پاراستنی خود))[٦٩]

ئەوا (من) لە نێوان ئەو هەستە و داخوازی واقیعەکە خودی مرۆڤەکە دەپارێزێت بەوەی نەڕوشێت. بۆ نموونە کاتێك مرۆڤێك دەکەوێتە ناو فەزای مردنی کەسێکەوە و لە پرسەکەیدا دادەنیشێت. مرۆڤەکە بەهۆی هەستکردنی بە فەزاکە خێرا (من) ئەو هەڵسوکەوتانە حازر دەکات بۆ کەسەکە کەئەنجامی بدات و ئەوانەش کە نابێت ئەنجامی بدات. (من) بۆ ئەوەی پارێزگاری لە کەسایەتی مرۆڤەکە بکات، گەر هاتوو مرۆڤەکە پێکەنینی هات ئەوا رایدەگرێت و ناهێڵێت. بەمەش (من) پارێزەری کەسایەتیە، نەك (ئەو) چونکە (ئەو) بۆ خۆی پارێزراوە. ئەوەندە هەیە تێر ناکرێت لەو زەمینەیەدا بەڵکولە زەمینەیەکی تر و لە فۆرمێکی رێپێدراودا داخوازییەکانی (ئەو) تێر دەکات و رێگە دەدات تا دەرکەون.

## ٥- منی باڵا Super Ego :-

لە باسی کەسایەتیدا ناتوانین باسی (منی باڵا) نەکەین، جیاوازی کەسایەتی لەوێدایە کاتێك بەشێکە لە (من) لەگەڵ کەسایەتی کە دەبێتە بەشێك لە (منی باڵا).لە (من ) دا کۆمەڵێك خەسڵەت و تەرزی خۆڕسکی مرۆڤەکە هەن بەشداری دەکەن لە دروستکردنی کەسایەتیدا.

بەلام لە منی باڵادا پەیوەستە بەدەرەوەی مرۆڤ و بە تایبەت بەو کۆمەڵگایەوە کە مرۆڤەکەی تیادا دەژیت. ((منی باڵا سروشتی باوك دەپارێزێ بەو رێژەیەی کە هێزی گرێی ئۆدیب هەیەتی))[٧٠]

بەو مانایەی منی باڵا، ئەو وێنە ئایدیاڵەیە کە مرۆڤ لە باوکەوە سەرسامی دەبێت و دەکەوێتە ناو خۆشەویستییەوە بۆ ئەو وێنەیە، بەلام ئەم پاراستن و سەرسام بوونە تا ئەو شوێنەی پڕ دەکات کە وەچەکان دەگەنە ئەو پلەیەی باوك. بەمەش وەچەکان دەبنە باوك و تووشی ئەو حاڵەتی پەشیمان بوونەوە دەبن کە بەرامبەر بە باوك کردوویانە. تاکە خاڵێك کە جێگای تێڕامانە ئەوەیە (منی باڵا) سەرەتا لە دەرەوە بۆ مرۆڤ دروست دەبێت واتە وێنەیەکە یاخود پلەیەکی باڵایە لەناو کۆمەڵگادا، دیارە وێنە ئایدیاڵییەکانی هەر کۆمەڵێگایەکیش جیاوازن لە یەکتری، هەر کۆمەڵگایە و خاوەنی کۆمەڵێك وێنەی ئایدیاڵی جیاوازە، کە

---

[٦٩]- سیجمند فروید، معالم التحلیل النفسانی، ت : د. محمد عثمان نجاتی، ص٤١

[٧٠]- سیگمۆند فرۆید، ئیگۆ و ئید، و: یوسف عوسمان حەمەد، ل٤٤

تاکەکانی لەسەر گۆش دەکەن و وادەکەن تاکەکانی بەرەو ئەو وێنەیە بڕۆن و بیپارێزن. بەم پاراستنە کەسەکە بەهۆی منی باڵایەوە. دەبێتە پارێزەری کەلتوور و ئاداب و هەموو ئەو سروت و ریورەسمانەی کە لە گۆمەڵگادا پلەی موقەدەسیان بۆ خۆیان داگیر کردووە. لە قۆناغێکی تردا ئەم منی باڵایە دێتەوە ناو مرۆڤ و وەك ویژدانێك کار لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکە دەکات ((منی باڵا لە سەرەتاکانی منداڵێتیەوە وەردەگیرێت، لەبەر ئەوە تارادەیەکی زۆر نا ئاگایانە و کاریگەرییەکی قوڵی دەبێت بە درێژایی ژیانی مرۆڤ هەرچەندە مرۆڤەکە بە تێپەر بوونی کات هەندێك گۆڕانکاری و جوانکاری و راستکردنەوەی تیا ئەنجام دەدات، بەڵام لەبنەرەتدا هەر ئەو منی باڵایەیە کە لە دایك و باوکەوە وەریگرتووە[٧١]))

بەڵام هەر ئەو وێنەیەیە کە لەدەرەوەی خۆی وەریگرتووە، منی باڵا بەرهەم و دەرکەوتەی ئەو پەروەردەیەیە کە مرۆڤەکەی لەسەر راهێنراوە، واتە کاتێك ئێمە باسی منی باڵا دەکەین. مەرج نییە هەرچی ئەو وەك هەڵسوکەوت ئەنجامی دەدات، یاخود دەیەوێت بیکات باش بێت یاخود خوازراو یان نەخوازراو بێت. واتە (منی باڵا) پەیوەندی نییە بە چاکی و خراپی هەلسوکەوتی مرۆڤەوە. چونکە وەك گوتمان منی باڵاکان جیاوازن و لە گەڵ جیاوازی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت بۆیە لەوانەیە لێرە وێنەیەك جێگەی ئەوە بێت ببێتە منی باڵا، لە کۆمەڵگایەکی تردا ببێتە مایەی سەر زەنشت و لۆمەکردن.

((منی باڵا بەرهەمی پەروەردەیە کە نوێنەرایەتی رێورەسم و داب و نەریتی کۆمەڵگا دەکات. لەگەڵ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەی خوازراون یا نەخوازراون))[٧٢] لەبەر ئەوەی منی باڵا زۆر وابەستەیە بە دایك و باوکەوە، واتە دایك و باوك بزوێنەر و جوڵێنەری کارەکەن و نازانین ئەو دایك و باوکە باشن یاخود خراپن، بەڵام ئەوەی وەك باو هەیە لەم مەیدانە زیاتر ئەو کارە باشانەن کە مایەی رازیبوونی کۆمەڵگان. ((ئەو ماوەیەی کە منداڵ بە سەریدەبات وەك منداڵێکی پێگەیشتوو پشت بە دایك و باوکی دەبەستێت. کاریگەری وا لەسەر منی منداڵەکە جێدەهێڵێت و دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دایك و بابەوە و ئەم هۆکارەش بەمنی باڵا ناو دەبرێت))[٧٣]

لەراستیدا، کاتێك گوتمان کەسایەتی جیاوازە کاتێك دەبێتە نمایندەی منی باڵا وەك لە من. لەوێوەبوو کە (من) و (ئەو) لەخۆ دەگرێت و ئەویش هەڵگری باری سروشتی و غەریزەی مرۆڤە وەك بۆ ماوەیی و خەسڵەتە تایبەتییەکانی مرۆڤ، بەڵام منی باڵا تەواو لەژێر کاریگەری دەرەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگاکەیەتی.

(( (ئەو) نوێنەرایەتی بۆ ماوە زانی دەکات، بەڵام منی باڵا لەرێگای خەڵکەوە دێتە ناو تاکەوە))[٧٤]

---

[٧١] - د. مصطفى فهمي، علم النفس الاكلينيكي، ب ط، مكتيبة، ١٩٦٧، ص١٢٦- ١٢٧

[٧٢] - محمد مصطفى الشعبيني، مقالات في علم النفس، ط الثانيية، مكتبة النهطة المصرية، ١٩٦٣، ص٢٨- ٢٩

[٧٣] - سيجمند فرؤيد، معالم التحليل النفساني، ت: د. محمد عثمان نجاتي، ص ٤٢

[٧٤] - نفس المصدر السابق،ص ٦٨

منی باڵا هەر بەوەندە ناوەستێ کە مرۆڤ والێبکات لاسایی بکاتەوە بەڵکو لەقۆناغی دووەمدا دەوری ویژدان وەردەگرێت و کاتێك دەچێتەوە ناو مرۆڤ دەست دەکات بە سنور دانان بۆ (ئەو)و هەروەها هێرش کردنە سەر (من) هەتا هەر واقیعانە مامەڵە نەکات، بەڵکو نوێنەرایەتی شتە باڵاکان و بەها موقەدەسەکانی ناو کۆمەڵگا بکات بەمەش مرۆڤ پایەی بەرزدەبێتەوە لە کەسێکی کۆمەڵایەتی سادەوە بۆ دەسەڵاتی کۆمەڵگاو وەك سەرچاوەی بەهاکانی کۆمەڵگا خۆی دەنوێنێ. ((ئاکاری راستەقینە کاتێك دەست پێ دەکات کە رەخنەی دەروونی ببێتەوە لە پێوانی داخوازکراو لەلایەن (منی باڵا) وە بەرجەستە بووبێت لە گەڵ تێگەیشتنی (من) لەتاوانی خۆی هاوکات بێت لەو ساتەوە سەختگری (منی باڵا) لە باتی دەرەوە لە دەروون دەکات و نەبوونی تەحەمولی تاك سەبارەت بە کەسانی دیکە کەم دەبێتەوە))[٧٥]

لەگەڵ ئەمانەشدا منی باڵا زۆر جار گوێناداتە واقیعەکە و بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت دەکات، کە زیاتر ئەمە بۆ ساتێکە کە مرۆڤ دەکاتە دەسەڵاتی باوك. ئەو کاتە ئەو دەچێتە سەروی یاساکان و خۆی ئازادە لەوەی چیدەکات و چی ناکات. بۆیە لەم بارەدا لە (ئەو) دەچێت ((منی باڵا وەك (ئەو) وایە چونکە مەنتیقی نییە و لەتەك (من) دا چوون یەکە چونکە ئەمیش هەوڵی زاڵ بوون و سەرکوت کردنی رەمەك و پاڵنەرە فسیۆلۆژییە ئاژەڵیەکان دەدات))[٧٦]

لەو بارانەشدا کە (منی باڵا) و (من) یەکسان دەبن، ئەو کاتە منی باڵا دەبێتە بەشێك لە (من) بەو شێوازەی کە (من) سوود لە واقیعەکە وەردەگرێت و هەوڵ دەدات خۆی یەکسان بکاتەوە بە منی باڵای ناو واقییعەکە. پاشان هاوسەنگی خۆی دەپارێزێت لەگەڵ (ئەو)دا. ئەوکاتە ئەو مرۆڤە جۆرێك لە گونجان و سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا ئەمەش ئەو کاتەیە کە (من) و (منی باڵا) دەکەونە ناو کردەی یەکنوێنییەوە کەواتە ((منی باڵا بەشێکی گرنگی منە)). [٧٧]

## ٦_خەون dream:

راڤەکردنی خەون لەنووسینەکانی فرۆیدا پانتاییەکی گەورەی گرتووە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بەهاو ئەرزشی خەون، چونکە خەونەکان ((تا ئەندازەیەکی زۆر ئارەزووەکان و ترسەکان و عەشقەکان و دوژمنایەتیەکانی ئێمە روون دەکاتەوە و قووڵترین و شاراوەترین ئیحساسی ئێمە ئاشکرا دەکات))[٧٨]

---

[٧٥] - أنا فرۆید، من و میکانیزمەکانی بەرگری، و: هەژار جوانرۆیی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤٠

[٧٦] - د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژی گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٣٠٨

[٧٧] - محمد محمود الجبوری، المداخل فی علم النفس، ب ط، مطبعة الموصل، وزارة التعلیم العالي والبحث العلمی جامعة صلاح الدین، اربیل،١٩٨٤، ص٤٠٣

[٧٨] - فرانگ. س. کاپریز، دەروونزانی و رەفتار بۆ بەرەو لوتکەی کامەرانی، و: سۆران خورماڵی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی،٢٠٠٥، ل ٤٨

به مانایەکی تر خەون پەیوەندییەکی گەورەی هەیە بەو پێکهاتە دەروونیانەی مرۆڤەوە، کە زۆر تایبەت و تاکە کەسین و مرۆڤ ناتوانێت بەراستەوخۆ گوزارشتیان لێبکات، بۆیە خەونەکان دەبنە رووتەختی دەرکەوتنی حەزە چەپێنراو و عەمبارکراوەکان. هەر ئەم خەسڵەتەشە وایکردووە زانایانی بواری دەروونزانی زۆر گرنگی بە خەون بدەن و هەروا بە سادەیی بە سەریدا تێنەپەڕن، چونکە خەون دەرخەری رووی راستەقینە و خەونە پەنهانەکانی مرۆڤە.

((یەکەمین کاری خەون ئەوەیە کە ئەو ئارەزووانەی پێی نەگەیشتووین بۆمان جێ بەجێ بکات))[٧٩]

واتە خەون هاوسەنگی مرۆڤ رادەگرێت بە جۆرێك گەر لە واقیعدا نەمانتوانی ئارەزووەکانمان جێ بەجێبکەین ئەوا خەونەکانمان هاوکاریمان دەکەن و ئەو ئارەزووە لە شێوەی رووداوێکی رەمزی ناو خەونەکان بەرجەستە دەکات و ئەو ئارەزووە ئەگەر چی بە خەیاڵیش بێ دێنێتەدی. لە پاڵ ئەمەشدا خەون وەزیفەی جیاجیاو کاری زۆری هەیە کە ئەنجامی دەدات، جا هەندێکیان وابەستەن بە لایەنی بایەلۆژییەوە، هەندێکیشیان وابەستەن بە خەیاڵ و خودی دەروونەوە. جا هەر بە پێی ئەم جوداییە خەونەکانیش دابەش دەبن و بەشێکیشیان سەر بەجەستەن و بەشێکی تریان سەر بەدەروونن.

((لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی خەون هاوکاریمان ئەکات بۆ دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی دەروون و نارەحەتیە جسمیەکان))[٨٠]

بەڵام تاکە ئەرکێك کە هاوبەشە لە نێوان خەونە جیاوازەکاندا، ئەوەیە خەون سەرچاوەی زانیارییە بۆ مرۆڤ و ئامێرێکی ئاگادارکەرەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت سودی لێوەربگرێت و زانیاری دەست بکەوێت لەسەر شڵەژانە دەروونی و جەستەییەکانی خۆی. تاکە خاڵێك باسیبکەین ئەوەیە ئایا خەون لە پەیوەندیدایە لەگەڵ نەست؟ ئایا خەون لەگەڵ (هەست)دا چ جۆرە مانایەك وەردەگرێت؟ ئایا خەون چۆن مامەڵە لەگەڵ (من) و (ئەو) و (منی باڵا)دا دەکات ؟ لە راستیدا خەون پەیوەندی بە هەموو بەشەکانی دەروونی مرۆڤەوە هەیەو هیچ بەشێکی دەروون نییە پەیوەندی بە خەونەوە نەکات، هەروەها جەستەش هەمان یاسا دەیگرێتەوە. تاکە خاڵێك کە سەنگ و بەهای خۆی هەبێت، ئەوەیە (من) لە خەودا تووشی کاڵبوونەوە و هەندێك جاریش کوژران دەبێت، چونکە وەك گونجان خەون هەیە مەیدانێکی ئازادە و (من)یش لەگەڵ کۆت و بەندا سەروکاری هەیە بۆیە (من) لە خەوەکاندا زۆر لاواز دەبێت لەبەرامبەر ئەمەدا (نەست)و (ئەو) و (منی باڵا) بەهێز دەبن و تا رادەی کامڵبوون دەتوانن وەك خۆیان لەخەونەکانمدا دەربکەون. ((دەتوانین لە گریمانەکانی فرۆیدەوە ئەوە وەدەست بخەین و بڵێین رێگرەکان لە کاتی خەودا کەمترین دەسەڵاتیان هەیە بە بەرامبەر بە کاتی ئاگایی، بۆیە بوارێکی باش هەیە بۆ دەرکەوتنی ئارەزووە چەپێنراوەکانی ناو نەست کە بەتەواوی دەربکەون لە

[٧٩]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠

[٨٠]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦

خەوەکاندا))[٨١]هەرچی پەیوەندی خەونە بە هەستەوە لێرەدا هاومانایيەك هەیە ڕوودەدات ئەویش یەکسان بوونەوەی خەون و هەستە، چونکە خەون بۆ خۆی جۆرێکە لە هەست کە نەستەکان بە دیار دەخات و لە پەنهانییەوە ئاشکرایان دەکات، بەڵام ئەم ئاشکرا بوونە مەرج نییە زۆر ڕۆشن و ئاشکرابێت، بەڵکو زۆر جار ئەم دەرکەوتنانە لێڵ و نا ڕوونن و خەون بە ڕەمز و ڕووداوی سەیر و سەمەرە گوزارشت لەو چەپێنراوانە دەکات. ((خەون گوزارشتە لە شتە زۆر تایبەتە چەپێنراوەکانی مرۆڤ، کە گوزارشتکردنێکی ڕوون نییە، بەڵکو گوزارشتێکی ڕەمزی یان قایل کەرە))[٨٢] خەونەکان خاوەنی ڕەمز و نیشانەی جودان بۆ دەربڕینی پێکهاتە دەروونییەکانی مرۆڤ، بۆیە لە پاڵ خەوندا زانستی لێکدانەوەی خەونیش هەیە، ئەگەر چی فرۆید زۆر کۆك نییە لەگەڵ ئەوەی خەونەکان زانیارییەکمان بدەنێ لەسەر ئایندە، بەڵام لایەنگرانی ئەو بۆچوونەش زۆرن لەمەیدانی دەروونناسیدا کە پێیان وایە خەون و ئایندە بە یەکترەوە گرێدراون، بەڵام تاکە خاڵێکی هاوبەش ئەوەیە خەون سەروکاری لەگەڵ جیهانی نادیار و شتە پەنهانەکاندا هەیە بۆیە گرنگی خۆی لە زۆربەی کایەکانی ژیاندا هەیە.

((لە ڕاستیدا دەروونی مرۆڤ ناتوانێت بە شێوەیەکی سروشتی پەی بە جیهانی نا دیار ببات، تەنها لەو کاتانە نەبێت کە خۆی ئازاد دەکات و بە شێوەیەکی ڕەها پەتی دەبێتەوە لە هەموو ئەو کۆت و پێکبەستانەی گرێی دەدەن ئەمەش لە حاڵەتی چوونەوە ناوخۆ و خەونەکاندا ڕوودەدات[٨٣]))

واتە خەون لەبەر ئەوەی کاتێك کار دەکات کە جەستەی مرۆڤ نووستووە، ئەو کاتە تا ڕادەیەك ئازاد دەبێت لە جەستە و ڕایەڵەکانی. بۆیە زۆر جار دەتوانێت لە خولگەی ئایندەدا بسوڕێتەوە. بەڵام فرۆید زۆر کەم لەگەڵ ئەم بارەدا یەکدێتەوە چونکە ئەو (خەون) بە ڕەنگدانەوەی ژیانی واقعی مرۆڤ دەزانێت و پێی وایە (خەون) دووبارە یادکردنەوەی یادەوەریە. ئێمە لەکۆتایی ڕێگادا دەگەینە ئەوەی هەموو پێکهاتەکانی ناو خەون تەفسیرن بۆ بیرکردنەوە ناوەکیەکان، زۆربەی بیرکردنەوە ناوەکیەکانیش دەرکەوتەی پێکهاتە دەرەکیی و دیارەکانن))[٨٤]

خەون وابەستەیە بەو خەیاڵات و بیرکردنەوانەوەی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات. ئەم خەیاڵات و بیرکردنەوانەش لە ئەنجامی بەریەککەوتنی مرۆڤ و واقعی ژیان دێنە ئاراوە. بۆیە فرۆید خەونەکان بە یادکردنەوەی ڕابردوو دەزانێت نەك پێشبینیکردنی داهاتوو، تەنانەت ئەو بڕوایانەش ڕەتدەکاتەوە کە پێیان وایە خەون لە خولگەی ئایندەدا دەسوڕێتەوە ئەم بۆچوونانەش بەڕای نا زانستی و میللی لێکدەداتەوە، چونکە خەون لەدیدی فرۆیدا شوێنی دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی دەروونی مرۆڤە و هەموو بەشە خەفەکراو و چەپێنراوەکانی دەروون شیانی ئەوەیان هەیە لەخەونەکاندا دەربکەون بە ئازادییەکی زیاتر لە بەرامبەر واقیعدا.لەم بارەیەوە فرۆید دەڵێت :

---

[٨١]- د. عبدالعزيز القوصي، أسس الصحة النفسية، ط الخامسة، مطبعة السعادة قاهرة، ١٩٧٥، ص١٢٣

[٨٢]- نفس المصدر السابق، ص١٢٤

[٨٣]- شيشرون، علم الغيب في العالم القديم، ت: د. توفيق الطويل، ب ط، السلسلة الفلسفية والاجتماعية، دار يوسف، بيروت، لبنان، ب س، ص١١٠

[٨٤]- سيغموند فرۆيد، الحلم وتأويله، ت: جورج طرابلسي، ط الثالثة، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٠، ص٣٢

((بیرۆکەیەکی باو هەیە دەڵێت خەون لە خولگەی ئایندەدا دەسوڕێتەوە و دەتوانێت بزانێت ئاینده چۆن دەبێت، ئەو بیرۆکەیە لە رابردووەوە وەك باوەڕێکی میللی هاتووە))[٨٥]

## ٧_گرێی ئۆدیب و دەسەڵاتی باوك :-

یەکێك لە حاڵەتە دەروونییەکانی مرۆڤ کە قوتابخانەی دەروونشیکاری رۆشنایی خستۆتە سەر و پێگەیەکی تایبەتی هەیە (گرێی ئۆدیبە)، کە بۆ یەکەمین جار فرۆید هەستی بەم حاڵەتە کرد لەناو مرۆڤدا و ئەوەی فرۆید وەك بیرێکی سەرەتا هەستی بەم دیاردەیە کرد ئەوە بوو لای خۆی ئەم حاڵەتەی مشت وماڵ دەکرد و دواتر بۆ دۆزینەوەی بەڵگە بۆ ئەم روانینەی خۆی هەستا لێکۆڵینەوەی لەسەر شانۆنامەی (شا ئۆدیب) ی (سۆفۆکلیس) و (هاملێت) ی شکسپیر ئەنجامدا. ئەمەش بە خاتری ساغکردنەوەی ئەو باوەڕەی خۆی بوو لەسەر دەروونی مرۆڤ نەك بە خاتری خودی شانۆنامەکان بووبێت، بەڵام فرۆید لە رێگەی ئەم شیکردنەوەوە دەیویست (گرێی ئۆدیب) کە تێکەڵە بەدوو ئارەزووی خەفەکراوی ناو مرۆڤ ئەویش (هێز ویستی) و (سێکس ویستی) بوون.

((لە راستیدا ئەم رووداوە (شا ئۆدیب) کە فرۆید بە کاریهێناوە بووە بنەما بۆ گریمانەکەی جا واقیعیەت و ناڕاستی ئەم رووداوە زۆر گرنگ نییە، بەڵکو کوشتنی باوك و داگیر کردنی دایك و شەڕانییەت و خەساندن و منی باڵا، هەموویان راستی تەواوەتی دەروون دەسەلمێنن))[٨٦]

(گرێی ئۆدیب)خۆی لەخۆیدا، ئاماژە و دۆزینەوەی حاڵەتێکی ناوەکی ناو مرۆڤە کە دەروونی مرۆڤ دوو ئارەزوو، دوو پاڵنەر هەیە دەیجولێنێت. ئەوانیش (هێز ویستی) کە حەزی مرۆڤە بۆ دەسەڵات و سەرداریێتی پاشان (سێکس ویستی)یە، ئەویش ئارەزووی سێکس و خۆ بەتاڵکردنەوەیە لە کەسانی بەرامبەردا. هەردووکیان حەزی دەسەڵاتە لە مرۆڤدا هەر وەك فرۆید باسیدەکات و دەڵێت :- ((زۆربەی بیانییەکان لەم رۆژەداو لە سەدەکانی رابردووشدا بە شێوەیەکی خراپ هەڵدەستن بە بەستنی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ دایکیاندا کە ئەم کارە هێرش دەباتە سەر مرۆڤ و لە خەوەکانیدا زۆر بەسەر سوڕماوی دەیبینێ، ئەمەش کلیلی تراژیدیای سۆفۆکلیسە))[٨٧]

ئەوەی لەم حیکایەتەوە بۆ ئێمە ئاشکرا دەبێت، شەڕی دەسەڵاتە لە نێوان نەوەکاندا کە چۆن نەوەی کۆن و نەوەی نوێ شەڕێکی دەروونی لە نێوانیاندا هەیە کە گوزەر دەکات بەناو دەروونیاندا ئەم شەڕەش لای فرۆید بە شەڕی نێوان (براکان و باوك) گوزارشتی لێکراوە، شەڕی براکان لەگەڵ باوك شەڕی ئەو جێگە واقیعیەی باوکە لە خێزاندا. واتە شەڕی نەوەی نوێ لەگەڵ نەوەی کۆندا شەڕی دەسەڵات و کورسیە، چونکە نەوەی

---

[٨٥]- سیگمۆند فرۆید، لێکدانەوەی خەونەکان، و: ئاوات ئەحمەد، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٨١

[٨٦]- أنزيلو شايسفة،الأوديب عقدة كلية، ت: وجيه اسعد، ب ط، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٦، ص ١٣- ١٤

[٨٧]- نفس المصدر السابق، ص ٤٥

نویٚ بەوەی هەڵگری نیاز و مەبەستێکی ترە و چاوی لە گەلێك لەو شتانەیە کە نەوەی کۆن یاخود دەسەڵات خاوەنییەتی بۆیە دەیەوێت بوونی باوك بسڕێتەوە وەك بوونێکی واقعی. واتە بیکوژێت بۆ ئەوەی خۆی ببێتە باوك و خاوەنداری هەموو ئەو شتانەی پێشتر باوك خاوەنی بووە.

((لێرەدا کوڕ کێشەی لە گەڵ باوکدا لەسەر ئارەزووەکان نییە، بەڵکو لەسەر واقیعیەتی بوونی دەسەڵاتی باوکە، دەسەڵاتی باوك کە دەسەڵاتێکی ناو جیهانی واقیعیە، کە خۆی وەك دەسەڵاتێکی راستەقینە دەنوێنیٚ، بەمەش دەسەڵاتی براکان لەناو جیهانی هەستیدا دەکات بە دەسەڵاتێکی وەهمی و ناراستەقینە))[88]

ئەم هێز ویستییەی براکان وادەکات کاتێك باوك دەکوژن، یاخود دەسەڵاتە پێشینەکە دەسڕنەوە خۆیان دەچنە سەر دەسەڵات و دەبنە خاوەنی هەموو ئەو دەسەڵاتە واقعی و رەمزیەی کە هەبووە. بەمەش ئەمان دەبنە باوك و هەمیشە ترسێك هەیە لەناویاندا ئەویش ترسی لەدەستدانی دەسەڵات و باوکایەتییە، بۆیە بە هەر نرخێك بێت هەوڵی پاراستنی دەدەن.

((کاتێك براکان لە دەرەوە لە رێگەی کوشتنی باوکەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی واقعی باوك دەهێنن، ئەم دەسەڵاتە بوونی واقعی خۆی لە دەست دەدات، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا دەبێتە خاوەنی بوونێکی سایکۆلۆجی و لە ناوەوە هەڵسوکەوتی براکان کۆنترۆڵ دەکات))[89]

لێرەدا حالەتێك هەیە ئەویش بیٚ هێزی و بیٚ دەسەڵاتی براکانە، واتە زۆر جار نەوەی نویٚ لاوازە و لە بەرامبەر ئەمەدا نەوەی کۆن خاوەن دەسەڵاتە و بە هێزە، ئیتر ئەم حاڵەتە کاردانەوەی دەروونی بەجێدەهێڵێت و براکان تووشی بەخۆدا چوونەوە دەبن، بەڵام لەو حاڵەتەدا کە براکان دەبنەوە باوك و لەبەر ئەوەی براکان عاشقە دەسەڵاتن، بۆیە بەم هێزویستیەی خۆیان رێگە خۆش دەکەن بۆ دووبارە لە دایك بوونەوەی باوك، بەڵام نەك بوونی واقعی باوك، بەڵکو ئەو سیستەم و بیرکردنەوەیەی کە باوك بە کاری دەهێنا بۆ سەر کوتکردنی براکان، براکانیش بە پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە بەردەوامی بە دەسەڵاتی رەمزی باوك دەدەن و بەمەش باوکێك هەیە هەمیشە نامرێت و نەوە دوای نەوە خۆی حازر دەکاتەوە، نەك هەر ئەمە بەڵکو باوك بەوەی دەبێتەوە بە سیستەم، سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوانتر دەکات، چونکە لە قۆناغی یەکەمدا سنووری دەسەڵاتی بەندە بەهەستەکانییەوە، بەڵام کاتێك باوك دەبێتە تارمایی ئەو کاتە دەبێتە هێز و وەك ماتەوزەیەك جەستەی براکان ئاراستە دەکات. واتە هەمیشە لەگەڵ براکاندا دەژیت و ئاگادارە لە ئاکار و بیرکردنەوەیان و ئاراستەیان دەکات و فەرمان دەکات بەسەریاندا. ((باوك پێش کوشتنی سنووری چاودێری کردنی لە چوار چێوەی واقیعە فیزیکیەکەی خۆی تێنەدەپەڕی))[90]

---

[88] - د. عرفان مستەفا، بوونی مرۆڤ و دەرکەوتەکانی، چا یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٣٢٣

[89] - سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٦

[90] - سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٤

بەڵام بەکوشتنی باوك، باوك وەك تارماییەك تەواوی بیرکردنەوە و ژیانی براکان داگیردەکات، هەروەك دووبارە بوونەوەی ئەخلاقیاتی کۆمەڵگای کوردی و بوونە باوکی نەوەکان کاتێك دەبنە باوك، هەمان ئەخلاقیات و پەیڕەو بەکاردەهێنێت ئەمە لەسەر ئاستی خێزان و تاك، لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و دەسەڵاتیش، نموونەمان زۆرە وەك دەسەڵاتی ئێران، کە چۆن خەڵك هەمیشە لەناو کۆمەڵێك قەدەغەکراودان جاجیاوازی نییە ئەو قەدەغەکراوانە قەدەغەکراوی زەمانی شا بن یاخود هی زەمانی خومەینی، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەمیشە باوکێك هەیە بەویستی خۆی شتەکان رێك دەخات و نەوەیەکیش هەیە ویستی هەیە، بۆیە هەمیشە شەڕێکی شاراوە لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا هەیە، کە فرۆید بە(گرێی ئۆدیب) ناوزەندی کردووە. گرنگی حیکایەتی (ئۆدیب و هاملێت)یش بۆ فرۆید و بۆ ئێمەش بۆ تێگەیشتنە لەو شەڕە پەنهانەی هێزویستی و سێکس ویستی بە مرۆڤی ئەنجام دەدات.

## ٨_تابۆ:-

فرۆید لەباسی تابۆدا دەنووسێت ((لە روانگەی ئێمەوە تابۆ نیشاندەری دوو واتای ناکۆکە، لەلایەکەوە بە واتای پیرۆز و بەخت کردنە و لە لایەکی دیکەوە واتایەکی مەترسیدار، ترسناك، یاساخ، گڵاو و پڕ رەمز و ڕازی هەیە))[٩١]

فرۆید بۆ باسکردنی (تابۆ) سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایترین کۆمەڵی مرۆڤ کە بە (تەوتەم) ناویاندەبات، کە دەکاتە (کڵانەکان) ئەمانە لە خێزان گەورەتر و لە هۆز بچوکترن. ئەم تەوتەمانە سەرەتاییترین کۆمەڵی مرۆڤ بوون و خاوەنی کۆمەڵێك تابۆی هەمیشەیی و کاتی بوون، کە بریتیبوون لە کۆمەڵێك حەرام کە ئەندامانی ئەو تەوتەمە نە دەبایە ئەم حەرامانە (تابۆیانە) سنورشکێن بکەن و بیخەنە لاوە. ((لەوانەیە تابۆ هەمیشەیی یان کاتی بێت، پاپا، سەرۆك و مردووەکان ئەوەی کەپەیوەست بێت بەوانەوە بەشێکن لەگروپی تابۆ هەمیشەییەکان))[٩٢]

ئەم تابۆیانە کۆنترین یاسا و قەدەغەکراوەکانی مرۆڤن لە سەرەتاکانی ژیانیاندا و تێکەڵ بەئەفسانە و تەنانەت ئایین بوون، کەمرۆڤ دەبێت لە ئاستیاندا بسەڵەمێتەوە، چونکە هەروەك فرۆید باسیدەکات لەلایەك پیرۆزن و دەبێت مرۆڤ رەچاوی پیرۆزیان بکات. لەلایەکی ترەوە خاوەنی پاداشت و سزان. گەر مرۆڤ ئاگاداری نەبێت ئەوا تووشی سزای سەخت دەبێت و گەر قوربانیشی بۆدا ئەوا پاداشت وەردەگرێت.

((کەواتە نەژادە سەرەتاییە ناوبراوەکان خۆیان یەخسیری کۆمەڵێك یاساخکاری کردووە، کە لەئاست هاتنە خوارەوەی سنوورەکانی بێ ئاگان و تەنانەت ئەوەش نایەتە یادیان کە بەدوایدا بڕۆن روونی بکەنەوە، بە

٩١– سیگمۆند فرۆید، تەوتەم و تابۆ، و: رەزامەنوچهری، ل ٥٧

٩٢– سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣

پێچەوانەوە وەك فەرمانێکی سروشتی لە بەرامبەریدا چۆك دادەدەن و لەوە دڵنیان کە سەرکێشی کردن لەڕێ و رەسمەکەیان خۆ بەخۆ دەبێتە هۆی هاتنە خوارەوەی دژوارترین بەڵاو سزادان بە سەریاندا))[٩٣]

ئەمەی فرۆید ئەنجامی دەدات هەر بۆ تێگەیشتن نییە لە هۆز و کڵانە سەرەتاییەکان، بەڵکو دۆزینەوەی ئەو رەگە قووڵەی ناو دەروونی مرۆڤە، کە مرۆڤ لە رووی دەروونییەوە هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە چ لە کۆن و چ لە نوێدا. واتە فرۆید دەیەوێت رەوشی ئێستای مرۆڤ تاوتوێ بکات، هەروەها تێگەیشتن لە راستی تابۆ، کە لە هەموو سەردەم و چاخەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام بە پێی شوێن و ناوچە و سەردەمەکان گۆڕانی بە سەرداهاتووە. ئەم تابۆیانەش ریشەکەیان دیارنییە و خاوەنی دەسەڵات و هێزیشە بۆ سزادانی مرۆڤ. لەراستیدا کۆمەڵگاکانی ئێستا خاوەنی تابۆی جیاجیا و سەربەخۆن، هەر کۆمەڵگایەك لەناوخۆیدا کۆمەڵێك تابۆی هەیە کە لەڕێگەی کەلتوور و داب و نەریتەوە پەخشی دەکات بۆ سەر تاکەکانی خۆی. ئەوەی وەك تابۆ هەیە هەموو یەك شتە، کە بوونی کۆمەڵێك حەرام و قەدەغەکراوە. بەڵام ئەمڕۆ فۆرمی ئەو تابۆیە و سزا و پاداشتەکەی گۆڕاوە. ئەگەر لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا پاراستنی تابۆیەکان، بەدەست هێنانی دڵی گەورەکانی ئەو تەوتەمە بووبێت، ئەوا لە ئێستادا پەیڕەو کردنی داب و نەریتەکان و دەرچوون و دەرنەچوون لە تابۆکانی کۆمەڵگا بەدەست هێنانی دڵی کۆمەڵگایە. خۆ ئەگەر لە کۆندا شکاندنی تابۆ مایەی بەدبەختی و هێنانی نەخۆشی بێت بۆ کەسی تابۆشکێن، ئەوا لە ئێستادا کەسەکە کۆمەڵگا سزای دەدات، بە پێنەدانی (ماناو) پێگەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت وەزیفیش. واتە لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا فێڵێك هەیە ئەنجام دراوە. ئەویش ترسانی کەسەکە بووە لە تابۆکان، کە دەبێتە هۆی مردنی یان نەخۆش کەوتنی. ئەمەش هەمووی بەخاتری پاراستنی ئەو پەرژەوەندییە بووە کە ئەو تەوتەمەی بە یەکەوە بەستۆتەوە. هەر بۆیە گەر یەکێك بهاتایە تابۆی شکاندبا ئەوا دەیانکردە تابۆ چونکە ((ئەو کەسەی دەست دەداتە کردارێکی یاساخکراو خۆیشی یاساخ دەکرێت و دەبێتە تابۆ، چونکە دەبێتە خاوەنی ئەو هێزە ترسناکە))[٩٤] بۆ ئەوەی ئەم رێگەیە لەکەسانی تر واڵا نەبێت و سیحری ئەو تابۆیە بەتاڵ نەبێتەوە، ئەوا کەسی تابۆ شکێنیان دەکردە خودی تابۆ و بەمەش ئەویش پلەی پیرۆزی یان گڵاوی وەردەگرت. خۆ ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیری کۆمەڵگاکانی ئێستا بکەین، سەیر دەکەین هەمان یاری بەردەوامی بەخۆی دەدات. ئەگەر یەکێك لە ئاستی سەرۆکەکان یان پاپاکان یان پیاوە ئاینییەکان، گەر تابۆکانیان شکێنرا ئەوا توندترین سزای دەدەن. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە ئەو بنەما ئاینییە یان کۆمەڵایەتیە بپارێزێت کە لە دەرەوەڕا وا دیارە، بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی نوێنەرانی ئەو بنەمایەن چونکە ژیان و گوزەرانیان پەیوەستە بەو تابۆیەوە. بەڵام ئەگەر بۆیان سزا نەدرا ئەوا پیرۆزی دەکەن و باوەشی بۆ دەکەنەوە، ئەویش بۆ رامکردنی ئەو هێزە تابۆشکێنەیە لەناو ئەو کەسەدا هەتا زیاتر هەنگاو نەنێت و ئەو سنوورە بپارێزێت. وەك مامەڵەی (جەنگیز خان) لەگەڵ کەسە ئازاکاندا، کە سزای

---

[٩٣] - سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤

[٩٤] - سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦

نەداون، بەڵکو پاداشتی کردوون ئەگەرچی دوژمنیشی بوون، بەم ڕێز بۆدانانە جەنگیزخان تابۆکانی خۆی پاراستووە. هەتا سیحری خۆی بەتاڵ نەبێتەوە، هەر وەك ڕۆژگاری ئەمڕۆ کەسە زۆر یاخی و توندەکان، باشترین جێگا و خەڵات وەردەگرن لە لایەن دەسەڵاتەکانەوە، ئەمەش دەسەڵات کە ئەنجامی دەدات هەمووی بۆ پاراستنی هەیمەنەو ئەو تابۆ و یاسایانەی خۆیەتی، نەك بۆ خزمەتی ڕەوشەکەبێت. بە واتایەکی تر بوونی تابۆکان پەیوەندی نییە بە کۆنی و تازەیی کۆمەڵگاکانەوە، تەنانەت کۆمەڵگای شارستانی زۆر جار خاوەنی تابۆی زیاترە وەك لە کلانە سەرەتاییەکان.

((شتێکی بەڵگە نەویستە کە شارستانی لای خۆیەوە تەنها بۆ بەرینکردنەوەی بازنەی کەلتوری تێناکۆشێت، بەڵکو بەهەمان رادەش تێدەکۆشێت بۆ تەسکردنەوەی ژیانی سێکسی هەر لە قۆناغی یەکەمیەوە، قۆناغی تەوتەمێتی))[٩٥]

واتە بوونی تابۆ لە کۆمەڵگادا شتێکی یەکلاکەرەوەیە و تەنانەت تابۆ بەشداری دەکات لە دروست کردنی کەلتوور و نەریت و یاسا فەرمییەکانی وڵاتیشدا، ئیتر مەرج نییە ئەم تابۆیانە مرۆڤ هەروا بە ئاسانی ملیان بۆ بدات، بۆیە هەمیشە هەوڵ هەیە لەناو مرۆڤدا بۆ شکاندنی تابۆ. جا زۆر جار ئەم هەوڵە بۆ خۆ بە تابۆکردنە، واتە کەسەکە دەیەوێت خۆی بکاتە تابۆ، تا ببێتە سەرچاوەی قەدەغەکراو و یاساکان و بەمەش خۆی ئازاد بکات لە یاساو لە خودی تابۆ. زۆر جاریش ئەم هەوڵی شکاندنە بۆ دەرباز بوونە لە قەڵەمڕەوی تابۆ و دەسەڵاتە بەهێزەکەی، بە تایبەت کاتێك تابۆ هێزی خۆی لە نەریتدا دادەگرێ و لەو کەناڵەوە ژیانی خۆی درێژ دەکاتەوە، جا مەرجیش نییە هەوڵی تابۆ شکاندن لە مرۆڤدا هەمووکات سەر بگرێت.

## ٩_ تابۆی سەرۆك :-

یەکێك لەتابۆ سەرەکیdەکانی ناو تیۆرەکانی فرۆید دەربارەی تابۆ، تابۆی سەرۆکەکان و گەورەکان و هەموو ئەو کەسانەیە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەسەڵاتی سەرۆکیان هەیە. جا ئەم دەسەڵاتە گەورە بێت یان بچووك کێشە نییە بۆ ڕوونکردنەوەو ساغکردنەوەی ئەم بنەما دەروونییەشی جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ کلانە سەرەتایی و تەوتەمەکان. هەتا بەرچاو ڕوونی و ئەو حاڵەتە لێکچوونانەی بدۆزێتەوە کە هاوبەشە لەنێوان مرۆڤە جیاوازەکان و هۆز و نەتەوە جیاوازەکاندا. یەکێك لە بنەماکانی دروست بوونی هۆز یان کۆمەڵگا بوونی ئەو کۆمەڵە تابۆیەیە کە هەیە لەناویدا. واتا تابۆ کە وەك سیستەم و بنەمایەك لەلایەك هۆی پێکەوە کۆبوونەوەی خەڵك و لە لایەکی تریشەوە هۆی نەپچڕان و مانەوەی ئەو گردبونەوەیەیە. سەرۆك ئەو مرۆڤەیە توانای پاراستنی ئەو تابۆیانەی هەیە بەرامبەر بەخەڵك. چونکە خەڵك لەگەڵ سەرۆکەکانیاندا لەگرێبەستێکی نەنووسراوی ژێرەوانکێدان، کە سەرۆك پارێزگاری لەڕۆحی کۆمەڵگا بکات بۆ هەڵنەوەشاندنەوەی کە ئەویش

---

[٩٥] - سیگمۆند فرۆید، شارستانییەتی و نیگەرانییەکانی، و: ئاوات ئەحمەد، چ یەکەم، ب چا، ٢٠٠٥، ل٧٣

تابۆ جیاوازەکانە لەبەرامبەر ئەمەدا خەڵکیش سەرۆك وەك تابۆیەکی ئازاد قبوڵ بکەن کە هەموو هەڵسوکەوت و لێدەرچوونێك کە لەوەوە دەردەچێت، هەموو ئەمانە بە هاو نرخی تابۆێتی وەربگرێت. ((ڕێبازی گەلە سەرەتاییەکان سەبارەت بە سەرۆکەکان و پادشاکان و پاپاکان (پیاوانی گەورەی ئاینی) لەسەر دوو بنەمای سەرەکی چەق داکوتاو کە تەواوکەری یەکترن دەبێت خۆی لە هەمبەر ئەوانەدا کە تابۆن بپارێزێت و هەم دەبێت خۆی پارێزگاریان لێبکات))[٩٦]

واتە لەلایەك سەرۆکەکان گرەنتی پاراستنی هەیمەنەی پاراستنی کۆمەڵگان، چونکە گەر هات و یەکێك لە تاکەکانی گۆمەڵگا چووە ئەودیو سنووری تابۆکانەوە. ئەوا سەرۆك ئەم دەسەڵاتەی بە کار دەهێنێت بۆ سزادانی ئەو کەسەی لە تابۆ دەرچووە، ئەمە بۆ کۆمەڵگاکانی ئێستامان چونکە لەکۆندا هێزی سەرۆك بۆ سزادانی کەسی یاخی ئەوەندەی هێزێکی دەروونی ( تارمایی ) بووە ئەوەندە سزای فیزیکی نەبووە، هەروەها لەکۆندا گەر یەکێك دەستی ببردایە بۆ شکانی تابۆیەك، یاخود بۆ شکانی تابۆکانی سەرۆك ئەوا ڕووبەڕووی نەخۆشی یان مردن دەبۆوە. واتە سزاکانی کۆمەڵگا و سەرۆك، سزای دەروونی و تارمایی ئامێز بوون، نەك سزای فیزیکی و واقعی وەك ئەو نموونانەی فرۆید لە کۆندا باسیدەکەن دەربارەی گەلە سەرەتاییەکان.

((ڕۆژێکیان چەخماخی سەرۆکێکی مائوری بووە هۆی مردنی چەندەها کەس. سەرۆك چەخماخێکی ون کردبوو هەندێك دۆزیبوویانەوە پاشان بۆ داگیرساندنی پایبەکانیان بەکاریان هێنابوو کاتێك زانیان چەخماخەکە هی کێ بووە هەموویان لەترسان خۆیان دۆڕاند))[٩٧]

ئەم بە پیرۆز ڕاگرتن و تابۆ زانینەی سەرۆکەکان هەمووی بۆ پاراستنی تابۆکان بووە هەتا سەرۆك بەو دەسەڵاتە سیحر ئامێزەی بتوانێت کەسی یاخی سزا بدات و مایەی ترس و پاداشت بێت، بەڵام بۆ ئەمڕۆ سزاو پاداشتەکان هەمووی زیاتر فیزیکین بۆ نموونە گەر کوڕێك بووە مایەی شکاندنی ئەو تابۆیانەی بۆ باوك دانراون لەناوکۆمەڵگادا. ئەوا سەرۆك لەو بارەدا کە باوکەکە دەسەڵاتی نییە، خۆی دەکاتە باوکێکی بەهێز و لەڕێگەی یاساوە کورەکە سزا دەدات. بەمەش پارێزگاری لە تابۆکانی باوك دەکات بۆیە کۆمەڵگاکان هەمیشە پێویستیان بە بوونی سەرۆك هەیە، هەتا بتوانێت بەرژەوەندیەکانی خۆی پێ بپارێزێت.

هەموو لە سزادانی ( ئەو) ی ئەو کوڕە یاخییە و پاراستنی تابۆکان دەبنە یەکدەنگ و هەموو تێکڕا کۆکن لەسەر ئەو سزادانە. ئەوەش نیشاندەری ئەو گرێبەستە نەنووسراوەیە، کە لەنێوان کەلتوور و ئاین و سیاسەت و... تاد. هەموو ڕەهەند و کایەکانی کۆمەڵگایەکدا بوونیان هەیە. خۆ ئەگەر هات و سەرۆك نەیتوانی پابەندبێت بەم گرێبەستەوە جا هی هەر کایەك بێت، ئەوا دەم و دەست پێگەکەی لەسەرۆك و گەورەو پیرۆزەوە دەگۆڕێت بۆ دوژمن و گڵاو و مایەی بەدبەختی و ڕەش بەختی کۆمەڵگا چونکە ((ژیانی تا ئەو کاتە

[٩٦] - سیگموند فرۆید، تەوتەم و تابۆ، و: ڕەزامەنوچهری، ل ١٠٥

[٩٧] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨

به هاداره كه بتوانێت ئەو ئەركانە راپەڕێنێت كە لە ئاست پۆستەكەيدايە، جوڵەو ڕووداوە سروشتييەكان لەبەر بەرژەوەندی گەلەكەيدا رێكبخات))[98] بەڵام ئەگەر ئەمەی رانەپەڕاند ئەوا ((ئەو كەسەی ئەمرۆ وەك خوا دەیپەرستن لەوانەیە بەیانی وەك تاوانبارێكی بكوژ بكوژرێتەوە))[99]

بۆیە زۆر جار ئەندامانی خێڵەكان خۆیان دەدزیەوە لەوەی بیكەنە سەرۆك، چونكە سەرۆك بەرپرس بوو لەهەموو كارەساتێك كە روویدەدا. ((وەرگرتنی پۆستی پاشایەتی ئەوەندە توندە كە هەندێك لەخێڵەكان ناچاربوون لە ئەنجامدا ئەم پۆستە بسپێرنە بیانییەكان))[100]تەنانەت زۆر جار خێڵەكان كەسانێكیان دەكردە سەرۆك كە رقیان لێبوو هەتا سزای بدەن بەو دەسەڵات و پێگەیە كەدەیدەنێ.

((كەواتە لەم سۆنگەیەوە ئاساییە كەسایەتییە گرنگەكانی خێڵ كەسێك بۆ پاشایەتی هەڵبژێرن كە رقیان لێی بێت))[101]چونكە خەڵك لە بنەمادا پێویستی بە كەسایەتییەك هەیە، یاخود شتێك هەیە كە هەموو گوناهو هەڵە و رووخانەكانی خۆی بخاتە ئەستۆی، ئەمەش خراپترین خەسڵەتی دەروونی كۆمەڵگاكانە كە قەد سەیری خۆیان ناكەنەوە كە هەڵەن، بەڵكو هەمیشە خەتاكان دەخەنە پاڵ كەسی تر. تەنانەت لەناو تاكەكانیشدا ئەم خۆ دزینەوە بەر چاو دەكەوێت كە كەس دان بەتاوان و هەڵەی خۆیدا نانێت، بەڵكو هەموو خەڵك وا راهاتووە خۆی بدزێتەوە لە هەڵەكانی خۆی، بۆیە سەرۆك ئەو كەسەیە یاخود (دەسەڵات) ئەو بیانووە باشەیە كە كۆمەڵگاكان رقی خۆیانی تیا بەتاڵ بكەنەوە. ئەم یاریەش یاریەكی نهێنی و پەنهانە لەنێوان خەڵك و سەرۆكدا سەرۆك لەبەر لەزەتی دەسەڵات سەرخۆش دەبێت و ئاگای لە رقی خەڵك نامێنێ تا ئەو رادەیەی سەرۆك دەبێتە دكتاتۆر و خۆی دەپارێزێت لە رقی خەڵك لە رێگەی هێز و دەسەڵات و دەزگا سیخوڕیەكانییەوە. نموونە (سەدام حسین) باشترین نموونەی دەركەوتنی ئەم تیۆرەیە لە واقعدا كە (سەدام) لەو هێزە گەورە و زەبەلاحەوە لە كاتی رووخانیدا كەوتە بەر رقی خەڵك كە هەتا دوێنێ مایەی رزگاری و خۆشبەختی خەڵك بوو گوڵباران دەكرا، بەڵام لە شەو و رۆژێكدا بووە مایەی بەدبەختی و بە نەعل وێنەكانیان دادەپلۆسی. بۆیە بوونی سەرۆك لەدنیای ئەمرۆدا بوونێكی دەروونی و هۆكارێكە بۆ بەتاڵ بوونەوەی رقی خەڵك، لە بەرامبەر ئەمەشدا بوونی خەڵك بۆ سەرۆك كایەكە بۆ جێ بەجێبوونی حەزی گەورەی و گەیشتنە دەسەڵات لە دەروونی سەرۆكدا. سەرۆكەكان ماددەی دەستی خەڵك و خەڵكیش ماددەی بەردەستی سەرۆكن جا گرنگ نییە سەرۆك كێیە و خەڵكەكەش چ جۆرە خەڵكێكن، ئەمانە پێویستیەكی دەروونین بۆ یەكتر دیارە بۆ ئەو كەسانەی باوەڕیان بەم یارییە هەیەو نایەنەوێت باجی هەڵەكانی خۆیان بدەن و بەشوێن تاوانباردا دەگەرێن لە كاتێكدا جگە لە خۆیان كەسی تر نییە.

---

[98] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠

[99] - سەرچاوەی پێشوو، ل١١١

[100] - سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧

[101] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢

## ١٠_ عەشق :-

عەشق یەکێکە لە حالەتە دەروونییەکانی مرۆڤ. [١٠٢] کە ئەویش پرۆسەی بە یەکەوە گرێدانی دووکەسی جیا رەگەزە، کە یەك بۆ یەکیان وەك بابەت دەردەکەوێت. ئەم حاڵە دەروونییەش بەدەر نییە لە هەردوو هێزی (ئیرۆس)[١٠٣] و هێزی (لیبدۆ)[١٠٤]. کە هەردووکیان چ چێژ و چ لایەنی سۆز و سێکسی مرۆڤ تێکەڵ بەیەك دەبن بۆ گەیشتن بە یەکتر. مرۆڤ هەر لەسەردەمی منداڵییەوە بە پێی قۆناغەکان رووبەڕووی (بابەت) و واقیع دەبێتەوە بەڵام هێشتا کە زۆر منداڵە بەربەستەکان زۆر کاریگەرنین لەسەری ((بەم شێوەیە بۆ یەکەمینجار من خۆی دەبینێتەوە بەرەو رووی (بابەت) ێك بۆتەوە بە گوزارشتێکی تر بەرەو رووی شتێك بۆتەوە کە لە دەرەوەدا جێگەی گرتووە و هیچ رێگایەکیش نییە بۆ ئەوەی ناچار بکرێت دەربکەوێت))[١٠٥]چونکە کۆمەڵگا لەبەرامبەر منداڵاندا گومانەکانی خۆی ناخاتە کار و هێشتا زۆر ورد نییە لە چاودێریکردنی چونکی باش دەزانێت منداڵ هێشتا عەینەی خۆیەتی و لەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە، بەڵام دواتر ((ئەم منە چێژگەرا سەرەتاییە ناتوانێت سنورەکانی خۆی لەو راستکردنەوە و گۆڕانکاریانە بە دوور بگرێت کە ئەزموون بەسەریدا دەیانسەپێنێت[١٠٦]))

دواتر ئەزموون و واقیع چاودێریکردنی لەسەر توند دەکەون و رووبەڕووی یاساکانی خۆیانی دەکەنەوە. لە راستیدا مەعشوق لەبەرامبەر عاشقدا یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستە بۆ عاشق، ئەمیش بۆ دامرکانەوەی غەریزەی ئیرۆس و لیبدۆ بەیەکەوە.هەروەها بۆ بەموڵککردنی مەعشوق، چونکە مەعشوق ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت هەتا نەکرێتە موڵك. لێرەوە عەشق لەوەدا کورتدەکاتەوە کە هونەری داگیرکردن و بەموڵککردنە.

((مرۆڤ ئەو بوونەوەرە باشە لێبوردەنییە کە هەندێك دەڵێن تەنها ئەو کاتە داکۆکی لە خۆی دەکات کە هێرشی کرایە سەر، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوونەوەرێکی دراوە رەمەکییەکانی برێکی گاڵتە پێنەکراو شەڕانگێزییان تێدایە، بۆیە ناسیاو بە نیسبەتی ئەوەوە نەك تەنها یاریدەدەر و بابەتی سێکسیە، بەڵکو بابەتی فریودان و لە

---

[١٠٢] - راڤە کردنی عەشق لێرەدا راڤە کردنێکی سایکۆلۆژییە، کە رەگە سەرەتاییەکانی لای فرۆیدە ئەم عەشقە سایکۆلۆژییە شەڕی کوشتنی عاشق و مەعشوقەکانە بە دەستی یەکتری و زۆر جیاوازە لە عەشقی رۆحی و سۆفێتی و... تاد. ئەمەش پەیوەستە بەوەی ئێمە لەبەشی کارەکی ئەم باسەدا، ئەم جۆرە لەعەشق دەست دەدات بۆ قەسیدەی (عەشق) ی (بەختیار عەلی) کە تاوتوێی پێبکەین و بیخوێنینەوە بۆیە دانانی عەشق لێرەدا، مانایەکی سایکۆلۆژییە نەك رۆحی.

[١٠٣] - ئیرۆس (Eros): فرۆید بە کانگای هەوەسەکانی ژیان و رەمەکەکانی ژیانی دەزانێت بە رەمەکی سێکسیەوە لەبەرامبەر رەمەکی مەرگدا دایدەنێت کە بە(سانا تۆسی) ناویدەبات.

[١٠٤]– لیبدۆ (Libido): سەرچاوەکانی لەناو (ئەوە)دایەو بەشێکی زۆر پەیوەندی بە سێکس و هەروەها (وزەی ژین) و (وزەی ئیمۆس) یشەوە هەیە.

[١٠٥] - سیگموند فرۆید، شارستانییەت و نیگەرانییەکانی، و: ئاوات ئەحمەد، ل٩

[١٠٦] - سەرچاوەی پێشوو، ل٩

خشته بردنيشه، راستيەكەی مرۆڤ حەز دەكات پێداويستيە شەڕانگێزييەكەی خۆی لەسەر حيسابی ناسياوەكەی تێر بكات))[107]

كاتێك عاشق مەعشوق دەكاتە بابەتی خۆی، يەكەمين هەنگاو ئەوەيە كۆنترۆڵی بكات، هەتا هەر كاتێك ويستی بۆ ئارامبوونەوەی رەمەك و غەريزەكانی ئەوا حازر بەدەست بێت، جا هەر ئەم خاڵەيە وا دەكات عەشق وەك گەمە و يارييەك بەردەوام برێك لەرق و شەڕ لە خۆيدا هەڵبگرێت، چونكە مەرج نييە هەموو كات مەعشوق حازر بێت ياخود خۆی رادەستی عاشق بكات. بۆيە عاشق بۆ كۆنترۆڵكردن و داگيركردنی مەعشوق پێويستی عەشقێكە لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی سۆز و خۆشەويستيە ئەوا لە هەمان كاتدا دەبێت سەرچاوەی هێز و دەسەڵات و رقيش بێت، بۆ ئەوەی مەعشوق نەتوانێت لە موڵكايەتی خۆی قوتار بكات و بكەوێتە دەرەوەی قەڵەمڕەوی غەريزە و رەمەكەكانی عاشقەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمايە مەعشوقيش وا بە سادەيی و ئاسانی دانانيشێ، بەڵكو ئەويش دەست دەكات بە شەڕی خۆی لە بەرامبەر عەشقی عاشقدا بەڵام شەڕی ئەو شەڕی سۆز و كۆنترۆڵكردنی عاشقە ئەمەش پێويستی بە فێڵ و بە سياسەت و فريودان هەيە هەتا بتوانێت لەڕێگەی ئەم يارييانەوە ئەويش عاشق مەست بكات و بەم مەست كردنەی بەشێك لە موڵكايەتی خۆی بكڕێتەوە. ئەم يارييەش زۆر بە ئاشكرا لەناو لاوان و گەنجاندا تەنانەت ژن و مێردەكانيشدا دەردەكەوێت، كە زۆرێك لە خەڵك بە ناوی عەشق و خۆشەويستی و هاوسەرگيرييەوە لە ناو عەزابێكی گەورەدا دەژين. ((چاريش نييە لەوەی رۆژێك لە رۆژان هەر يەكێك لە ئێمە ببينێت ئەو هيوايانەی لە نوێتيدا بە هاوتوخمەكانی هەيبووە. هەموويان وەهەم بوون لەبەر ئەوەی وەهميش دەستيان لێدەشوات هەر يەكێك لە ئێمە دەتوانێت هەست بكات بە مەودای ئەو نەهامەتی و ئەشكەنجەيەی لە ژيانی خۆيدا بەهۆی نياز خراپی هاوتوخمەيەوە چەشتوونی))[108]

ئەمەش ئەوكاتە كە عاشق و مەعشوق لە رقی يەكتر بابەتی خۆشەويستی و غەريزەی خۆيان دەگۆڕن بۆ تۆڵە كردنەوە لە لايەك، لە لايەكی تر بەدەست هێنانی بەشێك لە ئازادی هەڵبژاردن لە مەعشوقی تردا. هەروەها عاشق كاتێك خۆشەويستی لە مەعشوقدا دەبينێ و دەيكاتە موڵك ئەوا مەعشوق راسپێردراوە بەوەی هەميشە ئەم عەشق و سۆزە بداتە عاشق بەمەش عاشق بوونی مەعشوق لەوحازر بوونەيدادەبينێ كە رەمەك و پێويستيەكان داوايدەكەن. بۆيە هەر كاتێك مەعشوق ئەم ئامادەگيەی نەبوو، ئەوا ئەم عەشقە لە هێكرا دەگۆڕێت بۆ شەڕانگێزی و مەعشوق دەكەوێتە بەر هەڕەشە جەهەندەميەكانی عاشق.

---

[107] - سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧

[108] - سەرچاوەی پێشوو، ل٩١

((کەسی راهاتوو لەسەر خۆشەویستی ئەویتر کە هەڵیبگرێت و هەستی پێبکات بەردەوام لەخەتەری ئەوەدایە ئەو پەرژینەی ئەمە دەپارێزێت نەمێنێ، بۆیە کاتێك خۆشەویستی لێگیرایەوە ئەوا خۆشەویستی دەگۆڕێت بۆ شەڕ))[١٠٩]

خاڵێکی گرنگی ئەم جۆرە لە عەشق بەهێز بوونی ئەو رەمەکە شەڕانگێزییەی ناو مرۆڤە کاتێك عەشقی خۆی لە یەکێکدا دەبینێت و ناتوانێت وابەئاسانی وەدەستی بخات ئەوکات، ئەوەی لێرەدا ئیش دەکات هێزی بەدەست هێنانە کە مرۆڤ تەماع و قوربانییەکانی خۆی دەخاتە کار کە هەموو شتەکان تێك دەدات لە پێناو رێکخستنی ئەو کارەی خۆیدا، چونکە ئەو هەموو بوونی خۆی لەمەعشوقدا دەبینێتەوە، ئیتر هەموو شەڕێك بەرپا دەکات بۆ گەیشتن بە ئەو خۆشەویستییە.

[١٠٩]– انتونی ستور، العدوان البشری، ت: د. محمد احمد غالي،الدهامی عبدالضاهر عفیفی، ط الاولی، الهیئة المصریة العامة للکتاب فرع الاسکندریة، ١٩٧٥، ص ١٠٨

## بەشی دووەم

## پراكتیزەكردنی چەمكە دەروونییەكانی فرۆید لەشیعرەكانی ( بەختیار عەلی ) دا...

**تەوەری یەكەم/ سایكۆلۆژیەتی زمان**

**تەوەری دووەم/ سایكۆلۆژیەتی شیعر**

**تەوەری سێیەم/ بەكار بردنی چەمكە دەروونییەكان:**

١ - هەست و شیعر

٢- نەست و شیعر

٣- ئەو و شیعر

٤- بزر بوونی من لە شیعردا

٥- منی بالا و شیعر

٦- خەون و شیعر

٧- شیعر وەك بكوژی باوكەكان

٨- تابۆ و شیعر

٩- تابۆی سەرۆك و شیعر

١٠- عەشق و شیعر

# تەوەری یەکەم

## سایکۆلۆژیەتی زمان :-

کاتێك باسی پەیوەندی نێوان دەروون و زمان یاخود پێکداچوونەوەی هەردووکیان دەکەین ئەوا هەر دەبێت سەرەتا ئاگامان لەوە بێت کە دەروون جیهانێکی فراوان و ئالۆزە و چەشنی تۆڕێکی ئالۆز ئامادەیی هەیە لە خەیاڵ و بیر و هزرماندا. کە بەشێکی ئەم جیهانە شاراوەیە و ناتوانرێت بەچاو یاخود بەهەستەکان بەوردی بیانناسینەوە. زمانیش ئەو هەستە یاخود ئەو رایەڵەیە کە یارمەتیمان دەدات زانیاریمان هەبێت لەسەر ناوەوەی خۆمان واتە زمان و دەروون، ساتیان هەیە ئاوێزانی یەکتر دەبن و بەهەردووکیان گوزارشت لەیەك حاڵەتی دەروونی مرۆڤ دەکەن. بەشێکی زۆری دەروونیش وابەستەی ئەو ئەزموونە پێشینەیەیە کە مرۆڤ لەڕووداوەکانی ژیانیدا رووبەروویان بۆتەوە، کەخۆی لە یادەوەریدا دەپەنگێتەوە.

((هەمووشت بەندە بەیادەوە. لەیاددا تێگەیشتنمان لەسەر ژیان و هەرشتێك کە بمانەوێت باسی لێبکەین هەیە، هەروەها لەیاددا زمانیش هەیە، بەواتایەکی تر وشەکان و مەرجەکانی بەکارهێنانیان))[110]

زمان پێش ئەوەی وشەو رستە بێت، جۆرێکە لەهەستکردن، کە مرۆڤ پێشتر لەناوخۆیدا ئەزموونی دەکات و دواتر بەهۆی زمانەوە ئەو بارەناوەکیەی خۆی دەرەکیدەکاتەوە. یادگە شوێنی عەمبارکردنی رووداوەکانی ژیانی مرۆڤە، ئەم رووداوانەش کەم و زۆر کاریگەری بەجێدەهێڵێت لەسەر مرۆڤ جاکاتێك ئەم بارە دەروونیانە دەبنە زمان ئەوا زمان رۆڵی دەروونی خۆی وەك دۆخێکی سروشتی وەردەگرێت و ئەو بارە دەروونییە دەردەبڕێت کە مرۆڤەکە تێی کەوتووە. ئیتر مرۆڤەکە لەو بارەدا بیر لەوەناکاتەوە چۆن وشەکان و رستەکان ریزبکات. بەڵکو مەبەستی ئەو لەوکاتەدا تەنها دەربڕینە و ئەم دەربڕینەش گواستنەوەی ئەو هەستە دەروونییەیە بۆ دەرەوەی خۆی ((ئەمە زۆر ناقۆڵایە وا بیربکەینەوە کە ئێمە پلانی نووسین وشە بە وشە دەکەین ئەگەر وابێت ئەوا ئێمە چۆن دەتوانین رستەیەك کە بە وشەی یەکێك دەست پێبکەین و دواتر یەك ریز وشە بەدواییدا بهێنین پێش ئەوەی بگەینە وشە سەرەکیەکە کە پێشنیارەکانە))[111]

حاڵەتەکە خۆی فشار دەخاتە سەر مرۆڤ کە لەو بارەدا چ وشەیەك یان چ رستەیەك بەکار بەرێت، حاڵەتی خۆشەویستی مرۆڤ وشەگەلێك بەزاری مرۆڤدا دەهێنێ کە ناسك و نەرم و سۆزداربێت. بە پێچەوانەشەوە حاڵەتی شەڕ لەمرۆڤدا رستە گەلێگ بە مرۆڤ فەراهەم دەهێنێت، کە توند و خوێن ئامێز و زبر و نا قۆڵایە، جا

---

[110] - لارس مێلین، سایکۆلۆژیی زمان، و: غازی عەلی خورشید، ب چا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپرێز، دهۆك، ٢٠١٠، ل ٢٨.

[111] - سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧

ئەم حاڵەتە جیاوازی نییە چ لە قسەکردندا یان لەنووسینداب‌ێت. هەموو ئەمانەش بۆ دروستکردنی کاریگەری و وروژاندن و گواستنەوەی ئەو حاڵەتەیە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر. واتا زمان هەر تەنها سایکۆلۆژیەتی کەسی نێرەر هەڵناگرێت لەخۆیدا، بەڵکو وادەکات سایکۆلۆژیەتی کەسی وەرگریش بخاتە حاڵەتی بزاوتنەوە. واتە زمان بەهۆی دانەکانی خۆیەوە حاڵەتە دەروونییەکان هەڵدەگرێت و دواتر بەهۆی وەرگرەوە ئەو حاڵەتە دادەرێژێتەوە و مانا و تێگەیشتن دێتە ئاراوە.

((زۆر جار لەزماندا وشەو رستەی کاریگەر بۆ کارکردنە سەر (وەرگر) و رازیکردن یان شێواندنی راستی بەکار دێت))[112]

جا ئەم کاریگەری و کارتێکردنە شێوازی جیاجیا لەخۆی دەگرێت. زمان لەناوخۆیدا هەڵگری کۆمەڵێك شێوازی جیاجیایە، بۆ دەربرینی حاڵەتە دەروونییەکانی مرۆڤ. لەژیانی ئاسایی و رۆژانەدا، مرۆڤ هەر ئەو رستە ئاسان و سادە تێگەیشتنانە بەکار دەهێنێ کە لەلایەن کۆمەڵگاوە ماناو لێکدانەوەکانی ئاشکرا و روونن. بۆ نموونە کاتێك دوو مرۆڤ بەشەڕ دێن و جنێو بەیەکتر دەدەن ناچن جنێوێك بدەن کە کەسی بەرامبەری تێنەگات، بەڵکو جنێوێك دەدات کە باش تێبگات چی دەڵێت. بەڵام گواستنەوەی ئەم حاڵەتە بۆ ناو شیعر یان هونەر هەمان ئەو جنێوە لەفۆرمی وێنەیەك یان حیکایەتێك یان رەمزێکەوە دەردەبڕێت. زمان نزیکترین شتێکە لەمرۆڤەوە هەتا مرۆڤ بەهۆیەوە بتوانێت رەوشی بیر و هزر و خەیاڵی خۆی ئاشکرا بکات، بەمەش زمان دەربڕی حاڵەتی دەروونی مرۆڤە و لەساتی ئامادەیی دەروون لە زماندا، زمان سایکۆلۆژیەن خۆی ئاشکرا دەکات و ئەو جیهانە ناوەکیە دەرەکی دەکاتەوە و لێڵی و تەم و مژەکان رۆشن و ئاوەڵا دەکات.

((بینا لەسەر ئەوە زمان رێکخستنێکی ئەندامییە لە ئاماژەکان. بەرێگای بیر کردنەوەمان لە جۆری وێنەیی یان ئەزموونی بۆمان ئاشکرا دەبێت، بەمانای ئەوەی بیرکردنەوە و دیدگامان بە لێڵی و شاراوەیی دەمێنێتەوە. ئەگەر زمان نەیخاتە ناو ئاماژەکانی خۆیەوە))[113]

زمان لەمرۆڤدا وەك راگوزەرێك، هەموو نیاز و مەبەستەکانی مرۆڤ لە خۆی باردەکات و وادەکات مرۆڤ خۆی ئاشکرا بکات بۆ خۆی و بۆ ئەویتر. زمان رەنگدانەوەی ناخی مرۆڤە، جا دەروونیش بەشێکە لەو رەنگە تەنانەت زانایانی زمان نەیانتوانی گاریگەری دەروون و زمان فەرامۆش بکەن، هەروەك (دی سوسور) کاتێك زاراوەیەکی داهێنا بەناوی (زبان) کە خودی زمان بەشێکە لە ئەو. ئەم (زبان)ە وەك یاسایەکی ناوەکی ئاراستەی زمان دەکات و فەرمانی پێدەکات لە چۆنییەتی دەرکەوتنی ئەم زبانەش لای دی سۆسۆر کۆمەڵێك رەهەندی جیاجیای لەخۆگرتووە.

---

[112] - د. عبدالواحد مشیر دزەیی، کاریگەری دەروونی لەبواری راگەیاندندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس، هەولێر، ل١٣٥

[113] - د. عاطف جودة نصر، الرمز الشعري عند الصوفية، ط الاولى، دارالاندلس للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٧، ص٦٧

((زبان فره ڕەهەندی تێك نەئالاوە، كە لە یەك كاتدا كۆمەڵێك ڕەهەند لە خۆی دەگرێت وەك ڕەهەندی فیزیكی (سروشتی) و ڕەهەندی جەستەی و ڕەهەندی سایكۆلۆژی))[114]

بەو مانایەی بنەمای زمان لە زبانەوە هەڵدەقوڵێت و لایەنی دەروونیش بەشێكی گرنگی ئەو بنەمایەیە. هەروەها لەپاڵ سۆسۆردا گەلێك زانای زمانەوانی دیكە دەركەوتن كە بایەخیان بە لایەنی دەروونی زمان دەدا، چونكە ئەوان بێ ئاگا نەبوون لە كاریگەری زمان كاتێك دەروون خۆی تیا نمایش دەكات.

((گرنگیدان بەلایەنی دەروونی زمان، لەسەدەی نۆزدەو بیستدا پەرەی پێدرا لە لایەن زمانەوانی وەك (گاردنەر، بولر، ئۆتۆ ئیرنست، كارنین) ئەمەش بووە ڕێخۆشكەرێك بۆ سەرهەڵدانی واتای كاریگەری لای (كرۆس، لیچ، ئۆلْمان........... هتد) كە پەیوەستە بەباری دەروونیی نێنەر))[115]

خۆ ئەگەر ئێمە بۆ زمانی ئاسایی نموونە وەربگرین ئەوا لەژیانی ڕۆژانەماندا، یاخود لەگۆڤار و ڕۆژنامەكاندا زۆر بەئاسانی دەتوانین لە ڕێگەی ئەو زمانەوە جا نووسین بێت یان قسەكردن بێت، باری دەروونی قسەكەر یان (نووسەر) بەدیار بخەین كە هەردووكیان خۆیان لە (نێنەر)دا دەبیننەوە. چونكە مرۆڤ بۆخۆی شایانی كاریگەری و كارتێكردنە. یاخود كارا و كارتێكراوە، كە لەهەردوو بارەكەدا دەروونی بەشداری خۆی دەكات لەو پرۆسە زمانییەدا و وادەكات داشەكانی خۆی لە ڕووتەختی زماندا بڵاوبكاتەوە و جێگۆڕكێیان پێ بكات. ئەگەر كۆمەڵێك نموونە وەربگرین ئەوا باشتر مەبەستەكەمان ڕوون دەبێتەوە وەك ئەم ڕستانەی خوارەوە:

((– من ڕقم لەڕیاییكردن دەبێتەوە.

– دایكان و منداڵانی هەڵەبجەی لەبیركرد.

– بڕوا ناكەم برا عەرەبەكان هەستی پێ بكەن.

– كورد لەسەرتاسەری عیراق لەهەر كوێیەك بووبێت چەوساوەتەوە. ))[116]

هەموو ئەم ڕستانە كەم و زۆر دەربڕی باری دەروونی نووسەرەكانیانن بە جۆرێك دەیانەوێت ئەو هەستەی لای خۆیان هەیە، هەمان هەست لای (وەرگر)یش دروست ببێت. هەموو ئەم بارانەش گوزارشت لەسایكۆیەتی زمان دەكەن و زمان ئەو ڕەنگەیە كە دەبێتە هۆی بە دیارخستنی بێڕەنگی دەروون، چونكە دەروون شاراوە و نەبینراوە. زمان وەك ڕەنگێك ئەم شاراوەییە ڕەنگ دەكات و بەپێی بارە دەروونییەكان خۆی پەخش دەكات. بەڵام زمانیش جۆری جیاجیای هەیە زمانی ئاسایی جیاوازە لە زمانی شیعر و زمانی پەخشان و زمانی

[114] - فریدنان دی سۆسۆر، علم اللغة العام، ت: د. یوئیَل یوسف عزیز، بیت الموصل، ١٩٨٨، ص٢٧
[115] - د. عبدالواحید مشیر دزەیی، كاریگەری دەروونی لەبواری ڕاگەیاندندا، ل٤٩
[116] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١

وتارێکی ڕۆژنامه جیاوازه. واته زمان فۆرمی جیاجیای هه‌یه بۆ ده‌رخستنی باره ده‌روونییه‌کان. ئه‌گه‌ر ئێمه هه‌وڵ بده‌ین یه‌ك باری ده‌روونی له دوو فۆرمی جیاوازدا لای (به‌ختیار عه‌لی) ده‌ربخه‌ین. ئه‌وا ده‌توانین به‌ئاسانی یه‌کبوونی باره ده‌روونییه‌که له دوو فۆرمه جیاوازه‌که‌دا بناسینه‌وه، (به‌ختیار عه‌لی) له‌یه‌کێك له چاوپێکه‌وتنه‌کانیدا ده‌رباره‌ی ڕه‌وشی کوردستان و سیاسه‌تی حیزبه‌کان ده‌ڵێت :

((حیزبی ئێمه له‌سه‌ر یاریکردنی سیاسی ده‌ژی، واته له‌سه‌ر گۆڕینی به‌رده‌وامی دۆست و دوژمن، گۆڕینی به‌رده‌وامی هه‌ڵوێستی سیاسی، گۆڕینی به‌رده‌وامی دروشم و ستراتیژه‌کان))[١١٧]

به‌مانایه‌ك له ماناکان حیزب به‌رده‌وام درۆیه‌ك هه‌یه ده‌یکات له‌گه‌ڵ خۆی و له‌گه‌ڵ به‌رامبه‌ره‌کانیدا ساتێك دروشمێکی هه‌یه و ساتێکی تر دژی ئه‌و دروشمه‌ی خۆی ڕه‌و ده‌کات. گاهێك دۆستی تۆیه و گاهێك دوژمن و به‌رده‌وام یاریده‌کات و به‌درۆ درێژه به‌یارییه‌کانی خۆی ده‌دات. ئه‌م باره ده‌روونییه‌ی (به‌ختیار) به‌و زمانه ده‌ریده‌بڕێت که زمانێکی ساده و ئاسانه بۆ تێگه‌یشتن، به‌ڵام هه‌مان باری ده‌روونی خۆی که بێزاره له درۆکردنی ڕه‌وشی سیاسی و خه‌ڵك و...تاد، له‌شیعردا به‌زمانێکی تر و له‌فۆرمێکی تردا ده‌ریده‌بڕێت و ده‌ڵێت :

**«من تێر بووم له‌سه‌یر کردنی گه‌شبینه درۆزنه‌کان... غه‌مخۆره درۆزنه‌کان... دڵسۆزه درۆزنه‌کان**

**وه‌رز بووم له‌مه‌رهه‌می درۆ له‌ئه‌جزاخانه‌ی درۆدا**

**تێربووم له ئیمانی درۆ له‌ژێر مناره‌ی درۆدا**

**ئه‌ی شاری درۆ، ئاسنگه‌ره‌کانت ئاسنی ساردی درۆ ده‌کوتن. دار بڕه‌کانی تۆ، به‌درۆ ته‌ور له‌م**

**باغه خه‌یاڵیه ده‌ده‌ن. مه‌سته‌کانی تۆ به‌درۆ له‌مه‌یخانه‌دا شه‌ڕابی درۆ ده‌خۆنه‌وه**

**فه‌رمانبه‌رانی تۆ، تاپۆی درۆی ئه‌م کێڵگانه‌یان پێیه. باجگرانی تۆ. به‌قه‌پانی گه‌وره**

**خه‌رمانی درۆ ده‌کێشن... »**[١١٨]

گه‌ر له‌م پارچه شیعره ورد بینه‌وه سه‌یر ده‌که‌ین هه‌مان هه‌ستکردنی درۆینه‌ی شته‌کان، هه‌ست پێده‌که‌ین که له هه‌ردوو باره‌که‌دا، بێزاری و بێ تاقه‌تی خۆی به‌رامبه‌ر به گۆڕینی ڕووی ڕاسته‌قینه‌ی شته‌کان ده‌ناسینه‌وه. واته زمان له نێوان ئه‌م باره ده‌روونییه‌دا، فۆرمه جیاوازه‌کانی خۆی به‌کار بردووه، له یه‌که‌میاندا له‌کۆمه‌ڵه وشه‌یه‌کی گشتی و ئاساییدا. واته زمان له ئاسته کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کدا به‌کار هاتووه. به‌ڵام له‌دووه‌میاندا که شیعره، زمان له ئاسته خودی و شیعریه‌که‌یدا به‌کار هاتووه و له‌ڕێگه‌ی کۆمه‌ڵه میتافۆر و کۆمه‌ڵه وێنه‌یه‌که‌وه

[١١٧] - به‌ختیار عه‌لی، وه‌ڵام له‌ڕۆژگاری ونبونی پرسیاردا، چا یه‌که‌م، چاپخانه‌ی قانع، سلێمانی ٢٠٠٣، ل١٤٨

[١١٨] - به‌ختیار عه‌لی، ئه‌ی به‌نده‌ری دۆست، ئه‌ی که‌شتی دوژمن، ب چا، چاپخانه‌ی کارۆ، په‌خش و بڵاوکردنه‌وه‌ی کتێبخانه‌ی ئه‌ندێشه، ٢٠٠٩، ل٥١-٥٢

بێزاری خۆی لەسەر ئەو واقیع و بارە ناهەموارەی کوردستان دەربڕیوە. (گەشبینە درۆزنەکان، غەخۆرە درۆزنەکان، دڵسۆزە درۆزنەکان) ئاماژەن بۆ سیاسی و کار بەدەستانی ئەم هەرێمە، کەبەردەوام خۆیان بەگەشبین و غەمخۆر و دڵسۆز و... تاد نیشاندەدەن، بەڵام شاعیر رووی ئەم درۆیە هەڵدەماڵێت و هەمان شت دووبارە دەکاتەوە، کەپێشتر لەچاوپێکەوتنەکەدا ئاماژەی بۆ دەکات. پاشان درێژە بەبینراریەکانی خۆی دەدات و دەنووسێت :

**«من تێر بووم لەسەیر کردنی بورجی درۆ، باغی درۆ**

**من تێر بووم لەسەیری سوار چاکی درۆ، لەجەنگی درۆ**

**تێربووم لەسەیر کردنی ماسی درۆ لەناو حەوزی درۆدا»**[١١٩]

جەنگی درۆ و سوارچاکی درۆ هەمان گۆڕین و یاریکردنی سیاسییەکانی ئێمەیە، هەمان گۆڕینی دروشم و ستراتیژەکانیانە، ئەوەی لەم شیکردنەوەیەدا بۆ ئێمە گرنگە فرەڕەنگی فۆرمەکانی زمان و سایکۆی زمانە، جا لەئاستە کۆمەڵایەتیەکەیدابێت یان لە ئاستە خودی و شیعریەتەکەیدابێت. گرنگ هاوبوونی زمان و دەروونە لەبارە تایبەت و ناوازەکانی ناخی مرۆڤدا.

---

[١١٩]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢

# تەوەری دووەم

## سایكۆلۆژیەتی شیعر:

ئەگەر زمان دەریچەیەكی تایبەت بێت بۆ دەربڕینی دەروون، ئەوا ناتوانین شیعر بكەینە دەرەوەی ئەم هاوكێشەیە، چونكە شیعر هەموو چالاكیەكانی خۆی لەزماندا بەرجەستە دەكات. ئەوا بەم پێودانگە شیعریش وەك بوونەوەرێكی زمانی. خۆی بەهرەمەندەكات لەهەموو رەگەزەكانی دەروون بەڵكو دەكرێت جۆرێك لەشیعر هەبێت كە كت ومت دەربڕی باری دەروونی مرۆڤ بێت و لەڕێگەی ئەو شیعرەوە هەنگاو هەڵنێین و لەباری دەروونی شاعیر بكۆڵینەوە و شارەزای خەیاڵ و بارە دەروونییەكانی ببین.

خۆگەر بنۆڕینە كارەكانی فرۆید، ئەوا زۆر بەئاسانی ئەم رەوتە لە لێكۆڵینەوەكانیدا دەدۆزینەوە، كە فرۆید بەدوو ئاراستە كاریكردووە، یەكیان لەژیانی نووسەرەكەوە رۆشتۆتە سەر دەقە ئەدەبییەكان بۆ دۆزینەوەی ژیانە خودی و تاكە كەسیەكانی نووسەر لەناو پاڵەوان و كارەكتەر و نووسینەكانیدا بەگشتی. دووەمیان لەدەقی نووسینەكانەوە دەرچوونی هەبووە بۆ ناو ژیانی نووسەرەكان، هەردوو رێگاكەشی بەمەبەستی دۆزینەوەی باری دەروونی و كۆكردنەوەی زانیاری بووە لەسەر دەروون بەگشتی.

((ماموستای دەروونشیكاری نوێ فرۆید دانی بەوەدا داناوە كە ئەدەب كاریگەری زۆر هەبووە لەسەر بیركردنەوەكانی. فرۆید لە هەفتا هەمین ساڵی لەدایك بوونیدا ئەوەی رەتكردەوە كە ئەو داهێنەری چەمكی (نەست)بێت و وتی (شاعیرەكان و فەیلەسووفەكان پێش من نەستیان دۆزیوەتەوە. ئەوەی من دۆزیومەتەوە رێبازێكی زانستیە بۆ لێكۆڵینەوە لەنەست)[١٢٠]))

فرۆید باش ئاگادارە لەبەژداری كردنی لایەنی دەروونی لەكاری هونەریدا، چونكە لەگەڵ پەیدا بوونی مرۆڤ دەروونیش لەكایە جیاوازەكانی ژیاندا دەستی بەدەركەوتنەكانی خۆی كردووە. شیعریش وەك كایەك بەدەر نییە لەم رێسایە. دیارە كاتێك شیعر دەروونی تیا دەردەكەوێت خۆی لەبەردەم كۆمەڵێك كاری جیاوازدا دەبینێتەوە، كە نووسەران و رەخنەگران هەریەكەیان بەشێوازێك ئەم ئەركەیان باسكردووە. واتە شیعر كاتێك پەیوەندی خۆی بەدەروونەوە درووستدەكات لەبەردەم كۆمەڵێك ئەركدا خۆی دەبینێتەوە كە بەپێی بارە دەروونی و واقیعەكان جیاوازی لەخۆی دەگرێت، واتە مەرج نییە یەك ئەرك هەبێت شیعر ئەنجامی بدات كاتێك سایكۆلۆژیەت دەست بەدەركەوتن دەكات. حاڵەتی توڕەیی شاعیر، شیعرێكی حەماسی و بەرگری دێنێتە ئاراوە كە ئەم ئەركە لێرەدا زۆر جیاوازە لە حاڵەتی بوونی سۆز لەدەروونی شاعیردا كە پێدەچێت شیعرەكە پڕبێت لەبەخشین و ئاشتكردنەوەی شتەكان. هەر لەسەر بنەمای ئەم جیاوازییە رای جیاوازیش هاتۆتە ئاراوە لەنێوان رەخنەگران و بیرمەنداندا.

---

[١٢٠]– د. حسام الخطیب، الادب الاوروبی، ب ط، مكتبة اطلس، دمشق، ١٩٧٢، ص٢٥٢

((پەیوەندی هەڵچوونە شیعری و ئیستاتیکیەکان چییە بەهەڵچوونەکانی ژیانی واقعی و ئاساییەوە ئەم پرسیارە گرانە لەدێر زەمانەوە لە گفتوگۆی رەخنەگراندا بوونی هەیە لە(پاکبوونەوە)ی ئەرستۆ هەتا(سەرسوڕمان)ی لونیجنوس هەتا حاڵەتی رێگەپێدان و هاوکاریکردن لە زانستی دەروونی ریتشاردز، هەتا حاڵەتی ئەو پاڵەوانانەی کە هەڵگری چەپێنراوە جیاوازەکانن لای فرۆید))[١٢١]

بەڵام فرۆید لەپاڵ ئەم کارەیدا هەندێك جار کۆمەڵێك ئەرکی دیکەی بەسەر شیعردا داباراندووە کە تاڕادەیەکیش پێکاویەتی، واتە بەپێی حاڵەتە دەروونییەکان و واقیعەجیاوازەکان ئەرك و ماناو بەهاکانی شیعریش بەپێی ئەم میتۆدە گۆڕانیان بەخۆیانەوە دیوە. هەر بۆیە لای فرۆید زۆر جار رووبەڕووی رای جیاواز دەبینەوە لەسەر شیعر و هونەر بەگشتی.

((داهێنانی شیعر وەك داهێنانی (نوکتە) وەهایە کە پشت بەنەست دەبەستێت، شیعر و نوکتە جۆرێك لە وزە دەبەخشن بەمانایەك لەماناکان. زۆربەی تەکنیکەکانی شیعر وەك تەکنیکی گاڵتە و خەونن کەدەبێت خۆی پێوەند بەکات بەجۆرێك لەراهاتنەوە فرۆید دەڵێت: کێش و رەگەز و درککردن و شێوازەکانی تری دووبارە کردنەوەی دەنگ و وشە لەیەکچووەکان لە شیعردا چێژ دەبەخشن))[١٢٢]

وێکچوواندنی شیعر و نوکتە و خەون و بەستنەوەیان بەنەستەوە هەروا بێ بنەماو لەخۆوە نییە. لەهەرسێ بابەتەکەدا جگە لەئامادەیی دەروون بەگشتی، کۆمەڵێك رەگەزی دیکەش هەن بەشداری دەکەن لەم داهێنانەدا، وەك رەمز و خەیاڵ، کە شیعر و نوکتە هەردووکیان دوو دنیای رەمز ئامێزن. لەشیعردا لەنێوان دال و مەدلولدا بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندی ئاشنایەتی هەیە، بەڵام لەنوکتەدا دال و مەدلول دەبێت پێچەوانەی یەکتربن وەك دەرکەوتنی هەڵسوکەوتی منداڵانە لەپیاوێکی خانەدان و خاوەن پلەو پایەدا. هەتا چەند دال و مەدلول دووربن لەیەکترەوە داهێنانەکە زیاتر خۆی دەسەپێنێ هەر بۆیە تاڕادەیەك پەیوەندی هەیە لەنێوان ئەم بابەتە لەیەك جیاوازانەدا، هەرچی شیعر و خەونیشە ئەوا دواتر بەپڕشتی باسیدەکەین. ئەوەی لەم نێوەندەدا جێگەی بایەخە، بەخشینی جۆرێکە لەچێژ، جا چێژی شاعیر بۆخۆی بێت یان بۆ خوێنەر (وەرگر)بێت جیاوازی نییە گرنگ بەخشینی چێژە، ئەم جێژەش جێژێکی بایەلۆژی نییە، بەڵکو جێژێکی دەروونییە. راستە شیعر وەك هەبوویەك ماددەیە و لەنووسیندا خۆی بەیان دەکات، بەڵام وەك خواردن و خواردنەوە نییە هەتا جێژی بایەلۆژی ببەخشێت بەمرۆڤ. بەڵکو زیاتر شیعر پەیوەندی هەیە بەهەستەوە، ئەم هەستەش هەستێکی دەروونییە و پەیوەندی خۆی زیاتر بەدەروون و رۆحەوە گرێ دەدات. بۆیە ئەرستۆ بە مایەی پاکبوونەوەی دەروونی دەزانی لەهەموو خەیاڵە ئاڵۆز و خراپەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی

---

[١٢١] - ویلیام. ك. و ینمرات و کلینث بروکس، النقد الحدیث تاریخ موجز، الجزء الرابع، ت: د. حسام الخطیب، محي الدین صبحی مطبعة جامعة دمشق، ١٩٧٦ ، ص٢٥١- ٢٥٢

[١٢٢] - نفس المصدر السابق، ص ٨٥

تراژیدیا که دەبێت ترس و بەزەیی ببزوێنێ لە مرۆڤدا هەتا ببێتە هۆی پاکبوونەوە و بەخۆدا چوونەوە. ((هەروەکو بینیجان، تراجیدی هەرە تەواو ئەوەیە چنینەکەی دارژاوبێ، نەك سادە و دەبێ لاسای کردەوەی وابکاتەوە کەترس و بەزەیی بروژێنێ، چونکە ئەرکی تایبەتی ئەم جۆرە تراجیدیە لەمەدایە))[١٢٣]

بەستنەوەی شیعر بەهەست و سۆز و دەروونەوە، زۆر جار ئەم پەیوەندیە گشتگیر دەکرێت بەسەر تەواوی شیعر و ئەدەبدا بەڵام ئێمە ئەوە ناکەینە رایەکی رەها و وەستاو، نەخێر شیعر هەمیشە هەوڵی خۆ دەرباز کردنی هەیە تەنانەت لەخودی خۆشی، واتە شیعر یاخییە و هەمیشە شۆرش دژی خۆی بەرپا دەکات. بەم حاڵە وادەکات کە ساتەکان و زەمان و سەدەکان تێپەڕێنێت و کۆ بەکۆ بڕوات بێ راوەستان و ماندوو بوون بەڵام بۆکاری لێکۆڵینەوە لەشیعر رووبەڕوو دەبینەوە لەگەڵ رایە کۆنکرێتی و گشتگیرەکان.

((مانای ئەدەب وا لێکدەدەنەوە کە شیکردنەوەی ژیان و دۆزینەوەی مانایە. ئەم دەرهێنان و دۆزینەوەیەش گەڕانەوەیە بۆ هێزی سۆز (عاتیفە) لەمرۆڤدا))[١٢٤]

ئەم رایە ئەگەر چی لاوازە سەبارەت بەپەیوەندی نێوان مانا و سۆز، بەڵام جۆرێك لەشیعر و لەئەدەب هەن خاڵی نین لەسۆز و خاڵی نین لەوەی بەسۆز و مرۆڤ شتەکان پێوانە بکات و بە کێشانەی سۆز شتەکان لێك بداتەوە. چونکە بەشێکی زۆر لەشیعردا سەروکاری لەگەڵ سۆزی مرۆڤدا هەیە. کە سۆزیش بۆخۆی بەشێکی چالاکە لەدەروونی مرۆڤدا. واتە دەروون بەڕێگاو بەشێوازی جیاجیا و هەر جارە و لەرێگەی پێکهاتە و رەگەزێکەوە خۆی داوێتە ناو شیعرەوە. بەپێی ئەم میتۆدە شیعر و هونەر بەگشتی رەنگدانەوەی دەروونن وادەکەن هەمیشە و دەم و سات دەروون بدرەوشێننەوە لەمەشخەڵەکانی خۆیاندا، دەروون بنووسنەوە بەشێواز و رێگای جیاجیا ئەم هەستە دەربڕن. لەڕاستیدا دەروون بەوەی خەسڵەتی درەوشانەوەی هەیە. خاوەنی کۆمەك و هاوکاریە بۆ شیعر، هەروەها بۆ بیرکردنەوە و خەون و هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ بەگشتی. واتە دەروون یارمەتی لایەنی رۆحی مرۆڤ دەدات بەوەی هەڵدەستێت بەدروستکردنی وێنە و خستنە بەردەستی کەرەستەی دەروونی بۆ ئەوەی رۆح بتوانێت خۆی دابڕێژێت. هەروەها یارمەتی بیرکردنەوە دەدات بۆ نموونە کاتێك مرۆڤێك بیردەکاتەوە لەدروستکردنی شتێك کە لەسەری دابنیشێت. ئەوا دەروون کۆمەکی ئەم بیرکردنەوەیە دەکات بەوەی شتەکانی بۆ ئامادە دەکاتەوە کە ئەو مرۆڤە پێشتر ئەزموونی کردووە. بۆ نموونە بەردێك کە لەسەری دانیشتووە یان دارێك، هەتا ئەو وێنەیە ئامادە دەکات و دایدەهێنێ کە بیرکردنەوەکە لەخۆی دەگرێت ئەویش وێنەی (ئایدیا)ی کورسییە.

---

[١٢٣] - ئەرەستۆ، هونەری شیعر (شیعر ناسی)، و: عەزیز گەردی، ب چا، چاپخانەی گەنج، خانەی چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٤٧

[١٢٤] - احمد امین، النقد الأدبی، ط الرابعة، دار الکتاب العربی، بیروت، ١٩٦٧، ص٤٠

دواتر مرۆڤەکە بەپێی وێنەی (ئایدیا)ی کورسیەکە بەشوێن کەرەستەی گونجاودا دەگەڕێت و کارەکەی دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەمەش بەشداریکردنی لایەنی بایەلۆژی مرۆڤە لەم کارەدا واتە سێ لایەن بەیەکەوە هاوکاری یەکتر دەکەن لەدروستکردنی کورسیەکدا. لایەنی عەقڵی و دەروونی و بایەلۆژییە. بەمەش گرنگی کۆمەکی لایەنی دەروونمان بۆ دەردەکەوێت لەچالاکیەکانی مرۆڤدا، کە هونەر و شیعر بەتایبەتی بەدەرنین لەم رەوشە.

((بەبڕوای سایکۆلۆژیستە نوێیەکان، ناوچەی نەست کاری دیکەی هەیە ئەویش بەهەوێن بوونییەتی بۆ پێگەیاندن و بەرەو پێشبردنی وێنەو خەون و بیرکردنەوە کە بەرهەمی هونەریش خواردنی خۆی لێوە وەدەست دەهێنێت[١٢٥]))

گەر ئەم بنەمایە ببەینە ناو شیعرەوە و ئەوە رۆشن بکەینەوە کە چۆن دەروون و رەگەزە سەرەکیەکانی کۆمەکی شاعیر دەکەن لەسەر نووسینی شیعر، ئێمە ئەوە واز لێدەهێنین کە شیعر بەم میتۆدە گوزارشتە لە دەروون. زیاتر لەمەش کاتێك شاعیر دەنووسێت. ئەو کاتە یادەوەری زمان بۆ شاعیر ئامادە دەکات لەئاستە کۆمەڵایەتیەکەیدا و دواتر شاعیر ئەم زمانە تێك دەشکێنێت و لەئاستە خودی و شیعریەکەیدا دەریدەبڕێت. هەروەها یادگە یادەوەری دەخاتە بەردەستی شاعیر و خەیاڵیش شتەکان ئامادە دەکات . واتە لەسەر ئاستی زمان شاعیر تەنانەت پەیوەندی نێوان دال و مەدلول تێك دەدات و جارێکی تر بەسیستەمێکی تر کە شیعرەکە خاوەنییەتی دال و مەدلول بەیەکەوە دەبەستێت و ماناکان دەگۆڕێت. لێرەدا ئەو دەرچوون و بەزاندنی رابردوو لەشیعردا، دەروون ئەم کۆمەکە پێشکەش بە شاعیر دەکات لەگەڵ زۆرێك لەکۆمەکی تر کە دواتر بەوردتر باسیان لێوە دەکەین. بەختیار عەلی لە باسی زمانی شیعردا دەڵێت :

((وشە لەشیعردا هەمان ئەو شتانە ناونانێت کە زمان وەك سیستەمێکی ئاماژە ناویان دەنێت وشە لەشیعردا ئاماژەی نییە بۆ دەرەوە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ناوەوە، ئاماژەیە بۆ جووڵەی زمان بە ئاراستەیەك پێچەوانەی مێژووی خۆی))[١٢٦]

شاعیر هەر دەبێت سەرەتا بەکۆمەکی یادەوەری ئاماژەکانی دەرەوە بزانێت، هەتا جووڵە و رەوتی خۆی بگۆڕێك بەئاراستەی پێچەوانەی ئەوەی لەیادگەدا ئامادەیی هەیە، لەپەیوەندی نێوان دەروون و شیعردا ئێمە بەشێوەیەکی گشتی زۆر بوار و دەلاقەی جیاوازمان کردەوە لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا، کە بەپێی سروشتی هەردووکیان ئاوێزانی یەکتر بن و یەکتر دەنووسنەوە و یەك بۆ یەکیان دەبێتە بڵندگۆ بۆ دەربڕینی هاوارەکانی

---

[١٢٥]- روز غریب، تمهید فی النقد الحدیث، ط الاولی، دار المکشوف، بیروت، لبنان، ١٩٧١، ص٧٧

[١٢٦]- بەختیار عەلی، گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، گ رامان، ژ ٧٢، ٢٠٠٢، ل٩

خۆی.  جارێك شیعر بەگەرووی دەروون ئاوازەكانی خۆی دەچڕێت و جارێك دەروون بەگەرووی شیعر خۆی داوێتە ناو گەمە زمانییەكانی شیعرەوە.

**«ئەی ولأتم... لەنابەینی پەنجەكانی تۆدا گەورە بووم**

**قەڵەمێكی بچكۆلەبووم... لەگیرفانەكانی تۆوە هاتمە دەرێ**

**سەرما شكستیكردبووم... كۆڵانەو كۆلآن دەگەڕام**

**بەلأم نەتدەبینم... ئەو مردوەت نەدەبینی كەدەمی پڕ بوو لەبەفر**

**فرمێسكەكانیشی وەكو تكەی مۆم... بەڕوومەتییەوە بەستبووی... نەتدەبینم**

**چەند بەسەر دەست و داوێنتدا شكامەوە/ بەددان بەڕەشەباكانتدا نووسام فڕینمەدەن/ بەلأم وەكو**

**جلكێكی تەنك بەتەنافێكی بەرزەوە بابردمی و گوێت پێنەدام... »**[١٢٧]

لەم پارچە شیعرەی بەختیار عەلیدا گەر بنۆڕین خەمێكی دەروونی ئامادەیی هەیە و هەر ئەم خەمەش پەنگی خواردۆتەوە لەدەروونی شاعیردا.  ئەویش خەمی (هەست پێنەكردنە) لەلایەن خەڵكەوە.  واتە مرۆڤ هەمیشە حەزێكی هەیە بۆ ئەوەی كەسانی دەوروبەری ببینن.  جا لەهەر ڕێگەیەكەوە بێت.  كە بێتە مایەی سەرنج راكێشانی كۆمەڵگا. كاتێك شاعیر دەڵێت من قەڵەمێكی بچووك بووم  مەبەستی ئەوەیە كە ئەو نەیتوانیووە لەبوارە واقعی و ژیانییەكانیدا وابكات بوونی خۆی بسەلمێنێت.  بۆیە هانای بردۆتە بەر نووسین  دیارە نووسین لای شاعیر جۆرێكە لەخۆ دروستكردن، ڕێگایەكی ترە بۆ ئامادەبوونەوە لەزەینی ئەوانیتردا.  شاعیر بەم ڕێگایەدا دەڕوات و  برینی ئەوەشی لەدەرووندایە كە نابینرێت.  ئەگەرچی خۆی بەكوڕی ولأت و نیشتمانیش دەزانێت، بەلأم ولأت لەئاستی ئەم نەوەیەی خۆیدا بێ باكە و باكی نییە بەگریان و هاوارو فیغانەكانی، بۆیە ئەم هەستە بریندارکەرە هەڵدەگرێت لەناو خۆیدا و نایەوێت یاخی ببێت، بەلأم كاتێك دەزانێت مل كەچكردن بۆ ئەو هێزە كۆمەلأیەتی و سیاسیەی زۆرینەی خەڵك هەڵگریەتی  بەجۆرێك لەجۆرەكان رازیبوونە بەمردن. بۆیە دواتر شاعیر دەڵێت:

**«        ناتوانم بەم جۆرە بژیم**

**بۆیە دەبێت.  ئەم لەمپەرانە ببڕم و**

**شانازی بەیاخیبوونمەوە بكەم        »**[١٢٨]

---

[١٢٧] - بەختیار عەلی، تاماتەمی گوڵ تاخوێنی فریشتە، ب چا، چاپخانەی ڕەنج، لەبلأوكراوەكانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێكۆڵینەوەی كوردی،  ٢٠٠٦،  ل٣٣٢

[١٢٨] - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣١

شاعیر لەشیعردا یاخی دەبێت و هەموو شتەکان دەپشکنێ و رووی راستەقینەیان بەدیار دەخات و ئەو مانایانەیان لێدەستێنێتەوە کە لەواقعدا هەڵیانگرتووە. ئەمەش هەمان تێك شکان و خاییوونە لە خودی زمان و ئەو ئەرکەی کۆمەڵگا داویەتی بە وشەکان بۆیە لێرەدا دال و مەدلول هەمیشە دەگۆڕێن و مانای تر و واتای تر لەخۆیان باردەکەن کە دەبێت وابێت. چونکە ئەو مانایەی لەواقعدا هەڵیگرتووە هی خۆی نییە و پێچەوانەکەی راستە.

**(( ئەوانەی ئێستاکە تفەنگ بەڕووماندا هەڵدەبڕن**

**لەساڵۆن و کتێبخانەکاندا... جگەرەمان لێقەدەغەدەکەن**

**ناهێڵن بچینە ئاهەنگ و سینەماکان**

**هەر ئەوانە بوون کە جاران گوڵ و بوکە شوشەیان پێبوو**

**منیش ئێستا ئەو گوڵ و بوکە شوشانەم دەوێت**

**لەمناڵیمدا... ژوورەکان زنجێکی ئێجگار گەورە بوون... ))**[١٢٩]

گەر ئەم قەسیدەیە تاوتۆی بکەین کە قەسیدەی ((نیشتمان))ە. پڕە لەو سات و حاڵەتە دەروونیانەی کە شاعیر لەو کاتانەدا بەهۆی نالەباری کەش و هەوای سیاسی وڵاتەوە و نەبوونی ئازادی و بەزیندانیکردنی باخچە و شەقام و زانکۆ و... تاد. لەلایەن دەستەڵاتی تاکڕەوی ئەوکاتەوە، هەموو ئەمانە وەك کاردانەوە و خۆ بەتاڵکردنەوە لەم شیعرەدا، زۆر بەڕوونی بەرچاو دەکەون، کە شاعیر زۆر جار شتەکان دەشکێنێ و دووبارە سازیان دەکاتەوە، یاخود بارە دەروونییەکانی خۆی دەنووسێتەوە و جۆرێك لە بەتاڵ بوونەوە بەدەست دەهێنێ لەم شیعرەدا، هەروەها لەسەر بنەمای ئەو ناحەقی و ئالۆزییە دەگەڕێتەوە بۆ مناڵی و دەیەوێت هەمیشە مناڵ بێت و لەگەڵ بوکە شوشە و هەڵمات و مەتارەی ئاو و موفەڕکی چاوەزاردا بژیت و هەست بەم هەموو قەهرە نەکات. ئەرکی شیعر لەم قەسیدەیەدا مانای جیاواز وەردەگرێت ئەویش دڵدانەوەی شاعیرە لەلایەن خۆیەوە بەوەی کە کچ و شار و کۆمەڵگا و دەسەڵات و سیاسەت نایبینن و مافی نادەنێ، بۆیە شاعیر لەم شیعرەدا وەك بڵند گۆیەك هاوارەکانی دەروونی خۆی تیا دەنووسێتەوەو پەنجەرەیەك دەدۆزێتەوە بۆ بینینەوەی خۆی. لەپاڵ ئەمەشدا نایەوێت منداڵ بێت و کەس نەیبینێ، بەڵکو دەیەوێت گەورەبێت، ئەم گەورە بوونەش هەستپێکردنە لەلایەن ئەویترەوە، واتە شاعیر گەمەیەك ئەنجام دەدات ئەویش ئەوەیە کاتێك ترس و دڵەراوکێ هەیە دەیەوێت مناڵ بێت بۆ ئەوەی خۆی رزگار بکات لەو بارە ناخۆشیە بەهۆی مناڵێتیەکەیەوە، وەك دەڵێت :

---

[١٢٩] - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٤

**« دەلێمگەڕێ بابگەڕێمەوە منداڵیم/ بەدوای جلکی کۆن و سمێڵی دەستکردو تەباشیرە**

**بچکۆلانەکانمدا دەگەڕێم/ بەدوای ئەو جێگایانەدا دەگەڕێم کە سەنگ و بەردم تیاکردوون/**

**بەدوای فرمێسک و جنێوەکانمدا دەگەڕێم... »**[130]

بەڵام کاتێك هەست دەكات بوونی نییە. ئەوا نایەوێت منداڵ بێت و دەیەوێت گەورەبێت گەورەیش لای شاعیر هەستکردنە بەئەم لەلای ئەویترەوە. هەروەك دەڵێت :

**« ئیتر بەسە وەکو منداڵ سەرم نانێمە ناو کۆشم**

**وەکو منداڵ لەبەر ئاوێنەیەکی رووندا قژە تەڕە خوماوییەکەم**

**داناهێڵم**

**ناهێڵم کەس پێمبڵێت بۆ دەستەکانت وا گچکەن... »**[131]

ئەم یاریەش یارییەکی دەروونییە بۆ پاراستنی هاوسەنگی شاعیر لەنێوان هەڵچوونەکانی ناو واقیع و هەڵچوونە دەروونییەکانی خۆی، ئەم شیعرە شیعرێکی دەروونییە و شیعر لێرەدا بەشێوەیەکی دەروونی خۆی نووسیوەتەوە.

---

[130] - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٦

[131] - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٧

## تەوەری سێیەم

## بەکاربردنی چەمکە دەروونییەکان

### 1_ هەست و شیعر :-

لە بەکارهێنانە جیاوازەکانی مانای هەستدا، ئێمە دەکەوینە بەردەم کۆمەڵێك پەیوەندی جیاواز لەنێوان هەست و شیعردا. ئایا شیعر هەستکردنە؟ ئەگەر شیعر هەستکردن بێت، ئایا هەست بەدیوی دەرەوەی شتەکان دەکات یان دیوی ناوەوە؟ ئایا شیعر پەیوەندی خۆی بەچی شتەکانەوە گرێدەدات؟ بەدەر لەم پرسیارانە رامان لەحاڵەتی هەست لەلای فرۆید ئەمەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئێمە دەکەوینە بەردەم دوو جۆر لە هەستکردن. کە هەردووکیان جۆرێکن لە ئاگایی مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی و بە جیهان. جۆری یەکەمیان پەیوەندی شیعرە بەدەرەوەی خۆی. واتە پەیوەندییەکە، کە لەئەنجامی بەریەککەوتنی شاعیر لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا ئەم شیعرە دێتە ئاراوە.

((شیعر لەسەر هەستی شاعیر بەدەوروبەرەوە رادەوەستێت، کە ئاراستەی دەروون و گەردوونی دەکات بۆ دۆزینەوەی لایەنی هونەری و شاراوەیی هەردووکیان. ئەمەش وەڵامی ئەو هەستەی شاعیرە لەزماندا، کە زمانێکی وێنەییە. ))[١٣٢]

واتە شیعر لەم بارەدا خۆی بینادەکات لەسەر ئەو پەیوەندیانەی شاعیر هەیەتی بەدەوروبەرەکەیەوە، کە لەئەنجامدا کار و کاردانەوە دروست دەبێت و بەمەش شاعیر مۆڵ دەخوات لەسەر هەستەکانی خۆی جا یان ئەوەتا شتەکان وەك خۆیان هەست پێدەکات یاخود وەك ئەوەی خۆی وێنای دەکات. بەهەردوو بارەکەدا جۆرێك لەهەستکردنی تێکەڵ هەیە، کە نەخۆی ساغ دەکاتەوە لەسەر داڕشتنەوەی شتەکان وەك خۆیان کە ئەمەش بەهەستەکانی وەك ( بینین – بۆنکردن – تامکردن... تاد . ) رادەوەستێت، نەخۆشی رادەگرێت لەسەر ئەوەی شتەکان وەك خۆی وێنا بکات کە لێرەدا ( خەیاڵ ) کارەکان رایی دەکات. بەڵکو لەم جۆرە هەستکردنەدا ( خەیاڵ و هەستەکان ) تێکەڵ بەیەکتر دەبن و یەك بۆ یەك دەبێتە کار گوزاری دروستکردنی وێنە و پاژە شیعریەکان. واتە هەستەکە کۆلاژێکە لەنێوان خەیاڵ و هەستە جەستەییەکانی مرۆڤدا بەڵام ئەکرێت ئەم دوو رەگەزە لەیەکتر دابڕێت و هەریەکەیان بۆ خۆیان بەتەنیا ببێتە چاوەی شیعر و ئەوەی هەستیە واقیع نیشانی ئێمە بداتەوە وەك خۆی، ئەوەشی خەیاڵیە لەناو فەنتازیا و نا واقیعەتدا درێژە بەکۆمەکی خۆی بدات بۆ لەدایك بوونی شیعر. بەڵام شیعریەتی شیعر هەمیشە لایەنگری خۆی بۆ تێکەڵکردنی

[١٣٢]- د. محمد غنیمی هلال، النقد الآدبی الحدیث، ط الخامسة، مكتبة الانجلوا المصرية، ١٩٧١، ص٣٧٨

رەگەزەکان و نزیککردنەوەی شتەکان لەیەکتر دووپات دەکاتەوە. واتە شیعر خوانە، بەڵام خوانی یەك شت و یەك رەگەز نییە بەتەنیا، بەڵکو خوانی هەموو ئەو شتانەیە کە دەکەونە سنوری هەستکردنی شاعیرەوە بۆ شتەکان. واتە شیعر هەر شتەکان ئاشت ناکاتەوە، بەڵکو ئەو پەیوەندیە ژێرەوانکێیەی نێوان رەگەزەکانی ناو مرۆڤیش وەك ( خەیاڵ – یادەوەری – هەست –... تاد ) دەدۆزێتەوە و هارمۆنییەتی ئەو رەگەزانە وەك ئاوازێك بۆ کۆبوونەوەیان دەژەنێت، بەمەش شیعر بانگهێشتی شتەکانە بەڵام نەك بۆ بەگژداچوونەوە سڕینەوەیان بەڵکو بۆ درەوشانەوە و بەهێزکردنیان.

(( شیعر هێرشی هەستە لەمەیدانی خەیاڵ تێگەیشتنی هێرش لەمەیدانی جەنگ و مەیدانی خەیاڵ دوو تێگەیشتنن کە دەشێ یەکەمیان بە وزە بەرجەستەکانی زمان پەیوەست بکەین، بەڵام دووەمیان بۆ ئەو وزە خەفەکراو و متبوانە دەگەڕێتەوە کە لەمەیدانی خەیاڵ مەیدانی ئازادی جوڵە دەکەن ))[١٣٣]

ئەگەر چی ئەم جۆرە لەهەستکردن بۆ خۆی زیاتر هەستە جەستەییەکان تیایدا چالاکن، بەڵام لەباری دانەوەی ئەم هەستە بۆ دەرەوەی شاعیر خەیاڵ بەشداری ئەم گەڕانەوەیە دەکات و گۆڕانکاری دەکەوێتە ناو شتەکانەوە. ئەویش گۆڕینی هەستە بۆ نەست. چونکە هەست نەستی دەبێتەوە لەو بارەی مرۆڤدا.

لەپاڵ ئەم جۆرەدا جۆرێکی تر لەهەستکردن هەیە لەمرۆڤدا، کە تەواو ناوەکیە و ئەم هەستە ئاراستەی ناوەوە دەکرێت، واتە هەستێك نییە بۆ دەرەوە ئاراستە کراو بێت، بەڵکو هەستێکە ئاراستەکەی بۆ ناو مرۆڤ خۆیەتی و شاعیر کاتێك قسە لەسەر شتەکان دەکات، ئەو شتانە ئەو کەرەستە و فۆرم و زمانی بەکاری دەهێنێ سەر بەجیهانی ناو خۆیەتی شتانێك نین کە دانەی جیهانی دەرەوەی شاعیر بن، بەڵکو جیهانی ناوەکی خۆی دەگوازێتەوە. شاعیر هەستە ناوەکیەکانی خۆی دەنووسێتەوە کە بەتەنها لەسەر ئاستی جۆری زمانەکە وەك کوردی کە شاعیرێك بەکوردی شیعر دەنووسێت، تەنها لەو ئاستەدا پەیوەندی هەیە لەنێوان ئەو دوو جیهانەدا. وەگەرنا پێکهاتە و شوێن و زەمەن و کاراکتەری ناو هەردوو جیهانە لەسەر ئاستی بینرا و نەبینراو مانا و میتافۆر تەواو جیاواز و جودان.

(( بواری شیعر هەستکردنە، جا ئەم هەستە کاریگەری بێت لەئەزموونی خودی خۆی کە پێگەیوە لەئەنجامی دۆزینەوەی لایەنێك لەلایەنەکانی دەروون، یان ئەزموونی خۆی لەگەڵ مەسەلە گەردوونییەکاندا. یان کێشەیەك لەکێشەکانی کۆمەڵگا، کە رەنگدانەوەی هەیە لەسەر هەست و ئیحساسەکانی شاعیر ))[١٣٤]

ئەزموونە دەروونییەکان. کۆمەڵێك ئەزموونی خودی و تاکە کەسین کە بەس شاعیری خۆی دەچێتە ئەو شوێنەو هەر خۆی دەتوانێت لەوێ ئامادەیی هەبێت، ئەو شوێنەش جۆرێکە لەحیکایەتی شاعیر لەگەڵ خۆیدا،

---

[١٣٣] - عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، دەنگدانەوەی شیعر، گ– کاروان، ژ١٧٧، ٢٠٠٣، ل٧٩–٨٠

[١٣٤] - د. محمد غنیمی هلال، النقد الآدبی الحدیث، ص٣٧٧

ژیانێکه کەخۆی و خۆی، بەیەکەوە قسەو باس و رووداوی جۆراو جۆریان هەیە. ئەم ژیانە زۆر جیاوازە لەو ژیانە دەرەکیەی شاعیر هەیەتی. شاعیر لەئاستی زمانە کۆمەڵایەتیەکەیدا مامەڵە لەگەڵ رووداوەکانی دەرەوەی خۆی دەکات کە زیاتر (گفتوگۆ) بەرهەم دێت. بەڵام لەو ژیانە ناوەکیەدا هەستێکی شعوری ئامادەیی هەیە کەزیاتر (مۆنۆلۆگ) فەراهەم دێت. ئەم هەستە ناوەکیە زیاتر مامەڵەی مامەڵەیەکی میتافیزیکی و سەر و هەستیە لەگەڵ شتەکاندا، هەر بۆیە لەم جۆرە لەشیعردا زیاتر مانا خۆی داوێتە ناو شیعرەوە وەك لەوێنە.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە خاڵیە لەجوانی، بەڵکو جوانی خۆی لەوەدایە شتێکی نەبینراو نەبیستراو تام نەکراو دەخاتە بەردەمی ئێمە و هەستێکی باڵایانەی سەر و هەستیە لەناوەوەی خۆیدا.

واتە جوانی ئاراستەی خۆی وەردەگێرێت لەوەی هەستە جەستەییەکان هەستی پێدەکەن، بەڵکو لێرەدا خودی ماناو هەستێکی ناوەکی پەتی بەرجەستە دەبێت، کە جوانی کەشفکردن و دۆزینەوە و وردبوونەوەیە لەئاستە میتافیزیکیەکەیدا نەك واقعی و هەستەکیەکەیدا.

(( ئەوەی گرنگە لێرەدا تێبگەین وشەی ((جیهان)) ئەو جیهانەی کە شاعیر تێکی دەدات یان یاسای بۆ دادەنێت جیهانی دەرەوە نییە، بەڵکو جیهانێکی زمانەوانییە، دواجار یاسا شکێنی جیهان لەیاسا شکێنی ناو شیعر جیانابێتەوە، یاسا بەخشین بە جیهان لە یاسا بەخشین بەزمان جودا نییە، ئەو جیهانەی کەشاعیران یاسا دانەرینی جیهانی ژیانی واقعی و ژیانی رۆژانە نییە، بەڵکو وێنەیەکی جیهانە لەو دیو ئەو واقیعەوە دەست پێدەکات ))[١٣٥]

جیهانی پشت واقیعەکان و هەستکردن بەو ژیانە کە لەودیو ژیانی واقیعەکەوە خۆی دروستدەکات جۆرێك لەکێشە لەگەڵ خۆیدا باردەکات، ئەویش گەڕانە بۆ ژیانێکی تر لەژێر رۆشنایی واقیع، یان هەروا ئەو ژیانە خۆی بوونی هەیە؟ واتە ناشرینەکانی واقیع وادەکات بیر لەجوانی بکەینەوە. یاخود جوانی بۆخۆی رەهایە و بوونی وابەستە نییە بەبوونی واقیعەوە؟بەمانایەکی تر هەستکردن لەواقعدا هەستی ژیانێکی تر دەوروژێنێ. ئەوەی لای بەختیار عەلی هەیە، واقیع دەلیلی ئەو ژیانەی ترە و جیهانی ناوەوە ئەنجامی راکردنە لەجیهانی دەرەوە، بۆیە جۆرێکی تر لەهەستکردن دێتەئاراوە. پەیوەندی نێوان شیعر و هەست پەیوەندییەکی ئاڵۆز و تەم و مژاوییە، چونکە هەستکردن بۆخۆی وەك چەمکێك هەڵگری ناروونی و نارۆشنییە لەخۆیدا، هەر بۆیە کاتێك دەبێتە شتێك ئەو شتەش ئاڵۆزی بەخۆیەوە دەگرێت. کە ئەمەش تارادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئاستی تێگەیشتنی ئێمە لەبەرامبەر ئەم چەمکەدا، ئەم هەستەش کە بەشیعر دەردەبڕێت لەراستیدا هەستێکی هەڵچوو و پێگەیوە بۆیە شاعیر ناچارە لەشیعردا دەیبڕێت.

---

[١٣٥] - بەختیار عەلی، گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، گ – رامان، ژ٧٢، ٢٠٠٢، ل١٦

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بەگەڕانەوە بۆ رایەکانی فرۆید کاتێك باسی (هەست) دەکات واباسی دەکات کەهەستیەتی شتەکان، واتە ئاشکرابوونیان. واتە کاتێك رەوشەکانی ناو مرۆڤ روودەدەن و دەست بەدەرکەوتن دەکەن لەناو مرۆڤدا، تائەو کاتە ئەوبارە دەروونیانە شاراوەن و نەستێن کە دەرنەکەوتوون لە ناوچەی هەستی مرۆڤدا، واتە نەبوونەتە هەستی، بەڵام کاتێك هەست پێدەکرێت ئەو کات جۆرێك لەئاگایی دروست دەبێت بەرامبەر بەو رووداوانە، بەو مانایەی شیعر بۆخۆی جۆرێکە لەهەستکردن، واتە شیعر هەستێکی ناوەکی باڵایە کەتوانای کەشفکردن و پەیبردنی هەیە بەشتە زۆر ناوەکی و تایبەتیەکانی شاعیر. چونکە بەتەنها شیعر ئەو مافەی هەیە کەبێ لێپرسینەوە تەواوی دەهلیزە تاریك و نوتەکەکانی شاعیر بپشکنێ و لەگەڵ خۆیدا خۆی و ئەو شتانەش کە تووشی دەبن رۆشن بکاتەوە. بەمەش شیعر پایەی هەستێکی باڵا وەردەگرێت لەمرڤدا، کە شاعیر دەتوانێت لەڕێگەی شیعرەوە زانیاری دەست بکەوێت لەسەر رەوش و بارودۆخی ناوەکی خۆی.

((شیعر دەرکەوتەیەکی فەردییە، بەمانایاکی تر، سەروکارێکی زۆری لەگەڵ خوددا هەیە [١٣٦]))

هەر بۆیە سەیر دەکەیت بەشێکی زۆر دەروونناسان، ئەدەب دیاریدەکەن لەسەر خوێندنەوەی کەسایەتی و هەوڵدان بۆ ناسینی جەوهەری مرۆڤ، چونکە ئەدەب هەر ئەوە نیشانی مرۆڤ نادات کە کەسەکە هەیەتی و خاوەنییەتی بەڵکو ئەو بیرکردنەوە و پلانانەش دیاریدەکات کە مرۆڤەکە دیاریدەکات بۆ ئایندەی ژیانی خۆی. واتە شیعر هەر باسی ئێستای شتەکان ناکات، بەڵکو باسی ئەوەش دەکات کە لەمەودوا دێتە ئاراوە و دەبێت. ئەرستۆ دەڵێت :(( ئەرکی شاعیر ئەوەنییە باسی ئەو شتە بکا کەبەڕاستی رووی داوە، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە باسی ئەو شتە بکا کە دەشێ رووبدا ))[١٣٧]

تەنانەت ئەرەستۆ جیاوازی شیعر و مێژوو بەوە لێکدەداتەوە، کە شیعر باسی دەبێتەکان دەکات و مێژوو باسی بووەکان دەکات. نەك جیاوازیەکە بگەرێتەوە بۆ ئەوەی مێژوو بە پەخشان بنووسرێت و شیعر بەزمانێکی تر. واتە ئەرەستۆ رۆحی شیعر لەوەیدا دەبینێ کە هەمیشە وەك جۆرێك لەپێشبینی و ئامادەکردنی ئایندەیە لەئێستای شاعیر و شتەکاندا. بەجیاوازی هەموو هەستکردنەوەکانەوە، یەك رووتەختی گشتی هەیە کە هەموو تێرمەکان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە ئەویش ئەوەیە شیعر خۆبەخۆ و تەنیا ئەو هەستە گشتیە باڵایەیە، کە هەستەکانی دیکە دادەپۆشێت و هەموو ئەوانی دیکە لەڕێگەی ئەمەوە خۆیان ئاشکرا دەکەن کە دەتوانین بڵێین (هەستە شیعر) و وەك جۆرێك لە شیعر ناوزەندی بکەین.

** ئەی ئاگر.....** ))

---

[١٣٦] - بەختیار عەلی، گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، گ– رامان، ل٧١، ٢٠٠٢، ل١٥

[١٣٧] - ئەرەستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، ل٣٧

**من لەسەروو هەستەوە هێلانەم دروستکردووە.**

**لەسەروو رامانەوە باسم لەتێفکرین کردووە**

**لەسەروو خوداوە باسم لەمەزنی**

**لەسەروو مرۆڤەوە باسم لەژیان کردووە.**

**من لەجنسی ئەو جەستانە نیم ئاگر بمسووتێنێت... »**[١٣٨]

هەستکردن بەئاگر لەم شیعرەدا هەستکردنێکە کە تێکەڵە لەنێوان خەیاڵ و هەستە جەستەیەکاندا. شاعیر بەهۆی هەستە جەستەیەکانەوە ئەوەی زانیوە کە ئاگر دەسوتێنێ، بەڵام بەهۆی خەیاڵەوە، ئەم هەستە دەبەزینێ و لەخەیاڵدا هەست دەکات ئاگر ئەو ناسوتێنێ، بەڵکو ئەو لەبەر ئەوەی چۆتە سەر و هەستەوە، بۆیە هەست بەسووتانی ئاگر ناکات و ئاگر مانای تر وەردەگرێت و مانا خۆی دەخاتە پێش هەستەکانەوە، بۆیە ئاگر رێگەیەکە بۆ نیشاندانی رووناکیەك لەودیو خۆیەوە.

**« من لەروناکییەك دەدوێم لەودیو ئاگرەوە دەست پێدەکات**

**لەخۆڵەمێشێك دەدوێم پێش بڵێسەکان کەوتووە.**

**ئەوانەی بەم ئاگرانەش دەسووتێن جەستە درۆزنەکانن.... »**[١٣٩]

واتە لای شاعیر جەستە لەجەوهەردا، نزیکی و هاوشانی هەیە لەگەڵ ئاگردا، ئاگر جۆرێکە لەمانا و نیاز بۆ جەستە، بەڵام جەستە درۆزنەکان ناتوانن ئەم دۆستایەتیەی ئاگر بدۆزنەوە، بۆیە دەسووتێن. چونکە ناتوانن قانونی ئاگر بزانن زانینی ئەوان بەهەستەکانە بۆ ئاگر، بۆیە هەمیشە لەنێوان هەستەکان و ئاگردا سووتان هەیە، بەڵام کاتێك خەیاڵ ئامادەدەبێت لەنێوان جەستە و ئاگردا مانا و هاوڕێەتی و بەخشین هەیە نەك سووتان و پوکانەوە و هەڵپروکان. ئەم هەستکردنەش بەشداریکردنی هەستی دەرەوە و ناوەوەیە لەکاتی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ ئاگردا، بەجۆرێك هەست و خەیاڵ پێکەوە و بەهاریکاری یەکتر نزیك بوونەتەوە لەئاگر. بۆ هەستی ناوەکی پەتیش کاتێك شیعر خۆی دەبێتە هەست و جۆرێك لەئاگایی شاعیر دەنووسێت:

**« من هەندێك وشە لەخۆمدا دەبینم، کەلەمێژە دەسووتێن و نابن بەخۆڵە مێش. با**

**وشەکان بسووتێن و تەواوبن، ئەوەی تەواو نابێت رەگی وشەکان و تۆوی رەشی رستەکانە لە**

**خوێنمدا کە ئەبەدیە. ئەوەتەی هەم هەندێك گەڵا لەباغی خۆمدا دەبینم کەپاییز**

---

[١٣٨] - سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە

[١٣٩] - سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە

**دەستی پێیان ناگات. هەندێک گوڵ دەبینم نامرن... منیش تەواو نابم؟ نا... من**

**دەمرم و ئەم هاوارەی ناو ڕۆحمە نامرێت و دەڕوات و ئەبەدییە. هاوڕێم... »**[١٤٠]

شاعیر لەڕێگەی ئەم شیعرەوە، زانیارییەکمان دەداتیٚ لەسەر خۆی، ئەویش باوەڕبوونییەتی بەهێزی خۆی کە هێزێکی نەمر بوونی هەیە لەناویدا ئەگەر هەمووشتەکان و هەموو لایەنەکانی ژیانی پڕبێت لە مردن و بێدەسەلاتی و بچوکی و کەم بایەخی لەبەرامبەر ئەوانیتردا، بەلاَم شتێك هەیە دەسەلاَتێك و وزەیەکی شاراوەی هەیە، کە وادەکات هەندێك وشەی لەیاد نەچنەوە، هەندێك گەلاَی هەیە کەس ناتوانێت دەستی بۆ ببات، شوێنێك هەیە دەسەلاَتی بەسەر هەموو شتەکان هەیە و وەك فەرمانڕەوایەکی بەهێز فشاری گەورە گەورەی هەیە. ئەم هێزەیە ئەم هیوا و بڕوا بەخۆبوونەیە کە وادەکات شاعیر لەگەڵ ڕۆژگارە سەخت و دژوارەکاندا، لەگەڵ ساتە بزر بووەکاندا هەمیشە هەبێت. هاوارێکی ئەبەدی هەیە لەشاعیردا ئەیژێنێت و جیای دەکاتەوە لەخەڵکی تر. وادەکات وەك قۆزاخەیەك هەم بپارێزێت و هەم دەسەلاَتیشی هەبێت بەسەر ئەوانیتردا.

ئەم زانیارییە گرنگە بۆ ناسینی بیرکردنەوەکانی شاعیر و تێگەیشتن لەم شیعرە و دوور لەمانەش ناسینی بەشێك لەکەسایەتی شاعیر، کە ئەم هێز و ئەم باوەڕەی شاعیر بەنەمری ئەو هێزەی خۆی، دوو ڕەهەندی گەورەمان دەخاتە بەردەم، یەکەمیان بوونی هیوایەکی گەورە لەناخی شاعیردا، کە وزەی دەداتیٚ بۆ بەردەوامبوون لەسەر ژیان و نووسین بەگشتی. ڕەهەندی دووەمیان جۆرێك لەسەرسامبوونی شاعیر بەخۆی و بەوەی لەشوێنێکدا بوونێکی ڕەهای هەیە، کە ئەم هەستە لایەنی ئیجابی هەیە ئەویش بەخشینی ئەو هیوا گەورەیەیە بۆ بەردەوامبوونی مرۆڤ لەژیان و درێژەدان بە ململانێیەکانی. لایەنی سەلبیشی ئەوەیە جۆرێك لەکوێربوون دەخاتەوە کەمرۆڤ نزیك دەکاتەوە لە تاکڕەوی و تاك ڕەهەندی و تاك جەمسەری لەبڕیار و هەڵوێست و نووسیندا. ئەمەش وادەکات مرۆڤ یەك بنەمای هەبێت و پراکتیزەی بکات لەسەر فرەڕەنگی شتەکان و بیرکردنەوەکان.

## ٢- نەست و شیعر :-

ئەگەر شیعر بۆ خۆی ئەندامێکی چالاکی ناوچەی هەست بێت ئەوا هەر دەبێت بەدرەوشاوەیی و دەرکەوتوویی بوونی هەبێت. واتە شیعر لایەنی بەدەرکەوتووە لەرەگەزە دەروونییەکاندا، بۆیە دەبێتە دانەیەکی زیندوو لەسەر رووتەختی هەست. مامەڵەکردنی شیعریش لەگەڵ هەریەکێك لەرەگەز و تەرزە دەروونییەکان هەمیشە بەشی دیاری ئەو تەرزە بۆ خۆی دەبات. یان بابڵێین شیعر لایەنە ئامادەبووەکەیە

بەلاَم رەگەزەکە بۆ نموونە وەکو نەست بەشی نادیاری ئەو شیعرەیە، واتە لەجیهانی ناوەکی شیعردا، دوو رەهەندی گەورە بوونیان هەیە، کە یەکەمیان نادیارە و لەڕێگەی رەهەندی دووەمەوە کە دیارە

---

[١٤٠]- بەختیار عەلی، ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن، ل٥٨

بەدەردەکەوێت. ئەمەش بەو مانایە نا کە نادیار و دیارەکە بزربن لەیەکتریدا، بەو مانایەی کە نادیارەکە بتوێتەوە لەناو دیارەکەدا، واتە نەستەکە بەتەواوی بزربێت لەناو شیعرەکەدا، یاخود لە (زمانە شیعریەکەدا) نەخێر... ! بەڵکو نەست هەر دەمێنێت بەڵام بەهاوتەریبی لەگەڵ بەشە دیارەکەیدا ئەم بەشە دەتوانرێت بەتەنیا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وەك مامەڵەکردنی بونیادگەراکان لەگەڵ دەقدا. دەشتوانرێت مامەڵە لەگەڵ بەشە نادیارەکەی دیارەکە بکرێت، وەك میتۆدی رەخنەی دەروونی و دەروونشیکاری کە ئێمە پەیڕەوی دەکەین. هەرچی خاڵی بەهێزی ئەم پێك بەستەیە ئەوەیە، دیار نادیار بەرجەستە دەکات و نادیاریش دیار ئاراستە دەکات. زیاتر لەمەش شیعر خواردنی خۆی لەنەستەوە وەدەست دەخات.

(( هەموو تەرزە فکریەکان لەناوچە قوڵەکانی نەستەوە دیار دەکرێن و دەست پێدەکەن ئەو ناوچەیەش ئەو شوێنەیە کەبوونمان تیایدا هەڵدەگۆزرێ لەگەڵ ورووژاندنە نادیاریەکانی هەڵسوکەوتەکانمان ))[١٤١]

لێرەدا نووسەر (نهاد التكرلي)هەموو بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و بوونی مرۆڤیش بەیەکەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ کاریگەری و دەسەڵاتی هەیمەنییەتی نەست، هەروەها ورووژانەکان بەنەستەوە گرێ دەدات. واتە نەست ئەو بەشە شاراوە و پەنهانەیە کە بۆ هەمیشە ئامادەیی هەیە لەناو بەشی دیاری کارەکانی مرۆڤدا، وەك کردار و نووسین و چالاکی و خەون و... تاد.

هەرچی رەخنەی دەروونشیکاریە، نیازی نزیك بوونەوەی لە دەق ئەوەیە، لەناو ئەو بەشە دیارەدا بەشە نادیارەکە بدۆزێتەوە و پەردەی لەسەر هەڵماڵێت، کە لەپەیوەندی نێوان شیعر و نەستدا، شیعر دەبێتە دەرکەوتە و درەوشانەوەیەکی نەست لەخۆیدا و بۆ گەیشتنە بۆ ماناش. ئەم رێگەیەش فرەمانایی دەخاتە ناو چوار چێوەی مردنەوە، چونکە لەم جۆرە گەڕانەوەدا، دوا مانا و دوا بنبەست بەدەست رەخنەگرەوە دێت و ئاماژەکانی ئەم بەشە نادیارە، وەك رێنیشاندەرێك رەخنەگر دەباتەوە ناو جیهانە نادیارەکەوە و ئیتر کاری ئەو تەواو دەبێت. ئەمە یەکێکە لەو کۆڵەکانەی ئەم میتۆدە خۆی پێ راگیر دەکات.

(( رەخنەی دەروونشیکاری لەسەر ئەوە دەڕوات و ئامانجی ئەوەیە نهێنییەکانی نەستی نووسەر دەربخات، پاشان نەست شرۆڤە بکات بەهۆی دەرکەوتە و جێ پەنجەکانییەوە. ))[١٤٢]

یەکێکی تر لەئەستوندەگەکانی ئەم میتۆدە، هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لەکەسایەتی دووەمی نووسەر ئەویش ئەو کەسەیە کە لەناو نەستدا چوار مەشقی دانیشتووە. کە فەرمان و ئاراستە و گوتە و گفتوگۆی خۆی هەیە لەگەڵ کەسی هەستی (واقعی– یەکەم) ی نووسەردا.

---

[١٤١] - نهاد التكرلي، اتجاهات النقد الآدبي الفرنسي المعاصر، ب ط، منشورات وزارة الثقافة والفنون، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩، ص٣٨

[١٤٢] - نفس المصدر السابق، ص٤٢

شاعیر هەمیشە کەسی دووەمی کەسەکانە، شاعیر کەسی واقعیە، بەڵام لەدەرەوەی کەسی یەکەمی خۆی، واتە شاعیریەت زیاتر گوزارشتە لەکەسی دووەمی کەسەکە، نەك کەسە واقعیەکە چونکە شاعیر نامۆیە لەسەر زەوی، بۆیە هەمیشە رەشماڵی لەخەیاڵ و نەستدا هەڵداوە و شیعر گرنگی خۆی هەیە لەم لایەنەوە.

((رەخنەی دەروونی شرۆڤەی چڕ دەکاتەوە لەسەر کاری دووەمی خۆی ئەویش لێکۆڵینەوە لەکەسایەتی نەستی نووسەر ))[١٤٣]

کە رەنگە زۆر جار جیاوازی گەورە هەبێت لەنێوان کەسی یەکەمی و کەسی دووەمی چونکە کەسی یەکەمی کە لەواقعدا دەژیت. هەمیشە پێوەندە بەیاسا و رێساکانی واقیع. هەروەها پێوەندی ژیان و گوزەران و زەحمەتیەکانییەتی، بۆیە ئاسان نییە کەسی یەکەمی لەباری هاونوێنی کەسی دووەمیدا بێت کە شاعیرە. بەڵام دۆزینەوەی کەسی راستەقینە لەناو ئەو تاکە مرۆڤەدا لەلای دەروونشیکاری بەلای کەسی دووەمدا دەشکێتەوە، چونکە کەسی دووەمی (شاعیر) نیشتەجێی ناو نەست و خەیاڵە و لەجیهانی خەیاڵیشدا لەمپەر و پەرچ و بەربەستەکان هێز و تەوانایی خۆیان لەدەست دەدەن و شاعیریەت جۆرێکە لەژیان لەفەزای ئازادیدا. بۆیە شاعیر بەربەست و رێگرەکان ناناسێت و هەمیشە لەباری فڕیندایە چونکە ئەو نوێنەری جیهانی نەستە و شیعریش دەکاتە ئەوماڵەی کە ئازادیەکانی خۆی تیا بەرجەستە دەکات. بەڵام ئەمە دوا رێگانییە، دەکرێت کەسی یەکەمی و کەسی دووەمی لەباری یەکنوێنی دابن و یەکتر بنوێنن ئەمەش ژیانی شاعیرە راستەقینەکانە، کەواقع و خەیاڵ بۆ ئەوان جیاوازی نییە و لەواقعدا خەیاڵ دەدۆزنەوە و لەخەیاڵیشدا واقع هەڵدەگۆزن. ئێستا لەو پەیوەندیە گەرم و گوڕە ئاگادار دەبین کە لەنێوان نەست و شیعردا هەیە. بەمە شیعر نزیك دەبێتەوە لەمەبەست و ئامانجەکانی خۆی و شاعیر تێدەگات لەخۆی.

کەهیچ شتێك بێ بنەماو بێ هۆنییە. بۆیە دۆزینەوەی مانا لەشیعردا گرنگی خۆی هەیە بەپێی ئەم میتۆدە ((دەتوانین بەهیوایەکی بەرزەوە بنۆڕین بۆگەیشتن بەدوامانای وێنە و ئاماژەکان لەقوڵاییەکانی دەروونیدا))[١٤٤]

لەسەر ئەم بنەمایە دەروونشیکاری زۆر چاوکراوەیە لەئاستی نەست و دەرکەوتەکانیدا، چونکە ئەو باوەڕی بەوەیە نەست کارتێکراو و کارتێکەرە لەبنەمادا.

(( دەروونشیکاری لەبنەمادا ئەوە بەهەند وەردەگرێت، کە کارەکانی هەموو مرۆڤایەتی کاریگەرە بەهێزی نەست ))[١٤٥]

---

[١٤٣] - نفس المصدر السابق، ص٤٧

[١٤٤] - دیفد دینش، مناهج النقد الآدبی بین النظریة و التطبیق، ت : د. محمد یوسف نجم، ب ط، مؤسسة فرنکلین للطباعة والنشر، دار صادر، بیروت، ١٩٦٧، ص ٥٤٦

[١٤٥] - نفس المصدر السابق، ص ٥٢٨

شیعر وەك رەگەزێكی ئەدەبی زۆرترین سەروكاری لەگەڵ نەستدا هەیە، چونكە نەست بۆخۆی جگە لەو بەشە سروشتیەی هەیەتی بەشێكی زۆری پەیوەندی هەیە بەچەپاندنەوە، نەست خۆی لەسەر چەپاندن و لادانی هەست بنیاتدەنێت، كە ئەم هێزە عەمباركراوە وەك ماتەوزەیك مۆڵ دەخوات و لەدەرفەتی جیاواز و لەكاتی تایبەتی خۆیدا دێتەدەر و كۆمەكی شاعیر دەكات بۆ ئەوەی لەشیعردا ئەم ماتەوزەیە كارەكی بكاتەوە. ئەمەش شێواز و چۆنایەتی جیاوازی هەیە، واتە شیعر خزمایەتیەكی نزیكی هەیە بەنەستەوە بۆیە ناتوانین شیعر دابڕین لەنەست و پێكەوە كاردەكەن بۆ پاراستنی هاوسەنگی دەروونی شاعیر.

(( شیعر بەوەدا لەگەڵ كۆمەڵێك جێگای دێرین و ناوەكیدا مامەڵە دەكات سەختتر دەتوانێت نوێگەربێت، شیعر لەخەیاڵ و یادەوەری و زمان و قوڵاییە تاریكەكانی نەستەوە دێت، هەریەك لەم جێگایانەش كەلتوورێكی درێژی هەیە، بەجۆرێك لەجۆرەكان تەنیا مێژووی تاكەكەسی مرۆڤیان هەڵنەگرتووە، بەڵكو مێژووی كەلتوور و مرۆڤایەتیشیان هەلگرتووە ))[١٤٦]

ئەگەر تاكەكەس لەخۆیدا بچوككراوەی كۆمەڵگاكەی بێت، ئەوا تێگەیشتن لەسایكۆلۆژیەت و كەلتووری تاكەكەس بەدیوێكی تردا تێگەیشتنە یاخود زەمینە خۆشكردنە بۆ تێگەشتن لەكەلتوور و سایكۆلۆژیەتی كۆمەڵگاش. واتە شیعر هەر شایەدی نادات لەسەر شاعیر، بەڵكو شاهیدێكی نهێنی و راز پارێزی ناوەوەی كۆمەڵگاشە. چونكە شاعیر زیاتر لەوەی خەڵك هەیەتی هەستیارە بەشتەكان و هێزێكی گەورەی هەیە بۆ پێداچوونەوە بەڕابردووەكان و ئەزموونەكان. شاعیر بەتەنیا دڵئارام نابێت بەوەی مێژوو باسی زام و ئازارەكان بكات، چونكە ئەم گێرانەوە و هەستكردنە لەدەرەوەی شاعیر روودەدات بۆیە دڵی رازی ناكات. شاعیر ناچارە بەوەی خۆبەخۆ و بەتەنیا بەهەموو ئەو ئەزموون و ئازارانەدا دەچێتەوە و شرۆڤەیەكی تر و لەدەلاقەی ترەوە ئەزموونەكان راڤە دەكات كە ئەویش دەلاقەی شیعرە.

((شاعیر توانایەكی نائاسایی لەسەر گەڕانەوەی ئەزموونەكانی بەڕێژەیەكی وەهایە كاتێك ئەزموونە ناخۆشەكانیشی باس دەكات بەڕێك و پێكیەكی وەها زیاتر لەخۆی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شاعیر زیاتر لەئاستی خۆی بەئاگایە[١٤٧]))

ئەم گەڕانەوەیە حاڵەتی هاتنی نەستە بۆ ناو شیعر. لەگەڵ هەموو بەشە چەپێنراو و عەمباركراوەكاندا كە ئەگەر چی ئەزموونە ناخۆشەكانی ژیانی شاعیر پڕن لەژاوەژاو و غەڵبەغەڵب و ناڕێكی، بەڵام شاعیر هەموو ئەم ناڕێكیە رێك دەخات لەشیعردا، بەجۆرێك لەو خەیاڵە ئاڵۆز و تێكەڵ و پچڕ پچڕ و كۆلاژەوە دەگۆڕێت بۆ ماناو

---

[١٤٦] - بەختیار عەلی، گەڕان بۆ ماناكانی دیكەی شیعر، ل١٠

[١٤٧] - أ. أ. رتشاردز، مبادیء النقد الآدبی، ت: د. مصطفی بدوي. ب ط، مطبعة مصر، المؤسسة المصرية العامة للتاليف والترجمة والطباعة والنشر، مصر، ١٩٦٣، ص ٢٤٣

بەخشینی جوانی لەشیعردا. واتە سود لەو ئالۆزی و پەشێویەش وەردەگرێت بۆ بەرهەم هێنانی شیعر ئەم نەستانەش پاڵنەر و ئاراستەکەرن بۆ کاری ئەدەبی گشتی.

(( ئەوپاڵنەرە دەروونیانەی کەپاڵ بەئادەمیزادەوە دەنێن بۆ بەرهەم هێنانی هونەری بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارەزووە کەبتکراو و هەوەسە دەروونییە بەندکراوەکان کە گاریگەری لەسەر ژیانی ئاگایی هەیە کاریگەریەك کە ئادەمیزاد هەستی پێ ناکات هەروەکو فرۆید بۆی دەچێت، چونکە عەقڵی ناوەوە دانەمرکاوەتەوە و لەکار نەکەوتووە بەڵکو بەئاگایە و ئەکتیڤە و کار دەکاتە سەر ژیانی عەقڵی ئادەمیزاد بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات))[١٤٨]

بەڵام لەگەڵ ئەم رایەشدا، کە شیعر کت و مت وێنەی نەست بێت. رای دیکەش هەیە لەناو کایەکەدا کە لەگەڵ ئەو پەیوەندیە بەهێزەی نێوان نەست و شیعردا زۆر جار شیعر بەشی هەست و ئاگایی مرۆڤیش بەکار دەبات بۆ لەدایك بوونی خۆی، بەڵام هەر هێزی نەست وەك رەگەزێك ئامادەبوونی دەبێت لەبەشداریکردنی خوڵقانی شیعردا.

هەروەك مەعروف دەڵێت :-

((لەسەر رەخنەگرە کە هەلسەنگاندنێکی رێککەوتنانە لەنێوان ناوەرۆکی قەسیدەی شاراوە و ئاشکرا بکات چونکە لایەنی دەروونی نەست سەرچاوەی تاکی داهێنانی قەسیدە نییە هەرچەندە بەقەسیدەوەش پەیوەندیدارە، هەموو ئەمانە بەپرۆسەی ئیلهامی شیعری دانانرێ چونکە رەگەزەکانی هۆشیاری بەشێوەیەکی دیار لەپێکهاتەی پرۆسەی داهێنان بەشدارە))[١٤٩]

پەیوەندی نەست و شیعر پەیوەندییەکی لەمێژینەیە کە دەکەوێتە پێش لەدایك بوونی شیعرەکەوە چونکە نەست وەك ماتەوزەیەك لەخۆسازداندایە بۆ دەرکەوتن و درەوشانەوە بەشێکی زۆری لەرێگەی خەونەکانەوە بەتاڵ دەبێتەوە، بەڵام ئەمە کارەکە رایی ناکات بەتەنها شیعر دێتە پاڵ خەون، بەڵام شیعر زیندە خەونێکی ئازادە و شاعیر خۆی خەوبینەر و خەو گێڕەوەیەیە لەیەك کاتدا.

(( خەون و ئەدەب لەبەتاڵکردن دەربازبوون لەحاڵەتی تووش بوون بەنەخۆشیە دەروونییەکان یەك ئامانجن لەدەرکەوتنی بیرەوەریەکانی منداڵی لەبەرهەمە ئەدەبی و هونەریەکان ))[١٥٠]

---

[١٤٨] - د. شکری عزیز الماضی، تیۆری ئەدەب، و: پ. ی. د. سەردار ئەحمەد گەردی،چا یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر،٢٠١٠، ل١٥٢-١٥٣

[١٤٩] - د. کەمال مەعروف، میتۆدی رەخنەی دەروونی، گ - مێرگ، ژ٦٥، ٢٠١٠،ل٩٨

[١٥٠] - هەڵەت بایز رەسول، رەهەندی دەروونی لەچیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغداد، ٢٠٠٦، ل٩٠

بەڵام گەڕانەوەی نەست بۆ (شیعر– ئاگایی) زۆر جار مەرج نییە کت ومت نەستەکان وەك خۆیان بێنەوە، بەڵکو کاتێك دێنە ناو ماڵی شیعرەوە ئیتر شیعر بەکەرەستە و رەمزەکانی خۆی چۆنایەتی دەبەخشێت بەو نۆڕمە نەستیە پەتیانە و بەرجەستەیان دەکات.

« ژمارەی گەمژەکان

**ژمارەی گەمژەکان، لەژمارەی گەڵای درەختەکان و پاساریەکان زیاترن**

**هەموو کۆتری سەرنشینی ئەم دونیایە، ژمارەیان ناگاتە ژمارەی گەمژەکانی ئەم شارە**

**ئەی دۆست... گەمژەکان لێرەدا پادشان. رەخنەگرن، چاکن**

**ماموستای ئیستاتیکان... مۆسیقارن... رۆژنامە نوسن... شاعیرن**

**ژمارەی گەمژەکان، لەژمارەی ئەستێرەکان زیاترن**

**گەمژەکان تادێت زۆرتر دەبن**

**چ سادە دەتوانن بمکوژن.. ئەی دۆست**

**من دەمرم و گەمژەکان بۆ هەتاهەتایە نامرن »**[١٥١]

ئەم بارە دەروونییە لای شاعیر (بەختیار عەلی) پێش ببێتە نەست سەرەتا دۆخی بەریەککەوتن و مامەڵەی شاعیرە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا کە ناڕازیە لەزۆرشت و هەست دەکات ئەمڕۆ گەمژەکان شاعیر و حاکم و مامۆستا و... تاد. پاشان ئەم رەخنەیەی وەك حاڵەتی واقعی دەرنەبڕیوە، بەڵکو چۆتەوە ناو دەروونی شاعیر و وەك خەمێك لەخۆیدا هەڵیگرتووە، پاشان لەم شیعرەدا لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (گەمژەکان) هەموو ئەو بارە نەستیەی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو هەست و قسەی دڵی خۆی دەکات لەڕێگەی ئەم شیعرەوە. بەختیار ناشرینییە نەستیەکان دەهێنێتەوە سەر نمایشگای ئاگایی (شیعر) بەڵام وەك پرۆسەی گواستنەوە و دانەوە، کارەکە یەك بنەمای هەیە لەهەردووکیاندا.

**« هەموو پلانم ئەوەیە دوژمنەکانم سەرکەون، شادبن، غەریزەکانیان لەمردنی من تێربکەن**

**هەموو نیازم ئەوەیە باڵندە برسیەکان، ئەوانەی رق لەناوەوە دەیانخوات، لەدەوری**

**لاشەکەی من کۆببنەوە، خێڵە سیاپۆشەکان بێن و لەدەوری لاشەی من هەڵپەڕن، باغە**

---

[١٥١]- بەختیار عەلی، ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن،ل ٤٩

شەڕانگێزەکان لەبرینی مندا گوڵی خۆیان بدۆزنەوە.  من لەگەڵ هەموو جۆرەکانی خیانەت

ودڵڕەقیدا لەپەیماندام، من بکەن بەرەشنوسی خۆیان، من بکەن بەلابوری خۆیان

بەدەست و خەتی خۆیان تادەمرم، خوێنی من بنوسنەوە »[١٥٢]

شاعیر کاتێك نەستی پڕدەبێت لەدوژمنەکانی خۆی و کاتێك دەکەوێتە ناو شەڕ و هەراوە ئەگەری ئەوە هەیە بۆ ماوەیەك ئەویش شەڕبکات و غەریزەی مەرگ بەدوژمنەکانی تێربکات، بەڵام شاعیر باش دەزانێت ئەم شەڕە بردنەوە و دۆڕاندنی یەکە، چونکە شەڕێکە نەسەرەتای هەیە نەکۆتا، بۆیە شاعیر بۆ پاراستنی هاوسەنگی خۆی و قوتار بوون لەو فەوزایە باشترین شت وازهێنانە.

جا بەکوشتنی خۆشی تەواو بێت، چونکە ئەم وازهێنان و کوشتنە ئارامی و ئاشتی بەدوای خۆیدا دەهێنێ بۆیە دەڵێت با دوژمنەکانم شادبن ئەم شادبوونەی دوژمن و خۆخستنە بەردەستی شاعیر بۆ دوژمنەکانی لەویوەیە، کە لەناوخۆیدا جێگەیەکی تری دۆزیوەتەوە بۆ نیشتەجێ بوون، بۆیە باکی بەوێران بوون و کوشتنی ئەو (خودە) نییە کەپێشتر بەرگری لێکردووە و شەڕی لەسەر کردووە.

بۆیە کاتێك سەیر دەکەیت ئەم نەستە پڕ لەئاژاوەیە، کاتێك لەم شیعرەدا دەردەکەوێت جۆرێك هێمنی و ئاسایش بەدوای خۆیدا دەهێنێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی شاعیر لەنەستی خۆی لەم بارەدا چونکە هەست دەکرێت جۆرێك لەئاگایی ئامادەیی هەیە لەپاڵ ئەم نەستەدا.

### ٣- ( **ئەو** ) **و شیعر**:-

بەوەدا ئەو نیشتەجێی ناو جەستەی مرۆڤەو واقیع یەکەمین وێزگە و دواهەمین وێزگەیەتی هەروەها شیعریش خەمکی جیهانێکە لەدەرەوەی واقیع و هەمیشە رەشماڵی خۆی لەجیهانی خەیاڵدا هەڵداوە، بۆیە ئێمە لەبەردەم دوو رەگەزی جیاوازداین یەکیان لەسەر واقیع خۆی بینا دەکات و هەرچی شیعریشە لەسەر وەهم گەمەکانی خۆی درێژ دەکاتەوە، ئێستابا بزانین چۆن ئەم دوو رەگەزە دەکەونە ناو پەیوەندی و چۆن لەپاڵ یەکتردا دادەنیشن.

سەرەتا ئەوەمانزانی (ئەو ) سەردابێکە پڕە لەرەمەك و حەز و ئارەزووەکان، کە بەبڕوای فرۆید زۆربەیان سروشتین و مرۆڤ کە هەر لەمنداڵیەوە خاوەنیانە.

ئەم کۆمەڵیەش لایەنی ئاژەڵی مرۆڤەو یاسا و کلتوور و ئادابەکان ناناسێ، بەڵام واقیع هەروا سادەو خۆش رێگانییە. بۆ ئەوەی (ئەو) خۆی باوێتە ناو جیهانی هەستیەوە. بۆیە کۆمەڵەکەی ئەو تووشی چەپاندن و

---

[١٥٢] - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦

دەرکردن دەبن لە واقیعدا بەڵام سروشتی مرۆڤ وەهایە هەمیشە جێگرەوەی هەیە بۆ حەزە لەدەست چوو و خەفەکراوەکان ئەویش جیهانی خەیاڵ.

لێرەوە بەشیعر دۆستایەتی خۆی دەست پێدەکات لەگەڵ ئەودا. وەك ئەوەی گرێبەستێك ببەستن بەوەی هەرچی لەئەودا چەپێنراو شکایەوە شیعر بیگرێتە خۆی، ئیتر ئەم جۆرە لەشیعر پڕە لەو هێزە مەرگ دۆستی و ژیان دۆستیانەی لەئەودا بوونیان هەیە.

(( چالاکی ئەدەبی هیچ نییە جگە لە گوزارشتکردن لەو حەزانەی کەلەجیهانی شتەکاندا دانامرکێنەوە، بۆیە بڵاوە دەکەن بۆ جیهانی وەهم و خەیاڵ بۆ دامرکانەوەیان ))[١٥٣]

بەڵێ ! ئەدەب بەگشتی شوێنی خواستنی خواستنەکانە، جا جیاوازی نییە ئەم خواستانە خواستی دەروونی بن یان بایەلۆژی و جەستەیی، چونکە ئەم هەموو خواستانە خاوەنی فشاری خۆیانن بۆ سەر مرۆڤ.

هەر بۆیە شاعیر لەیەك کاتدا نیشتەجێی نێوان دوو جیهانە. ئەویش جیهانی خواستە بەدیهاتووەکان و جیهانی خواستە بەدینەهاتووەکان، ئەوەی بەدیدێت شاعیر وازیان لێدەهێنێ بەڵام خواستە بەدینەهاتووەکان شاعیر دەکەنە ئەو گەڕیدەیەی کە بیانگوازێتەوە بۆ ناو ماڵی شیعر. شاعیر راگوزەرە لەنێوان جیهانەکاندا هەمیشە خەمی ئەو خەمی خواستە بەدینەهاتووەکانە هەر بەوەندە ناوەستێ ئاشکرایان بکات بەڵکو جیهان و شوێنگەشیان بۆ دەدۆزێتەوە تا بەرجەستەبن. با بە خەیاڵ و وڕێنەش بێت شاعیر هێندەی رابردووی هەیە لەگەڵ خواستە بەدینەهاتووەکاندا. هێندە ماوەی ژیانی نییە لەگەڵ خواستە بەدیهاتووەکاندا، چونکە خواستە بەدیهاتووەکان لەگەڵ بەدیهاتنیاندا دەمرن و دەگەنە کۆتا، بەڵام خواستە بەدینەهاتووەکان شاعیر هەراسان دەکەن و داوای بەدیهاتن دەکەن لەشاعیر.

(( هونەر گۆڕینی خواستە واقیعەکانە، کە هونەرمەند نایانگاتێ بۆ خواستی خەیاڵی ))[١٥٤]

هەرچی (ئەو)ە، لەدوو شوێنی جیاوازەوە هێرش دەکاتە سەر شاعیر یەکەمیان رەمەکەکانە وەك رەمەکی سێکس و خواردن مەرگ و ژیان و... تاد. دووەمیان حەز و خولیاکانە،بەهەردوو بارەکەدا شاعیر دەخەنە ژێر فشاری خۆیانەوە.

کە هەردووکیان بۆ گەیشتنە بەو هیوایەی خەیاڵ بۆشاعیر دروست دەکات، ئەمەش بەخشینی جۆرێکە لەچێژ بۆ شاعیر جا چ بەدیوە جەستەیی یان دەروونییەکەی بێت. جا بەشێك لە خواستانە سروشتین و بەشێکیان دەستکردن و لەئەنجامی ئەزموون و تێکەڵی دەرووبەرەوە دروست دەبن بۆ مرۆڤ [١٥٥].

---

[١٥٣] - حيدوش احمد، الآتجاة النفسى فى النقد العربى الحديث، رسالة الماجستيَر، جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص١٩

[١٥٤] - نفس المصدر السابق، ص١٩

[١٥٥] - بڕوانە:— د. شكرى عزيز الماضى، تیۆری ئەدەب، و: پ. ی. د. سەردار ئەحمەد گەردی، ل ١٦٦

ئەم ئەزموونە و تێکەڵ بوونە هەمیشە لەگەڵ خۆیدا خەون دەهێنێ، کۆمەڵێك خواست دەهێنێ کە مەرج نییە شاعیر خۆی لەسروشتی خۆیدا هەبێت بەڵکو ئەم سەرئەنجامی سەرسام بوونە بەدنیای دەوروبەری خۆی یاخود لەئەنجامی ئەو گرفت و کێشانەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا مرۆڤ رووبەڕووی دەبێتەوە هەموو ئەمانە پێکەوە چاوە و ئیلهامی شاعیرن بۆ گەورەکردن و فراوانکدنی جیهانەکەی خۆی کە ئەمیش شیعرە.

((چێژ بەپێی تیۆری ئێمە کۆمەڵێك گیروگرفتی ئەرێنی ونەرێنییە کەرەمەکەکان وەك چاوگێك ئاراستەی دەکەن بۆ تێربوون))[١٥٦]

واتە مەرج نییە لایەنی ئەرێنی لەخۆی بگرێت. نەخێر! بەڵکو زۆر جار مرۆڤ هەیە چێژ لە کوشتن و ئازاردانی بەرامبەر وەردەگرێت. یاخود چێژی تۆڵەکردنەوە یان ئەزیەتدانی خەڵك، هەموو ئەمانە بۆ خۆیان سەلمێنەری لایەنی ئەرێنی و نەرێنی چێژن، بۆیە مەرج نییە چێژ هەمیشە خۆش و باش بێت، بەڵکو خۆشی هەیە بەڵام باش نییە، چونکە (ئەو) وەك گوتمان لایەنی ئاژەڵی لەخۆدەگرێت لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك لایەنی باشیشی هەیە، وەك هێزی بیناکردن و بنیاتنان، بەڵام کاتێك ئەم ئاژەڵپەرستیە بووە یەکەمین چێژی مرۆڤ ئەوا کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێ، ئەویش شکاندن و تێکدانی شتەکانە یاخود خوێن رشتن و تێکەڵکردنی شتەکان بەخۆیەوە گرێ دەدات. ئەم جۆرە لەشیعر لە راستیدا هەرچەندە پڕ بێت بەوشەی جوان و ناسك هەمیشە لایەنێکی ناشیرینی و دزێوی لەخۆی دەگرێت، هەروەها ئەم بنەمایە کێشەیەکی لەمێژینە زیندوو دەکاتەوە لەسەر ماهیەت و جەوهەری شیعر. کە ئایا شیعر ئیلهامە یاخود ئەم بارە دەروونیانەیە.

( احمد کمال زکی) زۆر بەتوندی دژی ئەوە دەوەستێتەوە کە شیعر ئیلهام یاخود سروش یان شتێکی پیرۆز بێت، چونکە ئەو باوەڕی وەهایە مادام شاعیر مرۆڤە و لەگەڵ مرۆڤدا دەژیت، بەدەر نییە لەکار و کاریگەری بۆیە رەخنە لەوانەش دەگرێت کە کاتێك باسی شاعیر یان شیعر دەکەن، هیچ ئەوە بەهەند وەرناگرن کە دەوروبەر و ئەزموونەکان کاریگەر و کارتێکەرن لەسەر ژیانی شاعیر و شیعر.

چونکە ئەم ئەزموونە با زۆر کۆن بێت یان هی سەردەمانێکی منداڵی و لەیادچووبێت. یاخود حەزێکی ونبوو بێت. چونکە شیانی ئەوە لەشیعردا هەیە کەهەموو شتە بزربووەکانی شاعیر جارێکی تر زیندوو ببنەوەو سەردەر بهێنێت لەدوای فەوتان و لەناو چوونیان دیارە ئەمەش لەشیعردا نەك لەواقعدا.

تەنانەت زۆر دژی ئەوەش دەوەستێتەوە کە شیعر بارێکی دەردراو و بۆ هاتن بێت، چونکە ئەو لەسەر ئەو رایەیە کە شیعر هەمیشە دانابڕێت لەخواستەکانی شاعیر یاخود جیهانی دەوروبەر و ئەو ژینگەیەی شاعیر

[١٥٦]- أ. أ. رتشاردز، مبادىء النقد الآدبى، ت: د. مصطفى بدوي، ١٤٥

تیایدا دەگوزەرێت. بەڵام لەپاڵ ئەم ڕا سەختەیدا. دژی ئەمەش دەوەستێتەوە کەشاعیر بەشێوەیەکی پیشەگەری و بەدەستی ئەنقەست هەستێت بەدروستکردنی وێنەو نووسینی شیعر [١٥٧].

بەڵکو هەردەبێت ئەو هاوسەنگی و هارمۆنییەتە بدۆزێتەوە کەهەم لەلایەکی بۆهاتن بێت و شاعیر بەویستی خۆی وێنەکان نەسازێنێ، لەلایەکی تریشەوە نابێت شیعر دابڕێت لەواقیع و ببەسترێتەوە بەئاسمان و سروش و ئیلهامەوە. بەم پێودانگە شیعر بەرئەنجامی ئەو ژیان و ناسۆرانەیە کەشاعیر ئەزموونیان دەکات.

ئەم بنەمایەی د. احمد کمال ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات زیاتر لەپەیوەندی نێوان (ئەو) و شیعر تێبگەین. کە چۆن شیعر لەگەڵ کۆمەڵەی ئەودا، هاوپەیمان و هاوئاهەنگە. بەتایبەت کۆمەڵەی خواستە بەدینەهاتووەکان ئەم جۆرە لەشیعرە. شیعرێکە پەیوەستە بەحەزە شەڕانگێز و ئاشتی خوازەکانی شاعیرەوە. یاخود ئەزموونە تاڵ و شیرینییەکانەوە، کە پێدەچێ جارێك جوانی بخوڵقێنێ و شتەکان ریزبکات بۆ گەیشتن بەچێژ، یاخود کاردانەوەی خۆی نیشانبدات لەسەر یارە بێ وەفا و سەرکردە درۆزن و ئەو کەسانەی ڕۆژێك شاعیریان بریندار کردووە (ئەو) وەك هێز وەك دەمووچاوێکی ترسناك خۆی نیشان دەدات لەناو ئەو شیعرەدا و ئەو ڕێژیدەکات.

**«                    بایار لەماڵ دەرکەین**

**بایار لەماڵ دەرکەین، دەریکەین وەك دەرکردنی گورگێك لە**

**دارستان... باوەك سەگێکی پیر بیدەینە بەر گوللە... وەك**

**گزگلێلی چکۆلە بیخەینە خوار. با چڵکی ئەمرۆمان بە**

**کراسەکانی بسڕین... خوێنی خۆمان بسووین لەدامێنی... درۆ بۆ**

**شەڕەفی ڕێکخەین... هیجا لەحەیای بخوێنین... باماڵی**

**بکەینە تەویلە... یادی پڕکەین لەزبڵێ زبڵستان... شەوی پڕکەین**

**لەدرکی لەچەقۆ بەدتر... نوێژی پڕکەین لەکوفری کوفرستان**

**با دەریکەین... دەسنوێژی بەئەتک بشکێنین... لەبەر چاوی دونیا**

**نیقابی پێلادەین... عەورەتی لەبەردەم ئەم ئاگرە رووتکەین...**

---

[١٥٧] - بڕوانە:- د. احمد کمال زکی، نقد دراسة وتطبيق، ب ط، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، المؤسسة المصرية للتأليف والنشر، ١٩٦٧، ص١٠٨-١٠٩

**لەبەر چاوی خودا بیدەینە دەست فاسیق... لەبەر چاوی خودا**

**شەیتانی لیٚ جووت کەین... »**[158]

شاعیر لەم شیعرەدا، پێچەوانەی شاعیرانی دیکە، کەهەمیشە (یار)ی خۆیان دەپەرستن و دەیکەنە سەرچاوەی ئیلهامی شیعر و هەموو جوانییەکانی خۆیان، بەڵام بەختیار عەلی لێرەدا رقی خۆی و هەموو غەریزە و کۆمەڵەکانی (ئەو)ی خۆی دەبارێنیٚ بەسەر یاردا، دیارە (یار) لێرەدا هیچ نییە جگە لە (کچێك) یاخود رەگەزی بەرامبەر کە شاعیر بێزارە لەوەی ئیتر بەباڵای یاردا هەڵبڵێت و ئەمجارە لەم شیعرەدا هەموو جوانی و پیرۆزیەکانی لێدەستێنێتەوە و دەیداتە بەر رقی تۆڵە و بوغزی خۆی بەرامبەر بە(یار) ئەمەش دوو رەهەندی هەیە.

یەکەمیان هەوڵدانی بۆ دەربازبوونی شیعر و ئیلهام لەدەسەڵاتی رەگەزی بەرامبەر کەهەر رقی رەگەزی بەرامبەریشە بۆتە چاوەی ئەم شیعرە. دووەمیان شاعیر ناتوانێت شیعری خۆی ببەستێت بەشوێنێکی ترەوە لەدەرەوەی دەسەڵاتی (یار) کە هێزی (ئەو) لەشاعیردا دەبزوێنیٚ، دەیەوێت (یار) بکوژێت، چونکە باش دەزانێت کە(یار) چۆن فکر و خەیاڵی داگیر کردووە و ناتوانێت بیٚ بوونی ئەو هەنگاو هەڵێنیٚ.

بۆیە لەم شیعرەدا دەیەوێت بەشەڕ و بەحەیابردن و کوشتن وابکات (یار) دورکەوێتەوە لەخەیاڵی، واتە دەریدەکات لەناو خۆیدا. بەڵام نازانێت دەرکردنی یار بەدەرکردنی نییە بەڵکو بەوەیە کە ئێمە خۆمان جێی بهێڵین، نەك وابکەین ئەو بەجێمان بهێڵێت بۆیە شاعیر ناتوانێت خۆی لە(یار) رزگار بکات لەگەڵ ئەو هەموو قەساوەت و شەڕانگێزەی خۆیدا. چونکە دەسەڵاتی (یار) دەسەڵاتێکی دەروونییە و لەخەیاڵدا هێزی خۆی دەخاتە کار.

بۆیە دەرکردنیشی هەردەبێت لەناوەوە دەربکرێت نەك بتۆرێنرێت و بریندار بکرێت بۆ ئەوەی بڕوات. بەڵام شاعیر گیرۆدەیە و ئەمجارە دەیەوێت بەفشارەکانی (ئەو)ی خۆی (یار) رووت بکاتەوە و لەشەیتانی جووت بکات و عەورەتی بەرەڵا بکات وەك سەگ بیتۆپێنیٚ ئەمەش ئەو رێژکردنی شیعرە لای بەختیار عەلی کە (ئەو)ی هێندە ئاڵۆزە. سزای جەهەندەمی و حەیابردنێکی وا حەیای (یار) دەبات کە تەواو ئەو تێر دەکات. .

**« بایار لەماڵ دەرکەین... دەریکەین وەک دەرکردنی پشیلە لە حەوشی ماڵ**

**دەریکەین و بیبەین و بڵێین بخنکیٚ ئەی خراپترین یار. بڵێین**

**باکرمە رێز بێت ئەم گۆشتە بەسەرمای زەمهەریری ئەمساڵ**

**بیخەینە سەر ئاگر ئەم دەستە...**

---

[158] - بەختیار عەلی، تاماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، ل٤٣٠

**بیکەینە پیاڵەوە ئەم خوێنە... فڕێیدەینە سەر شۆستە وەک دز**

**وەک چیرۆک... وەک قەحبەی رووت و رەجاڵ... »**[159]

ئەمەش مایەی ئەوەنییە، کەشاعیر بۆخۆی لەواقعدا ئاوایە کەلەم شیعرەدا، سزا و شەڕانگێزییەکانی خۆی نیشاندەدات، بەڵکو ئەمە نووسینەوەی خەیاڵەکانی خۆیەتی و بەس، کە چۆن کاتێك (ئەو) دەبێتە بزوێنەری خەیاڵ، زەینی مرۆڤ دەبێتە جیهانێکی سەیر و سەمەرە، کە پڕە لەشەهوەت و کوشتن و ناشرینی و خوێن و... تاد. بۆیە شاعیر (یار) دەکاتە پشیلە و قەحبە و دز و چرووك و... تاد. ئەمەش هەمووی هەوڵی شاعیرە بۆ رزگاربوون لەدەسەلآتی (یار) بەلآم ئەم رێگایە ناتوانێ شاعیر رزگار بکات لەو بارە خراپەی تیایدا دەژیت. هەر بۆیە دواتر ناتوانێت دەست لە(یار) بەربدات، ئەگەر چی بەخەیاڵیش بێت، چونکە ئەم حاڵەتەی شاعیر حاڵەتی تێگەیشتن نییە لەیار، بەڵکو حاڵەتی توڕەبوونە بۆیە پاش دامرکانەوەی ئەم توڕەییە جارێکی تر لەخەیاڵدا لەبەهاردا (یار) ئامادە دەکاتەوە. چونکە شاعیر هێشتا لەژێر سحری یاردایە.

**« بایار لەماڵ دەرکەین... دەرگا بەدەرگا و ماڵ بەماڵ بایار لەماڵ دەرکەین**

**بێ یار... باماڵ پڕکەین لەمەحبەت و عەشق و ئەڤینی خەیاڵی ئەو**

**بێ یار... پڕکەین لەبوغردو گوڵاو و میسکی بەهاری ئەو...**

**دەریکەین و بەتارماییەکانی بڵێین فەرموون بۆ جینانی دڵ**

**دەریکەین و بەسێبەری بێژین وابەخێر... بۆ رەوزی عاشقانی دڵ »**[160]

سێبەر و تارماییەکانی (یار) ئەو دەسەڵاتە بەهێزەی یارە بەسەر شاعیردا، بۆیە ناتوانێت خۆی رزگار بکات لە دەسەڵاتەکانی یار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی بنەڕەتی، یەکەمیان بەهێزی (ئەو)ی شاعیر کە دەسەڵاتی خۆی سەراپاگیر دەکات، دووەم جۆرێك لەهۆگری شاعیرە بۆ کۆمەڵە و خواستەکانی (ئەو)ی خۆی، چونکە لەبەر ئەوەی شاعیر ناتوانێت (ئەو)کۆنترۆڵ بکات لەناو خۆیدا، هەر بۆیە ناشتوانێت شەڕی یار بکات لەدەرەوە. واتە شاعیر دیلی غەریزەکانی خۆیەتی لەخەیالەکانیدا، بۆیە لەدەرەوەش دیلی شەڕ و نەهامەتیەکانی یارە شاعیر ناتوانێت دەست لەئەوی خۆی بەربدات بۆیە ناشتوانێت وابکات یار دەستی لێبەربدات.

شاعیر لەشیعرێکی تردا درێژە بەنووسینەوەی خەیاڵەکانی خۆی دەدات لەژێر فشاری (ئەو)داو دەنووسێت :

---

[159] - سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣١

[160] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٢

**« پڵنگێک لەمندایە غەریزەی بەدی هەموو جانەوەرەکانی خوێندووە**

**حەزی بەمردنە لەناو لقە بەرزەکانی درەختدا...**

**حەزی بەبازدانە لەسایەقەی شەوەوە کە ڕۆحکێشانی نێچیر**

**لەسەر ڕەنگی شەونم دیارە. .. بەرەو بارانی بەیانی کە خەندەی**

**راوچیان لەسەر دڵۆپەکان هەڵکەنراون. دەڕوات تا لەنزیک**

**گۆمە بێبنەکانی منەوە بمرێت... چەمەخۆڕەکانی من**

**بانگیدەکەن و ئەو تادێت نزیکدەبێتەوە... دێت و تادێت. من**

**زیاتر دەچمە ناو گۆمەکانی چێژ و سادییەتەوە... دێت و تادێت**

**من زیاتر حەز بەخواردنی کەرتێکی مانگ دەکەم... کە دەگاتە**

**بەردەمی پەرستگام خوارەکانم لەناکاو بەرز دەبنەوە... خوێنم بە**

**رووی شەوەزەنگدا دەڕژێت... تا نزیکتر دەبێتەوە پتر حەز لە**

**تامکردنی ئینسان دەکەم... پتر حەز لە خەوتنی**

**وەحشیانە دەکەم... لەگەڵ مێینەی هەموو مەخلوقاتەکاندا...**

**دێت وتادێت من زیاتر... لەزەت لە وێرانەیی دەبینم... »**[١٦١]

ئەو پڵنگەی ناو شاعیر، کە حەز بەسادییەت و کوشتن و خەوتن لەگەڵ هەموو مێینەکاندا دەکات کە حەز بەخواردنی مانگ و گۆشتی مرۆڤ دەکات. هیچ نییە جگە لە (ئەو)ی شاعیر، کەچۆن وەك گورگێگی برسی خەیاڵەکانی شاعیر پڕ دەکات لەوێرانی و حیکایەتی ئاڵۆز..

شاعیر لەڕێگەی پڵنگەوە گوزارشت لە (ئەو)ی خۆی دەکات، ئەمەش وەك جۆرێك لە ئەهوەن بوونەوەی شاعیرە بەرامبەر بەخۆی، هەروەها شاعیر لەڕێگەی ئەم شیعرەوە زانیاری لەسەر ئەو بەشەی ناوخۆی وەدەست دەخات، کەچەندە وەحشیە گەر بێت و مرۆڤ بەرەڵای بکات هەموو دنیا وێران دەکات هەروەها لێرەشەوە بەشێکی ترسناکی ناو شاعیر بۆ ئێمە ئاشکرا دەبێت کە بەشێکی بەهێزە و (ئەو)ێکە، کە هەمیشە

---

[١٦١] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٠، ٤١١

پێویستی بەکوشتنە بۆ لەزەت و هەمیشە پێویستی بەسادەییەت و شەڕە  بۆ ئەوەی درێژە بەخۆی بدات. ئەم شەڕە لەناو زۆربەی شیعرەکانی شاعیردا ئامادەیی هەیە.

ئەمەش لاوازی شاعیرە لەبەرامبەر ئەودا.  بەڵام لەم شیعرەدا هەوڵ دەدات ئەو بەشە ئارام بکاتەوە بەوەی لەم شیعرەدا زەمینەی بۆ دەسازێنێ.  شیعریش گەمە و زمانە بۆیە شاعیر بێ باکە لەهێرشەکانی (ئەو) چونکە سزاو چاودێری نییە، هەتا تووشی لێپرسینەوەببێت بۆیە بەهۆی ئەم شیعرەوە باری خۆی سوك دەکات لەبەرامبەر ئەو هەموو فشارە بەهێزەی (ئەو)دا.

ئەم شیعرەش هیچ نییە جگە لەبەتاڵکردنەوە و دارشتنی (ئەو).  وێنە و وشە و خوازەکانیش هەمووی دۆزینەوەی دەرگای تر و دەروازەی ترە، بۆ ئەوەی (ئەو) باشتر و بەچڕ و پڕتر خۆی باوێتە ناو شیعرەوە کە واقعێکی سەر و هەستیە و مایەی سەر ئێشە نییە بۆ شاعیر، بەڵام شیعر داگیر دەکات بەخۆی و وادەکات شیعر کۆتی دەستی رەمەکەکانی (ئەو) بێت نەك رۆحی شیعر خۆی.

## ٤_ بزربوونی من لەشیعردا :-

ئەگەر شیعر دەروازەیەك بێت بۆ دەرکەوتنی (ئەو) ئەوا (من) وەك بەشێك لەپێکهاتەی دەروون دەبێت خۆی بناسێنێ، ئایا دەکەوێتە کوێی ئەم هاوکێشەیەوە.  چونکە ئەوەمان زانی لەسەرەتاوە کە (من) پارێزەری کەلتوور و ئادابە گشتیەکانە.  هەروەها جۆرێکە لە کۆت و پێوەند بۆ سەر (ئەو) کە ئازادانە خۆی نەکاتەوە بەناو کار و گوفتاری مرۆڤدا.

چونکە (من) ترسی واقیع و ترسی لەدەست دانی کەسایەتی مرۆڤ هەردوو بەیەکەوە مرۆڤ و بەتایبەت رەمەکەکان و خواستەکانی ناو (ئەو) دەکەونە ناو سنور بۆ دانانەوە، بۆیە کۆمەڵێك هیوا و شتە زۆر کەسیەکان و خواستەکان دەمێنەوە. [١٦٢]

شیعریش وەك بەشێك لەئەدەب، کۆمەکی خۆی وەردەگرێت لە دەزگا دەروونییەکان کە ئەمەش شتێکە ناتوانین ئێمە بەرەهایی رەتیبکەینەوە یاخود بنبەستی بکەین، چونکە ئەم خورادن پێدانە لەدەروونەوە بۆ شیعر بەردەوامی هەیە، بینا لەسەر ئەمەش رەخنەی ئەدەبی بەهاو ئەرزەشی داناوە بۆ تێگەیشتن لەشیعر لەسەر بنەمای دەروون.

(( کارتێکردنی سایکۆلۆژیانە لەسەر ئەدەب شتێکە مایەی نکۆڵی لێکردن نییە، لای رەخنەی ئەدەبیش بەپێی پێودانگی خۆی نرخ و بەهای خۆی هەیە ))[١٦٣]

---

[١٦٢] - بڕوانە: د. غنیمی هلال، في النقد التطبیقي و والمقارن، ب ط، مطبعة نهضة مصر، دار نهضة مصر للطبع والنشر الفجالة، القاهرة، ب سنة، ص ١١٢-١١٣

هەروەها زیاتر لەمەش شیعر خەون ئاسا هەولّی تێکشکانی بەربەست و هەموو دەسەڵاتەکانی (من) دەدات. بۆ ئەوە مرۆڤ خاڵی بێتەوە لەهەموو ئەو بیرۆکە و خەیاڵانەی سەر بە کوانووی دەروونن.

واتە شیعر سەر و کاری لەگەڵ ئازادیدا هەیە، بۆیە هەولّی سەرسەختانەی هەیە بۆ تێکشکانی بەها و کۆت و زنجیرەکان شیعر هەمیشە رۆحێکی یاخیبوونی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، کە نەك هەر یاخی دەبێت لەشتەکان بەڵکو شیعر پێش شتەکان یاخیە لەخودی خۆی، تازەگەری و لەدایك بوونی قۆناغە شیعریەکان بەرهەمی کودەتاکانی شیعرە بەسەرخۆیدا. هەروەها جەنگێکی دوورودرێژ و نەبڕاوە هەیە لەنێوان شیعر و هەموو ئەو شتانەی شیعر داوەتی سەرخوانی خۆی دەکات، چونکە شیعر کاتێك داوەتی شتەکان دەکات بۆ ئەوە نییە کە وەك خۆی بیانپارێزێت، بەڵکو بۆ کەشفکردن و شکاندن و زۆر جاریش هەڵوەشاندنەوەیانە. بۆیە بوونی (من) لەشیعردا هەمیشە بەلاوازی دەدەکەوێت و هەمیشە (من) و (شیعر) لەململانێی گەورەدان بۆبزرکردنی یەکتر، چونکە (من) شەڕی خۆی ناکات بەڵکو هەڵگر و نوێنەری واقیعە و ئەم نوێنەرە بەدوور نییە لەشۆڕشەکانی شیعر و هەڵوێستەکانی، بەڵام تۆخکردنەوە و کاڵکردنەوەی (من) لەشیعردا دەکەوێتە سەر (شاعیر) ئەگەر لەخۆیدا هەڵگری رۆحێکی یاخیگەربوو هەمیشە پرسیاری هەبوو لەکەلتوور و لەتابۆ و لەهەموو کۆت و پێوەندەکان ئەوا (من) لەشیعرەکانیدا هەمیشە نەك هەر بزرە بەڵکو هەولّی کوشتنی دەدرێت.

چونکە (من) لەشیعردا دەبێت خۆی بێبەری بکات لەوەی ببێتە دەم و چاوی هێزەکانی واقیع و وەك قاوغێکی بەتاڵ بمێنێتەوە هەتا شیعر پڕی بکاتەوە نەك واقیع، بەبارێکی تردا گەر (شاعیر) بۆخۆی بەشێك بوو لەکەلتوور و داب و نەریتەکان یاخود هەڵگری هەمان سیستەمی واقیعەکە بوو ئەوا (من) بە بەهێزی خۆی نیشان دەدات و زیاتر لەمەش شیعری ئەم شاعیرە بۆ بەرگریکردنە لەشتە پیرۆز و بەموقەدەسکراوەکان، هەروەك ئەو شیعرانە لەدەرباری شا و سوڵتانەکاندا وەك پیاهەڵدان دڵی پاشایان خۆشکردووە. واتە دەرکەوتنی شیعریەتی شیعر پەیوەندی نییە بەکاڵی و تۆخی (من)ەوە، چونکە بەهەردوو بارەکەدا خاڵێك هەیە بۆ رەخنە و گفتوگۆ.

ئەگەر شیعرێك (من)ی بزرکرد بۆ ئەوەی (ئەو) دەربکەوێت لەناویدا ئەوا ئەم شیعرە دەبێتە شوێنی بەرجەستە بوونی خواستە بەدینەهاتووەکان ئەمەش دەبێتە دوا مانا و دوا مەنزڵی ئەم شیعرە با وشە و وێنەکانیشی پڕبن لەرەوانییەت و جوانی لێرەشدا هاوتەریب بەتۆخکردنەوەی (من) شیعریەتی شیعر دەکەوێتە ناو مەترسیەوە، چونکە (( شیعر وەك خەون دەبێتە مایەی دەرکەوتنی رەمەکە چەپێنراوەکان و بەشێوەیەکی باشیش ئەم کارە دەکات. ))[١٦٤]

---

[١٦٣] - محمود البستاني، في النظرية النقدية، ب ط، ب م، وزارة الأعلام مديرية الثقافة العامة، ١٩٧١، ص١٢٣

[١٦٤] - د. كمال نشأت، في النقد الأدبي دراسة و تطبيق، ط الثانيية، طبع بمطبعة الجامعة بغداد،١٩٧٦، ص١٨٣

ئەگەر چی فرۆید زیاتر ئەم خاڵەی مەبەستە کەبکات بەو روانگەی شیعر هیچ نییە نییە جگە لەزیندەخەوێك بۆ دامەزراندنی رەمەکەکان لەناو جیهانەکەی خۆیدا، پاڵپشت بەم تێزەش چووە سەر دەقە ئەدەبیەکانی وەك (ئۆدیب پاشای)ی سۆفۆکلیس کە گرێی ئۆدیبی لەسەر رامکرد. هەروەها گرێی ئەلکترای لەشانۆگەریەکی یۆنانییەوە دۆزیەوە (نەرجسیەت)ی لەئەفسانەی (نرسیس)ی وەرگرت. هەروەها گرێی باوکی لەرۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی (دستۆیوفسکی) وەرگرت پەیوەندی خۆشەویستی و رقی نێوان مەحرەمەکانی لەشانۆی (هاملێت)ی شکسپیر و هەندێك گرێی تریش وەك (ماسۆشی، سادیەت... تاد)

لەدەقە ئەدەبیکانەوە دۆزیەوە و تیۆرەکانی خۆی پێ دەوڵەمەندکرد. [165]

ئەمەش هەموو روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان (ئەو) و (من) بوو کە چۆن (من) لە دەقی ئەدەبی و هونەر بە گشتی لاواز دەکرێت لەپێناو بەهێزبوونی ئەودا. هەرچی ئامادەیی (من) لەشیعردا ئامادەگیەکی مەبەستگەرایە ئەویش خۆبەستنەوەی شاعیرە بەو مەبەستەی هەیەتی لەدەوروبەرەکەی خۆی، کەئەمەش راستەوخۆ گفتوگۆیە لەگەڵ جەماوەری شیعر و خوێنەر بەگشتی، بەڵام بوونی (ئەو) مانەوەی شاعیرە لەگەڵ رەمەکەکانی خۆیدا، واتە شاعیر زیاتر سەرقاڵە بەخۆیەوە هەر بۆیە (ت. س. ئەلیوت) کاتێك باسی دەنگەکانی ناو شیعر دەکات سێ دەنگ لەیەکتر جیا دەکاتەوە کە ئەوانیش بریتین لە :—

(( دەنگی یەکەم دەنگی شاعیرە کە قسەلەگەڵ خۆی دەکات و قسە لەگەڵ کەسی تر ناکات. دەنگی دووەم دەنگی شاعیرە بەڵام قسە لەگەڵ جەماوەر دەکات بچوك یان گەورە بێت. دەنگی سێیەم ئەو دەنگەیە کە شاعیر هەوڵی ئافراندنی دەدات بەشێوەیەکی درامی و پەخشان ئاسا دێتە قسە ))[166]

بەڵام کاتێك (من) هەڵگری ستراکتوری واقعێك بێت، کە پڕاوپڕ زنجیر رێژبێت، ئەوا یەکەمین کارێك کاتێك ئەو واقیعە دەباتە ناوخۆی لێدان و شکاندنی ئەو (من)یە، ئەم حاڵەتە بۆ ئەوە نییە کە (ئەو) دەرکەوێت بەڵکو بۆ ئازادکردنی خودی مانا و بەهایە لەناو شتەکاندا، چونکە ئەو سیستەمە بەتایبەت ئەگەر تۆتالیتار و تاکرەو بێت هەموو شتەکان دەکاتە یەکڕەنگ و یەکدەنگ و سەدا، ئەویش گوزارشتکردنە لەخودی سیستەم، بەمە جیهان لەفرە رەنگی خۆی دەکەوێت و هەموو شتەکان یەك مانا دەدەن بەدەستەوە.

بۆیە مامەڵکردنی شیعر لەگەڵ ئەم هێزەدا کە (من) دەکاتە نوێنەری خۆی بۆ پاراستنی هێزەکە و کەسایەتی یاخود بەرژەوەندی مرۆڤەکە مامەڵەکردنێکی شۆڕشگێڕانەیە، هەروەها لە بابەت خستنی شتەکانەو گەڕانەوەی بەهاو ڕەنگی تایبەتی خۆیانە بۆ دۆخی سروشتی خۆیان. لێرەدا شیعر هەر بکوژی (من) نییە بەتەنها، بەڵکو ژێنەرەوەی شتە کوژراوەکانیشە هەروەها رزگارکردنی ماناکانە، ئەمەش بەتێکشکانی فۆرم و چۆنایەتیان

---

[165] - بروانە: د. عمر محمد الطالب، المذهب النقدية دراسة وتطبيق، ب ط، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل ١٩٩٣، ص١٣٤

[166] - ت. س. اليوت، مقالات في النقد الادبي، ت: دكتورة لطيفة الزيات، ب ط، مكتبة الانجلو المصرية، ب س،ص٦١

ئەنجام دەدەرێت تا ناوەڕۆکێکی تر لەخۆیان باربکەن، واتە شاعیریەت هەڵگری توخمێکە لە یاریکردن بەڵام یاریکردنێکی زۆر ترسناك لە کایەی زماندا. کە جیهان دەکەوێتە بەردەم هەبوونی جێگرەوە و میراتگری خۆی، ئەمەش بەمردن و رووخانی خۆی ئەنجام دەدرێت. واتە شیعر جۆری زۆرە هەر وەك شیعرێك (من) بپارێزێت یاخود بزرییبکات لەبارێکدا بۆ دەرکەوتنی (ئەو) لەبارێکی تردا بۆ رزگارکرنی جیهانە لە کۆت و بەندێتی. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کامەیان هەڵگری رۆحی رەسەنی شیعرە و کامەیان هەر بەناو خۆی بەشیعردا هەڵواسیوە. هەروەك چۆن (من) لەچاکە و خراپەی واقیعەکە ناپرسێتەوە کە ئایا رۆیشتن بەم ئاراستەیە تا چەند دروستە یان نا بەهەمان شێوە یاخیبوونی شیعریش لەشتەکان و لەترادسیۆن و نەریتەکان یاخیبوونێکە تژیە بەڕاپەرین و شۆڕشگێڕی کە هیچ مانا نادات شتەکان یاخود ناپرسێتەوە لەئەنجامی کارەکە و ئەنجامەکانی لا مەبەست نییە.

ئەم جۆرە لەشیعر هێرشی خەیاڵ و خواست و هیواکانی مرۆڤە بۆ سەر (من) کە نوێنەر و نووێنەری واقیعە جیاجیاکانە، ئەم هێرشەش هەمیشە پێویستی بەئازادکردنی ئیرادە هەیە، مرۆڤ ئەم جارە ئازایەتی ئەوەدەکات لەناو خۆیدا (من)ەکان تێك بشکێنێ بەمەش شاعیر هەمیشە دەست دەبات بۆ شتە زۆر ترسناکەکان. شاعیر مایەی ترس و سڵەمێنەوەیە، چونکە ئەو لەگەڵ بەهاو رەمزەکاندا مامەڵە دەکات و پشێوی دەنێتەوە بەڵام ئەم شۆڕشە کە شتەکان دەدات بەیەکدا لەدوای خۆی ئارامی و ئاشتی دەهێنێ ئەویش دۆزینەوەی ئەو هارمۆنییەتە ناوەکیەیە کە شتەکان خۆیان بەسروشت هەیانە بەڵام کایەی زانستی و کایەی واقعی شتەکان بەناسروشتی بەیەکەوە گرێ دەدەن. ئەمەش بۆ خۆی سەپاندنی هێز و فشارە بەسەر شتەکاندا.

بەڵام شیعر لەراچڵەکینەکانی خۆیدا لەرزە دەخاتە سەر بنەمای وەستانی شتەکان، تاخۆی وەك ئەلتەرناتیڤی جیهان نمایش بکات. ئەم وێرانکاریەی شیعر و کوشتنی (من)ە وەك باسمان کرد هەندێك جار بۆ لەدایك بوونی رەمەکەکانە، بەڵام بەبارێکی تردا بۆ کوشتنی (من) نییە بەتەنیا بۆیە (من) چارەنووسی باش نییە، چونکە هەڵگری سیستەمی دەورووبەر و واقیعە. دژایەتی شیعر لەگەڵ مندا، دژایەتی سیستەم و بنەمایە ئەمەش بەمایەی ئەوەیە سیستەم و بنەمایەکی تر بێتە ئاراوە. ئاشتیەك هەیە بەم شەڕەی شیعر بەرپا دەبێت. دەبێت جیهان وێرانبکات ئەوجا بنیاتی بنێتەوە بەو ستراکتۆرەی شیعر دەیخوازێت واتە مەرگخوازی شیعر بۆ (من) لەپێناوی ژیاندایە نەك خودی مردن خۆی، شیعر ئەو مافە لەکۆمەڵگا وەردەگرێتەوە کە ئەو وێنە و فۆرم و بۆ شاعیر دیارییبکات، بەڵکوئەو مافە دەداتەوە خۆی.

ئەمجارە (من) دێتەوە سەر شانۆکە بەڵام خاڵی لە هێزە کۆمەڵایەتی و دەرەکیەکان بەڵکو لێوڕێژ لەشیعریەتی خۆی بەمەش شاعیر لەناوەوە و دەرەوە یەکنوێن دەبێت و یەك (من) لەشاعیردا دادەمەزرێ، ئەویش منێکە پڕە لەشیعریەت. واتە واقیع و خەیاڵ بۆ شاعیر یەکسان دەبن، بەڵام ئەمە هەمووی سەر لەبەری ژیان نییە،

ئەو ساتەیە کە شیعر هورژم دەهێنێ، وەگەرنا دوایی ئەوە شتەکان جارێکی تر دەرۆنەوە ناو دۆخەکانی خۆیان.

چونکە ئەم جۆرە لەژیان هێندە ئاسان نییە تا مرۆڤ بۆ هەمیشە و بۆ هەمووسات نیشتەجێی ئەم شوێنە ئاوەدانەبێت، ئەمەش جارێکی تر هێرشی (من) و (ئەو)ە کە ناهێڵێت مرۆڤ بەپەتێتی (مجرد) بمێنێتەوە، جارێکی تر دەیبەستنەوە بەجەستە و کۆمەڵگاوە.

**« یەک لەدوای یەک... بێئەوەی ئاوێنەکان نوتقێکی راستمان پێڵێن...**

**تێناگەین... تێناگەین... من پڵنگم یان ئەو... ؟ ئەو پڵنگە یان**

**من... ؟ ئەوە بازدەداتە ناو سەرم یان منم بازدەدەمە ناودڵی ئەو...**

**خوێنی ئەوە غیرەتی سەفەری ئەم دارستانەم دەداتێ، یان**

**خوێنی منە هێزی نەعرەتەی دەداتێ؟**

**نەعرەتەیەک پڕە لەشوشەی شکاوی پڵنگی تر، پڕە لەپارچە غەریزەی تێرنەبووی**

**هاوجنسیەکانی من، گوێی لێبگرە هاوڕێم... گوێی لێبگرە**

**نەعرەتەیەکە لەهیچ هاوارێکی دی ناچێت...**

**نەعرەتەیەک پڕە لەوەحشیەتی رەواتر لەشیری دایک**

**پڕە لەبۆهیمیەتی ناسکتر لەماچی خوشک... »**[١٦٧]

ئەگەر سەیری ئەم پارچە شیعرە بکەین... پڕاوپڕە لە (غەریزەکان) رەمەکەکان کە هەمووشیان لەسەر کوشتنی (من) توانیویانە لەدایك ببن و بێنە ناو ئەم شیعرەوە، ئەم شیعرە بەوەدا هەڵگری (ئەو)ە لەهەمان کاتیشدا مایەی کوشتن و بزربوونی (من)یشە.

(غەریزە تێرنەبووی هاوجنسەکان) ئاماژەیە بۆ غەریزەی لیبدۆ لەلایەك لەلایەکی تر هێز و رەمەکی سێکس، لەناو هەموو نێرینەکاندا بەمرۆڤ و هەموو گیانەوەرانی ترەوە بۆ لەدایك بوونی ئەم رەمەکە بەگوڕە پێویستی بەوەیە (من)بڕوات. چونکە یاسا و سنور دادەنێت بۆ (ئەو) هەتا ریز بەند و راستیبکاتەوە.

خۆگەر بنۆڕین ئەم غەریزەیە زۆر بازی داوە بەسەر کەلتوور و پەسەند و ناپەسەندی شتەکاندا.

---

[١٦٧]- بەختیار عەلی، تاماتەمی گوڵ تاخوێنی فریشتە، ل ٤١٢

تا ئەو رادەیەی دەکاتە تێپەڕاندنی بۆ سەر مەحرەمەکان و (شیری دایك) بەوەحشیەت دەزانێت چونکە رێگرە لەوەی مرۆڤ (ماچی خوشکی) خۆی بکات، ئەم شیعرە نەك هەر (من) بزر دەکات، بەڵکو زۆر بەتوندی دەیخاتە بەر رقی پڵنگی رەمەکی سێکس لەگەڵ مەحرەمەکاندا، کە هەموو بەهاو شتە موقەدەسەکان تێك دەشکێنێ بۆ ئەوەی هەرچی دێتە بەردەمی وەك بابەت سەیری بکات بۆ بەتاڵ بوونەوەی رەمەکە پڕ لەئاژاوەکانی خۆی، جا گرنگ نییە ئەو بابەتە دایکە خوشکە، مەحرەمە یان نا مەحرەمە، گرنگ ئەوەیە (من) بڕواتە دەری ئەم وەحشیەتەوە و (ئەو) وەك هێزێکی ئاژەڵی رووت پەلاماری هەموو شتەکان بدات.

**« چۆن خەڵك باس لەمردنی ئینجانەیك دەکەن، ئاوەها باس لە**

**کۆتایی بەهەشتە درۆزنەکان دەکەم. تۆ چۆن باس لەکوژرانی**

**چۆلەکەیك دەکەیت، ئاوا باس لەکوژرانی خودا دەکەم... ئێمە**

**بەپێ بەرەو شارێکی تر دەرۆین... بەرەو سەردەمێك سەرابی تیا**

**نییە سەردەمێك هەموو خەیالاتێك لێرەیە. ناوی ئاو دەهێنێت و**

**تێنوێتیت بەحەرفەکان دەشکێت... ناوی زێڕ دەهێنێت و**

**بەردەکانی بەردەمت دەبن بەقەلا... »**[١٦٨]

شاعیر لەم شیعرەیدا بۆ ساتێك رۆحی شۆرشگێڕی شیعر بەکار دەبات و هەموو شتەکان دەکوژێت بەبێ ئەوەی کە بسەلمێتەوە لەسزا و ئاکامی کارەکەی، زۆر بەئاسانی بەشێوەیەك کە حەق وەهایە ئەو شتانە کۆتابێن و دوا بڕاو ببن، بەسایەی ئەوەی شارێکی تر، سەردەمێکی تر بێتە ئاراوە، واتە لە یەکەمین جاردا شاعیر من دەکوژێت، چونکە خۆی بارکردووە بەبەهەشتی درۆ و ئاوەکان و یاساکانی سەرابن، بۆیە شاعیر لەرێگەی کوشتن و تێك شکانی ئەو شتە پیرۆزانەوە لەناو خۆیدا.

ئەو بڕیارە دەدات کە خۆی شتەکان رێك بخات، چونکە سەرداریێتی ئەو رەوشە دەکوژێت و دەسەلاتی بەکوتا دەهێنێ، لەوێوە (من)ێکی تر دروست دەکات، کە رەنگدانەوەی بەهەشتێکی تر و سەردەمێکی تر بێت، خەڵکی شارێکی تر و زەمانێکی تر بێت کە شتەکان دووربن لەوەهم بوون یان ساختەیی. بەشێوەیەکی گشتی ئەم شیعرە (من) کوژ دەکات بۆ ئەوەی شاعیر لەدەرەوەی خۆشی مافی یاریکردن و بڕیاردانی هەبێت بەسەر رێکخستنی شتەکان و دووبارە دارشتنەوەیان ئەمەش بەهۆی بزربوون و کوشتنی (من)ەوە دێتە کردن، بەلام ئەم حاڵەتە وەك گونجان هەروا بۆ ئەبەد نییە شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بەژیانی خۆی بدات دێتە دەر لەم حاڵەتە و جارێکیتر دەگەڕێتەوە بۆ دروست کردن و گەڕانەوەی (من)ەکان، هەتا لەو ئازادیە رەهایە خۆی

[١٦٨] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٥-٤٨٦

قوتار بکات، چونکە ئازادی ڕەها بۆخۆی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتێکی گەورەیە، کە مرۆڤ زۆر جار بۆخۆی نایەوێت. بۆیە ناچار دەگەڕێتەوە بۆ ناو سنور و کۆت و بەندەکان دەگەڕێتەوە بۆئەو بنەمایەی کە کەلتوور و داخوازیەکانی (من) بەشێك لەرەوایەتی و حەقیان تێدایە. بۆیە کۆمەڵگاکان هەموویان خاوەنی سروت و تەقسی تایبەتن، ئەویش بۆ دانانی سنورە بەسەر رەوشە وەحشیەکانی ناو مرۆڤایەتی، بۆیە شاعیر جارێکی تر دەگەڕێتەوە بەناوی (ئاشتبوونەوە) جارێکی تر (من) بەهێز دەکاتەوە و دروستی دەکاتەوە لەناوخۆیدا.

**« دەمەوێت دوای شەڕێکی درێژ لەگەڵ زەویدا ئاشتبمەوە، من دەمەوێت کێڵگە ماچبکەم فرمێسکەکانم بەبای شەو بسڕم وبڵێم من چیتر غەریب نیم. دەمەوێت بڵێم ئەی دیانەتە کۆنەکان. ئەی پەرستگا روخاوەکان، ئەی خۆڵەمێشی نغرۆبوون، ئەی رۆژی خوێنینی کوشتنی فەیلەسوفەکان، ئەی بای بادە، ئەی خیرقەکان، ئەی جامی سەر سفرەی مەولاناو ئەی زامی حەلاجان، دەمەوێت لەگەڵ هەمووتان ئاشتبمەوە... دەمەوێت سەرابتان ماچبکەم، باوەش بەسێبەرتانا بگرم... دەمەوێت هەستبکەم چیتر غەریب نیم... دەموێت لەگەڵ خۆڵ و هەوادا... لەگەڵ ئاگروئاودا لەگەڵ خالیق و مەخلوقدا یەکبگرمەوە... »**[١٦٩]

شاعیر دوای ئەو هەموو شەڕە دوای ئەوەی (ئەو)ی خۆی کردە حاکم و (من)ی کوشت، هەموو خەیاڵ و رەمەکەکانی بەتاڵ کردەوە، وێرانییەکانی خۆی کرد، رقی و خۆشەویستی خۆی دەربڕی بەسەر شتەکاندا، جیهانی خۆی دامەزراند لەسەر تێکچوونی و رووخانی جیهانەکانی تر، پیرۆزیەکانی توڕدا و تفی کردە ناو چاوانی دوژمنەکانی.

دوای ئەم هەموو شەڕە، شاعیر جارێکی تر ئاوڕ دەداتەوە (من) دروستدەکاتەوە و هەموو سیستەم و کەلتوور و دیانەکان زیندوو دەکاتەوە. ماچیان دەکات و جارێکی تر دەگەڕێتەوە ناو باوەشیان.

ئەمەش ساتی ئاگاییە لەشاعیردا، چونکە ڕێگەی شۆڕش ڕێگەی تەنیایی و غەریبیە، شاعیر نایەوێت تەنیابێت نایەوێت غەریب بێت. بۆیە دێتەوە ناو کۆمەڵگا و سروت و ڕێوڕەسمەکانی چونکە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆناو کۆمەڵ بەجۆرێك رازیبوونە بەوەی کۆمەڵگا حەرام و حەڵاڵکانی خۆی قایم بکات و ئیتر ئەوەش باوەڕی پێ نییە دەستی بۆنەبات و هەریەکە خۆی و بیر و باوەڕەکانی. ئەمەش راگرتنی هاوسەنگیە لەنێوان (ئەو) و (من) و کۆمەڵگاش هەمووی بەیەکەوە.

## ٥- منی باڵا و شیعر :-

ئەگەر شیعر بەسەر جیهانی خەیاڵ و ئەودیو هەستەکانەوە بێت و وەك بکوژی (من) خۆی نمایندە بکات ئەوا هەر دەبێت ڕێگە خۆشکەر بیت بۆ (ئەو) و لەلایەکی ترەوە بۆ (منی باڵا)ش چونکە هاو خاسیەتی هەبوو لەنێوان (ئەو) و (منی باڵا)دا، بەوەی هەردووکیان زۆرجار لێدەرچوونیان هەیە لەخۆیانەوە بۆدەرەوەی واقیع

---

[١٦٩]- بەختیار عەلی، ئەی بەندەری دۆست ئەی کەشتی دوژمن، ل٥٩

و یاسا و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا (منی باڵا) هاوخەسڵەتی هەیە لەگەڵ (من)دا، ئەویش پاراستنی روحی واقیعە.

هۆگر بوونییەتی بۆ گەیشتن بە بڵندگۆی ئاکار و رەفتارە باڵاکان، کە ئەم بڵندیە وەك ماك و بنەچەی رێورەسم و نەریت خۆی مانیفێست دەکات، بەمەش منی باڵا بەشێکی (من)ی لەگەڵ (ئەو)ی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام تۆخترین بەشی منی باڵا گەیشتنە بەوێنە بەرز و دیارەکانە، ئەو ئاکار و رەفتارانەی کە کۆمەڵگاوەك خەون و وەك رێگایەکی باڵا و درەوشاوە دەیخاتە بەردەم تاکەکان.

کێشەی شاعیر لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا ئەوەیە، شاعیر ناتوانێت بەرەهای دابڕێت لەکۆمەڵگا با(من)ی خۆی بکوژێت و (ئەو)یش ئازاد بکات. ئەمە مایەی ئەوە نییە شاعیر کەوتە ناو ئازادی رەهاوە، بەڵکو (منی باڵا) لەخۆیدا هەڵگری بەشێکی ستراکتوری کۆمەڵگایە شاعیر لەناو شیعردا کاتێك دەکەوێتە ناو خواستنی ئاواتەکانییەوە، منی باڵا ریز بەندێك لەخواستی باڵای دەداتێت، کە ئەم خواستانە زۆر جیاوازن لەکۆمەڵەی خواستە بەدینەهاتووەکانی ناو (ئەو).

بەڵکو ئەم خواستانە خواستی باڵا و تارادەیەك نەمرن. ئەو رۆحەن کە بنەمای کۆمەڵگاکانن کۆمەڵگا لەرێگەی ئەم خەونانەوە بەگوزەری منی باڵادا ئازادی شاعیر زیخن دەکەن و رەهایەتی لێڵ دەکەن. چونکە (منی باڵا) نوێنەری جیهانی دەرەوەی شاعیرە، شاعیریەتیش شەڵاڵە بەخواستنی خواست بەئاوات و خەون دیتن بەئایندەوە، چونکە منی باڵا هەمیشە رایەڵەکانی خۆی لەخولگەی ئایندەدا گرێ دەدات بەم پرۆسەیە

شاعیر دەبیتە هەڵگری دووفاقیەتێکی جیاواز، چەند بەرەو دنیای خەون دەڕوات هاوتەریب بەم رۆشتنە منی باڵاش، خەونە باڵاکانی کۆمەڵگا دەڕوێنێ، بەمەش شاعیر قاچێکی لەناو خۆیدایە و ئازادە لەوەی چی دەخوازێت، قاچێکیشی لەناو کۆمەڵگادایە و کاریگەرە بەوێنە بەرزەکان و بەخواستەکانی ناو دڵی خۆی. شاعیریەت بەم مانایە هەر گوزارشت کردن نییە لەئازادی شاعیر، بەڵکو هەوڵیشە بۆ گوزارشتکردن لەوێنە باڵاکان، چونکە کاری ئافراندن و شیعر بەگشتی خۆی نزیك دەکاتەوە لەو شوێنەی زیاتر بەرە و ئازاد دەروات هەروەها ئەو شوێنەش کە منی باڵا دەسازێنێ.

(( دەربڕینی هونەری زیاتر وابەستەیە بەناوچەی نەستەوە وەك لەعەقڵ و هەست. لەبەر ئەوەی نەست هەمیشە لەدۆخی هەڵچوون و هەڵگڕاندایە کە ئەفراندن لەمەوە نزیکترە وەك لەناوچەی هەست (عەقڵ) کە ئارام و هێمنە، چونکە نەست زۆرترین خواستەکان جێبەجێدەکات ))[١٧٠]

---

[١٧٠] - د. شلتاغ عبود شراد، مدخل الى النقد الآدبي الحديث، ط الآولى، دار مجد لاوى للنشر والتوزيع، عمان، الآردن، ١٩٩٨، ص ٢٣٨

لەم رستەیەی (د. شلتاغ)دا جۆرێك لە نزیكی و خزمایەتی هەیە لەنێوان (هونەر، ئافراندن، خواست، نەست) لەبەر ئەوە كە (نەست) ئازادی تیایدا بوونی هەیە، ئافراندن و هونەریش هەیە چونكە هونەر بێ ئازادی ناتوانێت دەربڕی خەونەكانی خۆی بێت، بەڵام ئەم ئازادیە زیاتر ئازادیەكی ناوەكی و خۆ بەخۆیە وەك لەوەی ئازادییەكی دەرەكی و ئەو بەخۆبێت.

شاعیر لەناوخۆیدا مامەڵە لەگەڵ بنەما و مانای بنەماكان دەكات. لەوێدا دەردەكەوێت كە ئایا شاعیر تاچەند ئازادی بەخۆی دەدات دەست ببات بۆ ئەم بنەمایانە و ماناداریان بكات یاخود بێ مانایان بكات. بەڵام وابەستەبوونی شاعیر بەمنی باڵاوە زۆر جار مەرج نییە ئەم خواستە باڵایە تەواوی كۆمەڵگا لەسەری كۆك بێت، بەڵكو هەندێكجار ئەم خواستە تاكەكەسیە، بەڵام هۆگری بۆ ئەم خواستە و دەست نەكەوتنی لەواقیدا، باڵایەتی دەبەخشێ بەئەو خواستە. بۆیە دەنۆڕیت زۆر جار شتێك پلەی منی باڵا وەردەگرێت لای شاعیر كە لای خەڵك هیچ مانای نییە یاخود زۆر ئاسانە وەدەست خستنی.

بەڵام لەبەر دووری ئەوشتە لەشاعیرەوە باڵایەتی بۆخۆی دادەبڕێت. بەڵام منی باڵا ناتوانێت بەتەواوی خۆی جیابكاتەوە لەواقیع و كۆمەڵگا چونكە لەبنەرەتدا منی باڵا بۆ نواندنی كۆمەڵگا خۆی ئامادە دەكات.

(( منی باڵا لەساتی دەركەوتنییەوە لەژێر كاریگەری نەریتی خێزانی و كۆمەڵایەتیدایە كە داواكاریەكانی ژینگەی كۆمەڵایەتیش دەنوێنێ ))[171]

بەمەش شاعیر گریدراوە بەم خەونە دواخراوەوە، كە ئەم خەونە ئاراستەكانی ژیانی دیاریدەكات و فشاری دەخاتە سەر لەهەڵبژاردنی كایەكانی ژیانی خۆی. بەڵام ئەم خواستانە نەگۆڕ و هەمیشەیی نین، بەڵكو بەپێی روانین و قۆناغەكانی ژیانی شاعیر گۆڕانیان بەسەردادێت، پێدەچێ ئەمڕۆ شتێك منی باڵای شاعیرە بۆ بەیانی گۆڕانی بەسەردابێت و بگۆڕێت. چونكە روانین و بیركردنەوەی مرۆڤ بەگشتی لەهەڵكشان و داكشاندایە بەم گۆڕانە شیعریش گۆڕانی تێدەكەوێت، كە هەندێك جار مەیلی بەلای خواستێكەوەیە لە دەرفەتی تردا ئەم مەیلە نامێنێ و ئەو شیعرە دەبێتە بەشێك لەیادەوەری شاعیر بۆ خواستنی شتەكان. بەمەش دەربڕینی شیعر كێشە بەخۆیەوە دەبینێ كە هەر جارەو لە دوندێك و لە لوتكەیەكدا نوچ بدات. بەمەش شاعیر باڵی فڕین رام دەكات بەردەبازێكە هەمیشە لەگەڕان و فڕیندایە.

(( كێشەی نواندنی دەروون لە شیعردا زۆر گرنگی پێدراوە لەلایەن لێكۆڵەران و رەخنەگران و خوێنەرانیش بەگشتی لەبەر ئەوەی راونینی شاعیر بۆ دەروون و بۆ ژیان لەمڕۆ و بەیانیدا جیاوازی تێدەكەوێت ))[172]

---

[171] - د. نصرت عبدالرحمن، في النقد الحديث، دراسة في مذاهب نقدية حديثة واصولها الفكرية، ط الأولى، مكتبة الآقصى، عمان، ١٩٧٩، ص١٨٦

١٧٢- أنور المعداوي، نماذج فنيية من الآدب والنقد، ب ط، دار مصر للطباعة، ١٩٥١، ص ٢٩

بەڵام مەرج نییە ئەم کۆتە بۆ ئەبەد بەقاچی شیعرەوە بئاڵێ نەخێر! شاعیر گەلێك جار دەچێتە دەری منی باڵایەك کە کۆپیکراوی کۆمەڵگایە و بۆ خۆی لەناو خۆیدا منی باڵایەك دادەتاشێت کە کردەی وێناکردنێکە رەها. نەك وێناکردنێك لەسەر روانینی واقیع بنیاتی نابێت، بەڵکو وێناکردنێکە لەجیهانێکی تردا بەمە شیعر تازەیی و خۆی جیاواز دەکاتەوە، یەکەمین بەرامبەر بەهەموو شیعرەکانی تر دووەم بەرامبەر بەجیهانی واقیع. ئەم منی باڵایە مێژووی نییە لەکۆمەڵگادا خاوەنی رەگ و ریشاڵی کۆنینەنییە، بەڵکو سەر بەجیهانێکی ناوەکیە رۆشتن و بزربوونی شاعیرە لەجیهاندا و قوڵ بوونەوەیەتی لەناو جیهانی خۆیدا. ئەمەش دەگمەنییەتی ساتی شیعرە و شیعر لەم ساتە تەنیایی و بێ مێژوویەدا ناوازەیی خۆی ئاشکرا دەکات بەڵام کێشە ئەوەیە ئەم ساتە هەروا راگوزەرە و شاعیر ناتوانێت نشینگەی ئەو ساتەبێت بۆ هەمیشە. بۆیە شیعر سرتە و دەستگیربوونی لەدەستی خۆیدایە، واتە بینینی شیعر و ئامادەبوونی بەویستی خۆیەتی ئەوە شیعرە خۆی نیشانی شاعیر دەدات نەك شاعیرە شیعر نیشاندەدات. هەروەك ئەو قسەی دەڵێت : شیعر شاعیر دەنووسێتەوە نەك شاعیر شیعر بنووسێتەوە. (منی باڵا)ی شاعیر تاڕادەیەك ئازادی هەیە شاعیر خۆی تیاببینێتەوە و وێنە بەرز و باڵاکان بەرجەستە بکات لەخۆیدا، ئەمەش شیعر پێشکەشی شاعیری دەکات کە ئازادانە خواستەکانی خۆی بەدیبهێنێت.

**« ویستم وەك پاڵەوانێك بگەڕێم**

**زرینگەی پێوەندێکی نادیار، دەست و قاچمی ئیفلییجدەکرد**

**ویستم وەك ئەمیرەکان قسەبکەم**

**شرینخەی قامچییەك لەگوێمدا رێگرم بوو**

**بەڵام لەژێر هەر دڵۆپێك فرمێسکەوە، دەریایەك لەئازادی**

**داگیرسابوو**

**بەهەر چەمۆڵەیەك پێوەندێك، قەترەیەك سەر بەستیم کڕی**

**برسێتی و تێنوێتی و ڕۆژە پەیتاپەیتاکانی بێ دڵداری**

**بست بەبست هەڵیانگرتم و بردمیان بەرەو رزگاری... »**[١٧٣]

کۆمەڵێك (منی باڵا) هەیە لەناو شاعیردا کە ئومێدی بەوەیە بیانگاتێ ئەویش (پاڵەوانێتی) (ئەمیری) (دڵداری)... تاد. ئەمانە کۆمەڵێك خواستن کە پلەی منی باڵایان وەرگرتووە لای شاعیر، بەڵام شاعیر لەم

[١٧٣] - بەختیار عەلی، تاماتمی گوڵ تاخوێنی فریشتە، ل ٢٠٩–٢١٠

قەسیدەیەدا قەسیدەی (شار)ە، شار تۆمەتبار دەکات بەوەی ناهێڵێت بگاتە وێنە بەرزەکان کە شاعیر هیوا خوازیانە. گەر سەیری ئەم منی باڵایانە بکەیت هەموویان سەر بە ژیانی دەرەوەی شاعیرن و شاعیر لەرِێگەی ئەو باوەڕە کۆمەڵایەتیەی هەیە ئەم سێ شتە(پاڵەوان)، (قسەکردن وەك ئەمیر)، (دڵداری) وەك وێنەیەکی باڵاو وەك منێکی باڵای لێهاتووە، کە شاعیر هەوڵیان بۆ دەدات و خۆزگەیان بۆ دەخوازێت. ئەمەش کاریگەری دنیای دەرەوەی شاعیرە وەك (خێزان– کۆمەڵگا) لەدروستکردنی ئەو منە باڵایانەدا ئەگەرچی (دڵداری) لەدەرەوەی ئەم گوتەیەیە. بەڵام لەبەرئەوەی شاعیر لەشارێکدا دەژیت هەمووشتەکان حەرامن دڵداریش پلەی منی باڵای وەرگرتووە هەروەها (برسێتی و تێنوێتی) کەمایەی هەژاری و دەست کورتیە، (فێربوون)و باشتربوونی ژیان ئەمیش لەو شارە قات و قریەدا وەك منێکی باڵا و ژیانێکی ناوازەی لێهاتووە. بۆیە شاعیر بەگرنگیان دەزانێت، بەڵام دواتر بەمایەی ئەوەشی دەزانێت کە نەبوونی ئەم شتانە گەیاندویەتی بەزۆر شتی دیکە وەك رزگاری و ئازادی... تاد. کە ئەمەش گرنگن و مایەی ئەوەن مرۆڤ ئەو ئازارانە قبوڵ بکات. کاتێك شاریش بە ناخۆش دەزانێت لەبەر ئەوەیە فەزایەك نییە بۆ گەیشتن بەشتە باڵاکان بۆیە شار قەبرستانە لای شاعیر.

**« بۆکوێ هەڵدێیت؟ ئەی نازکتر لەئەمیرەیەکی رەش لەناو**

**گوڵە سپیەکاندا**

**بۆکوێ دەفرِیت؟ کەجەلادەکان لەناو جوانیدا خۆیان**

**شادۆتەوە**

**لەناو شیعرەکاندا خەوتوون. دەنگیان لەدەنگی بولبولەکان**

**دەچێت؟**

**بەهار دێرینترین گوڵی عەیاری خۆی دەدات لەباغچەیان**

**نور لەرۆحی تاریکیان دەرژێت**

**کێ بۆ ئاوێنەکانی ئەوان رووی خۆی ئاشکرا ناکات؟**

**میوەکانیان لەسەر سەرینی عەشق و خوێن. چ تامێکی هەیە**

**کێ لەبورجی ئەوانەوە خۆکوشتن بەشاعیرانە نازانێت... »**[١٧٤]

---

[١٧٤]- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩

شاعیر بێزارە لەوەی خەونەکان و منە باڵاکان جەلاد و پیاوکوژەکان پێی دەگەن بەبێ ئەوەی ماندووبن یاخود خۆیان پاك بکەنەوە لەگوناهو تاوان. شاعیر بێزارە لەوەی کە شوێنێك نەماوە بۆ ئەوەی مرۆڤ خەونەکانی خۆی تیا بێنێتەبوون. زیاتر لەوەش بۆ هەرکوێ دەڕۆیت ڕێگای منەباڵاکان تەنراوە بەخوێن و بەدەستی جەلادەکان ئیتر مرۆڤ لەبەر خراپەی پیاو کوژان وێنەیەکی باڵا نەماوە هەتا سەرسامی بێت و بۆی بژیت. ( بەهار، گوڵی سپی عەشق، شیعر )هەموو ئەم وێنە باڵایانە کلۆمکراون بەدەستی پیاوکوژان زەمینێك لەئارادایە کە شوێنی شتی باڵای تیانییە. هەر دەڕۆیت و خوێن و خراپە هەردەڕۆیت و وێرانکاریە.

لەم دۆخە سەختەشدا منی باڵا و وێنەی باڵا و ئاکارە بەرز و جوانەکان لەدایك نابن بۆیە شاعیر بێزارە و خۆکوشتن بەباشتر دەزانێت لەوەی لە جوانییەکدابێت جەلاد دروستی کردبێت، لە عەشقێکدابێت زادەی پیاوکوژان بێت، بۆیە شاعیر لەشیعرێکی تردا تەواو خۆی ساغ دەکاتەوە و دەیەوێت جیهانێکی تر بخولقێنێت، کەشوێنی منەباڵاکان بێت و دەنووسێت :ـ

**« من دەمەوێت بەشێوەی تر بچینە بەهەشت... دەرگای تر**

**فڕینی تر. شێوەی دیکە هەیە بۆگەیشتن بەباغاتی عەدەن**

**تێکستی تر هەیە دوای کەوین... تیشکی تر هەیە وەك شمشێر**

**هەلیگرین... دەبێت گوێمان لەزەنگی عەردێکی دیکە بێت**

**وەك باڵندەیەك لەباکورەوەڕا بۆنی نێچیر بکات. دەبێت بۆنی**

**زمان بکەین. بۆنی چەرخێکی دی بکەین... قەرنێکی دیکە لە**

**تەلا... رۆژگارێکی تازە لەبرۆنز... بەهەشت لەوێیە... لەشوێنێك**

**هەموو زانینێکە بەئازادی و گوڵ فریوماندەدەن... »**[١٧٥]

شاعیر قووڵ دەبێتەوە لەناوخۆیدا کۆمەڵێك وێنەی باڵا دەدۆزێتەوە کە دروستکراوی ناو واقیعەکەنین. شتانێك سەر بە جیهان و ژینگەی دەوروبەر نین، بەڵکو ئەم منە باڵایانە کە شاعیر بانگەوازی بۆدەکات، شتانێکن مایەی قووڵ بوونەن ئەمەش هەستکردنە بەجیهانی ئەودیو واقیع، جیهانێك کە شتەکان دەچنەوە شوێنی خۆیان ئەم وێناکردنەش بەشێکی خۆی بینادەکات لەسەر رۆشنایی جیهانی واقیع و ناشرینەکانی بەشێکی هی ناو دەروونی شاعیر خۆیەتی، کە پاش بڕینی ماوەیەکی دوور و خاوێن بوونەوە لەشەڕ و لە رقەکانی بەرامبەر

---

[١٧٥] - سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٥

بەواقیع. دەروونی شاعیر ئەهوەن دەبێتەوە و کۆمەڵێك وێنەی باڵا دەدۆزێتەوە کە دەکرێت بکرێتە بنەمای دامەزراندنی جیهانێکی دیکە ئەمەش پلەی منی باڵا وەردەگرن لای شاعیر. ئەم شیعرەش بۆ ساتی خۆی شیعرێکە لەساتە راستەقینەکانی خۆیدا دەژیت ئەویش دۆزینەوەی هارمۆنییەتی ناو شتەکانە و ئاشتکردنەوەیانە لەگەڵ یەکدا.

## ٦- خەون و شیعر :-

گەڕان بۆ پەیوەندی نێوان شیعر و خەون دوو جەمسەری هەیە، جەمسەرێکیان ئەوەیە پەیوەستن بەیەکەوە کە خەونەکان وەك چۆن ماددە و پێکهاتەی نەستین ئاوهاش دەتوانن ببنە بەشێك لەشیعر لەلایەکی تریشەوە شیعر و خەون وەك دوو لێکچووی هاوسێ دێتەپێش چاومان، چونکە گومان لەوەدانییە، گەر شیعر ماڵی منی باڵا بێت ئەوا هەردەبێت لانکەی خەونەکانیش بێت. چونکی خەونەکان پڕن لەخواستی مرۆڤ پڕن لەخۆزگە بۆ ژیانی داهاتوو. لێرەدا شیعر و خەون وەك یەك و لەپاڵ یەکتردا خۆبەیەك دەکەن. شیعر لەناوەوەڕا هەوڵدانە بۆ بینینی خەون. شاعیری راستەقینە زۆرترین خەون دەبینێ زۆرترین جیهانی شاراوە و پەنهان لەخەودا دەدۆزێتەوە شاعیریەت خەوبینینە کۆچە لەماڵی خەوندا بۆ گەڕان بەشوێن خەونە بەرزەکاندا. شیعر خەونی شاعیرە بەڵام لەکاتی بێ ئاگایدا نا (نووستن)، بەڵکو لەساتە بەئاگاکاندا (بێداری). زیاتر لەمەش شیعر زیندە خەوێکە شاعیر لەوپەڕی ئاگاییدا دەیبینێ لێرەدا شیعر و خەون جیادەبنەوە، بەڵام لەوەدا هەردووکیان بەڕەمز و ئاماژە گوزارشت لەخۆیان دەکەن. هەروەها بەوەدا شیعر بەشێکی دیار و بەشێکی نادیاری هەیە وەك خەون لە یەکدەچن بەڵام مرۆڤی نووستوو ناتوانێت لەکاتی خەوبینیندا ئاگایی بەخۆی هەبێت، بەوەی کاتێك لەخەودا دەکوژرێت نەترسێت و بڵێت ئەمە خەونە. واتە ئاگایی بزرە لەخەودا، بەڵام لەشیعردا شاعیر زیاتر ئاگایی خۆی چڕ دەکاتەوە لەسەر شتەکان و زیاتر ماف دەداتە شتەکان و ئەو خەونە زیندووە وەك هەقیقەت و راستەقینە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، دەزانێت دەبێت ئاگاداری میوانەکانی شیعر بێت و نەیانڕشوشێنێ یاخود بیانکوژێت. ئەمە خاڵی دابڕانی شیعرە لەخەون. بەڵام هاوسێن لەمانا و پێکهاتە و نشینگەدا، کە هەردووکیان چ شیعر و چ خەون نیشتەجێی ناوەوەی مرۆڤن.

(( کارو بەرهەمی هونەریی لای فرۆید وەکو خەون دوو مانا دەبەخشن. یەکێکیان ئاشکرا و ئەوی دیکەیان شاراوە، شاراوەکە ناتوانرێ ئاشکرا بکرێ مەگەر لەڕێی بەکارهێنانی میتۆد و شێوازی (دەروونشیکاری)یەوە، کە پشتی بەهەڵرژانی ئازادەوە (التداعي الحر) بەستووە. خەون گوزارشتێکی سیمبولیە سەبارەت بە ئارەزوویەك کە لەجیهانی واقیعدا نەهاتۆتە دی چالاکی هونەریی و ئەدەبیش بەهەمان شێوەن ))[١٧٦]

---

[١٧٦] - ثامر حسن جاسم، توێژینەوەی سایکۆلۆژی لەداهێنانی شیعریدا، و: حەمەی ئەحمەد رەسوڵ، چا یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٠، ل ٥٤- ٥٥

بەو مانایەی شیعر بەشێکی کە بەرەمز و ئاماژە خۆی دەردەبڕێت، میتۆدی دەروونشیکاری ئەوجا قسەی هەیە بۆ تێگەیشتن و دۆزینەوەی مانا. ئەم بەشەش بەشێکە پڕە لە گەمە و نالۆژیکیەت. کە زۆر جار بەرەو فانتازیا هەنگاودەنێت، چونکە رێکخستنی شیعر بۆ شتەکان لەسنوری گەمەدایە بەلاَم چەقی ئەم گەمە ماناو هەقیقەتە بۆیە کە دەلێین شیعر دەبێت ئەوە چاوەڕوان بکەین کە وەهم و خەیاڵ و ئەفسانە و... تاد ئامادەبێت لەو جیهانەدا.

(( خەون و زیندە خەون جۆرێکن لە بۆهاتن، ئەگەر چەمکێکی سۆفیانە بەکاربهێنین. عەقڵ و واقیع و لۆژیك تێدەپەڕێنن و نزیك دەبنەوە لەنامۆیی و بەخەیاڵدا هاتن و نالۆژیکیەت، کەئەمە رێگە بەداهێنان دەدات لەشیعردا ))[177]

ئەم ئازادی خەون دیتنە لە شیعردا رێگە خۆش دەکات بۆ ئاشکرابوونێکی ئازاد دوور لەکۆت و بێ بڕینی خودی شاعیریش. واتە کاتێك شاعیر ئازاد دەبێت لەوەی خەون ببێنێت بەهەرچییەوە کەخەیالّی خۆی ئاراستە دەکات لەشیعردا.

ئەم ئازادیە رێگای ئاشکرابوونی شتەکان وەك خۆیان و شاعیر بێ مەبەست دەکەن لە باسکردنی شتەکان. ئەگەر چی ئەم کارە لەفۆرمی نالۆژیکیەت و گەمەدا دەردەکەوێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شیعر سەروکاری لەگەڵ نەستدا هەیە و نەستیش شەلاَڵە بەوێنە و بەشتی جیا و تەبا و دژ و... تاد. بۆیە هەموویان بەشداری ئەم گەمەیە دەکەن.

(( خەونەکان لەبنەمادا پێکهاتەی نەستین کە لەشێوەی وێنەدا دەتەقنەوە ))[178]

ئەم تەقینەوەیە بەجۆرێك ئازادکردنی شتەکانە بۆ ئەو جێگەی دەیانەوێت بڕۆن، بەمەش شاعیر گەمە کارێکی باشە، بەلاَم لەسەر هەقیقەتی ژیانی خۆی. بەمردنەکانی خۆی ژیان دەنووسێتەوە بە گریان و خەمەکانیشی پێکەنین و گەمە بەرپا دەکات. بۆیە گەمەی شیعر گەمەیەکی هەروا سادە و راگوزەرنییە، بەلْکو شیعر گەمەیە بۆئەوە کەچی هەیە مایەی هیچە شاعیر وەك خەونێك و ئامانج و خواستێك خەونی پێوە ببینێ. شاعیر خەونبینە و خەون گێڕەرەوەشە لە یەکساتدا چونکە لەساتی خەون دیتندا (شیعر نووسین) خەونەکە دەگێڕێتەوە، واتە شاعیر هەم سەیرگە و هەم سەیرکەرە لە یەکساتدا هەر ئەو کاتە لەناو شیعردا خەون دەبینێ بۆخۆی بەلاَم بۆئێمەش (خوێنەر– وەرگر–... تاد) گێڕەوەریەی ئەو خەونە شیعرییەیە.

---

[177] - د. عدنان حسین قاسم، الآبداع و ومصادرة الثقافية عند أدونيس، ب ط، دار العربية للنشر والتوزيع، نصر، ب سنة، ص ١٨٢

[178] - نفس المصدر السابق، ص ١٨١

شیعریش بەتەنیا دەربڕی یەك خەون نییە، بەڵكو كۆمەڵێك خەون و خواست دەگرێتە خۆی، چونكی لەم شیعرە خەوەدا نەست و خەیاڵی مرۆڤ رزگاری دەبێت لەو بەربەست و لەمپەرانەی كە ڕێگر بوون واتە دەرگا ئاوەڵایە بۆ دیتنی خەون.

(( زۆر ئاستەمە خەون دەربڕی یەك بیرۆكەبێت، بەڵكو دەربڕی دەیان نموونەیە... ))[١٧٩]

هەوەها خەونەكانی ناو شیعر وەستاو نین، رۆژانە و سات لەدوای سات شاعیر خەون تاقیدەكاتەوە و هەر رۆژە خەونێك دەبینێ، بەڵام ئەمە بۆهەندێك شاعیر، بۆ هەندێكی تر شیعرە خەوێك هەیە بەدرێژایی شاعیرەكە ئامادە دەبێت لەشیعرەكاندا، یەك خەونە بەڵام هەزاران درەوشانەوەی هەیە لەهەزاران شیعری شاعیردا. ئەم خەونەش شیعرە خەونی ناو بوونی شاعیرە كە هەتا بەدینەهاتنی شیعر بەدوای خۆیدا دەهێنێ و شیعر دەخاتەوە چونكە گەر ئەو خەونە ئەنتۆلۆژیە بەدیهات. ئیتر واقعی ژیانی شاعیر بۆخۆی شیعرە و زمان پاشەكشێ دەكات لەگوزارشت كردن لەخەونە.

واتە بەمانایەك شیعر بەدیهێنەری خەونەكانی مرۆڤە، هەر خەونەكانیش بەهای شیعر دیاریدەكەن گەر شیعرێك خەونێكی قوڵی گرتەخۆ ئەوا بەقوڵیش گوزارشت لەشیعربوونی خۆی دەكات. خۆگەر خەونی سادە و هەرزشی گرتەخۆ ئەوا بەسادەیی شیعریەت لەخۆیدا بەرپا دەكات، چونكە فڕینی شاعیر بۆدیتنی خەونە قوڵەكان هەوڵی دۆزینەوەی دوندە دوور و باڵاكانە هەوڵی گەڕانە بەشوێن ژیانێك هەموو شتەكان شیعرین.

هەر ژیانێكیش پڕبێت لەشیعریەت پڕیشە لەهارمۆنی، پڕیشە لەپێكەوەبوون بێ لێدەرچوونی شاڵاوی دەسەڵات ئامێزی شتەكان بۆسەریەك. بەم مانایە شیعر بەرجەستە كردنی خەونە بەڵام لەجیهانی خەیاڵدا هاوتەریب بەمەش بەخەیاڵكردنی واقیعە لەجیهانی زماندا. واتە شیعر هەوڵی هەیە بۆ بەدیهاتنی خەونە دوورەكان و بەخەیاڵكردنی واقیعەكان. ئەمەش بۆئەوەیە شاعیر دەستكاری شتەكان بكات. واتە بەخەیاڵكردنی واقیع و یەكسانكردنی بەخەون جۆرێكیشە لەهەڵوەشانەوەی شتەكان و دەستكاریكردنیان، هەتا شیعر بەو كەرەستە واقیعانە گوزارشت لەو خەونەی خۆی بكات. ئەم بەخەیاڵكردنەش ئەودنیا رەمز ئامێزەی شیعرە كە هەر ئەم خاڵەشە شیعر و خەون بەیەكەوە گرێدەدات، بەڵام ئەوەندەیە شیعر ئاگاییە بەخەون، بەڵام خەو نائاگاییە بەخەون. بەڵام لەهەردووكیشیاندا خەونەكان ئازادن لەوەدیهاتنی خۆیان، واتە چۆن كەسی خەوتوو ناتوانێت دەست لەخەونەكەی بدات شاعیرش بە هەمان شێوە.

### ئەو رۆژانەی كەماون

**(( نانونیشانی ماسییەك وەردەگرم و دەڕۆم بەرەو دەریا دەڵێن ئاو گەلێك كتێبی نەكراوەی تێدایە كە بەمن نائاشنان، ماندو بووم لەخوێندنەوەی باو هەورو ئادەمیزاد، هێندەم باغ خوێندەوەو تێنەگەیشتم،**

[١٧٩]- سیجموند فروید، الهذیان والأحلام في الفن، ت: جورج طرابلسی، ص٦٧

**ئێستا دەمەوێت بەختی خۆم لەئێشێکی تردا تاقیبکەمەوە ناونیشانی مردنێك وەردەگرم و دەڕۆم تادەگەمە بەرپەنجەرەی، دەڵێم ئەی مردنی برام ئەو رۆژانەی کەماومە دەیدەم بەتۆ، لەباغ و لالەزارەکانتدا، لەخوێندنەوەی ژیانی کۆن و سەیرکردنی خۆتدا بیبەرەسەر... »**[180]

شاعیر لەم شیعرەدا خەونێکی پاك دەبینێ. دەیەوێت لەو ژیانەی کە تێیدا دەژیت و جۆرێك لەدووبارە بوونەوەی تێدایە بڕوات و شوێنێکی تر بدۆزێتەوە کاتێك باسی کتێبە نەکراوەکانی ئاو دەکات باسی ژیانێکی تاقینەکراوە دەکات، ژیانێك مرۆڤ لەسەرەتاوە دەست پێبکات. ئەم خەونە خەونێکی گەورەیە لەناخی شاعیردا، خەونی ئاشناکردنی نائاشناکان، زانینی نەزانینەکان، گەڕان بەشوێن ئیشێکی تردا. لای شاعیر دوو رەهەندی هەیە ئەویش یەکەمیان گەڕان بۆجیهانێکی تر لەبەر ماندووبوون لێرە، لەلایەکی ترەوە باسی (تێنەگەیشتنن)دەکات. بۆیە بەجۆرێك هەڵدێت ئارامی ئەوەی نییە ئەوەی لەبەردەمیەتی تێبگات و هێشتا نەڕوات، بەڵام دەڕوات و دەیەوێت شتێ بزانێت کە دەتوانێت نەك نەزانینێك کەزانینی ماندووبوونی دەوێت بۆیە ئەم شیعرە دوودیوی هەیە، دیوێکیان پڕە لەجوانی و گەڕان بەشوێن زانینا، دیوێکی تر هەڵاتنە لەتێنەگەیشتن، بەڵام نەك بۆ تێگەیشتنی هەمان شت. بەڵکو بەجێ هێشتنی (باغێك) کەناتوانێت تێی بگات کە چاك وایە ئەوەی بەردەمی خۆی بزانێت ئینجا بڕواتە دوورتر بۆ زانینی نەزانینی تر.

**« ناونیشانی نەهەنگێکی گەورە وەردەگرم و دەڕۆم تادەگەمە ماڵیان لەوێ دەڵێم ئەی نەهەنگی برام، من زیادم لەسەر ئەم زەوییە و لەتۆزی کینەدا خنکام دەمەوێت ئاسوودە دانیشم... »**[181]

ئەم گەڕانە بۆ ئاسوودەیی دیوی یەکەمی ئەم شیعرەیە، کە ئەویش دۆزینەوەی ئاسوودەیی و ژیانێکە دووربێت لەکینە و رق و بوغز. دوور لەکوشتن و مردن. ژیانێك پڕ لە ئاسوودەیی تەواو، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵدان بۆ بەدیهاتنی ئەم خەونانە لەواقیعدا، بەڵام کاتێك واقیع نابێتە زەمینەی هاتنە ئارای ئەم خەونە ئەوا شیعر وەك زەمینەیەکی گونجاو لەودنیا گەمە رێژەی خۆیدا شوێنی بەدیهاتنی ئەو خەونانەیە و شیعر خەون رێژ دەکرێت، زیاتر لەمەش شیعرە خەون لەدایك دەبێت و شیعر خۆی یەکسان دەکات بەخەون دیتن.

**« من بەناو حەقیقەت و خەیالاتێ تێپەڕیم / بەڵام ئەو عەردەی ئومێدە لێرە نییە**

**نەلەسەر زەوییەو نەلەودیو زەوییەوە / نە لە ئۆقیانووسەکاندایە و نەلەودیو**

**ئۆقیانووسەکانەوە / بێهودە کیوەکانی ئاو دەبڕم / رۆژگارێك چارۆکەکەم**

**وەك کراسی شایی پڕێتی لەوێنەی گوڵ / رۆژگارێکیش وەك تەعزێبارەکان رەشپۆشم /**

---

[180] - بەختیار عەلی، ئەی بەندەری دۆست ئەی کەشتی دوژمن، ل ١٥٧

[181] - سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥٨

رۆیشتم و ئەو ئەستێرانەم دیت کەلەسەرما هەڵدەرزین / ئەو

نەخۆشانەم هەڵگرتەوە لەخەستەخانەی بەندەرەکانەوە لۆڕیاندابوونەوە دەریاوە /

ئەو زیندانیانەم پەنادا کەبەزنجیرو دیوارەکانەوە هەلهاتبوون / من کەشتی

کارەساتی ئەم رۆژگارەم. خەوم بوو ئازار نەهێڵم / من کۆیلەم بەم

خاک و ئەستێرەیە / نەدەتوانم لێیهەڵبێم و نەدەتوانم بەجێیبێڵم... »[١٨٢]

شاعیر بێزارە لەوەی لەژیانی واقعی خۆیدا و لەوشارەدا کە تیایدا دەژیت عەردێك نییە بۆ ئۆمێد و خواستەکانی. زەوی و دەریا و ئۆقیانووسەکان زەمینەی هاتنە ئارای ئۆمێدنین. بامرۆڤ هێندە پاك بێت وەك مەسیح خەمی هەموو خەمدارەکان بخوات، ئازاری هەموو ئازارکێشەکان هەڵمژێت بامرۆڤ خاوێن بێت وەك خاوێنی لۆکە.

بەڵام زەوی زەمینە نییە، عەردنییە، فەزا نییە بۆ بەدیهاتنی خەونی گەورە. بۆیە شیعر وەك گەمەیەکی زمانەوانی راستەقینە ژینگەی دەرکەوتنی خەونە پاکەکانی مرۆڤە، بەجۆرێك شیعرەخەون فەراهەم دێت کە خەون دەکاتە واقیع، بەڵام واقیعێکی زمانی کە وەك شیانێك پەخشی دەکات. هەتا واقیع وەك سەرمەشق جوانییەکانی لێوەرگرێت و خۆی شیعر رێژبکات و وەلای نێت ناتەواوی و ناشیرینییەکانی خۆی. لێرەدا گەر واقیع بیەوێت سازش لەگەڵ شیعردا بکات، ئەوا شیعر هەر ئەرکێکی دەروونی و روحی جێ بەجێناکات بەڵکو بەشداری دەکات لەپرۆسەی جوانکردنی دنیادا و ئەرکێکی ماددی و دنیایش وەك رۆڵێکی چالاك دەبینێ، بەڵام ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر بەدەنگەوە چوونی واقیع بۆ بەدەنگەوە هاتنی شیعر بەرەو رووی جیهاندا لە پێناوی رزگارکردنی ژیان لە پووچی و بێ مانایی و بەخشینی بەها و مانا بە ژیان.

## ٧- شیعر وەك بکوژی باوکەکان :-

پێگەی باوك لەخێزانەکەی فرۆیدا ، هەر ئاماژە نییە بۆ سەرپەرشتیکردن و دابینکردنی پێداویستیەکان بەڵکو باوك بەدیوەکەی تردا سنوردانان و رێگە نەدانە بە بەدیهاتنی کۆمەڵێك پێداویستی تر. واتە باوك لەسیستەمی حوکمڕانی خۆیدا دوو باوکە لەیەك کاتدا. باوکی یەکەم مایەی سۆز و دابینکەری پێداویستی کوڕەکانە، یاخود بڵێین (براکان). لەلایەکی تر باوکێکە هێزی قەدەغەکردن و دەست بردنە بۆشتەکانی قەڵەمڕەوی باوك خۆی. ئەگەر ئەم نموونەیە بگوازینەوە بۆناو کۆمەڵگا، ئەوا هێزی کۆمەڵایەتی کە خۆی لەدەم و چاوەکانی سەرکردە و ماموستا و حیزب و... تاد. رەنگ رێژ دەکات. دوو ئەرکی گەورەی هەیە یەکەمیان دابینکردنی پێداویستیەکانی تاکی کۆمەڵگاکەیەتی، وەك ئەوەی یەکێك ژن دەهێنێ هێزی کۆمەڵایەتی دابینکەرێکی باشە

[١٨٢]- بەختیار عەلی، تاماتەمی گوڵ تاخوێنی فریشتە، ل ٢٩٠

بۆ پێداویستیەکانی ئەو تاکە، بەڵام بەمەرجێك ئەو ژنهێنانە لەناو سنووری یاساکانی هێزە کۆمەڵایەتیەکەدابێت. لەلایەکی ترەوە قەدەغەکەرە کە ئەو تاکە نابێت یەکێك هەڵبژێرێت کە نەزانراو بێت و یەکسان نەبێت و بەو کەسەی لە لیستی عەقڵی کۆمەڵایەتیدا بڕیاری لەسەردراوە کە ڕێگەپێدراوە.

لێرەدا دوو جۆر لەمرۆڤ هەن. یەکەمیان هەماهەنگە بەهێزی کۆمەڵایەتی و شتەکانی بەئاسانی بەدەستەودێت، چونکە ئەم کەسە هەڵگری تارمایی باوکە. کەسی دووەم نائاهەنگە بەم هێزە و شتەکانی بۆ دەستەبەر ناکرێت چونکە باوکی کۆمەڵایەتی یان باوکی سیاسی رووە قەدەغەکراو و تورەکە نیشانی ئەم جۆرە کەسانە دەدات و بەتەنها ڕێگرە و هیچ نابەخشێ. بەو ڕێیەی ئێمە بڕیومانە لەگەڵ شاعیر و تارادەیەك ناساندوومانە قەدەری شاعیر زیاتر قەدەری کەسانی دووەمی ناو کۆمەڵگان. شاعیر رازی نییە بەئەندام بوون لەناو قەڵمڕەوی باوکەکان جاباوکی بایەلۆژی یان سیاسی یان کەلتووری یان فەرهەنگی یان هونەری... تاد بێت. تەنانەت شاعیر لەو شاعیرەش یاخیە کە وەك باوکی شیعر دەردەکەوێت لەکات و ساتێکی دیاریکراودا. ئەمەش بۆ خۆنمایشکردنە لەسەر بوونی خۆی. نەك نواندنەوەی باوك و نەوەی پێش خۆی، واتە شاعیر دەیەوێت خۆنوێن بێت نەك ئەونوێن، بەڵام یەکەمین ڕووبەڕوو بوونەوەی شاعیر لەگەڵ باوکی خێزاندایە، لێرەوە سەرەتاکانی تێگەیشتن لەباوك و لەکەلتوور لای شاعیر سەردەردەهێنن، پاشان دەڕواتە ناو کۆمەڵگا و لەوێش ڕووبەڕووی هێزی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، بەوەشدا شاعیر رام نییە بۆباوك بەمانا گشتیەکەی، باوکیش هێزی قەدەغەکەر و سەرکوتکردنە بۆ شاعیر بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی کە ئەویش شیعرە. شیعر ئەو ماڵەی شاعیرە هەموو شتەکانی دنیا دەباتەوە ناوی هەتادەستکاریان بکات و ڕێکیان بخاتەوە، واتە ماڵی شاعیر بەتەنها ماڵی خۆی نییە، بەڵکو ماڵی هەموو دنیاشە. ماڵی هەموو ئەو شتانەیە کە دەبنە مایەی بە گیرهێنانی شاعیر و سەرنج ڕاکێشانی.

لەبەرامبەر ئەمەشدا ماڵێکە خاڵی نییە لەجەنگ و کوشتار و خوێن، باوکەکان کاتێك دەبڕێتە ئەم ماڵەوە بەرگری لەخۆیان دەکەن، فێڵ لەشاعیر دەکەن و ڕووەکەی تریان نیشانی شاعیر دەدەن هەتا شاعیر نەیانکوژێت و دەستکاریان نەکات و بەتاڵیان نەکاتەوە لەسیحری خۆیان. بەڵام شاعیر لەماڵی شیعردا ئیرادەی لەژێر ئیرادەی شیعردایە و شیعر ئاراستەی شاعیر دەکات. لەڕاستیدا شیعر شەڕی شاعیر دەکات و باوکەکان دەکوژێت چونکە شاعیر وەك پەنابەرێك هانای بۆ شیعر بردووە، کە شاعیر خۆی رادەستی شیعر دەکات، شیعریش زۆر بەسەختی بەرگری لەشاعیر دەکات و لەلایەك دوژمنەکانی دەکوژێت و لەلایەکی ترەوە خواستەکانی بۆ دەکاتە واقیع کە واقیعێکی زمانییە. بۆیە شەڕێکی دەروونییە کوشتن هەیە، بەڵام خوێن نییە، شەڕ هەیە بەڵام شمشێر نییە. لێرەدا شیعر و خەیاڵ و فەنتازیا تێکەڵ بەیەك دەبن بۆ گەیشتنی شاعیر بەوشتەی کەبە (هەقیقەت)ی دەزانێت، چونکە شاعیر نیازی هەیە کاتێك دەچێتە ماڵی شیعر بۆ گەیشتن بەو شتەی کە بە(هەقیقەت)ی دەزانێت و خواستی خۆیەتی. بۆیە شیعر دەیداتێت :

(( ئامانجی فەنتازیا و مەبەستی لەئەدەبدا زۆر جیاواز نییە لەبەرامبەردا واقیعە بنبەستەکاندا. کەدەبێت بزانین (هەقیقەت) لە گێرانەوەدا لە زۆربەی جارەکاندا گریمانەییە ))[١٨٣]

واتە فانتازیا کە شیعر وەك جیهانی خۆی دەزانێت هەمیشە لەبەرامبەر واقیعدا خۆی بینادەکات و دەستدەکات بەگریمانەکانی خۆی هەتا گوزارشت لەو هەقیقەتە بکات کە شاعیر دەیەوێت. کاتێك واقیع دەبێتە بەربەست و لەمپەر بەوەی هەر واقیعێك باوکێکی هەیە کە خۆی لەو سیستەم و یاسانەدا دەبینێتەوە کەواقیعەکەی پێ راگیر کردووە، ئەمە بۆ شاعیر نەك هەر زیندانە بەڵکو دوامەنزڵی ژیانیشە بۆ مرۆڤ کەنابێت خەونی هەبێت لەپشت ئەم واقیعەوە، بەڵام شاعیریەت پڕە لەخەون و پڕە لەخواست و خۆزگە و گریمانکردنی ژیانێکیتر. وەك گوتمان براکان (هێز ویستی) یاخیاندەکات لەباوك چونکە گەر مرۆڤ سەرەتا دەسەڵاتی باوکی برد، ئەوا بردنی شتەکانی تر ئاسانە وەك دەستکەوت و ماڵ و... تاد. لەبەراییدا دەسەڵاتەکە گرنگە چونکە ئەم دەسەڵاتە گرەنتی بەدەست هێنانی شتەکانی تریش دەکات.

بەڵام ترسیش هەیە لەمردنی باوك ئەمیش کاتێکە کە شیعر دێتەوە ناو واقیع چونکە ئەو کات شاعیر دەبێتەوە بەکەسێکی کۆمەڵایەتی و دیوەسازەکەی لەگەڵ باوك و واقیعدا دەردەکەوێت بۆیە ترسی هەیە لەتێکدانی واقیع، چونکە واقیع زمان نییە تا بەئاسانی رێك بخرێتەوە. بەڵام هەر ئەم دیوەسازەشە شاعیر تووشی کێشە دەکات و وای لێدەکات بڕواتەوە ناو خۆی و خەیاڵ بکات و فەنتازیا بخوڵقێنێت. [١٨٤]

چونکە تەنانەت واقیع هەموو ئەو شتانە بەرجەستە ناکات بۆ دیوەسازەکەی شاعیر. لێرەوە کۆمەڵێك خواستی بەدینەهاتوو هەیە رەوانەی دیوەناسازەکەی شاعیری دەکات، بەمەش دیوەناسازەکەی شاعیر دەست بەدەرکەوتن دەکات و شیعر وەك فەزایەك دەخوڵقێ.

لێرەدا شاعیر باوك وەلا دەنێ و خۆی دەبێتە باوك و سەرچاوەی هێز و رێکخستنی شتەکان ئیتر بەم دەسەڵاتە شاعیر مافی یاریکردن وەردەگرێت، یاریکردنێك کە ڕاستەقینەیە بۆخۆی. چونکە شاعیر دادەمرکێتەوە و کەمێك ئارامی دەگاتە دەروونی، کە ئەگەر ئەم حاڵەتە نەبێت ئەوا خەوەکانی شاعیر پڕدەبن لەشەڕ و خۆزگە، بەڵام شیعر وەك زیندە خەوێك وەك ماڵێك کە شاعیر دەکاتە خاوەن ماڵ و دواتریش بانگهێشتی شتەکان دەکات بۆ بەردەستی شاعیر هەتا شاعیر خۆی ژێر بکاتەوە و کەف و کوڵی خۆی دامرکێنێتەوە، لێرەدا شاعیر دەست بۆ پیرۆزیەکانی نەوەی کۆن و ژیانێکی تربینا دەکات لەسەر مەرگی باوك و باوکایەتی بۆخۆی رام دەکات.

---

[١٨٣] - ت. ي. أبتر، أدب الفانتازيا مدخل الى الواقع، ت : جبار سعدون السعدون، ب ط، دار المامون للترجمة والنشر، بغداد، ١٩٨٩، ص١١

[١٨٤] - بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠

بەم روانینە دەروونییە شاعیر هەمیشە لەشەڕدایە و برینداره، چونکە بەردەوام لەکۆمەڵگادا و بەدەستی باوکەکان بریندار دەکرێت و پاشان لەماڵی شیعردا تۆڵە دەکاتەوە یان دەردەدڵ دەکات. بۆیە شاعیریەت بەڕوانینی دەروونشیکاریانە پڕە لەناخۆشی و خەم و ژیانێکە پڕە گرێ و گۆڵ هەربۆیە (بەختیار عەلی) بەردەوام لەشەڕدایە لەنێوان حەزی باوکەکان و حەزی خۆیدا لەنێوان ناشرینکردنی شتەکان و جوانکردنەوەیان لەنێوان بەپیرۆز زانینی ناپیرۆز و بە ناپیرۆز زانینی پیرۆزیەکان، ئەم شەڕەش بەردەوامە تائەو کاتەی شاعیر دەست لەدیوەناسازەکەی خۆی بەردەدات و دەچێتەوە ناو دیوەسازەکەی بەکۆمەڵگا. ئەمەش زۆر ئەستەمە بۆیە (بەختیار عەلی) ئاشتیەکانی لەشەڕەکانیدایە و تازە ئەو شەڕانە قەدەری بەردەوامی ژیانی ئەون، کەهەر جارەو بۆشتێك شەڕدەکات و هەر جارە لەشەڕێکدا ئەسپی خۆی تاودەدات و هەرجارە باوکێك دەکوژێت و هەر جارە لەماڵی شیعرێکدا دەردەدڵ دەکات :

**(( ئەی وڵاتم.............**

**من وەکو ئافرەتێک بەژانەوە**

**هەمیشە ددان لەدەستە سڕەکەم گیر دەکەم و هاوار دەکەم**

**خەونم لەدراوسێکانمان هەراسانکردووە**

**بەسیە ئیدی... باهێندە تەماشای ژن و کچە جوانەکانت نەکەم**

**باهێندە بەچاودێرەکانی شارەوانی و پۆلیسەکانی هاتوچۆ پێنەکەم**

**من وەکو نووسەرانی دیکە... داوای پەلکە زێڕینە و خەونی پەمەیم لێنەکردویت**

**من لەرۆژانی سەرمادا حەزم لەبەتانییەکی توکنە لەساتەکانی وەرزیشدا عەوداڵی**

**هەوایەکی پاکم...**

**ئاخ. ئەگەر ژوورێکی گڵ و ئەگەر چرایەکی زەردت پێدەبەخشیم**

**تاماوم دەبوومە پاسەوانی ئەو شەقامە خامۆشانەت**

**دەبوومە ئەو پیرێژنەی لەسەر بەرماڵ دوعای بۆدەکردیت... ))**[١٨٥]

شاعیر لێرەدا رووەدەکاتە (وڵات) دیارە وڵات، ئاماژەیە بۆ ئەو سیستەمەی وڵات بەڕێوە دەبات کە وەك باوکێك بەرپرسە لەرێکخستن و مانادان بە وڵات بۆ ئەوەی کە ئەم وەك کوڕێك و وەك نەوەیەك گازاندەی خۆی دەکات

---

[١٨٥]- بەختیار عەلی، تاماتەمی گوڵ تاخوێنی فریشتە، ل ٣٣٥- ٣٣٦

لەو باوکە، کە ئەو داواکاری زۆری نییە تەنها هەوایەکی پاك و کەمێك ئازادی دەوێت تەنها ژوورێکی گڵ و بەس. بەڵام باوك لێرەدا نەسۆزی هەیە بۆ نەوەکەی و نە ڕێگەپێدەریشە، واتە هەردوو دیوەکەی باوك لەوڵاتدا سەرکوتکەر و قەدەغەکەرە هەردوو دیوەکەی پڕن لەیاساغ و لەمپەر بۆیە شاعیر دەپاڕێتەوە، کە بەتەنها سۆزێك، سەیرکردنێك، بەتانییەکی گەرم بەسە بۆ ئەوەی دۆعا بۆ وڵات بکات و خۆشی بووبێت. بەڵام باوکی وڵات کە سیستەمە نادادپەروەرەکەیە لەوڵاتدا تەنانەت بچووکترین ئەرکی خۆی کە ئازادی گەڕان و هاتنە دەرەوەیە بۆنەوەکانی حەرامی کردوون. بۆیە شاعیر لەناو خەمێکی گەورەدا لەماڵی شیعردا پاڕانەوەکانی خۆی دەنووسێتەوە، بەڵام شاعیر لەشیعری تردا تووڕە دەبێت لەباوکەکان و بەمایەی بەدبەختیمان دەزانێت چونکە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان و تارماییان گەیشتۆتە هەموو شوێنێك و نەوەکان دیلن لەدەستی ئەوان چونکە ئەوان مایەی زوڵم و ستەمن و ڕێ نادەن نەوەکان و براکان خواستەکانی خۆیان بەدیبێنن بۆیە تووشی هەلاتن دەبن لەو ماڵەدا کە باوکێکی زاڵم سەرۆکایتی دەکات.

**« ستایشی من بۆ دەسەڵاتداران**

**ئێوە گەلەك شۆخن. بەیانیان وەك پاساری ریقنە بەسەر حەقیقەتدا دەکەن**

**گەلەك مەزنن. شەوان وەك کوکوختی ریقنە بەسەر تریفەدا دەکەن**

**ئەمە دیاری ئێوەیە. میللەتێك بەسەد دەست لێتانڕادەکاَت**

**نەتەوەیەك هەزار قاچ قەرزدەکات و دەچێتە ناو هەزار ئاگرو هەزار باڵ دەخوازێت**

**وبەهەزار نینۆك بەسەر زەمینی هەزار بێگانەدا دەڕوات.....**

**ئێوە واتانکرد بۆیەکەمجار تاراوگە لەماڵ جوانترێت**

**ئەمە خەلاَتی ئێوەیە.... »**[١٨٦]

باوکی سیاسی ئەو پاسارییە کەبەدەستی ئەنقەست ریقنە دەکات بەجوانییەکاندا و لەوڵاتێکدا کە سنوری دەسەڵاتی ئەو باوکانەیە نەوەکان دەچەوسێننەوە و هیچ ماف نادەنە براکان و نەوەکان بۆیە کاتێك نەوەکان توانای بەرگریان نییە و بەردەوامیش کەرەستەن بۆ ئەوەی باوکی سیاسی غەریزەکانی خۆی لەسەر براکان بەتاڵ بکاتەوە و هێز ویستی ئەوەندە بەهێزە کە چاوی باوکی سیاسی کوێرکردوە. بۆیە شاعیر لێرەدا بەناوی هەموو براکانەوە تووڕەدەبێت لەهەموو باوکەکان ئەوانەی مایەی نامۆبوونی براکانن هەتا بڕۆن و بەدوای باوکێکی تردا بگەڕێن، لەو ڕێگەیەشدا ئەگەرچی مردن هەبێت. ئەم نامۆبوون و پەڕاگەندە بوونی براکان، کە شاعیرخۆشی یەکێکە لەوان وادەکات شاعیر لەم شیعرەدا تووڕەیی خۆی دەربڕێت و ناشرینی باوك تۆخ

[١٨٦]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦١– ٤٦٢

بکاتەوە و ئەوە رۆشن بکاتەوە کە نامۆبوونی میللەت لەنیشتمان و خاکی خۆی کۆچکردن لەبەر زوڵمی باوك و دەسەڵاتدارانە، کە هێندە ناشرینن میللەت رادەکات لێیان. بۆیە شاعیر وەك دەربڕی ئەو خەمە گەورەیە باوکی سیاسی ریسوا دەکات و لەشیعردا تۆڵەیان لێدەکاتەوە.

## ٨- تابۆ و شیعر :-

گەر شیعر خەون بێت گەر شیعر سەدا سەدی ئازادی بێت، ئەوا دەبێت پەیوەندی نێوان تابۆ شیعر چۆن بێت؟ تابۆیەك وەك کەلەبچە وکۆت رێ لەبەربوونی ئازادانەی هەموو شتەکان بگرێت شیعریش بەو هەموو هەموو سرکی و کێوییەی خۆیەوە ئەوا هەردەبێت چاوەڕێی ئەو شەڕە سەختەبکەین، کە شیعر لەگەڵ تابۆکاندا بەرپای دەکات.

واتە شاعیر کاتێك ئالودە دەبێت بەتابۆ کۆمەڵایەتی و سیاسی و هونەری و..... تاد. ئەم ئالۆدەبوونەی خۆی وەك برینێك هەڵدەگرێت مەرج نییە خێرا و لەهێکرا وەڵامی ئەو برینانە بداتەوە کە تابۆ لەدەروونی شاعیردا درووستیان دەکات. بەڵکو هەڵێدەگرێت چونکە( من) لە شاعیردا هێزی خۆی نیشاندەدات کاتێك رووبەڕووی واقیع دەبێتەوە، بەڵام ئازادی لەشیعردا شاعیر بەهۆی بزربوونی (من) و یەکسان بوونی شیعر بەئازادی شاعیر برینەکانی خۆی ساڕێژ دەکات و تابۆکان بریندار دەکات، واتە شاعیر بەشکان و بریندار کردنی تابۆکان عەزابە دەروونییەکە لەخۆی دوور دەخاتەوە هەروەك چۆن.

(( پزیشکی دەروونی هەموو ئەو شتانەی نەخۆش دەیانکات قبووڵ دەکات هەر لەهەڵسوکەوتی نارێك و قسەی پوچ و خەیاڵی و بێ مانا لەگەڵ وتەی عاقڵانە و ناعاقڵانە و لۆژیکی و نالۆژیکی، لەبەرئەوەی پزیشك ئەوە رەچاودەکات لەم دۆخەدا جۆرێك لەرێگەچارە و ئارامبوونەوە دێتە ئاراوە ))[١٨٧]

واتە پزیشك بەرێگای (التداعی الحر) هەڵرژانی ئازاد کە نەخۆش ئازاد دەکرێت لە وەی چی لەقسە و کردار هەیە لەناوخۆیدا بەرەڵای بکات و خۆی بەتاڵ بکاتەوە، شیعریش شاعیر ئازاد دەکات لەوەی کە بە زمان و بەشێوازی جیاجیا خەم و برینەکانی خۆی ئازاد بکات کە ئەگەرچی ئەم ئازادییە مایەی شکانی تابۆ و پیرۆزیەکانیش بێت. چونکە شیعر ئەوەی لا پیرۆزە کە دەست بۆ پیرۆزیەکان بەرێت و نهێنیان ئاشکرا بکات واتە تابۆ لەشیعردا دەکەوێتە بەردەم تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن جا دوو دیوی دژبەیەکی هەیە دیوێکیان ستایشی تابۆیە وەك (سەرۆك، شەهید، ئاین... تاد) هەموو ئەو شتانەی وەك تابۆ بەرنامە رێژدەکرێ لەلایەن کۆمەڵگاوە، دیوەکەی تر هێرش کردن و شکانی تابۆیە. ئەمەش مەبەست و ئامانجی خۆی هەیە. یەکێك لەو ئامانجە سادەیەی بەڕوونی لەئێمەوە دیارە خۆساڕێژکردنی شاعیرە کاتێك بریندار و سنوردار دەکرێت بەتابۆکان. ئامانجێکی دیکە خۆبەتابۆکردنە واتە شاعیر کاتێك یاخی دەبێت لەتابۆکان و دەیانشکێنێ هێزێك

---

[١٨٧]- د. عناد غزوان، التحليل النقدی والجمالي للأدب، طبع دار أفاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥، ص ٦٤

هەیە دێتە ناویەوە، گەر شاعیر توانی سحیری تابۆیەك بەتاڵ بکاتەوە ئەوا ئەو هێزە مەعنەویەی لەناو تابۆکەدا هەیە یەکراست دێتە ناو شاعیرەوە بەمەش شاعیر جۆرێك لە چەقێتی بەخۆیەوە دەبینێ و دەبێتە جێگەی باوەڕ لەلای خەڵك. واتە متمانەی بۆ دروست دەبێت، لەوەی ئەودەتوانێت ئەوە دیارییبکات کامە تابۆ باشە و کامە خراپە. بەمەش بۆخۆی پلەی تابۆیەتی وەردەگرێت و دەبێتە چەق بۆ سنور و دابڕەکان لەنێوان شتەکاندا. بەم پرۆسەیە شاعیر مافی دەستکاریکردن وەردەگرێت، ئیتر شاعیر جۆرێك لەسەرسامبوونی بۆ دروست دەبێت بەهێز و تواناکانی خۆی بۆیە هێرش دەکات و هەرچی بکەوێتە بەردەستی دایدەماڵێ و دەیشکێنێت.

ئەمەش فێڵی ئەو خۆبەتابۆکردنەیە کە شاعیر خافڵ دەکات و زۆرجار بێ هۆ شەڕ بەشتەکان دەفرۆشێت، بەڵام ئەمە هەموو هاوکێشەکە نییە، بەڵکو بەرەڵاکردنی تواناکان و بیرکردنەوەکانی شاعیر و وابەستە نەبوون

بەهیچ کۆت و تابۆیەکەوە هەندێك جار شاعیر ڕێنموویی دەکات. بۆئەنجدانی کاری داهێنان و ئافراندان چونکە شاعیر لەدەرەوەی ترس و شەرم و تابۆکانە، ئەم بارە ناوازەیە بەئامادەیی (منی باڵا) کە جۆرێکە لە وەعی بەرامبەر شتەکان. وادەکات شاعیر لەو ماددە کەڵەکە بووەی لەدەروونندا بێ ئیش دانیشتووە کارێکی ناوازە و لێ نەچوو فەراهەم بهێنێت. بەڵام ئەم شوێنە لەگەڵ ئەوەی پڕە لەئازادی و سەربەستی، پڕیشە لەبەرپرسیارێتی چونکە شیعر لێرەدا بنەمای شتەکان و شتەکان خۆیان لەیەك دادەبڕێت واتە مانا و فۆرم جیادەکاتەوە لەیەکتر بەمەش هەموو ماناکان و هەموو فۆرمەکان بۆساتێك بێ کار و بێ ئامانج و بێ مانا هەڵدەواسرێن، شاعیر لێرەدا بەرپرسە لەدانانەوە و نیشتنەوەی شتەکان. پرسیارەکە لێرەدایە شاعیر دەیەوێت چی بکات؟ کاری بەم تابۆ شکاندنە چییە؟ چۆن ماناکان و فۆرمەکان دادەڕێژێتەوە؟ لەسەر چ بنەمایەکی تر شتەکان کۆدەکاتەوە؟ ئەگەرچی فرۆید بەتەنها گۆڕینی پاڵنەرەکان لەشێوازی نەویستراوەوە لەلایەن کۆمەڵگاوە بۆ شێوازێکی ویستراو بەداهێنان دەزانێت، بەڵام ئەمە هەموو وەڵامەکە نییە. (( فرۆیدا داهێنان راڤە دەکات بە هەڵچوون و هاتنە سەر و گۆڕینی پاڵنەرە نەویستەکانی کۆمەڵایەتی بەتایبەت سێکسیەکان، بۆئەنجامێك کە ویستراوبێت لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لەبەرئەوەی پاڵنەرە نەویستەکان ناگەنە چێژی تەواو لەواقیعدا، بۆیە ڕێرەوی ئەم وزەیە دەگۆڕێت بۆ چالاکی دیکە کە ئەویش پرۆسەی ئافراندن و داهێنانە و بەتایبەتیش داهێنانی هونەری ))[188]

لەگەڵ ئەمەشدا جیا لەئارامبوونەوە و تۆڵەکردنەوەی شاعیر لەتابۆکان، جیا لەهەوڵی چێژ کە تابۆ ڕێگرە لەوەی خۆی دەردات، جیا لەئازادی رەها و گەیشتن بەکاری داهێنەرانە ئەو بەرپرسیاریەتیە گرنگە دەکەوێتە ئەستۆی شاعیر چونکە بەشێوازێك خۆی دەبێتە چەق بۆ بەخشینی مانا بەشتەکان. ئەمە بە ڕووە داشۆرینەکەیدا، بەدیوەکەی تردا کە شاعیر بەتابۆکاندا هەڵبڵێ، ئەمەشیان هەر بەرپرسیارێتیە، چونکە شاعیر

[188] - د. قاسم حسین صالح، الأبداع وتذوق الجمال، ط الأولى، دار دجلة، عمان، ٢٠٠٨، ص ١٢

دەبێت وریابێت کە بەچیدا هەڵدەڵێ و چی تۆخ دەکاتەوە لەشیعردا. هەروەها شاعیر زۆر جار لەناو شیعردا نەك هەر تابۆ ئاشکراکان دەدۆزێتەوە و هێرشیان دەکاتە سەر بەڵکو ئەو تابۆ شاراوانەش لەشیعردا کەشف دەکات کە لەودیو شتەکانەوەن و نابینرێن ئەمەش وەك کەلتوور و نەریت بەگشتی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هێزی کەشفکردنی شیعر کە وەك رۆشنایەك شتە پەنهانەکان بەدیار دەخات، (بەختیار عەلی) وەك شاعیرێك نەك هەر ناسازە لەگەڵ تابۆکاندا، بەڵکو بەردەوام شەڕ و پێکدادانی هەیە لەگەڵ تابۆکان ئەگەر چی باش ئەوە دەزانێت کە شەڕکردن لەگەڵ تابۆکان، مایەی سەر ئێشە و ژاوە ژاوە ئەگەر چی ئەوە دەزانیت کە مرۆڤ گەرهات و دەستی نەبرد بۆ تابۆکان وەك دەفرێك بووە شوێنی هەڵگرتنی تارمایی تابۆکان و وەك کۆیلەیەك خزمەتی دەسەڵاتی سیحر ئاسایی تابۆی کرد، ئەوا ژیانێکی کۆمەڵایەتی بێ ئاژاوە و گرێ و گۆڵ بەسەر دەبات ژیانێك بێ کێشە و بێ ململانێ و هەراوهۆریا، بۆیە زۆرجار ماندوو دەبێت لەشەڕی تابۆکان و دەست بەردەدات لەو رۆحە یاخیەی خۆی و خۆی رادەستی تابۆکان دەکاتەوە :

**« هیچ شتێک لەدروستکردنی بەهار ئاسانترنییە. هۆشیاری خۆت بکوژێنەوە دونیا دەبێت**

**بەلالەزار، عەقڵ بۆ ئێستێک خامۆشبکە، زەوی لەبەرچاو تادەبێت بەباغ**

**بەگوڵ بە بەهار...**

**وەرەو زۆر ئەزێتی هۆشی بەستەزمانت مەدەو لەگەڵمدا باغی گەمژەکان دروستبکە**

**رۆحی خۆم دەکوژێنمەوەو چیمەنێکی لێدروستدەکەم بەکەڵکی ئاهەنگی**

**ئەم هەموو نەفامەبێت... رۆحی دەکوژێنمەوەو دڵێکی گەمژەی**

**دەخەمە شوێن، من بیرتاندەکەم... بیری بەهارە گەمژەکانتان دەکەم... تاقەتم**

**لەبەهارە رەشپۆشەکانی خۆم چووە... بیری باغە بێهۆشەکانتان دەکەم**

**بۆگوڵێک دەگەڕێم بتوانێت بیرنەکاتەوە، کێ باغێکی هەیە غونچەکانی بیرنەکاتەوە**

..............

.......

**ئیدی سوار شەمەندەفەرێک نابم بەشاری تۆدا بڕوات ئەی عەقڵ**

**نامەیەک ناکەمەوە لەشاری تۆوە هاتبێت ئەی عەقڵ**

**من کوڕی شاری گەمژەکانم و ئیدی ڕەقیبی تۆ دەبم ئەی عەقڵ ››**[189]

شاعیر لەم شیعرەدا (شاری گەمژەکان) ناو دەهێنێ، ئەوانەی بیرناکەنەوە و ڕازین بە تابۆکان و داواش دەکات کە ئیتر مرۆڤ واز لەو شەڕە قورسە بهێنێ کە دەیکات دەرهەق بە تابۆکان، چونکە شاری تابۆکان هەمیشە بەهارە و شاری تابۆشکێنەکان هەمیشە بەهاری ڕەشە. بۆیە شاعیر تاقەتی چووە لەو دنیا تایبەتیەی خۆی کە بێ تابۆیە، بۆیە بیری دنیاکەی تردەکات ئەوەی پڕە لە نەفام و بێ هۆش لەهەر جێ یەکیش عەقڵ و هۆش نەبوو تابۆکان بەئەندازەی ئەو نەبوونە ئامادەدەبن. بەبوونی نەفامی بێ هۆشی و گەمژەیی تابۆکان ڕوو لەزیادی دەکەن و هەموو کون و کەلەبەرێك دەتەنن و ناهێڵن مرۆڤ بۆ ساتێکیش بیربکاتەوە. تابۆکان ئەو کلیل و قفڵانەن نەفامەکان دەبەستنەوە بەڵام شاعیر ماندووە و واز لەعەقڵ دەهێنێ، هەتا تووشی شەڕی تابۆنەبێت و بەتەنیا گوزەر نەکات چونکە ئەو خۆی بە کوڕی شاری گەمژەکان دەزانێت بۆیە هەرچی بکات بێ ئاکامە تا دواجار خۆی دەکاتە دوژمنی عەقڵ و دۆستی تابۆکان، بەڵام شاعیر لەشیعرێکی تردا خەمگینی خۆی دەربڕدەبڕێت بە بوونی ئەو هەموو تابۆیە کە وەك سنور و بەربەست کەوتۆتە نێوان جوانییەکان، نێوان باو ڕەشەبا، کانی و ڕووبار. بۆیە بە شتەکان دەڵێت خۆتان ماندوو مەکەن ڕێگاکان گیراون و ئەو تابۆ شاراوانە کەشف دەکات کە لەنێوان شتەکاندا بوونیان هەیە و لەیەکیان دادەبڕێت، چونکە تابۆ خاسیەتی دابڕانی هەیە لەنێوان هۆگرەکان و عاشقەکان و خۆشەویستەکاندا، هەروەها سیفەتی دابڕانی هەیە بۆ ئەوەی شتەکان گەشەنەکەن و بیرنەکەنەوە لەگەورە بوونی خۆیان.

**‹‹ ئەی تیشك خۆت ماندوو مەکە، لەڕیزی ئەم ڕۆشناییە دەرمەچۆ، چونکە ئەندازیارەکانمان**

**ڕونکی ڕوخاو دروستدەکەنەوە، چۆن ئەندازیارەکانی دی بورجی بەرز لەئاسن و بەرد**

**دروستدەکەن، ئەوان لەتیشکی شکاو، لەتریفەی وەك لم ورد دیواری درێژ دروستدەکەن**

**فولکەیەك تەنیا یەکێك بەدەوریدا دەسوڕێتەوە لەقیامەت گەڕابێتەوە.**

**ئەندازیارەکانمان هەرگیز ڕاناکەن، ئەوان لەهێمنی خۆیاندا، لەگۆشەگیری خۆیاندا دیلن**

**بیر لەدیوارێکی بەرزدەکەنەوە، نەهێڵێت چاڕۆکەی کەشتییە بەرزەکان لەخەونەکانمانەوە**

**دیاربێت، دەیانبینین لەهاوینی گەرمدا بیر لەسنوری نێوان سێبەرو ڕوناکی دەکەنەوە**

**ناهێڵن تیشك لەئێوارەدا سنووری خۆی ببەزێنێت.... ››**[190]

---

[189] - بەختیار عەلی، ئەی بەندەری دۆست — ئەی کەشتی دوژمن، ل٣٠— ٣١

[190] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١— ١٠٢

شاعیر لێرەدا، باسی کۆمەڵێك ئەندازیاری نادیار دەکات، کە کار دەکەن بۆ دروستکردنی سنور و یاسا هەتا ڕۆشنایی سنووری خۆی بزانێت و لەو سنوورە دەرنەچێت، هەروەها دیوار دروستدەکەن هەتا چارۆکەی کەشتیەکان نەبینین. ئەندازیارەکان ئەوانەن کە کاریان بەرهەم هێنانی تابۆکانە، تابۆکانیش کۆمەڵێك هێڵی سوورن کە نابێت مرۆڤ بیان بەزێنێت. شاعیر ئەو تابۆیان دەدۆزێتەوە، کە مرۆڤ چەقبەستوو دەکەن بەوەی شوێن خەونەکانی خۆی نەکەوێت و ئەو سنوورانە نەبەزێنێ، هەمیشە لەنەخشەی ئەو ئەندازیارانە دەرنەچێت کە کاریان دانانی تابۆیە بۆ شتەکان. ئەوان دەبێت ئەوە دیاری بکەن مرۆڤ هەتا کوێ بڕوات و هەتا کوێ نەڕوات. شاعیر وریامان دەکاتەوە بەبوونی ئەو هەموو تابۆ و دیوارە لەگەڵ ئەو هەموو ئەندازیارە شارەزایە کە بەردەوام بیر لە دانانی تابۆی تر و دیواری تر دەکەنەوە، کە ڕۆژێك نییە خافڵ بن لە بەرهەم هێنانی تابۆکان، بۆیە مرۆڤەکان عاشقەکان ناگەنە یەك چونکە ئەندازیارەکانی تابۆ دیوار بەرز دەکەنەوە و هێڵ دەکێشن لەنێوان شتەکاندا.

## ٩- تـابۆی سەرۆك و شیعر :-

یەکێك لەو بارە ناخۆشانەی شاعیر تێیدەکەوێت ئەوەیە کاتێك شاعیر خۆی بەخاوەنی هەموو ناشرینەکان دەزانێت لەکۆمەڵگای خۆیدا. واتە شاعیر دیوەکەی تری باوك هەڵدەگرێت ئەویش خەم خواردنە لەناتەواوی شتەکان بۆیە شاعیر بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ باوکەکان و سەرۆکەکان، بەڵام پەیوەندی نێوان سەرۆك و شاعیر پەیوەندییەکی تایبەتە کاتێك شاعیر ڕازی نابێت بەچاکسازیەکانی ناو شیعر و هەنگاو دەهاوێت بۆ دەرەوەی خۆی بەجۆرێك دەیەوێت لەدەرەوەی خۆشی شتەکان بەو شێوازەبێت کەلای شاعیر بەعەقڵانی دەزانرێت. بۆیە بۆ هاتنە ئارای ئەم دۆخە شاعیر ڕاستەخۆ ڕوو لەسەرۆك دەکات، بەتایبەت سەرۆکی وڵات، چونکە شاعیر ئەو بە بەرپرس دەزانێت لەبەرامبەر شتەکاندا و ڕێکخستنایان ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە بوونی بیرۆکەی سەرۆك، ئەوبارە دەروونییەی ناو مرۆڤە کە مرۆڤ بەردەوام بەشوێن باوکێك، سەرۆك... تاد. دەگەڕێت هەتا بیکاتە مایەی هەموو بەدبەختی و ڕەش بەختیەکان، چونکە مرۆڤ خۆی بەسروشت پێویستی بەیەکێکە شتەکانی بخاتە ئەستۆی و داوای لێبکات و لەهەمان کاتیشدا گوناهو خەتاکانی خۆشی بداتە ئەو. جا بە بەخشین بێت یان بەخۆ بیێ بەریکردن بێت لەناتەواویەکان، چونکە کاتێك شاعیر باسی ناتەواویەکان دەکات و سەرۆك دەکاتە ئامانج لە هێکرا خۆی دێتە دەرەوەی هاوکێشەکە بەمەش شاعیر بەس ناتەواویەکانی سەرۆك دەبینێ و خۆی نابینێ، بەڵام ئاراستەکردنی ئەم بیرۆکەی سەرۆکە ناوەکیە بۆسەرۆکی واقعی وڵات شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە باشترین هۆیە بۆهەڵگرتنی ئەم بیرۆکەیە و شاعیر بەدەرنییە لەکۆمەڵگا و کێشەکانی.

(( شیعر نامەیەکی کۆمەڵایەتیە چونکە یەکەم مەبەستی هەیە، ئەم مەبەستەش گشتیە و کورت ناکرێتەوە لە داواکاریەکی تاکەکەسیدا کە پێشتر باسکرا، بەڵکو ئاراستە دەکات بە ئاراستەی گۆڕان و دووبارە

ڕێکخستنەوەی شتەکان بەشێوەیەکی دروست، هەروەها بۆ دروستکردنێکی داهێنەرانە. دووەمین ئەم هەوڵەی شیعر هەموو بەهۆی کاریگەری دەرەکیە کە بنەماکەی کاریگەری و کارتێکردنە ))[191]

واتە بەشێکی گەورەی شاعیر لەناو کۆمەڵگادایە و ناشرینەکان ئەم ڕەوشە لای شاعیر دەخولقێنن، بۆیە کاتێك شیعر دەنووسێت هەمیشە لەپشت جوانی و تاکایەتی شیعرەوە پەیامێك و ڕازێکی هەڵگرتووە بۆ کۆمەڵگاو دەوروبەر سەرۆکیش ئەو بوونەوەرە ئاڵۆزەیە لەبەرامبەر شاعیردا، کە بەرپرسە لەهەموو کۆمەڵگاو ژینگەو... تاد. بۆیە شاعیر ڕاستەوخۆی خۆی چڕدەکاتەوە بۆ ئاراستەکردنی پەیامەکانی بۆ سەرۆك، چونکە شاعیر خەمخۆرە بۆ وڵات و بۆ کۆمەڵگاش. جا کاتێك شاعیر دەڕووخێت لەهەوڵەکانی بۆ ئەوەی سەرۆك والێبکات باش بێت و ببێتە مایەی باش بوونی کۆمەڵگاش. کاتێك بێ هیوا دەبێت لەم خەونە ئیتر شاعیر کۆچ دەکات بەشێوازێك شتەکانی خۆی دەڵێت، هەمووی دژدەکەونەوە لەبەرامبەر سیاسەت و بەرنامەکانی سەرۆکدا، چونکە شاعیر توڕەیە، جا کاتێك ماڵی سەرۆك واتە ئەو شوێنەی شوێنی دەسەڵاتی سەرۆکە تژی بوو بەچاودێری و هێز و داپڵۆسێن، ئیتر شاعیر لەفۆرمی ڕەمز و ئەفسانە و ناواقیعەتدا شتەکان دەردەبڕێت. هەروەها بەجۆرێکی تر ئەوەی شاعیر بینای دەکات لەسەر شتەکان بەچاوی سەرۆك و لایەنگرانی هەمیشە ناعەقڵانییە، چونکە عەقڵانییەت ئەوەیە شاعیر پەیڕەوی بەرژەوەندی و ئەوە بکات سەرۆك ڕازیە، واتە (من)ی خۆی، بەڵام دەکەوێتە ناو شەڕێکی گەورەوە تا وای لێدێت هەموو خەتاکان هەموو بەڵاکان دەخاتە ئەستۆی سەرۆك، هەروەك چۆن لە کۆمەڵگا سەرەتاکاندا نەخۆشی و کارەساتی سروشتی و بەڵا و... تاد. هەمووی سەرۆکی ئەو هۆزە لێی بەرپرس بوو، لێرەشدا لەم کۆمەڵگا تازانەی خۆمانیشدا یاریەکە هەمان یاریە، بەڵام کاراکتەرەکان گۆڕاون. سەرۆك بەرپرس دەبێت لەهەمووشتەکان بەمەش بوونی سەرۆك بۆ شاعیر بوونێکی ناچاریە و وەك پێداویستیەکی دەروونی دەبێت هەبێت.

هەتا شاعیر خەم و خەون و حەزە خەفەکراوەکانی خۆی تیا بەتاڵ بکاتەوە لەم بارەدا شاعیر هێندە خەم و بەڵا دەخاتە ئەستۆی سەرۆك، کە لەوانەیە هی خەتا و گوناهی سەرۆك نەبن، یاخود خەتاکان زۆر بێ مانابن، بەڵام تازە سەرۆك بڕیاری لەسەردراوە سەرۆك بێت، بۆیە خەتاکان بابێ مانا و پوچیش بن یان باپەیوەندی بەئەوانیشەوە نەبێت، بەڵام هەڵیانگرێت چونکە سەرۆك سەرۆکە. شیعریش لەپەیوەندییەکی گەورەدایە بەناواقیعیەت و نا عەقڵانییەوە، بەو مانایەی کە بایەخ بەشتی پوچ و بێ ماناش دەدات بەجۆرێك گەورەیان دەکات و مانایان پێدەبەخشێت. [192]

---

[191] - صبيح ناجى القصاب، الشعر بين الواقع والأبداع، ب ط، دار الرشيد للنشر، سلسلة دراسات ١٦٦، الجمهورية العراقية وزارة الثقافة والآعلام، ١٩٧٩،ص ٦٦

[192] - بڕوانە : أرنولد ب. هنچلف، موسوعة المصطلح النقدي اللامعقول، ت: د. عبدالواحدلؤلؤ، ب ط، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩، ص ٩

بۆیە لەوانەیە خەتاکانی شاعیر کەدەیخاتە ملی سەرۆك زۆر عەقڵانی نەبن بەڵام سەرۆك وەك گوتمان پێویستیەکی دەروونییە بۆ میللەت بۆیە ئاسایی دەکەوێتەوە زیاتر لەمەش شاعیر هەستێکی قووڵ و یادگەیەکی چالاکی هەیە کە لەوانەیە شتانێك هەبن پەیوەندیان هەبێت بەڕابردووەوە کە سەرۆك تیایدا بەژدارە بەڵام شاعیر ئەوانیش فەرامۆش ناکات و ئەوانەش هەمووی بەمایەی خراپی سەرۆك دەزانێت، ناخۆشیەکانی رۆژانی منداڵی و نەگەیشتن بە خەونەکان و خەمەکانی ئێستا، چونکە شاعیر یادگەی چالاکە و هەستەکانیشی بەهێزن بۆ بەدیارخستنی دیوی ناوەوەی شتەکان.

(( نووسەر خاوەنی یادگەیەکی ناوەکیە گەورەیە، رۆژانی منداڵی و گەورەیی هەموو بەبیردێت هەروەها خەونە چەپێنراوەکانی ئەو کارانەی دەیتوانی بیانکات، هەروەها هەستکردن بەو خەسڵەتە خراپانەی کە لەخەڵکانی دەوروبەریەوە تێبینیکردوون، لەگەڵ تێبینەکانی ناو دەروونی خۆشی ))[١٩٣]

هەوەها سەرۆك کاتێك تابۆکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە لەڕێگەی دەزگاکانەوە وەك دەزگای بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئیداری و ئەمنی... تاد. هەموو تابۆکان بەجۆرێك دەگەڕێنەوە بۆ سەرۆك کە هەمووشیان دیوار و رێگرن لەبەردەم خەونە لەبن نەهاتووەکانی شاعیردا، بۆیە شاعیر زۆر پەیوەستە بەسەرۆکەوە، هەر لەکۆنەوە شاعیران لە دەربار و کۆشك و... تاد. بوونیان هەبووە، بەڵام پەیوەندی نێوان سەرۆك و شاعیر دوولایەنە یان پیاهەڵدانە یاخود داشۆرینە، کە شوێنی راستەقینەی شاعیر داشۆرینە، یاخود نیشاندانی لایەنە بێ هێز و خوارەکانی سەرۆکە. شاعیر دەبێت لەم بەرەیەوە شیعری خۆی بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەم رەوشە هەمووی بەزەرەری شیعر تەواو دەبێت، چونکە شیعر ئاراستە دەکرێت بۆکار و ئەرکێك کە لەگەڵ شیعریەتی خۆیدا وێك نایەتەوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە لایەنی جوانی و ستانیکا هەموو دەکرێتە قوربانی مەبەست و ناوەرۆك کە شاعیر هەموو قورسایی خۆی دەخاتە سەر ئەو لایەنە، هەروەها وادەکات بەردەوام شیعر سەر بەواقیع بێت و دانەبڕێت لەکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و... تاد.

بەڵام خۆدەرباز کردن لەم رەوشە هەروا ئاسان نییە مرۆڤ خۆی خاڵی بکاتەوە لەشەڕی نەیارەکانی، لەشەڕی بەربەست و تابۆکان، لە نایەکسانی و ناباوکایەتی سەرۆك. ئەستەمە بەتایبەتیش بۆ شاعیر کەخاوەنی هەستێکی قووڵ و یادگەیەکی بەهێز و عەقڵێکی شۆڕشگێڕە ئەستەمە بتوانێت بڕوات و بەتەنها و رووت و قووت بێ خەمە کۆمەڵایەتی و واقیعیەکان لەماڵی شیعردا ئامادەیی هەبێت. هەمیشە تۆز و گەردی واقیع دانابڕێت لەسەر دەروون و هەستی شاعیر، بەختیار عەلی لە شیعری ( سەرۆك بەیانیان کە هێشتا خوێن... رەشەباکانمان مەگۆڕە ) بەتوندی سەرۆك ئیدانە دەکات کە هەر رۆژە یاسا و تابۆیەك دەردەکات بۆ خەفەکردنی شتەکان بەجۆرێك خۆشی بووە بەتابۆ و هەموو شت بۆ ئەو دروستە.

---

[١٩٣] - اهر بنورغ، بيلاكيوبيتسى، بوندار يوف، مايكوفسكى، تولستوى، دراسات معاصرة، مجموعة ابحاث مترجمة، ب ط، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٥، ص٣١- ٣٢

« سەرۆك هێندە یاساكانی شەڕ مەگۆڕە، دڕۆمان لەگەڵ كۆتره سپیەكان بۆناكرێت

هێندە غەریزەكانمان مەگۆڕە... ئیدی دڕۆمان لەگەڵ جەستەمان بۆناكرێت

سەرۆك بەرەبەیان كە برین هێشتا تازەیە. كەخوێن هێشتا بۆنی شیری لێدێت

كەدڵمان بۆنی پەنیری سپی كێڵگەكانی لێهەڵدەستێ. تۆجێگای پاوانەكانمان مەگۆڕە

ئێمە ناتوانین هەموو رۆژێ بەرغەڵەكانمان بگۆڕین. وەرزێكە كەسمان لەباران

تێناگەین ئاگری سەوسەن و ڕێحانمانان بەربۆتە باوانمان...

...........

سەرۆك عەشقەكانمان مەگۆڕە... ئێمە ناتوانین هەموو شەوێك دڵی خۆمان بگۆڕین

سەرۆك بەرەبەیان كەهێشتا باوێشكی شەو بەهەلاڵەكانەوەیە دڵی بولبول پڕە

لەپرخەی مێرگوزار... چاوی سوێسكە پڕە لەرپێشكەو پێشكەی لالەزار...

كاتی جەنگمان لێمەگۆڕە... ئێمە بەرگەی شمشێری ناوەخت ناگرین... »[١٩٤]

شاعیر لێرەدا یاری سەرۆك ئاشكرا دەكات كە چۆن بەئارەزووی خۆی یاری بەدەسەڵات و ئایندەی وڵاتەوە دەكات بەبێ ئەوەی هیچ مافێك بداتە میللەت پاشان یاری بەسامان و هەموو شتەكانی گەل دەكات، هەر بەوەندەش ناوەستێت ئەوەی ئەو وەك یاری دەیكات و حەزی خۆیەتی دواجار وەك تابۆ و یاسایەكی راستەقینە دەسەپێت بەسەر گەلدا. شاعیر داوادەكات سەرۆك لەسەر یەك تایم بروات و هەر رۆژە یاریەك دەكات بۆیە داوادەكات سەرۆك یاساكان نەگۆرێ عەشقەكان نەگۆڕێ، پاشان شاعیر دەسەڵاتی سەرۆك كەشف دەكات كە هاتۆتە ناو هەموو شتەكانەوە و دەست دەبات بۆ عەشق و جەنگ و بچوكترین شتی ئەم وڵاتە، ئەوەش تێكدانی باری راستەقینەی شتەكانە و گۆڕینی ئاراستەی سروشتی شتەكانە. بۆیە شاعیر دەیەوێت فێڵی سەرۆك ئاشكرا بكات و بێزاری خۆی دەردەبڕێت لەدەست ئەو هەموو حەزە سەر شێتانەی سەرۆك كە چۆن باری سروشتی شتەكان تێك دەدات، چونكە دەیەوێت هەموو شتەكان بەویستی رێك بخرێن و بەویستی ئەو بجوڵێنەوە بۆیە شاعیر لەدەسەڵاتی سەرۆك دەدات و بەئاشكرا كردنی ئەو هەموو دەسەلاتەی سەرۆك و كەشف بوونی ئەو فێڵە هەیمەنەی سەرۆك دەخاتە مەترسیەوە و دەسەڵاتی دەپوكێتەوە.

« سەرۆك ئەوەتەی تۆ پێدەكەنی، ئاو هەمووی دەگری، ئەوەتەی تۆ بەیانیان زوو

---

[١٩٤]- بەختیار عەلی، تاماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، ل٤١٧– ٤١٨

تەماشای بولبول دەکەیت، گوڵزار هەمووی دەخەوێت، ئەوەتەی تۆ شەوان دەگریت

ئەستێرە هەمووی پێدەکەنێت

سەرۆك كێ هەیە نەزانێت كەتۆ یاقووتێکت هەڵگرتووە پڕە لەووشەی خشڵی ئێمە

تۆ ئاوێکت رشتووە پڕە لەلافاوی دڵی ئێمە، لەو کاتە وەی تۆدێیتە سەر دەریا

ئاو حەزی لەخۆکوشتنە، لەوکاتەوەی تۆ دەچیت بۆ تەماشای کەنار

بەلەم هەوەسی لەخۆخنکاندنە

ئەمە دونیای رەشی تۆیە... ئەمەیە قیامەتی خوێنیت

ئەمەیە دابەزینی هەتاهەتایی تۆلەشەمەندەفەری جوانی

سەعاتی دابەشبوونی تۆ لەنێوان خۆرو خیانەتدا، ئەمەیە ئیوارێی شکاوت

لەنێوان شەوی سپی و نیوەڕۆی قەترانییدا.

سەرۆك کەتۆ بۆنی خونچەیەك دەکەیت، هەموو گوڵی دونیا دەگری »[١٩٥]

شاعیر باسی ئەو رقە شاراوە دەکات کە هەموو شتەکان هەیانە بەرامبەر بەسەرۆك گوڵ ئەستێرە ئاسمان بولبول هەمووی لەناوەوە پڕە لە ڕق و قینە بەرامبەر سەرۆك ئەویش بەهۆی ئەوەی سەرۆك بەخوێنی شتەکان دەژیت، بەیاقووتی میللەت یاقووتی خۆی گەورە دەکات، بەپارەی گەل ماڵ وسامانی خۆی پێکەوەدەنێت، تەنانەت سەرۆك هێندە دکتاتۆرە، کە دەشچێ بۆ کەنار بۆ کەیف و سەفانییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە خنکان و تێك شکانی بەلەمەکان ببینێ. هەموو شتەکان بێزارن لە سەرۆك شومی و بەڵای سەرۆکە وایکردووە دنیا هەمووی رەش بێت و هیچ شتێك ئارام نەبێت. ئەمەش بێزاری شاعیرە لە سەرۆك و تابۆ ناکۆتاکانی لە دنیای سەرۆك و دار و دەستەکەی لە حکومڕانی سەرۆك و حوکمەکەی، چونکە سەرۆك خۆخوازە و بەخوێنی میللەت دەژیت . بۆیە شاعیر سیحری سەرۆك بەتاڵ دەکاتەوە و دەیکاتە مایەی هاتنە دەرەوەی هەموو قەهر و کەم و کوڕی و حەز و ناتەواویەکانی ژیانی خۆی و کۆمەڵگاش. بەمەش شاعیر لە شیعردا بەشێك گوناهو خەمی خۆی دادەنێت، سەرۆکیش دەکوژێت بۆ دامرکانەوەی رقەکەی خۆی.

[١٩٥] - سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٩_٤٦٨

## ١٠_ عەشق و شیعر :-

عەشق (خۆشەویستی) ئەو هێزەیە شیعر خۆراکی خۆی لێوەردەگرێت بەجۆرێك ئەم هێزە هەموو دەمارەکانی شاعیر داگیر دەکات بۆ بەردەوام بوون لەژیان و شەڕەکانی و بوونی هیوایەك هەتا شیعر بۆی بژیت، عەشقی مرۆڤ بۆ مرۆڤیش ئەو هێزە کۆنەیە لەدێر زەمانەوە عاشقەکانی کردۆتە خەباتگێڕ و جەلاد و قوربانی، نەگەیشتن بەم خەونە لای مرۆڤ، وایکردووە (فەرهاد) کێوی بێستوون کون بکات و سیامەند و خەج بەدەردی مردن بچن. بۆیە شاعیر وەك هەستیارترین توێژ و وەك بوونێکی سۆزدار و قەدەرێکی گەورەی لەبەردەمە لەناو جیهانی عەشقدا، قەدەرێك یەك تاکە موو بەسە بۆ ئەوەی ببێتە جەلاد یاخود پاکیزە، چونکە رەگەزی بەرامبەر بۆ شاعیر هەرمرۆڤێك نییە بەتەنیا، بەڵکو هەموو شتەکانە کلیلێکە بێ وەدەست خستنی ئەو ئەستەمە گەیشتن بەشتەکانیتر. هەروەها مەعشوق لەبەر رۆشنایی دەروونشیکاریدا جێگەی بەتاڵ بوونەوەی رەمەك و غەریزەکانە، هەروەها بابەتێکە بۆ شاعیر هەتا سۆزی عەشقی خۆی تیا بنوێنێ. فرۆید زۆر گرنگی بەخۆشەویستی داوە بەجۆرێك سەرچاوەی هەموو نەخۆشیەکان لەودا کورت دەکاتەوە.

(( فرۆید کاتێك یەکەمین پەرتووکی خۆی بەهاوکاری برۆیر Breuer لەسەر نەخۆشی هیستریا دەرکرد، گەیشتە ئەو باوەڕەی هەموو نەخۆشیە هستریاکان دەگەڕێنەوە بۆ نەخۆشی خۆشەویستی (love sick) کە بەهۆی دابڕان لەخۆشەویستی، یان دووبارە بوونەوەی ئەو دابڕانە یاخود سەرکەوتوو نەبوون لەپارێزگاریکردن لەکۆمەڵێك پەیوەندی پێشوو کە ئەو پەیوەندیەش سۆزداریە ))[١٩٦]

فرۆید باش ئەوەی درککردووە کە دابڕان لەشتەکان یاخود نەگەیشتن بەو شتانەی کە خۆشمان دەوێن و دەچنە پلەی پیرۆز بوونەوە لامان بەهۆی دووری ئەوشتەوە لێمان، هەروەها ئەو شتەش خۆشەویستی رەگەزی بەرامبەر بێت و مایەی بەتاڵ بوونەوەی رەمەك و خەونەکانیش بێت، بەتایبەت رەمەکی مەرگدۆستی و ژیاندۆستی.[١٩٧]

ئەوا مرۆڤ بەتایبەتیش شاعیر هەر دەبێت ئەوەی لێ چاوەڕوان بکەین کە شێتانە بکەوێتە لاواندنەوە و لاڵانەوە بۆ مەعشوق. بەجۆرێك شاعیر خۆی ئازاد بکات لەوەی بەزاریدادێت و شێتانە شت بڵێت و رەمەکەکانی بەرەڵابکات لەودیو مەرگی (من) و (منی باڵا)وە. بۆیە ئەم جۆرە لە خۆشەویستی کە شاعیر هەموو خەیاڵی لای ئەوەیە بەمەعشوق بگات و سەرنجی مەعشوق بەلای خۆیدا رابکێشێ. شاعیر تووشی کێشەی گەورە دەکات، ئەوە هیچ کە ئامادەیە قوربانی گەورە بدات بۆ بەدەست هێنانی دڵی خۆشەویست، ئەوەترسناکە

---

[١٩٦] - فارسس کمال نظیمی، الحب الرومانسی بین الفلسفة وعلم النفس، ط الأولی، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربیل، کردستان، ٢٠٠٧، ص ٨٣

[١٩٧] - نفس المصدر السابق،ص٨٤

کاتێك بیر لەڕێگای بەدەست هێنانی دڵی مەعشوق دەکاتەوە، چونکە چاکی و خراپی ڕێگا و ئەم پرسیارە ڕەوایە دەڕواتە دەرەوەی پرۆسەکە گرنگ بەدەست هێنانە لەدوای ئەمەش بەموڵکردنی مەعشوق.

بەجۆرێك کەسی تر بۆی نییە بیکاتە خۆشەویستی خۆی، هەروەها بۆخۆشی مافی ئەوەی نییە یەکێکی تر بکاتە عاشقی خۆی، بەڵکو دەسەڵات دەسەڵاتی عاشقی یەکەمە ئەو خاوەن موڵکە و مافی سەرپەرشتیکردنی مەعشوقی هەیە، ئەمەش کارەسات دەخوڵقێنێ بەجۆرێك عاشق جوانییەکان دەشێوێنێ و هەر خۆی دەکاتە سێنتەر و چەقی کارەکە، بەمەش عاشق دەبێتە دکتاتۆ رو شەڕانییەت ئامادەیی هەیە لەدەروونی ئەودا لەترسی تەرابوونی مەعشووق و داگیرکردنی لەلایەن ڕەقیبەوە.

بەڵام گەر هاتوو ئەم حیکایەتە بەواقیع رووی نەدا کە ئەم ئەگەرەیان هەمیشە شانی شاعیر دەگرێتەوە چونکە شاعیر پاڵەوانی ناو شیعرە نەك واقیع. شاعیر شەڕی واقعی پێ ناکرێت ئەو کە لەناوەوە لەناو حیکایەتێکی خەیاڵیدا دەژیت، بەجۆرێك ئەم حیکایەتە سەرەتا و ناوەندی هەیە دابڕان و پێك شادبوونی تێدایە، شاعیر لەوێ نەرم دەبێت و گەرم دەبێت بۆیە شەڕ و کوشتاری ڕەمەکەکانی خۆی دەباتە ناو شیعرەوە، بەڵام بەدەر لەشاعیر کەسێکی تر لەواقیعدا مەعشوق دەڕفێنێ و شەڕی لەسەر دەکات، بەڵام شاعیر لەبوون و نەبوونیدا لەشیعردا درێژە بەحیکایەتی خۆی دەدات.

(( نەبوونی خۆشەویستی لەخەونەکاندا یاخود لەزیندە خەونەکاندا لەوێنە و ڕەمز و خەیاڵاتدا دەردەکەوێت، کەبێ رتووشانە خۆی دەردەخات کە لەواقیعدا ئەم وێنانە بۆ تێربوونی پێویستی خۆشەویستیە، کەئەمەش لای بێ بەشەکان لەخۆشەویستی دەردەکەوێت وەك بێوەژن کە هەمیشە هاوسەرگیری دێتە خەونەکانییەوە.... ))[198]

ئەم حیکایەتە جیاوازی لەگەڵ ژیانی واقعی ئەوەیە کە خەڵك شاهیدی ئەوەی واقیعین بەڵام شاعیر هەر خۆی شاهیدی ئەم ڕووداوەیە چونکە لەناو خۆیدایە و هەر خۆی سەیرکەر و سەیرکراویشە، بەڵام شاعیر جیاوازی نییە چونکە شاعیر بۆناوەوە و بۆدەرەوەی خۆی هەمان کاردانەوەی هەیە. سەرەتا ئەم حیکایەتە لەدەرەوە دەست پێدەکات جاشاعیر کاتێك لەدەرەوە پێی ناگات ئەوا دەیباتەوە ناوخۆی و دوو دۆخ لەناو شاعیردا سەرهەڵدەدات، کە پێچەوانەی یەکترن دۆخی یەکەمیان دۆخی خۆشەویستیە، بەجۆرێك شاعیر مەعشوق بەکلیلی خۆشیەکانی ژیانی خۆی دەزانێت و وادەزانێت گەر ئەم خۆشەویستیەی سەربگرێت ئیتر دەرگایەکی تازە دەکرێتەوە بەژیانیداو دنیای بۆ دەبێتە بەهەشت. بۆیە هەمیشە مەعشوق دەکاتە هەوێنی ژیانێکی بەهەشتی ناوازە، شیعرەکانیشی پڕ دەبن لەسۆز و وێنەی ناسك و جوان هەر بۆیە دکتۆر (لیو) پێی وایە.

---

[198]- أحمد فؤاد الأهولاني، الحب والكراهية، ب ط، دار المعارف للطباعة والنشر بمصر،١٩٤٩، ص ٥٠

(( خۆشەویستی هێمنە و سۆزدارە، خۆشەویستی لوت بەرز نییە و خۆ بەگەورە زان نییە، خۆشەویستی شتی خراپ داناهێنێ یان خۆپەسەندی یان تورەیی، خۆشەویستی پارێزگاری لەهەڵەکان ناکات، خۆشەویستی خۆش بەخت نییە لەگەڵ شەڕ، بەڵکو دڵخۆشە لەگەڵ راستگۆیی خۆشەویستی قەد خۆبەدەستەوە نادات ))[١٩٩]

بەڵام دۆخەکەی تر دۆخی رقە، دۆخی بەخەبەرهاتنی هەموو رەمەکە شەڕانگێزیەکانی ناو مرۆڤە، عاشق یاخود شاعیر لەم دۆخەدا هەموو شتەکان دەکاتە پردێك بۆ گەیشتن بەمەعشوق، بەجۆرێك کەئیتر عەشق

نابێتە کێشە، بەڵکو بەدەست هێنان و بەموڵککردن دەبێتە دواهەمین خەونی شاعیر. شاعیریش لەم دۆخەدا، کە لەلایەك دۆخ بەخشە بەوەی دۆخ دەداتە مەعشوق هەتا بیکاتە موڵك لەلایەکی ترەوە دۆخ وەرگرە کە هێزی خۆشەویستی مەعشوق دۆخی داوەتێ تا بەو چارەنووسە خراپە بگات. ئەم خۆشەویستیەش پڕدەبێت لەرق و شەڕ لەجیاتی ئاوەدانی و ئاشتی خراپەکاری و وێرانکاری دەخاتەوە. کوشتن و بڕین دێتە ئاراوە چونکە ئەم جۆرە لەعەشق سیاسەتی یەك داگیرکردنە و توانەوەیە لەناویەکدا. شیعر کاتێك واڵادەبێت بۆ لەخۆگرتنی ئەم شەڕە شیعرێك کە پڕە لەهەڵچوون و ئارامبوونەوە پڕە لەجوانی و ناشرینی لەیەك کاتدا، چونکە شاعیر لەیەك کاتدا خۆی بەخۆش بەخت و بەدبەخت دەزانێت، خۆی بەخۆش بەخت دەزانێت کە خاوەنی مەعشوقێکە وەك ماڵێك و پەناگەیەك لەناویدا دەژیت و دەردەدڵ دەکات. خۆشی بەکەم و بەدبەخت دەزانێت کە چۆن یەك مرۆڤ تەواوی خەیاڵ و زەینی داگیرکردووە و هەموو گیانی تەنیوە. ئەم جۆرە لەعەشق هەردوو حاڵەتەکەی تێدایە خۆش بەختی و بەدبەختی. شاعیر هەمیشە دیلە و ناتوانێت بگاتە شوێنێکی ئارام شوێنێك کە مایەی ترس و خەم نەبێت، چونکە کاتێك مەعشوق کچێك یان کوڕێك بێت ئەوا هەر دەبێت ترس و خەم لەگۆڕێدا بن، بەڵام کاتێك مەعشوق دەبێتە خوا ئەوا ترس نابێت چونکە خودا شتێك نییە لەدەست بچێت یان بڕوات، یاخود پێویستی بەشەڕ و هێز و بازووبێت عەشقی خودا بەپاك بوونەوە و رووتبوونە لەدەروون و ئیرادەی خراپ نەبێت نایەتە ئاراوە. مەعشوق لای (بەختیار) لەبەر ئەوەی کچە بۆیە دەنۆڕیت جیهانی بەختیار و شیعری بەختیار خاڵی نییە لەشەڕی عەشق :

**« چ چارەنووسێکی تاریکە... کەعەشق پاشماوەی خوێن و تەنهاییە...**

**ئەی یار... بڕوانە لەبەردەم مردندا. عەشق چ جەنگێک**

**بەرپادەکات و چ ئاشوبێک دەگێڕیت**

**جەنگێک کەپێمانخستە دۆزەخەوە**

**جێیدەهێڵین بۆ جەنگەڵ و ئەستێرەو دڕندەکان... تەواو یکەن**

---

[١٩٩]- د. ليو بوسكاليا، الحب، ت: صبري الفضل، ب ط مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب،١٩٩٦، ص ١٢١

**جێیدەهێڵین بۆ دەریاو هەورو عاشقەکان... تەواویکەن**

**جێیدەهێڵین بۆ گیاو نەورەس و فریشتەکان... تەواویکەن ))**[٢٠٠]

شاعیر لێرەدا ئەو دۆخەی خۆی دەنووسێتەوە کاتێك (یار) سەرەتا داویەتە ئەو، دواتر شاعیر ئەم دۆخەی خۆی دەداتە شتەکان کاتێك دەزانێت دەکەوێتە ئەوەی عەشقەکەی بەرەو مردن بڕوات، ئیتر شاعیر دەست دەکات بەشەڕ و ئاشوب و بەڵا بۆ پارێزگاریکردن لەعەشقەکەی، یاخود (یار) کە دواتر لەجیهانی بەهەشت دۆزەخ دێتە ئاراوە ئەمەش باری دووەمی شاعیرە بەرامبەر بە(یار) کە (یار) دەیکاتە جەنگاوەر و جەلاد و شەڕانی وادەکات لەپێناوی بەدەست هێنانی یاردا چارەنووسە تاریکەکان تاقی بکاتەوە چونکە (یار) کچە و کچیش وەك هەربوونێکی ماددی لەبەردەم مردن و لەناوچوون و داگیرکردندایە. (کچ) کە دەبێتە (یار) لایەنی ماددی خۆی زاڵ دەبێت بەسەریدا و مرۆڤێکە تەواو نەك بوونێکی ناماددی بێت وەك (خودا). بۆیە شاعیر ناچارە پارێزگاری و شەڕەکانی خۆی بەرپابکات باکوشتن و خوێن و برینیش بێت.

**(( من سەرابیترین پیاوی دنیا. نیشتەجێی کوشکێك لەوەهم**

**تۆ کچێك لەهەڵمی ئەو دەریاچانەی ((با)) نایگاتێ**

**ئاهێك لە ئاهەکانی هوما**

**پڕشنگێك لە پڕشنگەکانی قەقنەس**

**دەبا خۆمان بەحەقیقەت... بەگیا... بەدەستە پاکەکانی باران**

**بسپێرین / دووبارە (با) ناومان لەسرودەکانی مردندا**

**بنووسێتەوە / باران بەو پەلکە زێڕینەیەمان بناسێنێت کەبەم**

**جبەخانەی عەشقەوە بەجەنگاوەرمان تێدەگات**

**عەشق سیمای منداڵان دەگۆڕێت بۆ سیمای سەرهەنگە**

**یاخیەکان**

**بەڵام پەشیمانی**

**پەشیمانی ئەوە حیکمەتی لەیاد چوونەوەی جەنگاوەرەکانی**

**عەشقە ))**[٢٠١]

---

[٢٠٠]- بەختیار عەلی، تاماتەمی گوڵ تاخوێنی فریشتە، ل ١٦٢

[٢٠١]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩– ١٥٠

شاعیر لەڕێگەی ئەو حاڵەتەی خۆیەوە لەناو شیعردا جۆرێك لەئاگایی بۆدروست دەبێت کە روو بەرەو عەشق وەربگێڕێت و پێناسەی بکات، بۆیە دەڵێت عەشق منداڵ دەکاتە سەربازێکی یاخی، کە هەموو شتەکان پایە ماڵ دەکات و یاخی دەبێت لەو هەموو بەربەست و شتانەی شاعیر دادەبڕن لەو کچەی هەڵمی دەریایە، بۆیە شاعیر کرۆك و جەوهەری عەشق بەوەدەزانێت مرۆڤ یاخی بێت. وەڵامی ئەوەش دەداتەوە کەبۆچی جەنگاوەرانی عەشق لەیاد دەچنەوە ئەوەیە عاشقە یاخیەکان، پەشیمان دەبنەوە و خۆبەدەستەوە دەدەن بەوازهێنان لە(یار) یاخود راکردن لەشەڕی عەشق. ئەم جۆرە لەعەشق کە هەموو خەونی گەیشتنە بەو(کچە) عەشقێکە خاڵی نییە لەرەمەکەکانی مردن و داگیرکردن و دانانی سیاسەتێکی وا هەتا بەرامبەر داگیربکات. هاوتەریب بەمە عەشقێکە پڕە لەشەڕ و زۆر کەم ئارامی دەخاتەوە چونکە لەبنەمادا بۆ بەموڵکردنی مەعشوقە، بۆیە عاشق و مەعشوق هەمیشە لەشەڕدان ئەویش شەڕی ئازادی و دەست بەسەرکردنە، کە زۆر جار مەعشوق و عاشق دەگەنە یەك و رێگریش نییە، بەڵام هێزی داگیرکردنی عاشق وا لەیار دەکات هەمیشە سەرکێش بێت و لەدەرەوەی خەیاڵی عاشق یاری بکات. بەمەش یارییەك دێتە ئاراوە یاری ئازادی و کۆیلەیی کە زۆر جار عاشق دەبێتە کۆیلە چونکە نایەوێت مەعشوق لەدەست بدات.

**« ئەی یارلەم ساتی تالاّ ینییەدا تالاّنمکە، چونکە من هاتووم**

**تالاّنتکەم**

**رەشەباکانم لێبستێنە، چونکی من ئەستێرەکانت لێدەستێنم**

**مزگەوتەکانم لێبستێنە، چونکە من باغچەی گشتیت**

**لێدەستێنم**

**بورکانەکانم هەڵگرە، چونکە من تۆقانەکانت دەبەم... »**[٢٠٢]

شاعیر مەبەستی خۆی بۆیار ئاشکرا دەکات، کە دەیەوێت هەموو شتەکانی یار ببات بۆخۆی بۆیە رازیە بەو یاریە کە یاریش شتەکانی ئەو تالاّنبکات و ئەوداگیربکات نەك هەرئەمە بەڵکو شاعیر هەر خودی ئەم یاریە بەکرۆکی عەشق دەزانێت و لەم ەدوورتر ناڕوات بۆ عەشق تەنانەت تەماح و خەون و لەسنور دەرچوون و یاخیبوون دەبەستێتەوە بەعەشقەوە، چونکە عەشق لەم جۆرە روانینەدا مایەی بەتاڵ بوونەوەی رەمەکەکانە.

**« سەیرکە پاش عەشق چەند تەماحەکانم گەورە بوون**

**سەیرکە... بووم بەچ کیمیاگەرێک و خەون بەچ لا بورێکەوە**

---

[٢٠٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣

دەبینم

سەیرکە... چ... کافرێکم لێدەرچوو... »[٢٠٣]

شاعیر باش تێدەگات ئەم جۆرە لەعەشق مرۆڤ تووشی چ شەڕێك دەكات و تووشی دەردێكی دەكات و جۆرێك كە ببێتە شەرانگێزترین رۆحێك هەبێت، بەڵام شاعیر رازیە بەم جیهانە و بەرگریشی لێدەكات بەجۆرێك ئەم عەشقە بەهێزی راوەستان و بەردەوام بوونی خۆی دەزانێت بەرەو رووی ژیان و دوژمنەكانی خۆی.

« ئەی یار... ئەی شەونمی نێوان کتێبەدۆزەخیەکانی من

ئەگەر تۆ لەتەلار زیاتر نەدرەوشێتەوە

من شەڕم لەگەڵ ئەم دوژمنە کانزایانەدا بۆناکرێت

ئەگەر پرشنگی تۆ لەپرشنگەکانی زیو رۆشنتر نەبێت

دەنگی من لەدەنگی بەیانییە ناسازەکانی مردن گەورەتر

نابێت

ئەگەر تۆئاوازی جەنگ نەخوێنیت

شمشێرەکانی من لاسکی گوڵەکانی ئەم جەهەنەمەیان بۆ

نابڕێت... »[٢٠٤]

ئەمەش شەڕی شاعیرە لەگەڵ دوژمنەكانی. بەڵام بەهێزی خۆشەویستی یار، بەهێزی عەشقێك كە وادەكات شاعیر هەست بەبوونی خۆی بكات، چونكە شاعیر بوونی خۆی لەوەدا دەدۆزێتەوە كە یارێكی هەیە. ئەمەش وایكردووە جۆرێك لەتێڕوانینی بۆ دروست بێت بەرامبەر بەژیان كە زۆر تایبەتە. ئیتر شاعیر دەكەوێتە نێوان دوولایەنەوە، لایەنێك ئاهەنگە بەو و ئەویتر نائاهەنگە. دەكەوێتە نێوان دۆست و دوژمنەوە، پاشان هەست بە بوونی خۆی دەكات لەدەرەوەی خۆی، بۆیە شاعیر لە(یار) داوا دەكات بوونی هەبێت لای ئەو تابتوانێت عاشقانە شەڕ لەسەر ژیان بكات و عاشقانەش بمرێت.

---

[٢٠٣] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨

[٢٠٤] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨- ١٣٩

# بەشی سێیەم

## بەشداریکردنی توخمە دەروونییەکان لە ئیستاتیکای شیعرەکانی

## ( بەختیار عەلی ) دا

تەوەری یەکەم / یادگە و ئیستاتیکای شیعر

تەوەری دووەم / خەیاڵ و ئیستاتیکای شیعر

# تەوەری یەکەم

## یادگە و ئیستاتیکای شیعر

بەر لەوەی باسی ئیستاتیکای دەقی شیعر بکەین، دەبێت کورتە باسێکی یادگە بکەین وەك گرنگترین بەشی دەروونی مرۆڤ. لەپاڵ یادگەشدا کۆمەڵێك بەشی تر هەن ناکرێت فەرامۆش بکرێن وەك (یادەوەری) کە سەرەکیترین بەشی یادگەیە و زۆربەی کردەی ئافراندنی شیعریش پەیوەستە بە یادەوەریەوە، چونکە (یادگە) وەك کۆگایەك ئەرکی پاراستنی یادەوەرییەکانی مرۆڤە. ئەوەی لەودیو ئەم پاراستنەوە ڕوودەدات بەها و گرنگی خۆیان هەیە وەك وەرگرتنی زانیاری و کردنی بە یادەوەری و پاشان پاراستن و گەڕانەوەی، کە هەموو ئەم کارانە کاریگەرییان هەیە لە ڕەهەندی ئیستاتیکای شیعردا و هەمووشیان لەسەر ڕووتەختێك ڕوودەدەن کە ئەویش یادگەیە.

یادگە وەك بەشێك و ڕووتەختێك، شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانە. ئەوەی کە ڕووداوەکان کز دەبن و بەدەردەکەون و دەپوکێنەوە، ئەوە خودی ڕووداوەکانن، کە زۆربەیان جوڵان و وەستانی یادەوەرییەکانن لەناو یادگەدا. یادگە وەك کۆگایەك تژییە بە کەرەستەی عەمبار کراو کە کاتێك شیعر دەست بە دەرکەوتن دەکات، کۆمەکی خۆی لە یادگە وەردەگرێت بە وەرگرتنی یادەوەریە پێویستیەکان، بۆ ئەو کارەی یان ئەو مانایەی شیعرەکە دەیەوێت لەو ساتەوەختەدا. یەکێك لەو پرۆسە گرنگانە پرۆسەی بەبیرهاتنەوەیە، کە لە ساتی ئافراندنی شیعردا هەموو یادەوەریەکان چالاك دەبن دوورترین و کۆنترین یادەوەری شیانی ئەوەی لەبەردەمە کە چالاك بکرێت و بێتە ناو جیهانی ئەو شیعرەوە.

(( بەبیرهاتنەوە remembering پرۆسەیەکی عەقڵی و مەعریفییە لە میانەی عەمبارکردن و گەڕانەوەی ئەزموونی لە مێژینە لە وێنەی هەست پێکراودا، یان لە شێوازی تردا خۆی دەردەخات ))[٢٠٥]

با پرسیارێك بکەین ئایا ئەوەی بە بیردێتەوە چییە؟ بێگومان ئەوە یادەوەریەکانن کە جارێکی تر دەگەڕێنەوە و چالاك دەبن، کە لەمێژە لە یادگەدا وەك ماتەوزەیەك نوستوون ئەم پرۆسەیەش پرۆسەیەکی سادە و ئاسان نییە، بەڵکو عەقڵی و مەعریفیشە، چونکە شاعیر کاتێك خەیاڵی ئاراستەی یادەوەریەك دەکات هەر بە تەنها بۆ بەخەبەرهێنان نییە، بەڵکو شاعیر لە ئەنجامی ئەزموونی ژیانی خۆیدا گەیشتۆتە بیرکردنەوەیەکی قوڵ و هەمەکی. کاتێك ئەم تێگەیشتنە ئاراستەی ڕابردووی ژیانی خۆی دەکات جۆرێك لە تێگەیشتن لەو ژیانە بەسەرچووە دێتە ئاراوە. یاخود هەستی بە خۆشی و ناخۆشی ئەو ڕابردووە نەکردووە کاتێك لە شیعرێکدا ئەو شتانە دەخاتەوە بەر چاو کە یادەوەری ناو یادگەن لە ئێستای شیعرەکەیدا هەست بە خۆشی ئەو ژیانە یان ناخۆشی یان دروستی و نادروستی ئەو ژیانە دەکات.

---

٢٠٥ _ د. حکمت دروالحلو، د. زریعق خلیفة العکروتي، مدخل الی غلم النفس، ب ط، المکتب المصري للتوزیع المطبوعات، قاهرة، ٢٠٠٤، ص ١٤٧

زۆر جار خۆزگە بە گەڕانەوەی ئەو ژیانە دەخوازێت و جوانییەکان بەرجەستە دەکات وەك بەشداری کردنی یادەوەری منالّی لە پرۆسەی ئافراندنی شیعریدا، لەبەر ئەوەی منداڵی بۆخۆی ئەزمونێکی جوانە، کاتێك شیعر ڕێژ دەکرێت ئەو جوانییە دەبێتە هەوێنی ئیستاتیکای ئەو شیعرە و جوانییەکی ناوازە دەبەخشێت بەو شیعرە چ لە ڕووی گواستنەوەی وێنەی جوان یان مانا یاخود فۆرمی شیعرەوە. چونکە ئەم گەڕانەوەیە یان لە وێنەی هەستپێکراودا یاخود لە شێوازی تردا دەردەکەوێت، ئەم پرۆسەیەش ڕاستە جۆرێك لە ئازادی تێدایە لە گەڕانەوەی یادەوەریەکان بەلاّم ئەمە مانای ئەوەی نییە کە بێ بەرنامە و بێ لۆژیکە، نەخێر! چونکە (( ئەم پرۆسەیە عەقلّییە ڕوودەدات لەناو یادگەدا کە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و ڕێك بەڕێوە دەچێت بەم ڕیزبەندیەی خوارەوە (فێربوون – گەڕانەوە – ناسینەوە) ))[٢٠٦]

ئەم پرۆسەیە یەکەمجار فێربوونە کە ئەویش پڕکردنی یادگەیە بەو زانیارییانە کە وەك یادەوەری لە یادگەدا دادەنیشن و مرۆڤ فێردەبێت پاشان گەڕانەوە و ناسینەوەیە. لە قۆناغی گەڕانەوەدا شاعیر جیا لەوەی زۆر جار وەك خۆی شتەکان دەگوازێتەوە، بەلاّم شاعیر ڕازی نییە بەم گواستنەوە کت و مته نەخێر! بەلّکو یاریکردن و دەستکاریکردنی ئەم کەرەستەیە جوانی دەخاتەوە، چونکە شتێك پێشکەشی ئێرە دەکات کە واقیعی نییە و شتێکی ترە و یەکەمجارە ئێمە وەك خوێنەر و وەرگر ئاشنای دەبین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە بیرکردنەوە و بیرۆکەیەی شاعیر ئاراستە دەکات کە دەستکاری ئەو کەرەستەیە بکات لە کاتی گەڕانەوەیدا. لێرەدا ئیستاتیکا خۆی نمایندە دەکات بەوەی هەمیشە شیعر نوێخوازە و ڕوحێکی تازەگەر هەیە ئاراستەی دەکات. ڕاستە دەستکاری یادەوەری دەکات و وادەکات بە ناواقیعی دەریانبڕێت بەلاّم ئەم نا واقیعی بوونە ئیستاتیکا دەخاتەوە جا ئایا ئەم ئیستاتیکایە هی ئەوەیە شاعیر جۆرێکی تر بیردەکاتەوە بۆیە یادەوەریەکان جۆرێکی تر ڕیزدەکاتەوە؟ یان جۆرێکی تر شتەکان ڕیزدەکاتەوە؟ ئایا ئیستاتیکای شیعر وەك لایەنێکی گرنگ خواردنی خۆی لەکام لەم دوو شیانە وەردەگرێت.. ؟ لە ڕاستیدا دەتوانین بلّێین هەردوو شیانەکە لە ئارادان و ئەگەری هاتنە دییان هەیە بەلاّم ڕوحی ئیستاتیکا زیاتر لەوەوە نزیکە کە شاعیر هەلّگری بیرۆکەیەکی ترە بۆ ژیان و بیرکردنەوەیەکی تر هەیە شاعیر ئاراستە دەکات، بۆیە لە ساتی وەبیرهاتنەوەدا، کاتێك یادەوەری بە هوروژم لە یادگەوە دێتە ناو ناوچەی هەستەوە، ئەم بیرۆکە جیاوازە یان ئەم بیرکردنەوە جیاوازەی شاعیر هەلّگریەتی سەرداڕێتی ئەم پرۆسەیە دەکات و کاتێك یادەوەری لە ساتی هەلّڕشتندا ڕێکدەخرێتەوە لەناو شیعردا ئەو کاتە ئەو ئایدیا جیاوازە ئەم ڕێکخستنە بەرپا دەکات و خەیاڵ ئاراستەی هەموو بەشەکان دەکات بۆ دۆزینەوەی مانا و خولّقاندنی مانای تر لەپشت مانا باوەکانەوە بەمەش ئیستاتیکای شیعر خۆی مانیفێست دەکات.

چونکە ئەم هەلّڕشتنە هەروا هەلّڕشتن نییە بەتەنها و هاتنە دەرەوەی یادەوەری نییە، بەلّکو ڕێکخستن و چالاککردنەوە و جۆرێکە لە بیرکردنەوە کە شاعیر ئاراستەی ژیانی خۆی دەکات.

---

[٢٠٦] ــ نفس المصدر السابق،ص١٤٧

((یادگە زۆر گرنگە بۆ وەعی و بیرکردنەوە و فێربوون، کە بەبێ بوونی یادگە هیچ کام لەمانە ڕوونادەن))[٢٠٧] چونکە گەر یادگە نەبێت ئەوا هیچ زانیارییەك عەمبار ناکرێت کە مرۆڤ ڕۆژانە و بە درێژایی ژیانی خۆی بەهۆی هەستەکان و تێگەیشتنی خۆیەوە ئەو زانیاریانە وەردەگرێت، ئەو کاتەش مرۆڤ هیچی نییە تا بیری لێبکاتەوە، چونکە سەرەتا مرۆڤ لە قۆناغەکانی منداڵی و دواتردا زانیاری وەردەگرێت. بەڵام کاتێك عەقڵ تیایدا چالاك دەبێت مرۆڤ یەکەمین کارێك ئەجامی دەدات ئەوەیە بیر لەو ژیانەی خۆی دەکاتەوە، ئەو ژیانەش هەمووی لە یادگەدا پارێزراوە کە خودی یادەوەریە، واتە گرنگی یادگە لێرەدا بەدیار دەکەوێت، ئەوجا مرۆڤ پرسیاری بۆ دروست دەبێت لەسەر شتەکان و ئەم پرسیارکردنەش خودی وەعی و بیرکردنەوەیە، دواتر لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوەیە یادەوەریەکان پلەبەند دەکرێن باشی و خراپی و جوانی و ناشرینی... تاد. هەموو ئەمانە ڕێکدەخرێن.

شیعریش لە جەوهەری خۆیدا خودی هەستکردن و بیرکردنەوە و وەعیە لەگەڵ بارە نەستییەکان، کە شاعیر دەربارەی ڕابردووی خۆی و ئێستا و ئایندەی دەریدەبرێت. بۆیە ئەم جیاوازی بیرکردنەوەیە بەشی شێری بەردەکەوێت، لە پرۆسەی ئافراندن و لایەنی ئیستاتیکای شیعردا، شیعر بە ئارەزووی خۆی یادەوەریەکان ڕێکدەخات و بەپێی تێگەیشتنەکانی شاعیر مانایان دەداتێ و وێنەی تر و فۆرمی دیکە دەخولقێنێ کە زۆریان ناواقیعی و نالۆژیکین لەڕووی واقیعیەوە، واتە شیعر دنیایەکی ڕەمز ئامێزە و ئەم ڕەمزیەتەی وادەکات جۆرێك لە ئیستاتیکا بخاتەوە. هەر ئەم ڕەمزیەتیەشە بوار دەداتە شاعیر دەستکاری شتەکان بکات، چونکە وەك واقیع نییە کە دەستکاری کردنی شتەکان هەروا ئاسان و سادە نییە، هەر شتێك بیگریت ئاماژەیە بۆ مانایەکی تایبەت و ئاسان نییە ئەو مانایە بسێنیتەوە لەو شتە لە واقیعدا، چونکە جۆرێك لە کۆدەنگی لەسەرە.

بەڵام شاعیر لە شیعردا هەر خۆیەتی و شتەکانیش وێنەکانن نەك خۆیان کە وەك یادەوەری لە یادگەدا بوونیان هەیە، پاشانیش شیعر گەمەکردنە لە زماندا بۆیە شاعیر ئازادە لە بەخشینی مانا بە بێمانایی یان بەخشینی جوانی بە ناشرینی یاخود گۆڕینی ناو و ئاماژە و ماناکان. پاڵپشت بەو بیرکردنەوەیەی شاعیر ئاراستەی یادەوەری دەکات، جا گەمەکردن بە زمان بۆخۆی جوانییە، جوانییەکە کە تەنها شیعر دروستی دەکات.

نزیکترین یادەوەریەکیش کە لەبەر دەستی شاعیردایە یادەوەری ژیانی تایبەتی خۆیەتی کە زۆرێك لە دەروونناسان بە (یادگەی ژیانی خودی ناویانناوە)، کە لەوانە (( فرۆید لە تێگەیشتنەکانی خۆیدا دەربارەی لە بیرکردنی یادەوەری منداڵی یان چەپاندنی یاخود دەستکاری کردنی یادەوەریە ناشرینەکان (بە زیادکردن یان کەمکردنی) زۆر گرنگی بەم جۆرە یادگەیە داوە، کە زۆر کەس سەرکەوتوو نین لە یادهێنانەوەی یادەوەریە تایبەتیەکان بەهۆی چەپاندن یان هۆکاری بەرگری دەروونی وەك (من) یان بە بیرهاتنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو، ئەمەش بەهۆی پاککردنەوەی یادەوەری یان هۆکاری لاوەکی ))[٢٠٨]

---

[٢٠٧] _د. محمود صيادي حماش، العقل والدماغ، ط الاولى، بيت الحكمة، عراق، بغداد ٢٠٠٢، ص ٩٠

[٢٠٨] د. محمد قاسم عبدالله، سيكولوجيا الذاكرة، ط الاولى، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص ١١٦

واتە زۆر کەس هەن دەستکاری یادەوەری خۆیان دەکەن، بەوەی هەڵەیان کردووە لەبیر خۆیانی دەبەنەوە، یان کارێکی ئازایانەیان ئەنجامداوە، لە ساتی باسکردن و گەڕانەوەی ئەو یادەوەریە، زیادەی دەخاتەسەر، شاعیریش بەدەر نییە لەم یاسایە، بۆ نموونە ژیانی منداڵی خۆ هەمووی هەر جوانی و خۆشی نییە، بەڵام کاتێك لە شیعرێکدا ئەم ژیانی منداڵیە باس دەکرێت، پڕ دەکرێت لە جوانی و پاکی و بێگەردی، بە جۆرێك ئەوەندە شتەکان گەورە دەکرێن کە ئیتر دەچنە ناو سنوری گەمەوە و شتەکان دەبنە جۆرێك لە فلیمکارتۆن وەك قسەکردن لەگەڵ دار و چاوشارکێ لەگەڵ مانگ و... تاد.

ئەمەش هەمووی گەمەی ئیستاتیکی شیعرە لەگەڵ یادەوەریەکاندا کە یادگە وەك ڕووتەختێك دەبێتە مەیدانی خستنەوەی ئەم جوانییە، هەروەها بە بیرهاتنەوەی یادەوەریەکان لە واقیعدا زۆرجار ڕێپێدراو نین، چونکە یادەوەریەکان هەمەچەشن و هەمەڕەنگن، تاوان و گوناە و هەڵە و... تاد. دەیان شتی دیکە هەیە لە یادگەدا هەن، بۆیە هەڵڕشتنی ئەم هەموو لایەنە جیاوازە لە جیهانی ئازادی شیعردا ئاسانتر و ساناترە، چونکە شاعیر هەر خۆیەتی بەتەنها، هەروەها زیاتر لەمەش شاعیر زۆرجار لە شیعردا دان بە تاوانەکانی خۆیدا دەنێت و ئەو یادەوەریانە بەسەر دەکاتەوە کە هەموو گوناە و تاوانن ئەمەش بۆ خۆ ڕزگارکردنە لەو ئازارە ناوەکیەی شاعیر هەراسان دەکات، شیعر وەك پاراستنی هاوسەنگی دەروونی شاعیر و ڕزگارکردنی لەو ئازارە ویژدانییە یادەوەریەکان دەجولێنێت و شاعیر پاکدەکاتەوە و وادەکات لە نوێوە دەست بکاتەوە بە ژیان و بە جۆرێکی تر ژیان ئەزموون بکات.

ئەم حاڵەتە حاڵەتی تێگەیشتنە لە ڕابردوو، واتە جیاوازە لەو دۆخەی کە هەندێك مرۆڤ بەشێك لە یادەوەری خۆیان بزر دەکەن و تووشی نەخۆشی لە یادچوونەوە دەبن وەك نەخۆشی ( ئەلزایمر ).

(( لە هەمان کاتدا تەسکبوونەوەی یادگە هەیە وەك لە نەخۆشی ئەلزایمەردا هەیە کە ئێمە توانای ژیانەوەی ڕابردوومان نییە کە لە ئەنجامدا پەیوەندی خۆمان بزر دەکەین بە خۆمان و دەوروبەرمانەوە ))[٢٠٩]

بەڵام شاعیر بەدەرە لەمە چونکە شاعیر خاوەنی یادگەیەکی فراوان و کشاوە کە ڕاستەوخۆ بەپاڵ عەقڵەوە کاردەکات هەروەك بەشێك لە شارەزایانی بواری دەروونناسی یادگە بەوە پێناسە دەکەن کە (( ناوچەیەکی لاستیکییە ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە ژیانی عەقڵی ئێمەوە ))[٢١٠]

چونکە شیعر بەدەر نییە لە تێگەیشتن و بیرکردنەوە، شاعیر هەستیارترین مرۆڤە بە شتەکان، بۆیە لە شیعردا یادەوەریە زۆر کۆنەکان و یادەوەریە تازە عەمبارکراوەکان و ئەوانەی لە ئایندەدا شیانی ڕوودانیان هەیە، هەموو ئەمانە پێکەوە لەسەر خوانی زمانی شیعری کۆدەکاتەوە و هەمیشە جوانی بەرهەم دەهێنێ و ئیستاتیکا دەکات بە بەری شیعردا. ئەم جوانییە تێکەڵکردن و کۆلاژکردنی یادەوەریەکانە و دووبارە گەڕانەوەیانە و ڕێکخستنیانە بە شێوازێکی تر و جۆرێکی تر، کە زۆرجار ناواقیعی و نا لۆژیکیە. هەروەها

---

[٢٠٩] – لاري. آر. سكواير و ايرك آر. كاندل، الذاكرة من العقل الى الجزئيات، ت: د. سامر عرار، ط الاولى، مكتبة الصبيكان، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٢، ص ١٠

[٢١٠] – نفس المصدر السابق، ص ٩ – ١٠

هاوتەریب بەمە کاتێك شاعیر مامەڵە لەگەڵ یادەوەریەکان دەکات وەك ماددەیەکی خاو و بێمانا، یارمەتی دەدات کە چۆن بیەوێت ئاوها مانادار و فۆرمی تریان بۆ دابتاشێت، بۆیە شیعر پێش ئەوەی گەمەبێت بە شتەکان، گەمە کردنە بە زمان، چونکە تەنانەت زمانیش تووشی گۆڕان و هەڵوەشانەوە دێت لە شیعردا چ لەڕووی ماناوە چ لەڕووی فۆرم و ڕووخسارەوە. هەمووی دەکەونە بەردەستی شاعیر و شیعر شتی تریان لێ فەراهەم دەهێنێت، بۆیە شیعر ناتوانرێت دابڕێت لە جوانی و ئیستاتیکا ڕەهەندێکی گەورەی شیعرە بۆ بەخشینی چێژ و خستنەوەی جوانییەکی ناوازە، بەشێکی زۆری ئەم جوانییە دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی ( یادگەی خۆنەویست ) کاتێك لەپاڵ (یادگەی خۆویست)دا کاردەکات بەبێ ئاگاداری شاعیر.

چونکە یادگەی خۆویست لەسەر ئەرك و ماندووبوونی مرۆڤ ڕادەوەستێت کە ماندوو دەبێت بۆ ئەوەی زانیارییەك بەدەست بهێنێ، بەڵام (یادگەی خۆنەویست) ئێمە ئاگادار نین ئەو بەخۆی بەبێ ویستی ئێمە کۆمەڵێك وێنە و ڕووداوی تری عەمبار کردووە کە ئاگامان لێ نەبووە، زۆربەی ئەو شتانەش شتی زۆر لاوەکی بچوك و لاچەپن، بەڵام کاتێك شاعیر یادگەی چالاك دەکات بەهۆی شیعرەوە ئەو یادگە خۆنەویستەش چالاك دەبێت و هەموو ئەو شتانە دێنێتەوە کە لە ساتی گەڕانەوەیاندا شاعیر بەخۆی دەزانیت و سەری دەسوڕمێ چۆن ئەو شتانەی بەبیرماوە یان چۆن ئەو شتانەی وەرگرتووە بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت.

جا لە پرۆسەی ئافراندنی شیعردا ئەم یادگەیە زۆر شتی سەیر و سەمەرە دەهێنێ کە دەبێتە هەوێنی جوانی شیعر و شیعر لادەکاتەوە لە شتی زۆر بچوك کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی زۆرکەم بیری بەلای ئەو شتانەدا دەڕوات، ئەم یادگەیە بەشداریەکی زۆر کارای هەیە لە ئیستاتیکای شیعردا جا بە هێنانی وشەی سەیر و سەمەرە ڕووداوی لاوەکی و وێنەی جۆرا و جۆر کە هەموو خزمەت بە لایەنی ئیستاتیکی شیعر دەکەن، هەروەك (هنری برجسون) لە باسی کاری یادگەدا دەڵێت :

(( لەنێوان ئەو دوو جۆرە یادگەدا، یەکەمیان ئاراستە دەکرێت بۆ لایەنی سروشتی خۆی، دووەمیان کاتێك لێدەگەڕێن بە ئاراستەیەکی پێچەوانە کاردەکات، یەکەمیان بەدەست دێت لە ئەنجامی هەوڵدانەوە کە بە ویستی خۆمان کاردەکات، دووەمیان خۆنەویستە و هەڕەمەکیانە کاردەکات ))[211] ئەم هەڕەمەکیەتە کاتێك دێتە ناو شیعرەوە، شیعر بە ئایدیاکانی خۆی ڕێکیدەخاتەوە و جۆرێك لە مانای دەداتێ و جوانییەکی تر دێنێتە بوون.

بەڵام یەکەمین ئاستی یادەوەری لەسەر زمان و ئەو شتانە ڕادەوەستێت کە شاعیر بەکاریهێناون یان ئەو دەورووبەرەی تیایدا ژیاوە هەروەك شاعیر دەڵێت :

**« لێرە هەنار مۆسیقای دەنکەکانی خۆی دەژەنێت، تیشك لە باڵندەکانەوە**

[211]– هنري برجسون، المادة و الذاكرة، ت : د. اسعد عربي درقاوي، ب ط، مطابع وزارة الثقافة والسياحة والارشاد القومي، دمشق، ١٩٦٧، ص ٨٩

فێری نیشتنەوە بووە لەسەر ئاو، فێربووە لە خوێنی ئێوەدا
گەرا دانێت.. دەڵێت : با خۆر زۆر بێت.
با هەتاو زاوزێ بکات
ڕوح لەبەرە سپییەکان دێن، لەو هەوا بێدەنگە ڕادەمێنن
کە پڕە لە ئەگەری تەقینەوەی ترسناک. لەو دەریاچە گەرمانە
دەڕوانن کە کەشتیەکانیان دەبنە هەڵم. دەریاوانەکانیان دەبنە غوبار
ڕۆژێک دێت، چیتر باڵندەکان ناخوێنن.. بولبول بەهار
بە کەڕولاڵی دەباتەسەر. هاوین بە کپی بخوری دەریاچەکان
هەڵدەمژێت، بەبێ هاوار باڵەکانی دەنوسێن بە ئاسماندا
بەبێ دەنگ وەک بورجێک لە لم دەڕوخێت. بەبێ دەنگ وەک
موروویەک لە تۆفاندا ون دەبێت. بەبێ دەنگ وەک تەیرێک بە
فەخار دەشکێت...
... »[٢١٢]

گەر لەم پارچە شیعرەدا واز لە مانا بهێنین و لەو ڕوانگەیەوە بنۆڕین کە ئایا یادگە وەك توخمێکی گەورەی دەروون چۆن بە یادەوەریەکانی خۆی کۆمەکی شاعیری کردووە بۆ دەربڕینی هەست و نەستی خۆی، هەر لە پێشکەشکردنی وشەی عەمبار کراوی وەك (ژەنین، فەخار، خوێندن،... تاد. ) هەتا هەموو ئەو شتانەی شاعیر لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ئەزموونی کردوون و مامەڵەی لەگەڵ کردوون، وەك (هەنار، مۆسیقا، تیشك، باڵندە، ئاو، خوێن، خۆر، هەتاو، ڕوح لەبەر، هەوا، دەریاچە، کەشتی، هەڵم، دەریاوان، غوبار، باڵندە، بولبول، بەهار، هاوین، باڵ، لم، بورج، موروو، تۆفان، تەیر،... تاد. ).
هەموو ئەم شتانە پەیوەندی هەیە بە یادگەوە، چونکە شاعیر بۆ ڕۆژێك یان ساتێك لە ژیانی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵ کردوون و وەك زانیارییەك لە شێوەی یادەوەری لە یادگەیدا هەڵیگرتوون ، بەڵام لەساتی ئافراندنی ئەم شیعرە هەموو ئەو شتانە کە یادەوەرین و لە واقیعدا کەم و زۆر دوورن لەیەك یان پەیوەندیان نییە بەیەکەوە و هی سەردەمی جیاجیان، بەڵام لایەنی ئیستاتیکی شیعرەکە هەر بەوەندە جوانی نەبەخشیوە کە لە پاڵ یەکتردا دایناون، بەڵکو زۆرجار یاری بەو پەیوەندیانە کردووە بەجۆرێك کە ناواقیعین، (وەك ژەنینی مۆسیقای دەنگ لەلایەن هەنارەوە، فێربوونی تیشکی ڕۆژ لە نیشتنەوەی باڵندە ، زاوزێی خۆر و بەهەڵم بوونی کەشتی، بولبولی کەڕ، هاوینی کپ، نووسانی باڵی هاوین بە ئاسمانەوە،... تاد. ).
هەموو ئەم وێنانە کە واقیعین سەرەتا هەموویان وەك یادەوەری لە یادگەدا هەرشتەو لە بەرامبەر مانای خۆیدا بوونی هەیە، ئەم زمانە تێکشاوە بۆ قسەکردن مرۆڤ تووشی سەر ئێشە دەکات، بەڵام زمان لەم ئاستە

[٢١٢] _ بەختیار عەلی، تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، ل ٥١٠

شیعرەیدا بەو تێکشکان و دەستکاریکردنی وێنە و کۆلاژکردنیان، ڕەهەندێکی زیندووی ناو شیعری پاراستووە ئەویش ئیستاتیکایە.

هەموو ئەو وێنانە لەگەڵ ئەوەی نالۆژیکین، بەڵام مانای لۆژیکییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، ناواقیعین بەڵام مانای واقیعییان لە هەناوی خۆیاندا مۆڵداوە. هەروەها جوانییەکی ناوازەیان هێناوەتە فەراهەم کە بەس شیعر لە توانایدایە چونکە کێشانی ئەو وێنە نالۆژیکیانە لەسەر زمان جوانتر بەرجەستە دەکرێت وەك لە ڕەنگ یان دەنگ یان... تاد. ئەو ماددانەی هونەرەکانی تر بەکاریدەبەن لە کاری خۆیاندا.

**« گەورەیە ئەم ئەستێرەیە.. کە ئەو هەموو تیشکەی تیاجێدەبێتەوە**

**گەورەیە ئەم دڵۆپە ئاوە کە بەم بچوکییە، خۆی بە ناڵی دەریا دەزانێت**

**گەورەیە ئەم تیشکە کە لەمێژە لە ئاسماندا وێڵەو ئێستاش خۆری بیر نەچۆتەوە**

**گەورەیە ئەم کێڵگەیە کە ئەگەر بێتەبەر، پڕە لە سێوی نەبینراو**

**گەورەیە ئەم غونچەیەی کە ئەگەر بگەشێتەوە پرە لە باغی نەوتراو**

**وەرە هاوڕێم پێکەوە سەیری گەورەیی چڵێك گیا بکەین**

**پڕە لە گوڵی گێژەن، لە هەناسەی پڕ غەمی گەرداو**

**لە گەورەیی کۆترێك ڕابمێنین**

**دڵ پڕە لە جەنگەڵی بچوك.. لە گوللەی کتوپڕ.. لە هەڵفڕینی لەناکاو.**

**بەڵام لە هەموو شتێك گەورەتر هاوڕێم مردنە...**

**کە دەرفەتمان دەداتێ ببین بە گوڵ، ببین بە هەور، ببین بە ئاو**

**لەسەرمان دەوەستێت.. پڕ بین لە عەتری عەشق، پڕبین لە مۆسیقای هەتاو**

**کاتێك لە جوانی تێر بووین، بە میهرەوە وەك دایکێك بانگمان دەکات :**

**وەرنەوە بۆ باوەشی من.. وەرنەوە بۆ باوەشی من.. ئیتر تەواو »**[٢١٣]

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا جیا لە مانا و بیرکردنەوەی قوڵ و ساتی سەرسوڕمانبوون بە گەردوون، پەیوەندیەکی زۆر جوان دەدۆزێتەوە لە نێوان یادگە و خودی تێڕامان لە یادگە، هەموو ئەو پرسیارانەی شاعیر دەیەوێت بیوروژێنێ، سەرەتا شتانێکن کە شاعیر ئەزموونی کردوون و وەك زانیارییەکی ڕووت بەشێوەی یادەوەری لە یادگەدا هەن، بەڵام شاعیر بەمەندە ڕازی نییە بەڵکو ئەو یادەوەریانە پرسیار ئاژن دەکات و ڕامانەکانی خۆی لەسەریان چڕ دەکاتەوە، وەك ڕامان لە زەوی کە چۆن ئەو هەموو تیشکە لە خۆدەگرێت، ڕامان لە پەیوەندی لەنێوان دلۆپە ئاوێك و دەریا، ڕامان لە کێڵگەیەك کە هەزاران سێوی نەبینراوی لە هەناو

[٢١٣] ـــ بەختیار عەلی، ئەی بەندەری دۆست ئەی کەشتی دوژمن، ل ٩ – ١٠

دایە.  لەم پرۆسەیەوە ئێمە پەیوەندی نێوان بیرکردنەوە و یادەوەریمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە یادەوەری هەمیشە ماددەی بەر دەستی بیرکردنەوەیە بۆ بیر لێکردنەوەی، پاشان جۆری پرسیار کردنەکەی شاعیر لەو یادەوەریانە ئیستاتیکایەکی تایبەتی هەیە دەیخولقێنێ، ئەویش جولاندنی یادەوەری کە خۆی وەستاوە. مانادارکردنی زانیارییەکی مردوو و زیندووکردنەوەی پاشان گرێدانی شتە پێچەوانەکان بۆ دەربڕینی مانا، وەك پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مردن، مردن وامان لێدەکات ببین بە گوڵ، ببین بە هەور بە ئاو بە عەتری عەشق بە دۆستایەتی هەتاو کە چۆن لەنێوان مردن و ژیاندا دۆستایەتی هەیە، زۆرجار خودی مردنە مانا دەداتە ژیان و جوانییەکان ڕۆشن دەکاتەوە، ڕاستە ئەم مانایە بە ناوەرۆکەوە بەندە، بەڵام مانا لەناو خۆیدا بەوەی دۆزینەوەیە هەمیشە ڕەهەندێکی ئیستاتیکی هەڵگرتووە لەخۆیدا، چونکە مانا لەناو خۆیدا پرۆسەی درەوشانەوە و ئاشکرابوونە، هەر ئاشکرا بوونێکیش خستنەوەی عەردێکی دیکەیە و شوناسێکی ترە لە بەرامبەر شوناسەکانی تردا، جوانی مرۆڤیش ئەوەیە کە خاوەنی تاکانەیی و ناوازەیی خۆیەتی بەوەی لە کەسی تر ناچێت.

# تەوەری دووەم

## خەیاڵ و ئیستاتیکای شیعر

ئەگەر پەیوەندی نێوان یادگە و ئیستاتیکا یادەوەری بێت، ئەوا خەیاڵ هۆکار و کارای نێوان ئەم پەیوەندییە، چونکە خەیاڵ هێزێکی ئاراستەکراوە لەلایەن ویستی مرۆڤەوە، کە بە دوو شێواز کاردەکات یەکەمیان ئاراستەکردنی خەیاڵە بۆ شتەکانی دەرەوەی مرۆڤ، دووەم ئاراستەکردنی خەیاڵە بۆ یادەوەرییەکان، بەجۆرێك خەیاڵ لەم بارەیدا لەگەڵ وێنەی شتەکان مامەڵە دەکات کە ئەویش یادەوەریەکانە.

ئەم دوو جۆرە خەیاڵەش ناونراون بە خەیاڵی دابڕاو و پێك بەستراو، دابڕاو تەنها شێوەی شتەکان دەگوازێتەوە کە ئەم جۆرەیان خەیاڵە لە دەرەوەی مرۆڤ وەك ئاراستەکردنی خەیاڵ بۆ بەردەم درەختێك کە لەم ئاراستەیەدا شێوەی درەختەکە وەك وێنەیەك دەگوازرێتەوە بۆناو یادگەو یادگەش وەك یادەوەریەك تۆماری دەکات، دووەمیان کە خەیاڵی پێك بەستراوە لە ناوەوەی مرۆڤ کاردەکات و پەیوەندی دەکات بە خەونەکان و شتە وەدەست نەهاتووەکانی مرۆڤ بەوانەشەوە کە لە سنوری مەحاڵدان. [214]

ئەم جۆرەیان تێکەڵە چونکە لە بنەمادا مامەڵە لەگەڵ یادەوەری دەکات، یادەوەریش بۆخۆی تێکەڵە وەك یادەوەری خەونەکان و واقیعەکان و بیرکردنەوەکان، کە زۆرجار یادەوەری هەیە لە شێوازی وێنەدا عەمبارکراوە هەشە لە بیستندا یان بۆنکردندا بوونی هەیە، جا مامەڵەی لەگەڵ ئەو هەموو شتانەدا، بەهۆی خودی خەیاڵەوە کە هێزێکی ڕاگوزەرە و شاعیر لەساتی شیعردا بەو نیازەی هەیەتی خەیاڵ ئاراستە دەکات و هەم شتەکان حازر دەکات هەم بۆ خۆشی دنیایەکی تایبەتە چونکە (( شاعیرەکان خەیاڵ بە مەلەکەی سەرەکی خۆیان دەزانن )) [215]

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەیلە ئیستاتیکیەی شاعیر هەیەتی، چونکە کاتێك شتەکان دەبنە یادەوەری ئەوا دەبنە وێنەو جیهانێکی خەیاڵی دادەمەزرێت، جا یاریکردن لەم جیهانە خەیاڵ ئامێزەدا، زۆر ئاسانترە وەك لە یاریکردن لەگەڵ واقیعی شتەکاندا، چونکە وێنەکان ئاسانتر تێکدەدرێن و ڕێکدەخرێنەوە، بەڵام واقیعی شتەکان هێندە ئاسان نییە مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت، هەروەها مانا و فۆرمەکان لە جیهانی خەیاڵدا دەستکاری دەکرێن و شاعیر زیاتر ئازادە لەو یاریکردنە، بۆیە شاعیر زیاتر مامەڵەی لەگەڵ شتەکاندا مامەڵەیەکی ناوەکی و خەیاڵیە، نەك واقیعی و دەرەکی.

---

[214] _ د. عدنان حسين قاسم، الابداع و مصادرة الثقافية عند أدونيس، ص ٢٣٤

[215] _ د. نصرت عبدالرحمن، في النقد االحديث، ط الاولى، مكتبة الافصى، عمان، ١٩٧٩، ص ١٢٦

(( لەنێوان منداڵ و شاعیردا دووجۆر خەیاڵ هەیە، مناڵ یاری بە شتەکان دەکات، بەڵام شاعیر یاری بە وێنەکان دەکات، یاریکردن بە شتەکان یان ڕێکخستنە یان دابەشکردنە، بەڵام هونەر خوڵقانە بە مانا قوڵەکەی))[٢١٦]

لێرەدا دوو جۆر خەیاڵ هەیە، خەیاڵی هونەری کە ڕێکخستن و دابەشکردنی تێدەپەڕێنێت و کردەی ئافراندن دێنێتەکایەوە، کە خودی ئافراندن لە پەیوەندییەکی قوڵدایە لەگەڵ ئیستاتیکادا، چونکە ئافراندن بۆخۆی تەعبیرکردنە لە ناوازەیی و تاکانەیی. ئەم ناوازەیی و تاکانەییەش خودی جوانییە هەم لەسەر ئاستی (مانا) و هەم فۆرم، چونکە ئەوە شیاوە کە هەر کارێکی هونەری ئافرێنراو هەڵگری مانایەکی تریش بێت بۆ ژیان.

ئەم دەرککردنە بۆخۆی دۆزینەوەی جوانییەکی شاراوەیە، کە بە ئاشکراکردن و دەرککردنی لە شیعردا، ئیستاتیکا دەداتەوە و پەخشی دەکات بۆ دەرەوەی خۆی.

(( جوانی هەڵدەقوڵێت لە دەرککردن بە شتەکان، کە بینراو یان بیستراوبێت لەگەڵ یاسا سروشتییەکان و پەرەپێدراوەکانی داوەری و خەیاڵ ))[٢١٧] واتە لەگەڵ ئەو دۆزینەوەیەدا هەمیشە جۆرێك لە داوەریکردنیش هەیە، کە سیفەتی جوانی دەدرێتە پاڵ شتێك و شوناسێکی جوانی دەدرێتێ، بە مانایەکی تر خەیاڵ هەمیشە عەودالی پێزانینە بە شتەکان جا چ لە ناوەوە بێت یان لە دەرەوە چونکە شیعر هەردوو جۆرەکە بەکار دەهێنێت، وەك مامەڵەکردنی شیعر لەگەڵ زماندا.

بەجۆرێك بۆ جوانی خۆی بە هەردوو پێوانەکە کاردەکات لە ئاستی زماندا، ئەویش یەکەمیان لە ڕێگەی شکانەوەی زمانی ئاسایی بە یارمەتی خەیاڵ هەڵدەستێت بە بەخشینی جوانی بەوەی زمانی ئاسایی دەستکاریدەکات و تووشی لادانی دەکات لەو یاسا باوانەی زمانەکە ئاراستە دەکەن. شاعیر بەهۆی خەیاڵی داهێنەرانەی خۆیەوە، زمان تێکدەشکێنێت و ناچاری دەکات بە ویستی شاعیر بجوڵێتەوە، چونکە مرۆڤ لە ئاستی زمانی ڕۆژانەدا (کۆمەڵایەتی) کۆیلەی زمانە، ئێمە ناتوانین ناوی شتەکان بگۆڕین بەڵکو ناچارین بە درەخت بڵێین درەخت، بەڵام شاعیر خۆی لەم کۆیلایەتییە ئازاد دەکات و ناوی شتەکان دەگۆڕێت و بەهۆی ڕەمزەوە زمان دەکاتە کۆیلەی خۆی. بەمەش سیفەتی زمان خوڵقێنی بۆخۆی دەبات و زمانێکی خودی و تاکەکەسی بەرجەستە دەکات، بۆیە هەمیشە ئازادە لە خستنەوەی جوانییەکان و ئیستاتیکای شتەکان، هەروەکو (شلوفسکی) دەڵێت :

(( شاعیر وێنە و خەیاڵ ناخوڵقێنێت بەڵکو مەبەستی گەیشتنییەتی بەوانە، هەروەها دەیەوێت زمانی ئاسایی بشکێنێتەوە، بۆیە شیعر تایبەتمەندی خۆی هەیە ))[٢١٨]

قەدەری شیعریش قەدەرێکە بە داهێنان و کرانەوەوە بەندە، ڕاستە زمان دەشکێنێتەوە بەڵام ئەمە هەموو کارەکە نییە، بەڵکو جۆرێکی تر لە خەیاڵ هەیە کە خۆی بینا ناکات لەسەر یادەوەری، بەڵکو دنیایەکی تر

---

[٢١٦] _ د. احسان عباس، فن الشعر، ط الرابع، دار الشروق للنشر والتوزیع، عمان، الاردن، ١٩٨٧، ص ١٣٠

[٢١٧] _ ر. أ. سکوت جیمس، صناعة الادب، ت: هاشم الهنداوي، ب ط، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص ١٩٤

[٢١٨] _ د. صلاح فضل، نظریة البنائیة في النقد الادبي، ب ط، مظبعة الامانة، مکتبة الانجلو المصریة، ١٩٧٨، ص ٦٥

دەدۆزێتەوە و دادەهێنێ. ئەم بارەیان پەیوەست نییە بە شکانەوە و دروستکردنەوەی شتەکان، بەڵکو شیعر بەدیهێنەرە کە جیهانێکی نەبینراو و نەبیستراو دەدۆزێتەوە. خەیاڵ لێرەدا چالاکە و ئیستاتیکا دەدۆزێتەوە، چونکە دۆزینەوەی جیهانێکی تر هەر واقوڕمان و سەرسوڕمان نییە بە تەنها، بەڵکو دۆزینەوەی جوانیشە، کە مرۆڤ لەبەردەم ناوازەیی و تاکانەیی شتەکاندایە ئەمەش جۆرێکە لەخستنەوەی پەرچوو.

(( تایبەتمەندی خەیاڵی هونەری ئەوەیە بەردەوام پەرچوو بەدیدەهێنێت ))[219] خەیاڵی هونەری بەوە جیاوازە لە خەیاڵی زانستی، خەیاڵی زانستی پەیوەستە بە پێداویستی مرۆڤەوە، بۆ نموونە پێداویستی مرۆڤ بۆ خۆ پاراستن لە سەرما و گەرما و مەترسی وادەکات مرۆڤ خەیاڵی دروستکردنی خانوو بکات، بەڵام خەیاڵی هونەری پەیوەست نییە بە پێداویستی ژیانی ڕۆژانە و واقیعی مرۆڤەوە، بەڵکو شاعیر بەوەی خەیاڵی هونەری هەیە بۆ شتەکان، پەیوەست نییە بە واقیعەوە، مادام پەیوەست نییە بە واقیعەوە شاعیری ئازادی وەردەگرێت کێشە نییە ئەو داهێنانە یان خەیاڵکردنی ئەو شتانە لە زەینی شاعیردا بە کەڵك دێن یان وەزیفەیەکی واقیعی هەبێت یان نا، بەڵکو خودی کێشەی سەرەکی بەدیهێنانی جوانییە. جا ئیتر واقیع تێك دەدات و دروستی دەکاتەوە، یان جیهانێکی تر خەیاڵ دەکات. گرنگ دۆزینەوەی جوانییە هەر بۆیە لە مێژە گوتەی سەیر و سەمەرە گوتراوە لەسەر شیعر و شاعیر لەوانە سوکرات دەڵێت (( خەیاڵی شاعیر جۆرێکە لە شێتی باڵا ))[220] یان جۆن واین دەڵێت (( قوڵترین شیعر درۆزنترینیانە ))[221].

واتە شیعر و شاعیر جۆرێك لە شێتی لە خۆیاندا بار دەکەن، بەڵام شێتیەکی باڵایە و بەردەوام پەرچوو بەرهەم دەهێنێت، یاخود شیعر لەبەردەم درۆکردندایە، ئەم ئازادیە بوار دەداتە شاعیر بەردەوام خەونی ترو وێزگەی تر بدۆزێتەوە و نوچ نەدات لەسەر یەك وێنە و یەك بوار، بەڵکو بەردەوام لە سەفەر و گەڕاندایە بۆ دۆزینەوەی جوانی ترو بواری تر بۆ دەرخستنی جوانی شتەکان، ئەمەش خەیاڵ چەقی کارەکەیە کە هەم ڕاگوزەرەو هەم شوێنگەشە بۆ دامەزراندنی وێنە ئیستاتیکی و شیعریەکان. لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر خاوەنی جۆرێکی ترە لە ژیان ئەویش ژیانی خەیاڵیە، کە بەدەرە لە ژیانی واقیعی و ڕۆژانەی شاعیر، شاعیر لە ژیانی خەیاڵیدا خاوەنی یادەوەری تایبەتە و خاوەنی جۆرێکی ترە لە کەسایەتی، کە لەم جۆرە ژیانەدا هیچ بەربەستێك نییە لەبەردەم شاعیردا وەك (من) و (منی باڵا) هەروەها هەموو ڕەمەکەکان و (ئەو)یش ئازادن بۆ خۆ دەرهاویشتن.

بۆیە شاعیر لە ژیانی خەیاڵیدا زۆربەی ساتە شیعریکانی خۆی دەنووسێتەوە، زیاتر لەمەش مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ واقیعیشدا مامەڵەکردنێکی خەیاڵیە لە واقیعدا خەیاڵ دەدۆزێتەوە و ڕازی نییە بە کت و متی واقیع خۆی، شاعیر کاتێك شاعیرێتی خۆی ئەزموون دەکات لە واقیعدا ئەوا وەك بوونەوەرێکی خەیاڵی دەردەکەوێت، چونکە ئەو بزر دەبێت لە واقیعدا و بە خەیاڵ و زەین ئامادەدەبێت لەناو خەیاڵ و یادەوەریەکانی خۆیدا، بۆ تێگەیشتن لە شتەکان و ناسینەوە و عەمبار کردنیان.

---

[219] __ ر. أ. سكوت جيمس، صناعة الادب، ت: هاشم الهنداوي، ص ١٩٠

[220] __ د. احسان عباس، فن الشعر، ص ١٢٠

[221] __ د. محمود الربيعي، حاضر النقد الادبي، ط الاولى، دار المعارف، ١٩٧٥، ص ٦٩

(( زەین بەبێ یادەوەری وەك جەستە وایە بەبێ هەست و سۆز، یادەوەریەکانیش ژیانی خەیاڵی ئێمەیە ))[٢٢٢] جا لەو بارە ناوەکیانەدا، سەیرکردنی شاعیر لە ڕوانگەی واقیعەوە شێتی و درۆ و لەخۆوە قسەکردن دەردەکەوێت لە شاعیردا، هەروەها سەیرکردنی واقیع لە چاوگەی شیعرەوە، واقیع شوێنی درۆ و شێتی و لە خۆوە کارکردنە، چونکە شیعر بەو هێزە قوڵەی هەیەتی، هەر دەستکاری شتەکان ناکات بەڵکو شتەکانیش دەباتەوە شوێنی خۆی،لە کەم و کوڕی واقیعەکان ڕەخنە دەگرێت و مانای ڕاستەقینەیان بۆ دەدۆزێتەوە، هەروەها بەرگری لە جەوهەری شتەکانیش دەکات، بەرگری لە جەوهەری هاوڕێیەتی عەشق... تاد. دەکات و لە شیعردا بەهاو مانایان بۆ دەگەڕێنێتەوە.

بۆیە شیعر ڕاستەقینەتر دەردەکەوێت لە واقیع چونکە شیعر هەڵگری ڕوحی شتەکانە و واقیع هەڵگری جەستەی شتەکانە، شیعر نوێنەری باری ڕاستەقینەی ژیانە و واقیع نوێنەری باری ساختەیی باری دنیایە، شیعر لەگەڵ وێنە و یادەوەری و باری ناوەکی شتەکان مامەڵە دەکات کە مامەڵە کردنێکی میتافیزیکیە، بەڵام واقیع مامەڵە لەگەڵ ڕووخسار و چۆنایەتی و چەندێتی شتەکان دەکات، بۆیە شیعر وەك ئەلتەرناتیڤی واقیع خۆی مانیفێست دەکات، خەیاڵ لەم نێوەندەدا پشکی گەورەی هەیە، هەروەك (د. احسان عباس) خەیاڵ دەکاتە سێ بەش:

(( هێزی داهێنەر، هێزی دیاریکردن، هێزی خولْقانی شێوەی هەستپێکراوی تەواو ))[٢٢٣] کە هەموو ئەم پرۆسانە سەر بە خەیاڵن نەك واقیع، چونکە دەرخستنی حەقیقەت و حەق لە خەیاڵدا باشتر گوزارشتی لێدەکرێك وەك لە واقیعدا، دەرخستنی حەقیقەتیش هەمیشە هەڵگری ڕەهەندێکی ئیستاتیکیە، چونکە بردنەوەی شتەکانە بۆ جێی خۆیان جا بیستراو یان بینراو بێت (( لەلایەکی ترەوە ئەدەب تەنها واقیعی نییە بەڵکو خەیاڵی و وەهمیشە، کە مەبەستی وەهایە ئاگادارمان بکاتەوە لە حەقیقەت، کاتێك خەونەکان یان ڕەمەکەکان بۆمان دروست دەکەن زیاتر لەو بابەتەی کە پێوەی خەریکین ))[٢٢٤] جا ئەم حەقیقەتە دیاری کراو نییە کە ئایا هەمەکیە یاخود بەشەکی و تاکەکەسیە، هەرچی سەر بە ڕەمەکەکان بێت ئەوا ئەو شتە بۆ ئەو کەسە حەقیقەتە، بەڵام حەقیقەت خۆی هەمەکیە و پەیوەندی هەیە بە جەوهەر و ماناوە، ئەمەش کاری خەیاڵی داهێنەرە، کە ئەو هەمەکە ئاشکرا دەکات و لەو پەنهانییە دەریدەهێنێت و دەیدرەوشێنێتەوە، چونکە هەر لە توانای ئەو جۆرە خەیاڵەیە کە حەق بناسێنێ.

(( خەیاڵی داهێنەرانە حەق دەناسێنێت کە مرۆڤ بە هۆیەوە دەگاتە هەموو ئەو شتانەی دەیەوێت، خەیاڵ مەیدانێکی بێ سنوورە، دوورترین و مەحاڵ ترین ویست و خەونی مرۆڤ زۆر بە ئازادانە بەدیدەهێنێت ))[٢٢٥]

---

[٢٢٢] _ نفس المصدر السابق، ص ٩١

[٢٢٣] _ د. احسان عباس، فن الشعر، ص ١٣٠

[٢٢٤] د. محمود الربيعي، حاضر النقد الادبي، ص ٧٠

[٢٢٥] _د. عدنان حسين قاسم، الابداع و مصادره الثقافية عند أدونيس، ص ٢٣٢

ئەمەش بوار دەداتە شاعیر شتە ناکۆکەکان کۆبکاتەوە و کۆکەکانیش ناکۆك بکات یان کۆلاژیان بکات بۆ بەخشینی مانایەکی ترو ڕازێکی تر بۆ ژیان.

**« ئیشی من ئەوەیە دەریا تا سەر لێوی تۆ بهێنم، وا بکەم لە تەمدا**
**جوانتر ببینیت، نەهێڵم گوڵی حەوشەکەتان پیر بێت**
**نەهێڵم باغەکەتان بگری نەهێڵم خوا لێت زویر بێت**
**ئیشی من ئەوەیە نور تا سەر ڕوحی تۆ بهێنم، وا بکەم گوڵ**
**فەرامۆشت نەکات، نەهێڵم خۆر لە ماڵتدا ئاوا بێت، نەهێڵم**
**خامۆشی بگاتە میهرت، وا بکەم خوا تۆی لەبیر بێت**
**ئیشی من ئەوەیە دڕندەکانی ناو ڕوحت پەتکەم فریشتە تا بەردەرگات بهێنم**
**نەهێڵم شەیتان بگاتە ژوورەکەت. نەهێڵم پاکیت هەڵوەرێت، وا بکەم دەستت**
**لە ئەستێرە گیر بێت**
**ئیشی من ئەوەیە پاسەوانی حەوشەی پڕ کۆترت بم گوڵت بۆ بکەم بە دەرمان نەهێڵم**
**بوکەشوشەکەت بگری، وابکەم مانگ لەلات ژیر بێت**
**ئیشی من ئەوەیە ئاورینگت بۆ هەڵبژێرم ڕووناکیت بۆ بکەم بە شەراب**
**لە شەونم شەربەتت بۆ بگرمەوە، نەهێڵم ڕق لە باڵندەت کەویٚ وا بکەم خوا لات ئەسیر**
**بێت »**[٢٢٦]

ئەگەر بنۆڕینە ئەم پارچە شیعرە کۆمەڵێك وێنەی ئیستاتیکی نایاب دەبینین کە هەموویان بەهۆی خەیاڵەوە خولقێنراون و بە خەیاڵ ئەو وێنانە بونەتە واقیعێکی زمانی، هێنانی دەریا تا سەر لێو، بینین لە تەمدا پیر نەبوونی گوڵ، گریانی باغ، گیر بوونی دەست لە ئەستێرە، شەرابی ڕووناکی، شەربەتێك لە ئاورنگ... تاد.
کە هەموو ئەم وێنانە خەیاڵین بەڵام کەرەستەکانی واقیعین، واتە خەیاڵ لێرەدا بە یارمەتی یادەوەری و هێزی یادگە هەستاوە بە یاری کردن بە یادەوەریەکان و کۆلاژکردنیان بۆ خستنەوەی مانا و دروستکردنی ڕەهەندێکی ئیستاتیکی قوڵ لەم شیعرەدا.
وەك دروستکردنی شەربەتێك لە دڵۆپە ئاورینگ، کە زۆر زەحمەتە کۆکردنەوەی ئەو دڵۆپانە، بەڵام لەبەرئەوەی خەیاڵ لێرەدا ئامادەیە مەحاڵ و ناکرێت نامێنیٚ و ئەوەی ویستی شاعیرە خەیاڵ ئامادە دەکات.

[٢٢٦] ــ بەختیار عەلی، تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، ل ٥٣٨

ئەم ئامادەکردنەش کت و مت‌ی شتەکان نییە، هەروەك چۆن ماناکان دەگۆڕێن ئاواش وێنەکان دەگۆڕێن، وەك گرتنی ئەستێرە بە دەست، ئەمە جیا لەوەی ئاماژەیە بۆ مانا و مەبەستێکی تایبەت، بەڵام وێنەیەکی خەیاڵی قوڵە و جوڵەیەکی ئیستاتیکی لەخۆ گرتووە.

**« من لە شێتی ڕەشەباوە.. فێربووم.. سەیری شێتی ئاو و درەخت و ئاگر بکەم**

**شۆڕش ئەوەیە لەگوڵ تێبگەیت**

**ڕاکە بەرەو ئەوسەری شتەکان.. لەوێ پەلکە زێڕینە**

**کلاسیکیەکانی بەهار ببینە. لە میوەی درەختیە**

**ڕۆمانسیەکان بخۆ. ڕیالیزمی دەریا ببینە. سوریالیەتی خۆر**

**ببینە کە لە تێکستەکانی تێناگەین**

**برۆ بەرەو هەستی تیشك**

**برۆ بەرەو نەستی هەتاو**

**برۆ تا نیازی مانگەشەو**

**برۆ تا ڕازی خۆرەتاو**

**بزانە. شەو ئاگای لەتۆ نییە**

**ئەوە تۆیت دەبێت ئاگات لە تاریکی خۆت بێت**

**بزانە. ڕووناکی ئاگای لە تۆ نییە**

**ئەوە تۆیت دەبێت ئاگات لە تیشکی خۆت بێت... »**[٢٢٧]

شاعیر لەپاڵ جوانی وێنەکاندا، جوانی مانایەك هەیە پێشکەشی دەکات، وەك تێگەیشتن لە گوڵ بە مانای شۆڕش.

ئەم جوانییە لەسەر ئاستی مانا و بیرکردنەوە بەرهەم هاتووە، بەڵام خەیاڵ هەر کۆمەکی خۆی کردووە بەم جوانییە، ئەویش ئامادەکردنی وێنەی گوڵە لە زەینی شاعیردا هەتا شاعیر بەهۆی ئەو بیرکردنەوەیەی هەیەتی بۆ شۆڕش، لە ڕێگەی ڕەمزی گوڵەوە دەریببڕێت، کە جوانی بەخشیوە هەم لەسەر ئاستی مانا هەم ڕووخسار، پاشان خوڵقانی وێنەکان وەك ڕاکردن بەرەو ئەوسەری شتەکان کە جوانییەکی ناوەکی لەخۆ گرتووە، هەروەها لە وێنەکانی درەختی ڕۆمانسی، ڕیالیزمی دەریا، سوریالیەتی خۆر.

پەیوەندی نێوان یادەوەری و خەیاڵ بەدی دەکەین، ئەوە باش دەزانین شاعیر سەرەتا زانیاری هەیە لەسەر هەریەك لە چەمکەکانی ڕۆمانسیەت، ڕیالیزم، سوریالیزم. کە لە ئەنجامی بەدەستهێنانی زانیارییەوە وەك یادەوەری پاراستوونی، کە ئەم چەمکانە زیاتر پەیوەستن بە ماناوەو تیۆرەن لە نێو خۆیاندا.

---

[٢٢٧] _ سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٢ – ٤٥٣

بەڵام خەیاڵی شێتانەی شاعیر ئەم یادەوەریانەی بردۆتە شوێنێکیتر بۆ ئیش پیکردنیانن کە هەر یەکەیانی بەستۆتەوە بە دەریا و درەخت و خۆر. کە هەم مانایە هەم جوانی، ئەمەش کارلێکی خەیاڵ و یادەوەریە لەو پرۆسە شیعریەدا کە بۆ وێنەکانی تریش ئەم کارلێکە دەبینین.

لە کۆتاییدا تێدەگەین کە لایەنی جوانی شیعر، چەندە وابەستەیە بە توخمە دەروونییەکانەوە، بەتایبەت خەیاڵ و یادگە و ناواخنەکانی، کە ئیستاتیکا بێ بەشداری ئەم دوو توخمە شیانی لە دایکبوونی زۆر لاوازە و بە کەم و کوڕی فەراهەم دێت، ئەمەش هەمووی کاریگەری ڕەهەندی دەروونی شاعیرە لە پرۆسەی ئافراندنی شیعردا.

# ئه‌نجام

**١**_له‌كۆتایی ئه‌م باسه‌دا ئه‌وه‌مان بۆ روون ده‌بێته‌وه‌، كه‌ لایه‌نی ده‌روونی مرۆڤ وه‌ك یه‌كه‌یه‌كی چالاك بزوێنه‌ره‌ بۆ زورێك له‌كار و فه‌رمانه‌كانی مرۆڤ. ئه‌ده‌بیش به‌ده‌ر نییه‌ له‌م یاسایه‌ به‌ڵكو زیاتر له‌مه‌ش چونكه‌ ئه‌ده‌ب خۆشحاڵه‌ به‌ بزربوونی ( من ) كه‌ له‌بنه‌مادا پارێزه‌ری یاسا و رێو ره‌سمه‌كانی واقیعه‌. له‌به‌رامبه‌ر ئه‌مه‌شدا والآیه‌ له‌به‌رده‌م ( ئه‌و )دا كه‌ سه‌رچاوه‌ی هه‌موو خه‌ون و حه‌زه‌ چه‌پێنراوه‌كانی مرۆڤه‌. (به‌ختیار عه‌لی )ش، وه‌ك مرۆڤێكی كورد و شاعیرێكی دڵ پڕ له‌خه‌ون و خه‌یاڵ، بێ به‌ش نییه‌ له‌و هه‌موو دیوار و به‌ربه‌ستانه‌ی كۆمه‌ڵی كورده‌واری كۆت و به‌ند كردووه‌ و وه‌ك كۆی كۆمه‌ڵگا ئه‌ویش په‌یوه‌سته‌ به‌ دنیایه‌ك له‌ نه‌هامه‌تییه‌وه‌، به‌تایبه‌ت سه‌رده‌می رژێمی به‌عس. وه‌ك ئاستی تاكه‌كه‌سیش دڵ بریندار‌ه‌ به‌و سسته‌مه‌ی ئه‌مرۆ له‌ كۆمه‌ڵگای كوردیدا بۆته‌ ده‌سه‌ڵاتدار چ له‌سه‌ر ئاستی سیاسی چ له‌سه‌ر ئاستی كۆمه‌ڵایه‌تی و زۆربه‌ی كایه‌كانی تر. شیعره‌كانیشی ره‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌و خه‌م و ئازارانه‌ن كه‌ هه‌م خۆی هه‌م كۆمه‌ڵگاكه‌ی پێوه‌ی ده‌ناڵێنن، كه‌ زۆر به‌ئازادانه‌ گوزارشتی له‌ ده‌رده‌ دڵه‌كانی خۆی كردووه‌ له‌چوارچێوه‌ی (ئه‌و) و (منی باڵا)دا.

**٢**_باره‌ ده‌روونییه‌كانی شاعیر به‌ دوو ئاراسته‌ كاریان كردووه‌ له‌ ئافراندنی شیعر لای (به‌ختیار عه‌لی ). باری یه‌كه‌میان ره‌نگدانه‌وه‌ی ده‌وروبه‌ره‌ له‌سه‌ر شاعیر، كه‌ دوایی ناوه‌كی بۆته‌وه‌ و وه‌ك ماته‌وزه‌یه‌ك ده‌وری هه‌بووه‌ له‌ كرده‌ی به‌رهه‌م هێنانی شیعردا. واته‌ (هه‌ستی )بووه‌ به‌ڵام دواتر بۆته‌وه‌ به‌( نه‌ستی ) و پاشان جارێكی تر بۆته‌وه‌( به‌ هه‌ستی ) له‌ ناو گه‌مه‌ زمانییه‌كانی شیعردا. وه‌ك( تابۆی سه‌رۆك )، (تابۆ )،(تابۆی باوك ) ...... تاد. باری دووه‌م ئه‌و وزه‌ ده‌روونییه‌ شاراوه‌ی ناو شاعیره‌ كه‌ هه‌ر له‌بنه‌مادا هی ناوه‌وه‌ی شاعیره‌و هه‌ستی بۆته‌وه‌. وه‌ك ده‌ركه‌وتنی به‌شێك له‌ ره‌مه‌كه‌كانی شاعیر له‌ناو شیعره‌كاندا وه‌ك (قه‌سیده‌ی عه‌شق)ی شاعیر یان ده‌ركه‌وتنی بێ رتووشی (ئه‌و ) له‌ به‌شێكی شیعره‌كانی شاعیردا.

**٣**_هه‌رچی باره‌ ده‌روونییه‌كانی شاعیره‌ به‌هه‌ردوو جۆره‌كه‌یه‌وه‌ رێنیشانده‌ربوون بۆ ئێمه‌ به‌گه‌یشتن به‌ دیوی ناوه‌وه‌ی شیعره‌كان ئه‌مه‌ش رێ ئاسانكه‌ربوو بۆمان بۆ دۆزینه‌وه‌ی مانا و مه‌به‌ستی شیعره‌كان و ناسینی به‌شێك له‌ كه‌سایه‌تی شاعیر. واته‌ ئه‌م میتۆده‌ ده‌روونییه‌ یارمه‌تی داین كه‌ لایه‌نی روخسار تێپه‌رێنین و ناوه‌رۆك بدۆزینه‌وه‌. هه‌موو ئه‌مه‌ش به‌كۆمه‌كی ناسینی باره‌ ده‌روونییه‌كانی شاعیربوون كه‌ له‌ ده‌قه‌ شیعرییه‌كاندا ده‌ركه‌وتبوون.

**٤**_ئه‌گه‌ر باره‌ ده‌روونییه‌كان رێخۆشكه‌ر بوون بۆ دۆزینه‌وه‌ی مانا ئه‌وا توخمه‌ ده‌روونییه‌كان كه‌ وه‌ك ئه‌ندامێكی ده‌روونی بوونیان هه‌یه‌ له‌ ناو هه‌موو مرۆڤێكدا، یارمه‌تیداین بۆ تێگه‌یشتن له‌ ره‌هه‌ندی ئیستاتیكای شیعره‌كان، كه‌ كرده‌ی خوڵقانی وێنه‌ و شكانه‌وه‌ی زمان و ئه‌و هه‌موو ئیستاتیكایه‌ی شیعر له‌ هه‌ناوی خۆیدا هه‌ڵیگرتووه‌. بێ به‌ شداریكردنی توخمه‌كانی خه‌یاڵ و یادگه‌ چانسی له‌دایك بوونیان زۆر لاوازه‌، ئه‌م لایه‌نه‌ش

لە کردەی خوڵقانی ئیستاتیکا لای بەختیار عەلی زۆر بەهێزە، کە زۆر بە جوانی توانیویەتی سود لە خەیاڵ و یادگە وەربگرێت بۆ بەخشینی ئیستاتیکایەکی تایبەت بە شیعرەکانی.

٥_شاعیر (بەختیار عەلی ) بەهۆی ئەو هەموو ئازار و ژانەوە کە هیەتی بەردەوام هەڵوێستی نەرێنی هەیە و زۆر کەم هیوا و چارەسەر بەدی دەکەین لە شیعرەکاندا.

# سەرچاوەکان

## یەکەم / سەرچاوە کوردیەکان

### ا_کتێبەکان


١. د. ئازاد عەلی، دەربارەی دەروونزانی گشتی، چ یەکەم، ٢٠٠٧ .

٢. ئیریك فرۆم، مرۆڤ لە نێوان روالّەت و جەوهەردا، و:سابیر بەکر بۆتانی، چاپی دووەم، لەزنجیرە بلاّوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، ٢٠٠٤ .

٣. أنا فرۆید، من و میکانیزمەکانی بەرگری، و: هەژار جوانرۆیی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥ .

٤. ئەرەستۆ هونەری شیعر (شیعر ناسی)، و:عەزیز گەردی،ب چا، چاپخانەی گەنج، خانەی چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤ .

٥. ئالفەرد ئەدلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، و: سیدۆداود عەلی، فرمیسك رزگار محمد، چ یەکەم، چا گەنج، لەبلاّوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٨ .

٦. بەختیار عەلی، ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن، ب چا، چاپخانەی کارۆ، پەخش و بلاّوکردنەوەی کتێبخانەی ئەندێشە، ٢٠٠٩ .

٧. بەختیار عەلی، تاماتەمی گولّ تاخوێنی فریشتە، ب چا، چاپخانەی رەنج، لەبلاّوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆلّینەوەی کوردی، ٢٠٠٦ .

٨. بەختیار عەلی، وەلاّم لەرۆژگاری ونبونی پرسیاردا، چا یەکەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی ٢٠٠٣ .

٩. سامر حسن جاسم، توێژینەوەی سایکۆلۆژی لەداهێنانی شیعریدا، و: حەمەی ئەحمەد رەسولّ، چا یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٠ .

١٠. زیگمۆند فرۆید، *تەوتەم* و تاپۆ، و: رەزا مەنوچهری، چ یەکەم، چاگەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥ .

١١. چارلز برێسلێر، رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی،و:عەبدولخالقیەعقوبی، چ دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧ .

١٢. سیگموند فرۆید:پێنج وانە لەدەروونی شیکاریدا، و:صباحی مەلا عەولاّ، خانەی چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاوێر،٢٠٠٧ .

١٣. سیگمۆند فرۆید، ئیگۆ و ئید، و. یوسف عوسمان حەمەد، چاپی یەکەم، لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلّینەوەی فیکری ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥ .

١٤. سیگمۆند فرۆید، موسا و یەکتا پەرستی، و: محمد جەواد مستەفا، چاپی یەکەم، لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلّینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥

١٥. سیگمۆند فرۆید، لێکدانەوەی خەونەکان، و: ئاوات ئەحمەد، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم سلێمانی، ٢٠٠٣ .

١٦. سیگمۆند فرۆید، شارستانییەتی و نیگەرانییەکانی، و: ئاوات ئەحمەد، چ یەکەم، ب چا، ٢٠٠٥ .

١٧. د. عرفان مستەفا، بوونی مرۆڤ و دەرکەوتەکانی، چا یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠ .

١٨. د. شكرى عزيز الماچى، تيۆرى ئەدەب. و:پ. ى. د. سەردار ئەحمەد گەردى،چا يەكەم، چاپخانەى ماردين، هەولێر،٢٠١٠ .
١٩. د. عبدالواحد مشير دزەيى، كاريگەرى دەروونى لەبوارى راگەياندندا، چاپى يەكەم، دەزگاى چاپ و بڵاو كردنەوەى ئاراس، هەولێر .
٢٠. كەريم شەريف قەرەچەتانى، دەروازەى دەروون زانى، چاپخانەى زانكۆ، هەولێر، ١٩٩٦ .
٢١. د. كەريم شەريف قەرەچەتانى، سروشتى مرۆڤايەتى لەروانگەى جان جاك رۆسۆ و سيگمۆند فرۆيدەوە، چ يەكەم، چا وەزارەتى پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣ .
٢٢. كارل گۆستاڤ يۆنگ، مرۆڤ و هێماكانى، و:ئاوات ئەحمەد، چ يەكەم دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، سلێمانى،٢٠٠٥ .
٢٣. د. كەريم شەريف قەرەچەتانى. سروشتى مرۆڤايەتى لەروانگەى جان جاك رۆسۆ و سيگمۆند فرۆيدەوە، چاپى يەكەم، چاپخانەى ەزارەتى پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣ .
٢٤. د. كەريم شەريف قەرەچەتانى، سايكۆلۆژى گشتى، چاپى يەكەم، چاپخانەى زانكۆى سەلاحەدين، هەولێر، ٢٠٠٥ .
٢٥. فرانگ. س. كاپريز، دەروونزانى و رەفتار بۆ بەرەو لوتكەى كامەرانى، و:سۆران خورماڵى، چاپى يەكەم، چاپەمەنى گەنج، سلێمانى،٢٠٠٥ .
٢٦. لارس مێلين، سايكۆلۆژيى زمان، و:غازى عەلى خورشيد، ب چا، بڵاوكراوەى ئەكاديمياى كوردى، چاپخانەى سپرێز، دهۆك، ٢٠١٠ .
٢٧. يوسف عوسمان حەمەد، چەند وێزگەيەكى سايكۆلۆژى، چا يەكەم، چاپخانەى ئۆفيسى تيشك، سەنتەرى روناكبيرى هەتاو، ب ـس .

## ب _ گۆڤارەكان

١. بەختيار عەلى، گەڕان بۆ ماناكانى ديكەى شيعر، گ – رامان، ژ ٧٢، ٢٠٠٢.
٢. بەختيار عەلى، گەڕان بۆ ماناكانى ديكەى شيعر، گ– رامان، ژ٧١، ٢٠٠٢.
٣. عەبدولموتەليب عەبدوڵلا، دەنگدانەوەى شيعر، گ– كاروان، ژ١٧٧، ٢٠٠٣.
٤. د. كەمال مەعروف، ميتۆدى رەخنەى دەروونى، گ – مێرگ، ژ٦٥، ٢٠١٠.

## ج _ نامەى ئەكاديمى

١.هەڵمەت بايز رەسول، رەهەندى دەروونى لەچيرۆكەكانى شێرزاد حەسەندا، نامەى ماجستێر، زانكۆى بەغداد، ٢٠٠٦

## دووەم / سەرچاوە عەرەبییەکان

### ا_ کتێبەکان


١. القران الكريم

٢. د. احمد كمال زكى، نقد دراسة وتطبيق، ب ط، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، المؤسسة المصرية للتأليف والنشر، ١٩٦٧ .

٣. أنور المعداوى، نماذج فنيية من الآدب والنقد، ب ط، دار مصر للطباعة، ١٩٥١ ز

٤. أرنولد ب. هنجلف، موسوعة المصطلح النقدي — اللامعقول، ت: د. عبدالواحدلؤلؤ، ب ط،دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩ .

٥. اهر بنورغ، بيلاكيوبيتسى، بوندار يوف، مايكوفسكى،تولستوى، دراسات معاصرة، مجموعة ابحاث مترجمة، ب ط، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٥.

٦. أحمد فؤاد الأهولانى، الحب والكراهية، ب ط، دار المعارف للطباعة والنشر بمصر،١٩٤٩.

٧. د. احسان عباس، فن الشعر، ط الرابع، دار الشروق للشر والتوزيع، عمان، الاردن، ١٩٨٧ .

٨. اميل خليل بيدس، قضايا فى التحليل النفسى، ط الخامسة، دار الافاق الجديدة، بيروت، ١٩٨٦ .

٩. أرنست جونز، معنى التحليل النفسى، ت : سمير عبدة، بط، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٨٠ .

١٠. أنزيلو شايسفة،الآوديب عقدة كلية، ت: وجيه اسعد، ب ط، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٦ .

١١. انتونى ستور، العدوان البشرى، ت: د. محمد احمد غالي،الدهامى عبدالضاهر عفيفى، ط الاولى، الهيئة المصرية العامة للكتاب فرع الاسكندرية، ١٩٧٥ .

١٢. احمد امين، النقد الأدبى، ط الرابعة، دار الكتاب العربى، بيروت، ١٩٦٧ .

١٣. أ. أ. رتشاردز، مبادىء النقد الآدبى، ت: د. مصطفى بدوي. ب ط، مطبعة مصر، المؤسسة المصرية، العامة للتالين والترجمة والطباعة والنشر، مصر، ١٩٦٣ .

١٤. ت. س. اليوت، مقالات في النقد الادبى، ت: دكتورة لطيفة الزيات، ب ط، مكتبة الانجلو المصرية، ب _س .

١٥. ت. ي. أبتر، أدب الفانتازيا مدخل الى الواقع، ت : جبار سعدون السعدون، ب ط، دار المامون للترجمة والنشر، بغداد، ١٩٨٩ .

١٦. ديفد دينش، مناهج النقد الآدبى بين النظرية والتطبيق، ت : د. محمد يوسف نجم، ب ط، مؤسسة فرنكلين للطباعة والنشر، دار صادر، بيروت، ١٩٦٧ .

١٧. د. حلمى المليجى، علم النفس الشخصية، ط الأولى، دار النهضة العربية بيروت، لبنان، ٢٠٠١ .

١٨. د. حكمت دروالحلو، د. زريعق خليفة العكروتي، مدخل الى غلم النفس، ب ط، المكتب المصري للتوزيع المطبوعات، قاهرة، ٢٠٠٤ .

٢٠. حمد مصطفى الشعبينى، مقالات فى علم النفس، ط الثانية، مكتبة النهطة المصرية، ١٩٦٣ .

٢١. د. حسام الخطيب، الادب الاوروبى، ب ط، مكتبة اطلس،دمشق، ١٩٧٢ .

٢٢. ر. أ. سكوت جيمس، صناعة الادب، ت: هاشم الهنداوي، ب ط، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦

٢٣. د. راوية عبدالمنعم عباس، الحس الجمالى وتاريخ الفن، دراسة في القيم الجمالية والفنيية،ط الاولى، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٨ .

٢٤. رولان دالبير، طريقة التحليل النفسى و العقيدة الفرويدية، ت: د. حافظ الجمالى، ط الثانيية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٨٤ .

٢٥. روز غريب، تمهيد فى النقد الحديث، ط الاولى، دار المكشوف، بيروت – لبنان، ١٩٧١ .

٢٦. د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، ب ط، مظبعة الامانة، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٨ .

٢٧. سيغموند فرويد، الهذيان والاحلام في الفن، ت: جورج طرابيشى، ط الثانيية، لدار الطلبية، بيروت،١٩٨١ .

٢٨. سيجموند فرويد، معالم التحليل النفسانى، ت: د. محمد عثمان نجاتى، ب ط، مطبعة السعادة بمصر، قاهرة .

٢٩. سيغموند فرؤيد، الحلم وتأويله، ت: جورج طرابلسى، ط الثالثة، دارالاندلس .

٣١. شيشرون، علم الغيب في العالم القديم، ت: د. توفيق الطويل، ب ط، السلسلة الفلسفية والاجتماعية، دار يوسف، بيروت، لبنان للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٧ .

٣٢. د. شلتاغ عبود شراد، مدخل الى النقد الآدبي الحديث، ط الآولى، دار مجد لاوى للنشر والتوزيع، عمان – الآردن، ١٩٩٨ .

٣٣. د. صالح حسن احمد الداهرى، د. وهيب مجيد الكبيسى، علم النفس العام، ط الأولى، مؤسسة الحمادة للخدمات والدراسات الجامعية، الأردن، ١٩٩٩ .

٣٤. د. طلعت منصور،د. عادل عزالدين، د. أنور الشرقاوى، د. فاروق أبو عوف، أسس علم النفس العام كلية التربية، جامعة عين شمس، مطبعة أطلس بالقاهرة، ١٩٧٨ .

٣٥. د. عمر محمد الطالب، المذهب النقدية دراسة وتطبيق، ب ط، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل ١٩٩٣ .

٣٦. د. عاطف جودة نصر، الرمز الشعرى عند الصوفية، ط الاولى، دارالاندلس للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٧ .

٣٦. د. عدنان حسين قاسم، الآبداع و مصادرة الثقافية عند أدونيس، ب ط، دار العربية للنشر والتوزيع، نصر، ب سنة .

٣٧. د. عناد غزوان، التحليل النقدى والجمالي للآدب، طبع دار أفاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥ .

٣٨. د. عبدالله التطاوى، الحركة بين الآبداع والنقد، ب ط، مطبعة محمد عبدالكريم حسان، مكتبة الآنجلو المصرية، ٢٠٠٧ .

٣٩. د. عبدالله عبدالحى موسى، المدخل الى عالم النفس، ط الثالثة، مطبعة المجد، القاهرة، ١٩٨٢ .

٤٠. عبدالرحمن محمد العيسوى، سيكولوجية الشخصية، ب ط، مطبعة عصام جابر، مصر، ٢٠٠٢ .

٤١. د. عبدالعزيز القوصي، أسس الصحة النفسية، ط الخامسة، مطبعة السعادة قاهرة، ١٩٧٥ .

٤٢. د. غنيمى هلال، في النقد التطبيقى و والمقارن، ب ط، مطبعة نهضة مصر، دار نهضة مصر للطبع والنشر الفنجالة، القاهرة، ب_ س .

٤٣. فريدنان دى سؤسؤر، علم اللغة العام، ت: د. يوئيل يوسف عزيز، بيت الموصل، ١٩٨٨ .

٤٤. فارسس كمال نظيمى، الحب الرومانسى بين الفلسفة وعلم النفس، ط الآولى، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، كردستان، ٢٠٠٧ .

٤٥. د. قاسم حسين صالح، الآبداع وتذوق الجمال، ط الآولى، دار دجلة، عمان، ٢٠٠٨ .

٤٦. قبيح ناجى القصاب،الشعر بين الواقع والآبداع، ب ط، دار الرشيد للنشر، سلسلة دراسات ١٦٦، الجمهورية العراقية وزارة الثقافة والآعلام، ١٩٧٩ .

٤٧. د. كمال نشأت، في النقد الآدبي دراسة وتطبيق، ط الثانيية، طبع بمطبعة الجامعة بغداد،١٩٧٦ .

٤٨. كالفن. س. هول، مبادىء علم النفس الفرويدى، ت: دحام الكيال، ط الثانيية، مكتبة النهضة، بغداد،١٩٧٣ .

٤٩. لاري. آر. سكواير و ايرك آر. كاندل، الذاكرة من العقل الى الجزئيات، ت: د. سامر عرار، ط الاولى، مكتبة الصبيكان، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٢ .

٥٠. د. ليو بوسكاليا، الحب، ت: صبري الفضل، ب ط مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب،١٩٩٦ .

٥١. د. محمود صيادي حماش، العقل والدماغ، ط الاولى، بيت الحكمة، عراق، بغداد ٢٠٠٢ .

٥٢. د. محمد قاسم عبدالله، سيكولوجيا الذاكرة، ط الاولى، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢ .

٥٣. د. محمود الربيعي، حاضر النقد الادبي، ط الاولى، دار المعارف، ١٩٧٥ .

٥٤. د. محمد يونس، مبادىء علم النفس،ط الاولى،دار الشروق للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠٤ .

٥٥. كامل محمد محمد عويضة، علم نفس الشخصية، ط الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٦ .

٥٦. موريس روكلن، تاريخ علم النفس، ت: دكتور على زيعور، ط الثالثة، دار الاندلس، بيروت، ١٩٧٨ .

٥٧. د. مصطفى فهمى، علم النفس الاكلينيكى، ب ط، مكتيبة، ١٩٦٧ .

٥٨. محمد محمود الجبورى، المداخل فى علم النفس، ب ط، مطبعة الموصل، وزارة التعليم العالي والبحث العلمى جامعة صلاح الدين، اربيل،١٩٨٤ .

٥٩. د. محمد غنيمى هلال، النقد الآدبى الحديث، ط الخامسة، مكتبة الانجلوا المصرية، ١٩٧١ .

٦٠. محمود البستانى، في النظرية النقدية، ب ط، ب م، وزارة الآعلام مديرية الثقافة العامة، ١٩٧١ .

٦١. نهاد التكرلى، اتجاهات النقد الآدبى الفرنسى المعاصر، ب ط، منشورات وزارة الثقافة والفنون، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩ .

٦٣. د. نصرت عبدالرحمن، في النقد الحديث، دراسة في مذاهب نقدية حديثة واصولها الفكرية، ط الآولى، مكتبة الآقصى – عمان، ١٩٧٩ .

٦٤. هنري برجسون، المادة و الذاكرة، ت : د. اسعد عربي درقاوي، ب ط، مطابع وزارة الثقافة والسياحة والارشاد القومي، دمشق، ١٩٦٧ .

٦٥. د. هاشم جاسم السامرائى، المدخل فى علم النفس، ط الثانيية، مطبعة منير، بغداد، ١٩٨٨ .

٦٦. ويليام. ك. و ينمرات و كلينش و بروكس، النقد الحديث تاريخ موجز، الجزء الرابع، ت:د. حسام الخطيب، محي الدين صبحى مطبعة جامعة دمشق ١٩٧٦ .

## ب_ نامەی ماجستێر

١. حيدوش احمد، الآتجاة النفسى فى النقد العربى الحديث، رسالة الماجستير، جامعة بغداد، ١٩٨٣ .

اقليم كوردستان - العراق

وزارة التعليم العالى و البحث العلمى

جامعة صلاح الدين - اربيل

# اشعار (بختيار على ) وفق منظور التحليل النفسى

رسالة

مقدمة الى مجلس كلية اللغات فى جامعة صلاح الدين – اربيل وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير فى الادب الكوردى

من قبل

**پيشرەو عبدالله حمه غريب** - بكالوريوس فى اللغة الكوردية - جامعة صلاح الدين - اربيل ٢٠٠٧

بأشراف

ا. م. د. كمال مصطفى معروف

گلاويژ ٢٧١١ الكوردية　　رجب ١٤٣٢ الهجرية　　حزيران ٢٠١١ الميلادية

# الخلاصة

كتبت هذه الرسالة تحت عنوان (اشعار بختيار على وفق منظور التحليل النفسى ) وهى محاولة لقراءة الاشعار فى منظور التحليل النفسى ولها هدفان رئيسيان فى محتواه :

اولاً: هي محاولة لايجاد المعنى في الاشعار الكردية الجديدة. لان النظر من منظور التحليل النفسى هي نظرة داخلية وميتافيزيكية وليست قراءة سطحية و شعورية. ثانيا: هى فهم الحالة النفسية للكاتب والى حد كبير معرفة جانب من شخصيتة،ولكن هدفنا هنا يتمحور حول النقطة الاولى حيث ان الحالات النفسية لها تاثير فى خلق الاشعار. ان اشعار (بختيار على ) هي انعكاسات لحالته النفسية،واكثريتها تولد الية من الخارج الى الداخل وثم انعكست منه الى الخارج، والحالات النفسية الاخرى مثل الغرائز اظهرها الكاتب في اطار اللغة الشعرية.

بصورة عامة،هذة الرسالة تتمحور حول ثلاث نقاط رئيسية :

**الفصل الاول /** شرح وتحليل المصطلحات النفسية (سيجموند فرويد ) حيث استخدمت كاساس لقراءة اشعاره.

**الفصل الثانى/** هى محاولة للوصول الى معانى والجانب الداخلى للنصوص الشعرية تحت ضوء الفصل الاول حيث وجدنا مصطلحات النصوص الشعرية تعود الى نفس الاساس وهي نفس الانسان لذلك حاولنا ان نشرح و نحلل الاشعار بصورة عملية.

**الفصل الثالث /** هى محاولة لمعرفة العناصر النفسية حيث ان هذه العناصر هى اعضاء نفسية للانسان مثل (الذاكرة و الخيال ). وكيفية مشاركتهما فى البعد الئيستاتيكى للنصوص الشعرية. ان الشاعر (بختيار على )استطاع ان يستفيد من هذه العناصر بصورة جيدة لاصدار ناحية جمالية و صورة ئيستاتيكية نادرة فى اشعاره. وفى هذا الفصل ركزت محاولاتنا على الصورة الجمالية للاشعاره. وفى نهاية البحث توصلنا الى عدة استنتاجات و نوصي بالاهتمام بهذا المنظور النفسي بصورة جيدة وتجرى لها قراءات اخرى.

# Abstract

The Title of letter is written as(Bakhtiar Ali’s pom in perspective of psychological analysis)wich is an attempt for studying poms texts in perspective of methods of psychological criticism that has two main goals .in essence of this writing

The first aim of this attempt is find out the meaning understanding the Kurdish modern poems because of viewiny in perspective of psychological not outer and ،analysis is an essence gist and metaphysical sightseeing .sensory studing

The second goal is to understand the psychological situation of the writer but our intention is the all of ،and some what introducing his personality that how psychological situations influencing in creation ،the first aim poem that most ( Bakhtiar Ali’s pom) are reflections of his psychological s feeling into ،situations which some of them are come from out of writer his inner then reflected to his poems out other are written by in frome of .language poem play game such as instincts

the is summarited to three sections:،Generally

**Section one:**

Is about explanation and analyzing of psychological concepts in perspective of psychologist (sigmond froid) wich his principle theories .taken as on ind: cator (giving the infornnation) to the letter

**Section two:**

Is an ateempt to understand the meaning and the inner nature of the text that holle found for each psychological ،poems in the light of section one concepts text poems which had some principles of human psychology In this section we have tried to explain the poems attentively to discover the meaning and reaching to the gists

**Section three:**

This section is an attempt to introduce psychological elements components that are human psychological members such as wich how they take part in dimentions of ، imagination،fontacy،memory the poem texts whom( Bakhtiar Ali) the poet could get advantages from to produce affine part and unique pictures in his ،his elements expertly .poems

we have ،This section has focused its attempts morebto shapes side finally got a set bunch of results in this and hope this method to be interested and studied more.

Kurdistan Region – Iraq

Ministry of Higher Education & Scienfic Research

Salahaddin University- Hawler

# BAKHTYAR ALI'S PSYCHOLOGICAL POMS PERSPECTIVE ANALYSIS

**A Thesis**

**Submitted to the Council of the College of Language – University of Salahaddin – Erbil Fulfillment for the Requirements of Degree of Master in Kurdish Literature**

**By**

**Peshraw Abdulla Hama Garib,** B. Sc. Kurdish Language - Univ. of Salahaddin 2007

**Supervised By**

**Asst.Prof.Dr.kamal M. Maeruf**

**June 2011 A.D.** **Ragab 1432 Al-H.** **Galawez 2711 K.**